




# دیالۆگی ڕۆژهەڵات:

## بەشێک لە دیمانەکانی هاوڕێ خالید محەممەدزادە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


١- پێشەکی................................................................................................................ ٤

٢- عەبدوڵلا حەسەنزادە: هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو............................................. ٥

٣- عەبدوڵلا حەسەن زادە: ئێمە ئێستا کاری پراکتیکیمان بۆ ناکرێ. بە تایبەتی ئەو کارە پراکتیکی یەی کە خەڵک دەیانەوێ.......................................................................................................................... ٣٠

٤- ئاسۆی حەسەن زادە: ئەمن کۆمەڵناسی کۆچبەری نیم. هیچ داتایەکی خۆماڵییش لە بواری دێمۆگرافیی موهاجرەتیدا شک نابەم.................................................................................................................... ٤٣

٥- عەبدوڵلا حەسەن زادە: (قاسملوو چون ژیا.؟) ئەگەر ئەمن شانازی یەکم بووبێ رەنگە ئەوەبێ کە شاگردێکی بە وەفای دوکتۆر قاسملوو بووم................................................................................................ ٥٨

٦- عەبدوڵلا حەسەنزادە: ئەمن نەبوومایە خەتە فیکری یەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونەوە............. ٦٧

٧- عەبدوڵلا حەسەنزادە: ئەوەتا ئەمن هەم لەبەر کورسی ڕامکردوە و کورسی بەدوای مندا هاتوە(کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی)........................................................................................................................ ٧١

٨- حەسەن سەلاح سۆران: ئێستا لە کوردستانی ئێران خەڵک زمانی کوردی دەخوێنن................................ ٨٣

٩- شێخ جەلال حوسێنی: لە کۆمەڵەی ژ. ک. وە تا ماڵاوایی لە سازمانی خەبات................................... ٩٠

١٠- نەسرین قاسملوو: کەس ناتوانێ وەک قاسملوو بێ.......................................................... ١٠٣

١١- ناسر ی حیسامی: دەوری تاقانەی عەبدولا موهتەدی، یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵەیە....................... ١٠٨

١٢- خالید عەزیزی: کوردستان موڵکی هیچ حیزبێکی سیاسی نییە............................................... ١١٦

١٣- عیرفان قانعی فەرد: هیچ جوڵانەوەیەکی سیاسی لە ناو کوردەکانی ئێراندا نابینم............................... ١٢٥

١٤- ریوار ئابدانان: سیاسەتی حیزبەکان بەرامبەر بە کوردی شیعە............................................... ١٣٣

١٥- **جەلال جەلالیزادە:** نوینەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران ناتوانن هیچ کارێک بۆ کوردستان بکەن.................. ١٣٥

١٦- **ئیجلال قەوامی:** لە سەر چونیەتی مەرەخەسی وەرگرتنی سەدیق کەبودوەند لە زیندان دەدوێت...................... ١٣٨

١٧- **ئیبراهیم عەلیزادە:** بەشداری کردن لەکۆنگرەی نەتەوەیی سیاسەتێک نییە کە ئێمە بەکتۆپڕ بەسەریدا کەوتبین.... ١٤١

١٨- **حامید فەرازی:** رەفتاری سیاسی خەڵک بە نیسبەت هەڵبژاردنەکانەوە پێش بینی ناکریت......................... ١٤٨

١٩- **عەبدوڵلا موهتەدی:** حەزم دەکرد کەسێکی تر ببوایە بە سکرتێر.................................................... ١٥٥

٢٠- **عەبدوڵلا ئەبریشەمی:** پاوانخوازی حکوومەت وگۆترەکاری حیزبەکانی رۆژهەڵات.................................. ١٥٩

٢١- **حامید مەعروفیی:** بزووتنەوەی کوردیی وتووێژی هەبێ، بەڵام وتووێژ دەکرێ شەرتی هەبێ......................... ١٧٠

٢٢- **عومەر ئیلخانیزادە:** هەتا ئێستاش کۆمەڵە و دێموکرات دوو حیزبی سەرەکین........................................ ٢٠٦

٢٣- **خالید عەزیزی:** حزوری پێشمەرگەی دیموکرات لەبەرەکانی شەڕی دژ بەداعش کۆمەڵێک حەساسییەتی ناوچەیی بۆ هەرێم بەدواوە دەبوو ........................................................................................ ٢١٢

٢٤- **سیمین چایچی:** ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە زەمانی قازی محەممەدەوە دەرکەوتوون............................ ٢١٧



# پێشەکی



**خالید محەممەدزادە**

**خوێنەری بەرێز!**

**ئەم کتێبەی لە بەردەستاندایە کۆکراوەی بەشێک لە وتوویژو دیمانە (دیالۆگی رۆژهەڵات) رۆژنامەوانیەکانمە لە کارکردی رۆژنامەوانیم کە بەرێز رەحمان نەقشی کاری کۆکردنەوە و دیزاینی بە ئەستۆ گرتووە. گومانی تێدا نییە ئەم بەرهەمە ئەگەر کاک رەحمان دەستی نەدایەتێ، قەد بە ئاکام نەدەگەشت، لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری دیمانە رۆژنامەوانیەکانم لای خۆشم نەپارێزرابوون، بەم دیمانانەشەوە کە لەم کتێبەدا ئامادە کراون!**

**زۆور سپاسی کاک رەحمان نەقشی دەکەم بۆ بە دواداچوون و کۆکردنەوەی ئەم وتویژانەی من کە دیارە ئەمە یەکەم کاری خۆبەخشی کاک رەحمان نییە و پێش ئەو بەرهەمەش، بەرهەمی نووسینی کۆمەلێک لە نوسەران و کەسایەتییەکانی کوردی خۆ بەخشانە کۆکردونەتەوەو هەندێکیشیان لە ماڵپەرو تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە دووتوێ کتێبی ئیلیکترۆنی و نامیلکە دا بڵاو کراونەتەوە. و کەوتوونە بەر دیدەی خوێنەران.**

**کاک رەحمان بەم کارە خۆبەخشانەی خزمەتێکی باشی کردوە لە کۆکۆدنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە ترسی فەوتاندنیان لە سەر بووە بەم بەرهەمەی منیشەوە.**

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو



بیست ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا هێمنی شاعیردا تێپەڕی. بێگومان لەم یادەدا لە زۆر لایەنەوە یادی ئەم شاعیرە شوێندانەرەی کورد دەکرێتەوە و ئەمنیش بە پێویستم زانی بۆ ڕێزلێنان لە هێمن لە نیزیکەوە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە قۆناغێکی لە ژیانی تاراوگەنشینی لەگەڵ هێمندا بەسەربردووە بدوێنم. حەسەن زادەلە ساڵانی ئاوارەیی هێمن لە کوردستانی عێراقدا یەکێک لە کەسە نیزیکەکان هەم لە باری ئەدەبی و هەم لە باری سیاسی بە مامۆستا هێمن بووە. ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا زۆر شتی باس نەکراوی لەسەر هێمن هێنایە گۆڕێ کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشم.

**خالید موحەممەدزادە:** دەکرێ بۆمان باس بکەی کە یەکەم جار کەی هێمنتان بینی و لە کوێ و چ ساڵێک بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن سپاسی تۆ دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە. مامۆستا هێمن وەک شاعیرێکی ناسراو پێش ئەوەی بی بینم لەگەلی ئاشنا ببووم و شیعرەکانیم خوێندبۆوە و لەبەرم بوون. بەڵام ئەمن یەکەم ساڵی دیتنی مامۆستا هێمنی دەگێڕمەوە بۆ ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی کە هەردووکمان قاچاغ ببووین. ئەمن لە ئاخری ساڵی ١٣٤٦دا قاچاغ ببووم و ئەویش بەهاری ١٣٤٧ قاچاغ ببوو. بۆ یەکەمجار لە ناوچەی قەڵادزێ یەکترمان بینی. بەڵام ئەمن ساڵی ١٣٤٣ یان ١٣٤٤ بوو لە مەجلیسێک لە مەهاباد بەشدار بووم کە ئەویش لەوێ بوو. ئەوکات یەکترمان نەدەناسی. دیارە خۆشحاڵ بووم کە هێمنی شاعیر دەبینم بەڵام "مخاطب"ی وی زیاتر کەسانی دیکە بوون. یەکێک لەو کەسانەی کە لە بیرم ماوە ماموستا شێخ عیززەدین بوو، یەکیان کوڕی ڕەش بوو کە بە سەفەر هاتبۆوە، لە مەجلیسێک بووین. بەڵام ئێمە مخاطبی یەک نەبووین. ئەمن لە ساڵی ١٣٤٧ەوە ناسیم کە هەردووکمان قاچاغ ببووین و مەسائیلی سیاسی و بزووتنەوەمان لەگەل یەکتر دەهێنایە گۆڕێ.

**خالید موحەممەدزادە:** دواتر کەی هێمن‌تان بینیەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** لەدوای ئەوە لەڕاستیدا ئێمە هەموو کاتێک یەکترمان دەدی. بۆ ماوەیەک هەر لە ساڵی ١٣٤٨دا بنکەیەکی بچووکمان هەبوو لە ناوچەی ئاکۆیان لە بناری قەندیل کە ئەو و کاک ئەمیری قازی تێیدا دەژیان. ئەمنیش زۆر جار هاتوچووم دەکرد. ئیدی تەقریبەن بە دوو سێ مانگ جارێک دوو سێ ڕۆژ پێکەوە دەبووین. دواتر کە بەیانی ١١ی ئازار بەسەردا هات، مام هێمن چۆوە مەرکەزی پارتی - دیارە هەموومان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە بووین و لەگەڵ مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی ببوون بە هاومەنزڵ لە ئیدارەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق. زۆر جار هاتوچووم هەبوو لەگەڵیان دا. دواتریش کە کەوتە ساڵەکانی دواتر، واتە لە ١٩٧٠ بەدواوە، ئێمە لە بەغدا بنکەیەکمان هەبوو کە مامۆستا هێمن هەر لەوێ دەژیا. تەقریبەن ڕۆژانە یەکترمان دەدی.

**خالید موحەممەدزادە:** باسی مامۆستا هەژارت کرد. دەمەوێ ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە و بڵێم هۆی چ بوو کە مامۆستا هەژار دوای کۆماری کوردستان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا درێژەی بە کاری حیزبی نەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** مامۆستا هەژار بۆخۆی بیروباوەڕێکی هەبوو؛ پێی وا بوو کاتی خۆیشی ئەو بیروباوەڕی دەربڕیبوو- نەدەبوو کۆمەڵەی ژ.ک. بگۆڕدرێ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمەڵەی ژ. ک. بوو کە تەنیا پێی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی دادەگرت؛ لەگەڵ ئەوەدا بوو، هەرچەند لە دەورانی جمهوری دا شیعرەکانی دیارن کە تەئسیراتی وەزعەکەی زۆر لەسەر بووە. هەژار ئەو کەسە نەبوو کە بڵێی بە سفارش شیعری پێ دەگوترێ. کابرایەکی زۆر ئازادە بوو لەو بارەیەوە:

"بۆ هەژارپەروەری یوو عەدڵ و داد
بژی ئیستالین و خۆش بێ لینین"

یان دەڵێ:

"ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتیحادی شووڕەوی
سۆرمەیە بۆ چاوی ئێمە خاک و خۆڵی مەسکەوێ
ڕەببی ئیستالین بژی بۆ لاگریی مەزڵوومەکان
تا زەمانە خول دەدا تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ"

یانی دەردەکەوێ کە کەوتۆتە ژێر تەئسیرەکەی، بەڵام هەر ئەوکات باوەڕی وا بوو کە دەبوو نەگۆڕدرێ. پاشان لە ساڵی ١٣٤٣دا کە حیزبی دێموکرات کۆنگرەی دووەمی بەست، بەبێ ئەوەی ماملۆستا هەژار لەوێ بێ، لە کۆنگرەدا هەڵیان-بژاردبوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. دیارە چەند کەسێکیان هەڵبژاردبوون کە لە بنەڕەتدا لەجێی خۆیدا نەبوو. یەکێکیان کە خەبەریان پێ دابوو مامۆستا هەژار بوو، گوتبووی "قسەیەکی لابەلایە، ئەمن خۆم بە کوردی ئێران نازانم تا خۆم بە ئەندامی حیزبی دێموکرات بزانم." بۆیە هیچ کاتێک نەبوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات.

**خالید موحەممەدزادە:** مامۆستا، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مامۆستا هێمن، دەبینین چەند ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بووە. چۆن کەسێکی وەک هێمنی شاعیر و ناسک خەیاڵ لە حیزبی دێموکرات دا زۆر زوو ئەو پلە سیاسی یانە دەبڕێ؟ ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ توانایی سیاسیی خۆی یا کۆمەڵێک هۆکاری دیکە لەگۆڕێ دان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە ئەندامەتیی حیزبی لەگەڵ هیچ یەک لەو شتانە ناتەبا نیە. بەتایبەتی حیزبێک کە دیموکرات و نەتەوەیی بێ. بۆیە حیزبێک نیە بڵێین چینێکی دیاریکراو دەکاتە ئەندامی خۆی و دەتوانێ لە هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی تێی دا بەشدار بن. بۆیە زۆر سروشتی یە کەسێکی خوێندەوار و ڕووناکبیر لە هەر پلەیەک دا ببێتە ئەندامی حیزبی و بچێتە پێشێ. مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٣٤٨ هەتا ١٣٥٨ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. یانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و چەند مانگ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لە ساڵی ١٣٥٠یش تا ١٣٥٢ ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە. بەڵام ئەندامەتی یەکەی کۆمیتەی ناوەندی درێژتر بوو. پێم وا بێ ئەوە شتێکی زۆر سروشتی بوو. جاری یەکەم کە ئەمن و ئەویش بووینە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیتەیەکمان هەبوو کە لەبەریەک هەڵ-وەشابوو، دەبوو تەرمیم بکرێتەوە. ڕەفیقێکمان هەبوو دەیگوت ئێوە بوونە بەرهەڵێخ، (دیوار کە مەترسیی ڕووخانی لێدەکرێ دیوارێکی چووکە بە بەریەوە دروست دەکەن پێی دەڵێن بەرهەڵێخ). لەو کاتەدا دەبوو تەرمیمی تەشکیلاتێک بکەینەوە کە ئێمەیان دانا. لە دوایەش کە بووە ئەندام وەک کەسایەتی یەکی ئەدەبیی ناسراو هەڵدەبژێردرا.

**خالید موحەممەدزادە:** بەڕێز، ئەو ساڵانەی هێمن لە دەفتەری سیاسی دا دەبێ، ئایا جێ پەنجەی دیارە بەسەر کۆمەڵێک لە بڕیاراتی سیاسی یەوە؟ واتە ڕۆڵی هەبووە لە داڕشتنی بڕیارات و سیاسەتەکان دا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەبێ شک! وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی لانی کەم دەنگی هەیە. بەڵام ئەمن زۆر جار گوتوومە، بەبێ ئەوەی لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە، مامۆستا هێمن لە باری دیدی سیاسی یەوە وەک شاعیری یەکەی نەبوو؛ شاعیرێکی زۆر گەورە بوو. یانی بێ موبالەغە دەڵێم، لە دەورانی خۆی دا و لەنێو شاعیرانی کورددا بە یەکەمی دەزانم. من بە شاعیری یەکەمی دەزانم لەنێو شاعیرانی کلاسیکی سەردەمی خۆی دا. دەتوانم بڵێم تەنیا شاعیرێکی ئەو سەردەمەیە کە

قەت شیعری نوێی نەگوت. مام هەژار شیعری نوێی هەیە، محاولەی هەیە. بەڵام ئەو قەت شیعری نوێی نەگوت. ئەو شیعری کلاسیک و عەرووزیی هەبوو. بەڵام لە باری سیاسی یەوە ئەوەندە پیاوێکی بەتوانا نەبوو. ئەگەر باسی ڕۆڵی کاریگەر بکەین، نا...، نەیبوو. نە لە دەفتەری سیاسی و نە لە کۆمیتەی ناوەندی دا.

**خالید موحەممەدزادە:** هێندێک جار دەڵێن هێمن کاتی خۆی لە بەشێک لە شیعرە سیاسی یەکانی دا وەک "بژی دێموکرات" و... بێزاریی دەربڕیوە. تو پێتوایە ئەم جۆرە شیعرانەی کاتی خۆی لەژێر فشاری حیزبی دا نووسیون یان خۆی بەو قەناعەتە گەیشتوە بۆ دانانی ئەم شیعرانە، و پاشان بۆ پەشیمان دەبێتەوە لێیان؟ یا بە تەعبیرێکی دیکە تۆ ئەم پەشیمان بوونەوەی کە باسی دەکەن بەڕاست دەزانی؟ هەروەها تۆ بۆخۆت کام یەک لە شیعرەکانی هێمن بە شیعر نازانی؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** من نازانم ئەو قسەیە هی هێمنە هی هێمن نیە. ئارەزووم ئەوەیە ئەو قسەیە قسەی هێمن هەر نەبێ و شتی وای نەگوتبێ. چونکە وا بیر دەکەمەوە ئەو قسەیە هی خۆی بێ یان هی کەسانی دیکە بێ، دەیانەوێ وا پیشان بدەن کە هێمن لەژێر تەئسیری (با نەڵێم فشار) ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دا (مەبەستیشیان ڕێبەرایەتیی مەرحەلەی دوایی حیزبی دێموکرات یان بڵێین لە دەورانی شەهید دوکتور قاسملوودا) شیعری نیشتمانیی گوتوە. یان شیعری بۆ حیزب گوتوە یان شیعری سیاسیی گوتوە. بەڵام شتەکە ڕاست بە پێچەوانەیە و ئەوە دیوانەکەی لەبەر دەستم دایە. لە تەواوی ئەو دەورانەدا، واتە لە ساڵی ١٣٤٨ەوە کە بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تا ساڵی ١٣٥٨ کە لە کۆمیتەی ناوەندی چۆتە دەرێ (دیارە هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندی، دوای ئەوە زیاتر هەر ناو بوو، سەمبولیک بوو) یەک شیعری بۆ حیزب نەگوتوە، یەک شیعر. "بژی دێموکرات"ی ساڵی ١٣٢٤ گوتوە. زۆربەی ئەو شیعرانەی لەو بارەیەوە گوتراون وەک ڕێبەندان و شاعیر، ڕۆژی شادی، و دوارۆژی ڕووناک. زۆربەی ئەو شیعرانەی هی سەردەمی جمهورین. هیوادارم قەت هێمن لە شتی وا پەشیمان نەبووبێتەوە. پاشان ڕاستە هێمن شاعیرێکی ناسک خەیاڵ بوو، شاعیرێکی گەورە بوو، بەڵام هێمن تەنیا لەبەر ئەوە خوشەویست نیە کە باسی خاڵ و پەرچەمی کردوە، عەکسی ئەوەیە.

**یەکێک لە شانازیەکانی هێمن ئەوەیە کە دەڵێ:**

**"عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم**
**عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن"**

**باشە هەر "بژی دێموکرات"ی لە زەمانی جمهوری دا گوتوە. لەو کاتەدا کە هێزی پێشمەرگە پێکهاتوە، هەر بۆخۆی دەڵێ:**

"پێکیان هێناوە لەشکرێکی چاک
لە لاوی ئازا و بەکار و چالاک
ئۆمێدم وایە لاوانی خوێن پاک
بە خوێنی خۆیان بپارێزن خاک"

یان دەڵێ:

"پێشمەرگەی کوردی لە مەیدانی جەنگ
بەرگەی ناگرێ نە شێر، نە پڵەنگ
دوژمنی ئێمە تازە بکا دەنگ
سینگی دەسمن بە گوللەی تفەنگ"

ڕەنگە ئەوە یەکەم شیعری شاعیران بێ کە ناوی پێشمەرگەی تێدایە. جا هێمن بۆ لەوەی پەشیمان بێتەوە؟ ئەوە شانازیی هێمنە. لەو دەورانەی کە باسی دەکەم ئەو یەک شیعری گوتوە، ئەویش نەک بۆ حیزب بەڵکوو بۆ شەهیدان. کە شیعری "گەرمەشین"ـە. ئەمن تماشای دیوانەکەیم کرد، نوسرابوو ۱۳٤۷، بەڵام وا نیە. ئێمە ساڵی ۱۳٤۹ پێکەوە بووین لە بەغدا. دانیشتبووین، پێمگوت ئەرێ بەڕاستی ئەتۆ لۆمەی خۆت ناکەی ئەو هەموو کەسک و سوورە لە ساڵی ٤٦ - ٤٧ دا شەهید بوون ئەتۆ متەقت لە دەم نەهات؟! شتێکت نەگوت؟! گوتی وەڵڵا نەهاتوە. پاش چەند ڕۆژێک هات شیعری "گەرمەشین"ی هێنا:

"بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لەنێو خوێن، دەگریم
بۆ هەواڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن دەگریم"

ئەوەی هێنا و گوتی ها! ئەمنیش خوێندمەوە پێم گوت دەستت خۆش بێ، شیعری چاکە، بەڵام ئەوە نابێتە کەفارەتی ئەو گوناهەی کە کردووتە. گەرمەشین لە ژمارە ۳ی کوردستان، تایبەت بە خاکەلێوەی ۱۳۵۰ چاپ کرا. پێمخۆشە ئەوەیش بڵێم، زۆر دواتر هەوڵی دا قەسیدەیەک بڵێ بۆ شەهیدانی ٤٦ و ٤٧. هات گوتی ئەمن عادەتم وایە ئەگەر مەتلەعی قەسیدەم زۆر باش بوو دوایە شێعری دیکەم بۆ نایە. یەک شێعرم گوتوە و وەستاوە. گوتم چیە؟ شیعرەکەی خوێندەوە کە ئەمەیە:

"زەوی ئێستاش لە ڕووت هەڵدێ بدەی سووڕ
نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کووڕ"

بەڕاستی شیعرێکی زۆر جوانە. هونەرمەند حەسەن دەرزی ئەم شیعرەی کردوە بە گۆرانی کە هێندێ شتی لێ زیاد بووە وەک:

"کە سۆمایی لە چاو باوکان ڕژاوە
بەرۆکی پیرە دایکان دادڕاوە" و... هتد

جا نازانم ئەوە هی ئەوە یان نا بەڵام ئەو کاتەیش ئەوەی تەواو نەکرد. دەنا یەک شیعری لەژێر تەئسیری ئەو دەورانەدا نەگوتوە. شیعرە نیشتمانی یەکانی پێشتر گوتوون. ئەگەر دواتر گوتبێتی، مەسەلەن شیعرێکی هەیە بە ناوی کاروانی خەبات کە بۆ حیزبی دانەناوە. بۆ تێکۆشەرێکی داناوە. زۆر جوانە. ئەگەر هێمن لەو شیعرانە پەشیمان بێ، هێمن خۆی شانازی یەکانی خۆی سڕیوەتەوە. باوەڕ ناکەم ئەوە قسەی هێمن بێ. هی هەر کەسێکیش بێ لەواقیعدا هەدەفەکەی نەپێکاوە. ئەمن پێموایە ئەگەر ئەم قسەیەشی کردبێ کە وەک گوتم ئارەزووم ئەوەیە نەیگوتبێ بەڵام کە گوتبێتی ڕەنگە پاش ساڵی ١٣٥٨ و ئەوانە لەنێو دەوڵەتی جمهوریی ئیسلامی مابێتەوە و ترسی هەبووبێ و لە مەجلیسێک کە ڕەنگە خەڵکی نامەحرەمی لێ بووبێ، بۆ ئەوەی ئەوە بگاتەوە دەستی بەرپرسانی دەسەڵات ڕەنگە گوترابێ. دەنا باوەڕ ناکەم شاعیرێک ئەوە بڵێ. یانی شانازی یەکانی خۆی لە خۆی بستێنێتەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە قازی موحەممەد ئەوە نەبوو فشار بۆ خەڵک بێنێ شیعری نیشتمانیی بۆ بڵێن. شاعیر هەبووە شیعری دژی قازی موحەممەد گوتوە بەڵام کەس نەیتوانیوە هەر لە ترسی قازی پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە. کەوابوو قازی (بە پێکەنینەوە) چۆن فشار دێنێ؟ لە دەورانی دیکەیش وەک گوتم شیعری نەگوتوە.

**خالید موحەممەدزادە:** واتە ئێوەیش دوای قازی موحەممەد فشارتان بۆ هێمن نەهێناوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا نا، عەرزم کردی. پێویست ناکا ئیستیدلال بکەین کە فشارمان بۆ هێناوە یان نا. چونکە لەو سەردەمەدا هەر شیعری وای نەگوتوە تا بڵێین لەژێر فشاردا بووە.

**خالید موحەممەدزادە:** بەڵام دەتوانین بڵێین کە شیعری گەرمە شین لەژێر تەسیری تۆدا گوتراوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** شیعری گەرمە شین، بەڵێ، بەڵام لەژێر فشاردا نەبووە.

**خالید موحەممەدزادە:** ئەی تۆ کام یەک لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن بە شیعر نازانی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو پرسیارەت شیعرێکی فارسیم وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ:

"در بیان و در فصاحت چون بود یکسان سخن
گرچه گوینده بود چون جاحظ و چون اصمعی
در کلام ایزد بیچون که وحی منزل است
کی بود تبت یدا مانند یا أرض ابلعی"

لە هەموو نووسینێک دا یەکێک بەرزترە و یەکێک نزمترە. بەڵام ئەمن پێموایە هێمن شاعیرێکی گەورەیە. شیعرەکانی هەموو باشن. پاشان ئەمن ئەو حەقە بە خۆم نادەم بڵێم شیعرێکی بە شیعر نازانم. هەرچەند کاتێک پێکەوە بووین زۆر پێکەوە سەمیمی بووین و شتی خۆشمان دەگوت. مەسەلەن شیعرێکی هەیە کە هەر بە ناوی ماچی خودایی یەوەیە کە لە ئاخرەکەی دا دەڵێ:

"وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی
کە بێزارم لە ماچی سینەمایی"

کە دانیشتبووین پێم گوت "ئەوە ئێستا خۆت ماوی و زەق و زیندووی، پێم بڵێ ماچی خودایی یانی چی؟ دەزانم ماچی سینەمایی مانای هەیە. چونکە ماچی سینەمایی ئەکتەر وەک ڕۆڵ بازی دەکا لە فیلمەکەدا کە ڕەنگە ماچەکەیشی بەدڵ نەبێ. بەڵام ماچی خودایی یانی چی؟ گوتی وەڵڵاهی ڕاست دەکەی هیچ مانای نیە، تەنیا قافیەم پێ ڕاست کردۆتەوە. گوتم جا ئەوە سبەینێ کە ئەتۆ مردی، کابرایەک دەی خوێنێتەوە ناوێرێ بڵێ هێمن شیعری قۆڕی گوتوە (هەر عەینی ئەو وشەیەم بۆ بەکار برد) غیرەتی ئەوەیشی نیە بڵێ ئەمن تێی ناگەم، هەر دەڵێ بەە بەە ماچی خودایی! عەزەمەتە!" بەڵام ئەمن بە هیچ شیعرێکی ناڵێم شیعر نیە و هەموویان جوانن.

**خالید موحەممەدزادە**: مامۆستا، ئەو "سانسۆرە خۆماڵی یە" چیە کە هێمن لە چاوپێکەوتنێک دا باسی لێدەکا؟ ئەتۆ پێتوایە ئەو قۆناغە لە حیزبی دێموکرات دا سانسۆر لەسەر شیعرەکانی هێمن هەبووە و بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستان کە بۆخۆێشتان ئەوکات لەگەڵ هێمن دا لە دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە ڕۆژنامەی کوردستان دا زۆر شیعری هێمن چاپ کراون. یەک شیعری هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان تەنانەت یەک پیتی لێ لانەبراوە و هەر ئەوە هەمووی چاپ بووە کە بۆخۆی داویەتی...، شتی وا نەبووە. بەڵام لە چاپی دیوانەکەی دا واتە "تاریک و ڕوون"، حیزب نا، بەڵکوو ئەمن کە زۆر لێک نیزیک بووین، لەسەر هێندێک شتی ڕای خۆم

دەردەبڕی. تەنانەت شیعری لابردوە لەسەر پێشنیاری من. لەوێ دا بۆخۆیشی شتی لە شیعرەکانی خۆی لابردوە. ئەو هێندێک شتی دانابوو کە ئەمن پێم وابوو نابێ چاپ بکرێن. وەک شیعری گەپ و گاڵتە. تەنانەت شیعری وای هەیە کە ئەمن ئێستایش پێم خۆش نیە بی خوێنمەوە و ئەتۆ زەبتی بکەی. ڕەنگە پاشان بۆت بخوێنمەوە. شتی وای گوتوە بۆ گاڵتە کە بە باوەڕی من نەدەبوو بچێتە سەر کاغەز و بمێنێتەوە بۆ یەکجاری. مەسەلەن شیعرێکی دوورو درێژی هەیە بە ناوی ژوانی ئاغا کە وشەی وای تێدابوون ناشیرین بوون. ئەمن پێشنیارم پێکرد لایان بەرێ و لای بردن، بەڵام لە چاپکردنی دیوانەکەی دا بۆخۆیشی شیعری سانسۆر کردوە.

**مەسەلەن شیعرێکی زۆر جوانی هەیە کە تیترەکەی داناوە بە "تۆم هەر لە بیرە:"**

"لە شایی دا لە وەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشی دا لە کاتی پێکەنینا
لە کۆڕی ماتەم و گریان و شینا
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"

**لە یەکێکیشیان دا شیعرێکی هەبوو کە دەڵێ:**

"لە کاتێکا کە گێژ و وێژ و مەستم
لە کاتێکا کە نوێژێ دادەبەستم
کە هەڵ دێنم لەبۆ نییەت دوو دەستم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"

ئەوەی خوارەوەی لابرد. ئەمن گوتم باشە بۆ حەزفی دەکەی؟ وا دابنێ موسڵمان بوون نیشانەی نەزانی یە، دەباشە ئەتۆ وا نیشان بدە کە پیاوێکی قابل تکاملی، ئەو کات نەتدەزانی (بە پێکەنینەوە) بەڵام دوایە پێگەیشتووی. لە پاشان هێندێک شتی دیکەی هەبوون لە شیعرەکانی دا کە بۆخۆی دەسکاری دەکردن. مەسەلەن شیعرێکی دوورودرێژی هەیە بە ناوی یادگاری شیرن.

**ئەوەی ئێستا چاپ بووە ٣٢ شیعرە، لەحاڵێک دا کە یادگاری شیرن ٩ یا ١١ شیعر بوو. تاک بوو:**

"چاوەکەم چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە

گیانەکەم برژانگی تیژت (ئەو کات گوتبووی "وەک سەنانی دوژمنە"، بەڵام دوایە کردبوویە "نووکە رمبی دوژمنە")

سا بەژنەکەت سێدارەیە کەزیەت تەنافە، زووبە سا (ئەو کات گوتبووی زولفت تەنافە)
بیخە ئەستۆی من کە کوردم کورد بەشی خنکاندنە" (کاتی خۆی دەڵێ بیخە ئەستۆم چون بەشی کوردی هەژار خنکاندنە) کە دەستکاریی کرد. پاشان هاتوە لێی زیاد کردوە بەڵام دەبینین شیعرێکی لە دیوانەکەی چاپ نەکردوە لەبەر کەلیمەیەک. ئەمن ئیجازە بدە هەر ئەو شیعرە بخوێنمەوە.

دیارە شیعری دیکەی بۆ داناوە بۆ هاندانی خوێندن، دەڵێ:

"دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە
دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من گوتم تۆش تێ بگە ناگاتە دەریایە زنە"

بەڵام ئەوەی کە لەوێ لایبردووە ئەوەیە کە دەڵێ:

"خۆ دەپارێزێ هەمیشە کیژی زانا و خوێندەوار
دوور لە ڕووی تۆ هەر کچی نەخوێندەوارە بێ بنە"

ئەمەی لە دیوانەکەی دا حەزف کردوە. بۆخۆیشی لای بردوە. کەس لای نەبردوە. نموونەی دیکە ئەو شیعرەیەتی کە لە بارەی ئاڵای کوردستانەوە نووسیوە. لە باسی ڕەنگەکان دا گوتوویە:

"سپی یەکەی یەعنی کەسێکە ڕووسپی
هەر کەسێ بمخا بکا فەوری خپی
کەسکەکەی یەعنی بکوژن دوژمنوو
تا کەسک بێ باسک و دەستوو هەموو
ڕۆژەکەی یەعنی لەژێر هەوری سیا
هاتەدەر ڕۆژمان و تاریکی نەما
دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ
زۆر بکەن دوژمن بکا لێتان سواڵ

پێو دەڵێ یاران قەڵەم: نووکی قەڵەم
زۆر لە شیر چاکتر دەپارێزێ عەلەم"
کەچی لە تاریک و ڕووندا ئاوای گۆڕیون:
"سپیەکەی یانی کەسێکە ڕووسپی
هیچ شتێک نەیکردبێ مات و کپی
سەوزەکەی دێنێتە بەر چاوان وڵات
ئەو دەمەی فەسڵی بەهاری جوانی هات
تیشکی ڕۆژی کورد لەژێر هەوری سیا
هاتەدەر، ئەنگاوتی وا لووتکەی چیا
دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ
زۆر بکەن، مشتی بکەن عەمبار و چاڵ
پێت دەڵێ نووکی قەڵەم: نووکی قەڵەم
زۆر لە شیر باشتر دەپارێزی عەلەم"

پاشان بۆ ئەوەی بزانی فشاری لەسەر نەبووە، کافی یە بڵێم کە مامۆستا هێمن دواتر شیعرەکانی خۆی چاپ کردوونەتەوە. ئەوانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان دان یەک شیعریشی نیە کە دەستکاریی کردبێ. حەتتا ئەوانەی کە کاتی خۆی لە تاریک و ڕوون دا هێندێ شتی بە هاوفیکریی من (کە ڕای منی زۆر قبووڵ بوو) لای بردوون، دوایە چاپی نەکردوون. وا دیارە پێی باش بوون. کە وا بێ ئەمن گومانم لەو قسەیەیش هەیە کە گوتبێتی سانسۆری حیزبی لەسەر بووە. سانسۆری حیزبی قەت لەسەر نەبووە.

**خالید موحەممەدزادە:** واتە تۆ ئەمە ڕەد دەکەیتەوە کە سانسۆر لە شیعرەکانی دا کرابێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەتەواوی ڕەدی دەکەمەوە، بەتایبەتی سانسۆری حیزبی. ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە دەڵێم بەڵام وەک حەقیقەتێک دەڵێم، بۆ ماوەی چەند ساڵ لانی کەم بۆ ماوەی شەش ساڵ شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، یەک شیعری چاپ نەکردوە تا ئەمن نەم دیبێ، بڵاوی نەکردۆتەوە چونکە باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەمن لانی کەم لە شیعری ئەو حاڵی دەبم. زۆر جار شتی لێ قبووڵ کردووم. ئەو زۆر دەسکاری شیعری دەکرد. بە باوەڕی من یەکەم نوسخەی کە دای دەنا جوانتر بوو لە دواتری کە دەیگۆڕی. دەمگوت یەکەم نوسخەت کە نووسی دەبێ بیدەی بە من. دوایە ئەگەر دەستکاریت کرد بیکە، جا قسەی لێدەکەین ئەوەی پێشووتر جوانتر بوو یان ئەمەی دوایی. پێم دەگوت ئەتۆ یەکەم ئیلهامت زۆر جوانترە.

**لە بیرمە شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:**

"ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کە وا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر"

شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

"ئەوەندە دەردەدار و لێوبەبار و بێ پەرستارم کە پێموایە
لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر"

گوتم ئەو گوریسە چیە دروستت کردوە؟ گوتی چۆن؟ گوتم ئەو میسرەعە درێژە. پاشان تەماشای کرد و گوتی وەڵلاهی وشەکانم هێند پێ جوان بوون هەستم پێ نەکرد. بە قسەی کردم لە دەستکاریکردن دا. شتی ئاوا هەبوو، بەڵام بڵێین حیزب تەئسیری هەبووە لەسەری، بە هیچ جۆر نە وەکوو حیزب و نە بەتایبەتی وەکوو ڕێبەرێکی وەک دوکتۆر قاسملوو فشاری لەسەر بووە. شتی وا هەر نەبووە.

**خالید موحەممەدزادە:** ئێوە بەهۆی ئەوە لە مامۆستا هێمن زۆر نیزیک بوون چەند تەئسیرت هەبووە لە داڕشتنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی، یا هێندێک لە شیعرەکانی بە قەرزداری خۆت دەزانی؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** نا، ئەمن نامەوێ بڵێم بە قەرزداری خۆمی دەزانم. بەڵام شیعری هەیە بەڕاستی تەئسیری منی تێدا بووە. ئێستا شیعرێکی هەیە کە دوایە دەسکاری کرد و کردیە شیعرێک بۆ لەیلا قاسم. ئەوە لە بنەڕەت ڕا بۆ لەیلا قاسم نەگوتراوە. دوو ساڵ یان ساڵێک پێش شەهیدبوونی لەیلا قاسم ئەو شیعرەی نووسیبوو. یاری ئۆلەمپیک بوو لە مۆنرئاڵی کانادا، ساڵی ١٩٧٢ یا ١٩٧٣ی زایینی بوو. ئێمە زۆرمان چاو لە تەلەڤزیۆن دەکرد. کە چاوم لە یاری یەکان دەکرد لە بەغدا، زۆر نارەحەت بووم کە ئێمەی کورد نە تیمی وەرزشیمان هەیە و نە ئاڵامان هەیە. بەهەرحاڵ، خەیاڵ هەڵیگرتم و زۆر نارەحەت بووم. ڕۆژێکی دیتم کە سێ قارەمان چوونە سەر سەکۆ و میداڵیان وەرگرت. لەخۆڕا ئەو فیکرە لە خەیاڵی دام...، گوتم لەواقیعدا ئەو کەسەیش کە ئیعدام دەکرێ میدالی دەرەجە یەکی خەبات وەردەگرێ. کە چوومە مەقەڕەکەی حیزب لای مامۆستا هێمن گوتم ماموستا هێمن، فیکرێکی باشم بۆ هاتوە... ئەگەر شاعیر بایەم شیعرێکی باشی لی دروست دەبوو. بزانم ئەتو نایکەی بە شیعر؟ گوتی چیە؟ گوتم حاڵ و وەزع ئاوایە. گوتی زۆر سەختە. گوتم باشە ئەوە قسەیە پێم گوتی. پاش دوو سێ ڕۆژان گوتی ها!

چوارینەیەکی پێ نیشان دام کە دوایە گۆڕیویەتی بەڵام ئاوا بوو:

"بزەی هاتێ و گوتی جەللادی خوێڕی
بە کەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم
پەتت بۆ من نیشانی ئیفتخارە
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم"

ئەمن گوتم جوانە بەڵام تێرم ناکا. پاشان ئەمن ئەو فیکرەم کردە وتارێک بە ناوی "میداڵی دەرەجە یەک" و لە بڵاوکراوەی "تێکۆشەر"دا چاپم کرد. بە هەر سوورەت ئیحساسی خۆمم تێدا دەربڕی. پاشان ساڵی ١٩٧٤ کە لەیلا قاسم و ڕەفیقەکانی ئیعدام کران ئەو هات هێندێک شتی دیکەی بۆ دانا کە بە باوەڕی من سەرکەوتوو نەبوو. هەر ئەو ڕوباعی یە بەتەنیا بووایە باشتر بوو.

**مەسەلەن لە باری لەیلاوە دەڵێ:**

"کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من
لە بسکت ڕەشترە مانگەشەوی من
بڕۆ مەجنوون بە لەیلای خوت مەنازە
کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من"

ئەوە بەتایبەتی میسرەعی ئاخری ئەمنیش دەتوانم شیعری وا بڵێم (بە پێکەنینەوە) و ئەوە وەک شیعری هێمن ناچێ. یا یەک دوو جار شیعری وای گوتوە کە تەماشام کردوە تێبینیم لەسەری هەبووە و لەبەرچاوی گرتوە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر باشی هەیە بە ناوی شەو و شەیتان،

**لە یادی شەهیدبوونی پێشەوادا دەڵێ:**

"دێن و دەچن بە ئەسپایی لە چوارچرا چەند تارمایی
خێوی شەو و خودای شەڕن، بێچووە شەیتانی بەدفەڕن"

**باسی مەئموورین دەکا جا لە پاشان باسی ئیعدام دەکا دەڵێ:**

"لە دەوروبەری چوارچرا هەزاران سەر لە قوڕ نرا
کام نازداری شۆخ و جوانە، دای لە خم لکی کۆڵوانە



سەرچاوە
Serchawe

شۆڕە لاو هاتە کۆڕی شین، ئەویش سۆرانیی کردە شین"

ئەمن گوتم مامۆستا، ئەوە زۆری نائۆمیدی تێدایە. ڕاستە مردنی پێشەوا ناخۆشە، بەڵام ئەی ئەو خەڵکە هەر قوڕی بەسەردا کرد؟ هیچی نەکرد؟ تۆزێک بیری کردەوە و ڕۆیشت.

دوو سەعاتی نەخایاند هاتەوە شیعرێکی نووسیبوو کە ئەو شیعرەی کڕییەوە کە دەڵێ:

"پیرە پیاو بانگ دێڵێ ڕۆڵە!
لە بیر نەکەن تۆڵە، تۆڵە"

یانی هونەرەکە هی ئەوە، بەڵام تێ بینیم لەسەری هەبووە. حەتمەن پیشانت دەدەم بۆخۆی کە تاریک و ڕوونی چاپ کرد. جا تاریک و ڕوون بەشی زۆری کارەکانی ئەمن کردمن و سەرپەرستیی چاپەکەی بە من بوو تا مەرحەلەی ئاخری کتێبەکە وا بوو. ساڵی ١٩٧٤ ئەمن مەئمووریەتم پێدرا لە بەغدا بێمەوە کوردستان لەنێو دۆستان لە کوردستان بم. دواتر کە چاپ بوونەکەی تەواو ببوو، نوسخەیەکی بۆم نارد بە یادگاری کە لەسەر کتێبەکە نووسیبووی: "ئیعتراف دەکەم تەئسیری تۆ لەسەر شیعرەکانم زۆرە. لەحاڵێکدا شانازی بە برایەتی و هاوسەنگەریت دەکەم ئەو دیوانەت پێشکەش دەکەم." ئەمە دیوانەکەیە ماوە بە خەتی خۆی. بەڵام لە واقیعدا فەزل هەر هی خۆیەتی، چونکە ئەوپەڕەکەی ئەوە بووە ئەمن تێبینیم هەبووە لەسەری. تەنانەت جارێکیش بە بەدفەڕی شیعرێکم لێ خراپ کرد. گوتی ئەوە شیعری تۆ نیە. ئەتۆ شیعری وا خراپ ناڵێی. گوتم شیعرەکە خراپ نیە و زۆربەی وشەکان هی خۆتن و ئەمن فەقەت وشەیەکم لە جێگای وشەیەک داناوە.

**خالید موحەممەدزادە:** باشە لەو قۆناغەی کە پێکەوە بوون، ئەو جگە لە تۆ شیعری پێش بڵاوبوونەوەی پیشان کەسانی دیکە دەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** شتی وای هەبووە. جارێک لە شیعرێکی دا کەریمی حیسامیش ئەوەی کردبوو. شیعرێکی هەیە بە ناوی ئێوارەی پاییز، کە ساڵی ١٩٧٤ دای نابوو. ئەمن لە کوردستان بووم، ئەوان لە بەغدا بوون. شیعرەکە وەسفێکی زۆر جوانی کردبوو. لێرەدا ڕەنگە مەجال نەبێ هەمووی بخوێنمەوە ئەگینا بەشی هەرە زۆریم هەر لەبەرە. بەڵام لە ئاخرەکەی دا وای کردوە کە ئیدی دەست لە کراس دێنێتە دەر. کەریم حیسامی کە دەی بینی دەڵێ بابە تۆ ئەوە بڵاو بکەیتەوە هەر ئابڕووت دەچێ. ئەو هەموو نائۆمێدی یە چیە؟

کە ئەوەی پێ دەڵێ یەک شیعری دیکە ئێستا بووە بە شیعری ئاخری، دادەنی کە دەڵێ:

"گوتم کە وا بێ ئاشنا، بەشی ئێمە لە ناوچوونە
گوتی نا نا دوور بنواڕە، دوور بنواڕە ئاسۆ ڕوونە"

یانی ئەو تێبینی یەی کەریم حیسامی ئەو شیعرە جوانەی ڕزگار کرد. دەنا شیعرەکە لەگەڵ ئەوەی لە باری ئەدەبی یەوە زۆر جوان داڕێژراوە نائۆمێدیی لێ دەبارێ. بەڵام بەو دوو دێڕە نەجاتی بوو.

**خالید موحەممەدزادە:** بووە ماموستا هێمن بە قسەی تۆ نەکا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** (بە پێکەنینەوە) حەتمەن هەبووە! ئەوە نیە پێمگوت ئەو شیعرە دابنێ، دای نەنا.

**خالید موحەممەدزادە:** باشە ئەو تەئسیرەی کە کاتی خۆی شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی لەسەر هەژار هەیبوو، وا دیارە بەو شێوەیە ئەو تەئسیرەی لەسەر هێمن نەبووە. ئایا بەڕاستی ئەم شۆڕشە تەئسیری لەسەر هێمن نەبووە یان نا، هێمن شیعری بۆ شۆڕشی بارزانی هەبووە بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆسانسۆری یە کە هێمن کردوویەتی. بە هەر دەلێک بێ، هێمن کەوتە خۆسانسۆری، ئەگینا شیعری بۆ ئەو کات هەبوو. تەنانەت شیعری بۆ مەلا مستەفایش هەبوو. بۆ نموونە ئەمن چەند بەیتێک لە شیعرێکی بۆت بخوێنمەوە کە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاردا بڵاو کرایەوە. جێژنێکیان گرت لە چۆمان ناویان لێ نا جێژنی ئادار و نەورۆز. چووبوونە لای ماموستا هەژار کە شیعریان بۆ بنووسێ؛ گوتبووی ئەمن بە سفارش شیعر ناڵێم و بۆم نەهاتوە و نایڵێم.

چووبوونە لای ماموستا هێمن. شیعرێکی جوانی نووسیبوو. کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

"لەو دەمەی ڕا کە کاوە کوتکی وەشاند
مێشکی زووحاکی کورد کوژی پرژاند
گەلی چەوساوە هات و لێی هاڵا
چەرمی بەروانکەکەی کرا ئاڵا
شۆڕشی پاکی پیری ئاسنگەر
ڕاوی نا لەم وڵاتە داگیرکەر"
ئەم شیعرە درێژە. لە پاشان دەڵێ:
"بە دەهۆی دوژمنان گەلێک ساڵ بوو

جێژنی نەورۆز لە کوردەکان تاڵ بوو
نەتەوی خاکی گرت و ملکی بڕی
هەر کەسێ هات بەشێکی لێ پچڕی"

ئەوجار دەڵێ:

"ڕاپەڕی کاوەیێکی ئازاتر
کەوتە دووی کۆمەڵێکی وریاتر
مەزنی ئەو کوردە کاکە بارزانی
کاتێ حاڵی بە نالەبار زانی
ڕابوو، ڕاسا، پساندی زنجیری
گرتی ڕێی ڕاستی باب و باپیری
کوڕە پێشمەرگە پشتی دا پشت یەک
کەوتە شوێنی ئەو و دەسی دا چەک
لەو چیا و بەندەنانە سەنگەری گرت
لەو هەموو ملهوڕانە کێ بەری گرت
ئەو هەڵۆ دوژمنی قەل و داڵ بوو
ڕووی لە هەر سەنگەرێک دەکرد زاڵ بوو"

ئەمە زۆر شیعرێکی جوانە. ئاخرەکەی بە سێ شیعر تەواو دەبێ کە ئێستا لە بەرنامەی "شەهیدان" لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەخوێندرێتەوە کە دەڵێ:

"ئەی شەهید ئەی نموونەی ئازایی
نەڕژا خوێنی تۆ بەخۆڕایی
ئەو لەشانەی بە گوللە دابێژران
لە دڵێ گەرمی میللەتا نێژران
خوێنە داشتوویە داری ئازادی
هات بە دووی شینی ئێوە دا شادی"
ئێستا کردوویەتی بە:
"دێ بە دووی شینی ئێوە دا شادی"

بەڵام ئەو وەختە "هات"بوو، چونکە ئەمن شاهیدی لەحزەی لە دایکبوونی ئەو شیعرە بووم.

**خالید موحەممەدزادە:** جگە لەوە شیعری دیکەیشی بۆ بارزانی وتوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ. کاتی خۆی عەکسێکی بارزانی لە ئێران دەست کەوتوە کە نازانم چ ساڵێک بووە، ئاوا دەڵێ؛

"وێنەت گەیشتە دەستم و ڕوون بۆوە چاوی من"

یان لەشیعرێکی دا دەڵێ:

"هەرچەندە دیوتە ڕۆژی ڕەش و دوژمنی قەوی
ئاڵای خەباتی میللەتی کوردت نەکرد نەوی"

بەڵام دوایە بە هەر دەلیل بوو ڕای گۆڕدرا. بۆیە ئەو شیعرانەی لە مێژووی خۆی سڕینەوە. کارم نیە و بەرپرسیاری یەکەی لەسەر خۆیەتی. ئەگەر لە بەغدا لە تاریک و ڕوون دا نەیتوانی چاپیان بکا، باشە خۆ لە ئێران دەیتوانی چاپیان بکا؟ کە لە ئێرانیش هێندێک لە بەرهەمەکانی چاپ کرانەوە جارێکی دیکە ئەوانەی نەهێنان.

**خالید موحەممەدزادە:** بۆ نەی هێنان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** (بە پێکەنینەوە) ئەگەر زیندوو بووەوە لە خۆی بپرسە. ئەمن بۆ وەکیلیی ئەو بکەم؟

**خالید موحەممەدزادە:** دەکرێ بڵێی مامۆستا هێمن چەند ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" بوو و چ ڕۆڵێکی هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەڕاستی دا لە دەستەی نووسەران لە ساڵی ١٣٤٩ەوە کە دەورەی ئێستای "کوردستان"مان دەست پێکردەوە کە ئێستایش بەردەوامە، لەو کاتەوە ئەندامی دەستەی نووسەران بوو تا لێک جیابوونەوە لە ١٣٥٨دا. بەڵام وەک بەرپرسیارەتی، ئەو بەرپرسی بەشی ئەدەبیی ڕۆژنامە بوو. هەرچەند ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە بڵێم بەڵام وەک حەقیقەتێک ئەوە بڵێم باشە کە لەواقیعدا کارەکەی بە من سپاردبوو. بۆیە کارەکان هەر ئەمن دەمکردن. تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ کە لێک بڵاو بووین، پێش دەست پێکردنەوەی شەڕ، بڕیارمان دا کۆمیتەی ناوەندی لێک بڵاو بێ. دوو کەس لەنێو وڵات بە نهێنی

دەژیان. چەند کەسمان لە بەغدا مانەوە. دوو سێ کەسمان چوونە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە. دوو سێ کەسمان چوونە سلێمانی. دوو سێ کەسیشمان وەک کاک دوکتۆر چوونە دەرێ. لەوێ دا کە باسی ڕۆژنامە کرا، دوکتۆر قاسملوو فەرمووی "هەوڵ بدەن ڕۆژنامەکە هەر دەربچێ. ئەمن کە ئێستا لێرە نابم با کاک کەریمی حیسامی بەرپرسی بەشی سیاسیی ڕۆژنامە بێ و مامۆستا هێمنیش با بەرپرسی بەشی ئەدەبی بێ." مامۆستا هێمنیش گوتی "باشە بۆ ئەمن هەتا ئێستایش مەسئوول نەبووم؟" دوکتۆر گوتی "با بەرپرس بووی بەڵام با لە بیرمان نەچێ هەتا ئێستا مامۆستا (بە پێکەنینەوە) لێرە بوو، بەڵام ئێستا ئەو لێرە نابێ." ئەو باوەڕی بە من هەبوو کە کارەکان بکەم. سەرپەرستیی تەسحیح و چاپی ڕۆژنامەیش جگە لە ژمارەی یەکەمی کە ئەگەر چاوی لێ بکەی زۆر شپرزەیە و پڕە لە غەڵەت، هەر هەمووی ئەمن دەمکرد. بەڵام وەک ئەندامی دەستەی نووسەران هەر مایەوە تا ئەو جیابوونەوەیە کە ڕووی دا.

**خالید موحەممەدزادە:** قەت هەبووە مامۆستا هێمن وتاری سیاسی بنووسێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە زۆرتر شتی ئەدەبیی دەنووسی. بەڵام ڕۆژنامەکە حیزبی بوو دەبووایە شتی سیاسی بنووسێ. بەڵام وەک وتاری تەفسیری و تەحلیلی، نا نەیبووە. زیاتر کارەکانی توانای ئەدەبی یان تێدا بوو تا تەحلیلی و سیاسی.

**خالید موحەممەدزادە:** "تاریک و ڕوون"ی هێمن و بەشێک لە کتێبەکانی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکرات لەلایەن "بنکەی پێشەوا"وە بڵاو کراونەتەوە. دەکرێ باسی ئەم بنکەیەمان بۆ بکەی؟ ئایا شتی وا لە بنەڕەت دا هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** "بنکەی پێشەوا" وەک بڵێین چاپخانەی هەبێ و شتی وا، نا. بەڵام بنکەی پێشەوا بڕیارێک بوو کە حیزبی دێموکرات دابووی کە کۆمەگ بکا بە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبیی کوردی و ئەو بەرهەمانەی کە بە زمانی کوردی دەنووسرێن. ناوی بنکەی پێشەوای لێ نرابوو. خۆ بنکە مەرج نیە خەڵک کۆ بێتەوە و دەزگای هەبێ و شتی وا. حیزب هەزینەکەی دەدا. کتیبی دوکتۆر قاسملوو بنکەی پێشەوا چاپی کرد. تاریک و ڕوون، "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران" لە نووسینی کەریمی حیسامی هەر بنکەی پێشەوا چاپی کرد. کتێبی پێکەنینی گەدا و یەک دوو کتیبی دیکەی لێ چاپ کران. ئەمن لە بیرمە کاک موحەممەدی مەلا کەریم شتێکی نووسیبوو. دەڵێ حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبی سیاسی یە کە خزمەتی بە زمانی کوردی کردوە هەر بۆ خزمەت بە زمانی کوردی. ئەوانی دیکە بە زمانی کوردی خزمەتیان بە سیاسەتەکانیان کردوە. مەسەلەن تاریک و ڕوون یان پێکەنینی گەدا بۆ ئەوە بوو کە بڵاوی بکەینەوە. خەرجەکەی لەسەر حیزب بوو.

**خالید موحەممەدزادە:** چاپخانەکەی لە بەغدا بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ لە بەغدا بوو. دیارە لە بەغدا بوون تاوان نیە. ئەمن پێم خۆشە لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرم. دوو سێ جار باسم کردوە بەڵام ئێستا ئەم قسانە بڵاو دەبنەوە، بۆیە پێخۆشە بڵێم کتێبی دوکتۆر قاسملوومان چاپ کردبوو؛ ئەمن هەم سەرپەرستی چاپەکەی بووم و هەم وەرگێڕی ئەم کتێبە بووم، بۆیە بڵاوکردنەوەکەیشی کەوتە سەرشانی من بەهۆی ئەوەی پتر شارەزای کوردستان بووم. جارێکیان هاتبوومە سلێمانی بەسەر کتێبخانەکان دا دەگەڕام کە داخوا چەندەیان فرۆشراون بۆ ئەوەی پارەکەیان لێ وەرگرم. چوومە کتێبخانەیەک بۆوەی حیسابی لەگەڵ دا بکەم. کوڕێکی لێ بوو کە دەرکەوت خوێندکاری زانستگەیە. لێی پرسیم ئەو کتێبە هی تۆیە؟ گوتم بەڵێ. گوتی لە کوێ چاپ کراوە؟ ئەمنیش زانیم مەبەستی شتێکی دیکەیە، گوتم ئەوە کۆشکی کۆماری لە بەغدا چاپخانەیەکی لێیە، لەوێ چاپ کراوە. گوتی بۆ قەڵس دەبێ؟ گوتم بۆ قەڵس دەبم؟ ئەتۆ پرسیارت کرد، ئەمنیش وەڵامم دایەوە. گوتی نا قەڵسیی پێوە دیارە! گوتم ئاخر بۆیە قسەکەی من قەڵسیی پێوە دیارە چونکە قسەکەی تۆ پلاری پێوە دیارە! باشە ئەتۆ خوێندەواری و لاوی و ڕووناکبیری، گرنگ بۆ کتێبێک ئەوەیە چی تێدایە نەک ئەوەی لە کوێ چاپ کراوە.

**خالید موحەممەدزادە**: کاتی خۆی شیعرەکانی هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان بەبێ ناو و ئیمزای هێمن بڵاو دەکرانەوە و ناوی ئەم شاعیرەیان لەسەر نەبوون. هۆکارەکەی لە چی دایە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ ئەوە وایە. ئەوە لەبەر ئەوە نەبووە ئێمە هێمن زدایی بکەین.

بەڵام ئەو بۆخۆی لە یەک دوو شیعر نەبێ وەک یادگاری شیرن، کە دەڵێ:

"گوارەکەی زێڕت بە کار نایە لە گوێ بگرە قسەم
لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی هێمنە"

ئیدی ناوی دانەناوە وەک شاعیرانی پێش خۆی. وەک نالی کە لە هەموو شیعرەکانی دا ناوی نالی هەیە یان حافز هەموو قەسیدەکانی ناوی حافزیان تێدایە. ئەو عادەتی وا نەبوو. ئەو بە کەمی ناوی خۆی هێناوە.

**خالید موحەممەدزادە**: مەبەستمە بڵێم کە شیعرەکانی بەبێ ئیمزای هێمن بڵاو کراونەتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەگەر چاو لە ڕۆژنامەی کوردستان بکەی، لەو دەورەیەدا هیچ وتارێک بە ناوی نووسەرەکەی نەبووە. ئەویش وەک ئەوان وابوو. یەک دوو شیعرێک چاپ کران هەر لەو دەورەیەدا لە یەک دوو شاعیری دیکە، پێموایە ناویان بە

جۆرێک نووسراوە. دەنا شیعرەکانی هێمن وەک لە شیعرەکەی دا نەبوو لەسەریشی نەدەنووسرا.

**خالید موحەممەدزادە**: تۆ پێتوایە ڕێنووس و ڕێزمانی ڕۆژنامەی کوردستان تا چەند خۆی بە قەرزداری هێمن دەزانێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێموانیە ڕێزمانەکە تەنیا لەژێر تەئسیری مامۆستا هێمن دا بێ. کەسی دیکەیش هەبوون. دوکتۆر قاسملوو هەبوو، ئەمن هەبووم. ڕەنگە ئەو ڕێنووسە بە ئیلهام لە کوردستانی عێراقیش بێ. چاک و خراپەکەی هەموومان لێی بەرپرسین. نە شانازی یەکانی نە عەیبەکانی تەنیا بۆ هێمن ناگەڕێنەوە. بەڵام دیارە لەو بارەیەوە ڕەنگە هێمن و دواتر ئەمنیش تەئسیرم هەبێ لەسەری.

**خالید موحەممەدزادە**: هێمن بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی کۆڕی زانیای بووە. دەکرێ بڵێین کە چۆن وەرگیراوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە ساڵی دوای دامەزرانیەوە مامۆستا هێمن ئەندامی کۆڕی زانیاری بوو. بەڵام ئیدی بە گەڕانەوەی بۆ ئێران و پاش نوشوستیی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ دا کۆڕی زانیاری بەرەو کزی چوو. دەوڵەتی عێراق کە لەژێر بارودۆخێک دا ڕازی ببوو بە دروست کردنی، پاشان پشتی تێکرد. بەڵام هێمن ئیستعیفای هەر نەدا تا چۆوە ئێران. دیارە زیاتر لەو کۆمیسیۆنانەدا کاری دەکرد کە بە زمان ڕادەگەیشتن. مەسەلەن دەچوون موستەلەحاتیان دادەنا لە بەرانبەر عەرەبی دا.

**خالید موحەممەدزادە**: جگە لە مامۆستا هێمن کەسی تر لە کوردەکانی ئێران لەم کۆڕە دا بەشدار بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ماموستا هەژار کە زۆر کارا بوو و دوکتۆر قاسملوو ئەندام بوون. مەرحوومی زەبیحی زۆری هاوکاری دەکرد بەڵام دڵنیا نیم لەوەی ئەندام بوو یان نا! زەبیحی لە زمانی کوردی زۆر شارەزا بوو. کاک حەسەنی قزلجی ئەندام بوو.

**خالید موحەممەدزادە**: مامۆستا، ئەگەر بێینە سەر بەشی سیاسیی دانیشتنەکەمان دەتوانم بڵێم ئێوە لە کتێبی "هێمن" لە نووسینی عوسمان دەشتی دا دەنووسن: "هێمن کە لە باری ئەدەبی و شیعری یەوە زۆر بەتوانا بوو بە هەمان ڕادەیش لە باری سیاسی یەوە کەم توانا بوو. پرسیار ئەمەیە کەسێکی "بێ توانای سیاسی" ئەوتۆ چۆن بوو بە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ئەویش بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەڵبژێردرایەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن بە جۆرێک لە جێگایەکی دیکە باسی ئەوەم کرد.

**یەکەم؛** هێمن ئەو پیاوە بێ توانایە نەبوو کە بڵێم بێ تواناترین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێ.

**دووەم؛** هەر کەس لەو شتانە هەڵدەبژێرێ کە لە بەردەستی دا هەن. ئێمە مەجمووعەیەک بووین کە لە نێویان کەسانی وامان هەبوون کە لە باری سیاسی و ئاگایی و زانیاری یەوە لە مامۆستا هێمن خوارتر بوون. ڕەنگە من یەکێک لەوانە بووبم. مەسەلەکە ئەوە نیە. بەڵام ئەوەی پێوەندیدارە بە شەخسی مامۆستا هێمن، پێش ئەوەی لەبەر توانا سیاسی یەکەی بێ، لەبەر ئەو ناوبانگە ئەدەبی یەی بوو کە هەیبوو. حەتتا لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو چەند جار باسم کردوە کە بابە لێی گەڕێن، ئەو پیاوە با کاری خۆی بکا. ئەوە بۆ سیاسەت دروست نەبووە. جا بەڕاستی ئەو پیاوە بۆ شیعر دروست ببوو. هەر چەند پیاوێکی بەفەرهەنگ و بەموتالەعە و خوێندوار بوو، بەڵام ئەو بۆ سیاسەت دروست نەببوو. دەیفەرموو ناوی هێمن لە لیستی کۆمیتەی ناوەندی دا هێزێکە. بۆیە زیاتر لەو بارەیەوە بوو. بەڵام وا نیە کە بڵێی بەقەد شاعیری یەکەی بێ. ڕەنگە ئەو بەراوردکردنەی من لەبەر ئەوە بێ کە هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو (بە پێکەنینەوە). هەرچەند ئەو لە هێندێک کەسی نێو کۆمیتەی ناوەندی بەتواناتر بوو. بەڵام ئەو بەراوردکردنە کەسێک بیڵێ کە چەندە شاعیر بوو ئەوەندەیش سیاسی بوو ئەوە بەراوردکردنێکی غەڵەتە.

**خالید موحەممەدزادە:** باشە تۆ پێت وانیە کاتی خۆی کە هێمن هەڵبژێردرایەوە بۆ کومیتەی ناوەندیی حیزب، ویستوویانە زیاتر وەک کەسێکی ناسراو و یادگاری کۆمار بی قۆزنەوە و سوودی لێ وەربگرن؟!

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** عەرزم کردی، ئەو کەسایەتی یەکەی ناسراوی ئەدەبی بوو کە گرنگ و دیار بوو ئەگەر لە حیزبدا بێ، حەتمەن دوکتۆر قاسملوویش باوەڕی وا بووە.

**خالید موحەممەدزادە:** باشە مامۆستا هێمن ئەگەر تێکەڵ بە "تاقمی حەوت کەسی" نەبایە و لە حیزب جیا نەبووایەتەوە، تۆ ئەم قسەیەت هەر دەکرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەگەر بۆنەیەک ڕێک کەوتبایە، ئەمن ئەو قسەیەم هەر دەکرد. چونکە بە حوزووری خۆیشی ئەو قسەیەم کردوە. هەر بە خۆیم گوتوە. وەنەبێ ئەمن غەیبەتی هێمن بکەم یان لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە. بە باوەڕی من ئەوە لە کەسایەتیی هێمن کەم ناکاتەوە. مەسەلەن ئەمن پێت دەڵێم دوکتۆر قاسملوو لە باری سیاسی یەوە چەند لە سەرێ بوو، ڕاست بەقەد ئەوە لە باری شیعری یەوە لە خوارێ بوو. بەڵام ئایا دوکتۆر قاسملوو لێی کەم بۆوە ئەمن وام گوت؟ هێمن سیاسی یەکی سەرکەوتوو نەبوو و قاسملوویش هەر شاعیر نەبوو (بە پێکەنینەوە). تواناکان بەش کراون. بۆ وای لێ بکەم ئەگەر گوتم هێمن سیاسی یەکی گەورە نەبوو ئیدی لێی کەم بۆتەوە؟ دوکتۆر قاسملوو مامۆستام بوو، ڕێبەرم بوو، ئۆلگووم بوو، هەموو شتێکی من بوو، بەڵام پێت دەڵێم شاعیر نەبوو.

**خالید موحەممەدزادە**: مامۆستا، بە سەرنجدان بەوە کە تۆ زۆر لە هێمن نیزیک بووی، کە دیوانەکەی چاپ دەکرێ پێشەکی یەکەی لەلایەن دوکتۆر قاسملووە دەنووسرێ. بۆچی تۆ ئەم پێشەکی یەت نەنووسی و ئەم پێشەکی یە چۆن نووسرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دیارە دوکتۆر قاسملوو بە شێوەی گشتی لە ئەدەبیات دا خاوەن ڕا بوو. پاشان مەوقیعییەتی دوکتۆر قاسملوو مەوقیعییەتێکی دیکە بوو. شانازی یەکی گەورە بوو کە قاسملوو پێشەکی بۆ شیعری هێمن بنووسێ. بەڵام ئەمن بە هیچ جۆر لەو مەوقیعییەتە دا نەبووم کە کتێبی مامۆستا هێمن بە پێشەکیی من وەبرەو بکەوێ. بەتایبەتی ئەو کاتە ئەمن لە مەجالی کاری ئەدەبی دا زۆر کەم ناسرابووم. دوکتۆر قاسملوو هەم لە باری ئەدەبی یەوە لە من باڵاتر بوو هەم لە باری سیاسی یەوە.

**خالید موحەممەدزادە**: ئەگەر هێمن ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبووایە دوکتۆر قاسملوو پێشەکیی بۆ دیوانەکەی دەنووسی و بە شاعیری گەلی دەناساند؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: حەتمەن. ئەگەر ئاوا لێک نیزیک بووایەن حەتمەن بۆی دەنووسی. ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو پێشەکیی بۆ دیوانەکەی هێمن نووسیوە لەبەر ئەوە نیە کە هێمن ئەندامی حیزب بووە، لەبەر ئەوە بووە کە هێمن شاعیرە. دوکتۆر قاسملوو وتاری لەسەر گۆران هەیە کە زۆر بەهێزترە لەو پێشەکی یەی کە بۆ دیوانی هێمن نووسیویەتی. خۆ گۆران ئەندامی حیزبی ئێمەیش نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی شاعیرێکی گەورەی کوردە شتی لەسەر نووسیوە.

**خالید موحەممەدزادە**: مامۆستا، ڕەنگە ئەم پرسیارە ئێستایش لەنێو خەڵک دا هەبێ کە چۆن بوو کەسێک کە بە شاعیری گەل دەناسرێ، دوایە دەخرێتە ڕیزی خیانەتکارانەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە مەسەلەیەکە زۆر جار ڕەنگە بێتە گۆڕێ بەڵام تەزمین بۆ هیچ کەس نیە. نە بۆ ئەوەی تاسەر چاک بێ، نە بۆ ئەوەی تاسەر خراپ بێ. بۆیە تەزمین بۆ کەس نیە کە لە ژیان دا هەڵە نەکا. ئینسان بەهەڵە دا دەچێ. لە واقیعدا تەنیا دوای مردنی ئینسانێکە کە دەتوانی حوکمی نیهایی بدەی لەسەر ئەوەی کە ئەو کابرایە تاسەر لەسەر بیروباوەری خۆی ماوە. ئینسان دەتوانێ بگۆڕدرێ. ئەوەی کە هێمن لە ڕیزی ئەوانەدا حیساب کرا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە شتێکی سەیر نەبوو. ڕاستە قبووڵ کردنی ئەوە لەلایەن خەڵکەوە بۆ مامۆستا هێمن و بۆ ئەوانی دیکە وەک یەک نەبوو. لەڕاستی دا ئەوە هەڵسەنگاندنێکی عاتیفی بوو. حەوت کەس کارێکیان کردوە. حوکمێکیان لەسەر دەدرێ. باشە بۆچی بۆ شەشیان دروستە و یەکیان غەڵەتە؟ بۆ کاری شەشیان حەرامە و هی یەکیان حەڵاڵە؟ یان بە پێچەوانەوە. شتی وا نیە. هێمن شاعیر بوو، خۆشەویست بوو لەنێو خەڵک دا لەبەر شیعرەکانی. یان خەڵک لە دوورەوە شیعرەکانی هێمنیان خۆش

دەویست و ئاگاداری قەزیەکە نەبوون. دەنا چەند جارێک لەگەڵ ئەدیبان رێ دەکەوت کە قسەم بۆیان دەکرد قسەیان پێ نەدەما. ئەتۆ نابێ کار بە شەخس هەڵسەنگێنی بەڵکوو دەبێ شەخس بە کار هەڵسەنگێنی. مەسەلەن ئەگەر پیاوێکی موسوڵمان چووە مەیخانە، مەیخانە نابێتە پەرستگە، موسڵمانەکە گوناهبار دەبێ (پێکەنین). یانی لەو بارەیەوە هەڵەیەک کرا. مامۆستا هێمن بۆخۆی گوتوویەتی"فڵان کەس... هێندەی ویسکی دامێ نەمزانی چیم ئیمزا کرد."

**خالید موحەممەدزادە:** کێ ویسکی پێ دا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جا بۆ بیڵێین؟!

**خالید موحەممەدزادە:** پاش زیاتر لە دوو دەیە لەو کارە پێتوایە ئەو حوکمەی سەر هێمن ڕاست بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دوای چل ساڵیش پێموایە هیمن نەدەبووا ئەو کارەی بکردایە. هەر حەیف بوو نوختەیەکی وا کەوتە ژیانی هێمنەوە. نەک لەبەر حیزب یان میللەت، هەر لەبەر خودی هێمن حەیف بوو.

**هێمن ئەگەر تەماشا بکەی هەر ئەو کاتی کە لەنێویان دایە، زەمی ئەو ڕێژیمە دەکا:**

**سەقز و سەردەشت و سابڵاغ و سنەی کرد غەرقی خوێن**
**سێی تری ویستن گوتی بۆ سفرە حەوسینم دەوێ"**

**لە بارەی خومەینی یەوە دەڵێ:**

**"بۆ فریشتەی داد بە سینەی پڕ لە کینە و داخەوە**
**هاتە کوردستان وتی ڕەجمی شەیاتینم دەوێ"**

ئەو هەر ئیمانی پێی نەبوو. جا حەیف بوو ئەو حیزبەکەی خۆی و بزووتنەوەی خۆی مەحکووم بکا. بەتایبەتی هێمن زۆر باش دەیزانی کە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق چەندە پێوەندی یەکی سەربەرزانەیە. ئێستا ئیدی تەواوی دنیایش ئیعترافی پێ دەکا. بەڵام شتێک نووسرا هەرچەند ئەوان بەداخەوە هیچ کامیان نەیان نووسی. حیزبی توودە بۆیانی نووسی و ئەوانیش ئیمزایان کرد. قەت پێم خۆش نەبوو لە ژیانی هێمن دا شتی وا ڕوو بدا. هێمن زۆر گەورەتر بوو.

**خالید موحەممەدزادە:** دەڵێن مامۆستا هێمن کاتی خۆی لەو کارەی پەشیمان بۆتەوە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ گوایە خۆی هەر ئەو کاتە گوتوویەتی کە ئەو هەتیوەی فلان کەس ئەوەندەی ویسکی دامێ بۆخۆیشم نەمزانی چیم ئیمزا کرد. بەڵام دواتر ئێمە دەمانەویست ئەو حوکمەی لەسەری درابوو ئیسلاح بکرێ. کاک حەسەنی شەرەفی مان ناردە لای. بنکەی کۆمیتەی شارستان لە شیلاناوێ بوو. مامۆستا هێمنیش لە شیلاناوێ بوو؟ ناردمانە لای کە بابە شتێک بنووسە کە من ئەو کارە بە هەڵە دەزانم. ئێمە بە "تعهد"ەوە بڵاوی ناکەینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە دەلیلێک بۆ ئەوەی ئەو حوکمە بگۆڕین با شتێکی ئاوا بنووسێ. بە کاک حەسەنی گوتبوو باشە بەیانی وەرەوە دەت دەمێ. بەیانی کە چووبۆوە کە پێمخۆش نیە هۆیەکەی باس بکەم - پەشیمان ببۆوە و گوتبووی نایکەم.

**خالید موحەممەدزادە:** دوای ئەوە ئێوە چەند ساڵ دواتر و پاش مردنی هێمن، ئەو کاتەی کە ئێوە سکرتێری حیزب دەبن، ئیعادەی کەسایەتی لەسەر هێمن بڵاو دەکەنەوە. ئەویش لە بڵاوکراوەی نێوخۆی حیزب بە ناوی تێکۆشەردا. بۆ لە ڕۆژنامە بڵاوتان نەکردەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە هەر لە تێکۆشەردا نەبوو، لە ڕادیۆیش دا بڵاومان کردەوە. لەڕاستیدا ئەوە زیاتر لەبەر "اعادە حیثیت" لەو نەبوو. اعادە حیثیتەکەمان بە کردەوە لێ کردبوو. زۆر جار لە بۆنەکان دا شیعرەکانی ئەومان دەخوێندنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی تەوجیهێک بێ کە ناکرێ شاعیرێک (بە پێکەنینیەوە) بە خائین دابنێی و شیعرەکانیشی وەک حەدیسی ئەبوو هورەیرە بهێنیتەوە. بۆیە ئەوەمان کرد کە بڵێین ئەوە دیکۆمێنتێکە بۆ ئەوەی کە بەجێیە لە شیعرەکانی ئیستفادە بکەین. شەرایتێک بوو کە هێمن بەسەری دا سەپا بوو. جا پیری بووبێ یان هەرچی بێ. لەڕاستی دا مامە غەنیش هەروەها بوو. لە خۆیان ڕا نەدەدی بێنە ئەو هەلومەرجە ناخۆشەی کە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ پێش هات، بەتایبەت کە ئەوانیش ئەزموونیان هەبوو. بێجگە لەوەی کە تەئسیراتی ئەملا و ئەولایان لەسەر بوو.

**خالید موحەممەدزادە:** مامۆستا، ئەو ئیعادەی حەیسیەتە کە کرا بە پێشنیاری ئێوە بوو یان بەرهەمی فشاری خەڵکی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هیچ کەس داوای ئیعادەی حەیسییەتی بۆ مامۆستا هێمن نەکردوە. ئەوەیش کە ئێمە ئەوەمان کرد لەژێر فشاری خەڵکی نەبوو، بەڵام ئێمە لە حیزب دا پێمان وابوو کە دەبێ ئەم کارە بکرێ. هەرچەند ئێمە بە کردەوە هەڵمان گرتبوو ئەو تەحریمە بەڵام ئەمن گوتم با تەوجیهێکیش هەبێ. دەنا خەڵک حەقیانە بپرسن باشە ئەتۆ کە بە خائینی دەزانی بۆ شیعرەکەی لە ڕادیۆکەت دا دەخوێنیتەوە.

**خالید موحەممەدزادە**: من لە قسەکانت وا تێگەیشتم کە تۆ کەسێکی نیزیک لە مامۆستا هێمن بوویت، بەڵام لەملا و لەولا باس لەوە دەکەن کە پێوەندیی تۆ و هێمن زۆر نۆرمال نەبووە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێستا ماون ئەوانەی شاهیدی پێوەندیی نێوان من و هێمن بوون. نیزیکترین کەس لە ڕەفیقەکانی هێمن ئەمن بووم. کاتی خۆیشی ئیمزای خۆی شاهیدە کە چەندە شوێنم لەسەری داناوە. حەتتا جاروبار زۆر لوتفی دەکرد. جارێکیان لەبیرمە جێژنی نەورۆز بوو لە بەغدا چووبووینە دەرێ. شایی و هەڵپەڕکێ بوو.

هات، ئەمن سەرچۆپیم گرتبوو، گوتی ئەشەدوبیللا لەوەیش دا هەر ئوستادی. یانی ئەو وشانەی بەکار دەبردن. بەڵام ئەمن لە بەرانبەر ئەو هەلوێستەی ئەوان دا توند بووم و نای شارمەوە. ئەمن تەنانەت لەو دیمانەیەدا کە کردم لە وەڵامی گۆڤاری "چشم انداز" دا گوتم سپاسی کاک غەنی بلووریان دەکەم کە شاهیدێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو چۆن دیفاعی لە جمهوری ئیسلامی کرد و ئەمن چون دیفاعم لە بزووتنەوەی کوردستان کردوە. جا بەبێ شک ئەوانەی قسەیان لەسەر من کردوە تەئسیریان لەسەر داناوە. ئەگینا تا پێکەوە (پێکەنین) بووین گەپ و گاڵتە و هەموو شتێکمان هەبوو.

**خالید موحەممەدزادە**: من لێرە دا کۆتایی دێنم بە پرسیارەکانم. ئێوە ئەگەر شتێکتان ماوە دەتوانن باسی بکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن شتێکم نیە جگە لەوەی سڵاو بۆ یادی هێمن بنێرم و ڕێز دابنێم بۆ هەموو ئەو خزمەتانەی کە ئەو هەم بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردی و هەم بە فیکری شۆڕشگێڕانەی لاوانی کورد. یادی بەخێر بێ!

**خالید موحەممەدزادە**: سپاس بۆ تۆ و سپاس بۆ خوێنەرانی ئەم دیمانەیە کە تایبەتە بە بیستەمین ساڵیادی کۆچی دوایی هێمنی شاعیر.

-----------

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە چەند دێڕێکدا بە قەڵەمی خۆی

ساڵی ١٣١٧ لەدایک بووم.

ساڵی ١٣٣٠ وەک ئەندامی حیزبی دێموکرات ناونووسیم کردوە.

لە ساڵی ١٣٤٨ەوە بوومە ئەندامی ڕێبەری.

جگە لە کۆنگرەی ٨ و کۆنگرەی ١٣ لە هەموو کۆنگرە و کۆنفرانسەکان دا هەڵ-بژێردراوم.

نیزیک دە ساڵ سکرتێر بووم. چوار دەورە جێگری سکرتێر بووم.

لە ساڵی ١٣٥٠ەوە ئەندام دەفتەری سیاسی بووم.

دەکرێ بڵێم ٨ ساڵی تەواو لەگەڵ هێمن بووم.

چاکم لەبیر نیە، ڕەنگە بە ورد و درشتیەوە ١٥ کتێبم چاپ کردبن.

نیزیکەی ١٠ کتێبم وەرگێڕاوە کە جگە لە دوانیان هەموویان ئەدەبی بوون.

سەرچاوە: ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە - ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئێمە ئێستا کاری پراکتیکیمان بۆ ناکرێ. بە تایبەتی ئەو کارە پراکتیکی یەی کە خەڵک دەیانەوێ.**




**بەرەی کوردستانی" لە چاوپێکەوتنێک لە گەل بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

**پرسیار: مامۆستا پێشەکی سپاست دەکەم بۆ ئامادەبوونت لەم چاوپێکەوتنەدا، دەکرێ باس لە مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم بەرەی کوردی یا داواکردنی ئەم ئیئتیلافە کوردی یە لە کوردستانی ئیران دا بکەن و بڵێن بۆ چ تاریخ و سەردەمێک دەگەڕێتەوە لە نێوان ئەحزابی سیاسیی کوردستان دا؟**

**وەڵام: بە خێر بێن و سپاس بۆ هاتنتان. ئەوەندەی لە بیرم بێ بە ناوی بەرەی کوردی یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٧ دا پێک هاتوە. ١٩٧٧ ئەو شتەی کە وەک "بەرە" هاتە گۆڕێ، شتێک نەبوو تایبەت بە کوردستانی ئێران، بەڵکوو هەولێک بوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە نێو هێزە کوردستانییەکاندا لە هەموو بەشەکانی کوردستان. ئەگەر هەڵە نەکەم راست لە مانگی ١٢ی ١٩٧٧ دا بوو، لە بەیرووت هاوڕێیان کۆ ببوونەوە، لە حیزبی دێموکرات شەخسی دوکتور قاسملوو بەشدار ببوو. پاشان بۆ نوێنەرایەتی کردنی حیزب کاک ئەمیری قازی بەشدار بوو. ئەوەندەی لە بیرم مابێ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە دوو ساڵ بوو دامەزرابوو،لیژنەی ئامادەیی پارتی دێموکراتی کوردستان - عێراق، کە دوکتور مەحموود عوسمان و هاوبیرەکانی بەشدار ببوون، پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کوردی سووریەی تێدا بەشدار بوون. پارتی دێموکراتی کوردی**

سووریە، حیزبی دێموکراتی دەستی چەپی کوردی سووریە، یەک دوو حیزبی کوردستانی تورکیەش هەر لەوێدا بریار درابوو کە قسەیان لەگەڵ بکرێ چونکە بۆیان نەکرابوو بێنە کۆبوونەوەکە. ئەوە هەر وەکوو لە ئەسنادەکەی دا نووسرابوو بەشی هەرە گەورەی بە دەستپێشخەریی حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو پێک هات. تەنانەت گەڵاڵە و بەرنامەیەک کە دانرابوو حیزبی دێموکرات ئامادەی کردبوو. مەبەستەکە ئەوە بوو کە هێزە سیاسی یەکانی سەر مەیدانی تێکۆشانی رزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا ئیستراتیژی یەکی هاوبەشیان هەبێ، کە بریار درا سەرەتا شتەکانیان نهێنی بێ و پاشان ئاشکرا کران. دیارە هەوڵەکە زۆر سەرنەکەوت، بریاریان دابووکە ئەو حیزبانە کار بکەن بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بە دنیای دەرەوە. بە پێی توانا لە هەر بەشێکی کوردستان بزووتنەوەیەک لە ئارادا بوو ئەوانی دیکە هاوکاریی بکەن. تەنانەت قسە لەوە کرابوو کە لە کام بەشی کوردستان وەڕێخستنی حەرەکەتێکی فەعال پتر ئیمکانی هەبوو، لەو بەشەدا وەرێی بخەن. لەبیرمە ئەوە (کە پاش نوشوستی - یەکەی ١٩٧٥بوو) نووسرابوو کە کوردستانی عێراق هەر چەندە لە باری سیاسی یەوە بوارەکەی لە بارە، بەڵام لە باری نێونەتەوەیی یەوە لە بار نیە، کوردستانی ئێران موناسبترە، هۆیەکەش ئەوە بوو کە ئەوکات هەموو روانگەکان روو لە ولاتانی سوسیالیستی بوون، وڵاتانی سوسیالیستییش لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هاوپەیمان بوون، بەڵام لەگەڵ ئێران نێوانیان خۆش نەبوو، هەرچەند بازرگانییشیان لەگەل ئێران هەبوو. لە لایەکی دیکەشەوە رێژیمی ئێران گلۆڵەی کەوتبووە لێژی.

لە پاشان هەوڵی دیکە کە درابێ دیارە نەک بۆ "بەرەی کوردستان"، بەڵام هاوکاریی کوردستانی کرابێ دەتوانین ئاماژە بە دوای راپەرینی گەلانی ئێران لە کوردستانی ئێران بکەین. لەوێدا حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەلە، شاخەی کوردستانی چریکی فیدائی و مامۆستا مەلاشیخ عیززەدین وەک کەسایەتی یەک هەیئەتێکیان پێک هێنا کە ناوی نرا "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" ئەوەش هەم بە پێشنیار و هەوڵی حیزبی دێموکرات بووە هەم رۆڵی ئەساسییش لەوێ درابوو بە حیزبی دێموکرات. چونکە راستە مامۆستا بە حوکمی ئەوەی کە لەگەل حکوومەتێکی دینی بەرەوروو بووین و ئەویش شەخسییەتێکی دینی بوو کرابوو بە بەرپرسی هەیئەتەکە بەڵام بەرپرسێکی ئیفتیخاری بوو. چونکە ئەو رۆڵی هەر ئەوە بوو کە سەرۆکایەتیی دانیشتنەکان بکا و دەروازەی قسە لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت بکاتەوە. وتەبێژی هەیئەتەکەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. لە بەر ئەوە دەتوانین بڵێین رۆلی بەربڵاو هەم لەکارکردن و هەم لە بەرێوەبەری‌دا هەر بە حیزبی دێموکرات بوو (دیارە بە داخەوە ئەویش زۆری نەخایاند و بەرهەمێکی دڵخوازی لێ بە دەست نەهات). پاش ئەوەش هەوڵ و تەقەلایەکە هەر بەردەوام بووە.

**پرسیار: ئەو ئیئتیلافەی کە بە بەشداریی حیزبی دێموکرات و ئەحزابی دیکەی کورد لە بەیرووت پێک هات بە سەرنجدان بەوەی کە دووساڵ دوای ئەوە، شۆرشی سەرانسەریی ئێران دێتە گۆڕێ چ رۆڵێکی هەبووە لەو قۆناغەی تێکۆشانی کوردەکانی ئێراندا؟**

**وەڵام**: بە داخەوە ئەو پێکهاتەیە پێکهاتەیەکی ناکام بوو. ئاڵوگۆڕەکان وایان کرد کە ئەم بەرەیە بە کردەوە دروست نەبێ. ئەوەش لە واقێعدا هەوڵێک بوو بۆ پێکهینانی "بەرە"، ئەوان یەکەم کۆبوونەوەیان کردبوو، بڕیاریان دابوو کە لە مانگی ٧ی ساڵی داهاتووی زایینی دا کۆبوونەوەیەکی دیکە بکەن، لە بیرمە گۆترابوو کە دەبێ لە کوردستانی عێراق ئەو کۆبوونەوەیە بکەین، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە هەر پێک نەهات، چونکە هەلومەرجەکە،ڕێگای نەدا، پاشان کۆمەڵێک ڕووداو لە پێوەندیی حیزبەکاندا پێک هات، کە ئیدی پێکهاتنی ئەو بەرەیەی بە کردەوە نامومکین کرد.

**پرسیار**: بەڵام باس لە کۆمەڵێک هەوڵی دیکەش پێش ئەم دانیشتنەی بەیرووت لە نێوان حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران و ڕێکخراوەکانی پارچەکانی دیکەدا دەکری؟

**وەڵام**: دیارە حەتمەن بووە و هەرچەند ئەسنادی تاریخی بە داخەوە پێشانی نادا. بەڵام گۆیا پێشتر لە نێوان حیزبی هیوا لە کوردستانی عێراق و خۆیبوون لە کوردستانی تورکیە و ژێ - کاف لە کوردستانی ئێران جۆرێک یەکتردیتن و ڕێککەوتنامەمۆرکردن هەبووە، هەرچەند ئەوانە شەفاهی بوون تا ئەو جێگەیەی من بزانم لە بەڵگە مێژوویی یەکان دا شتێکی وا دەست نەکەوتوە کە ئیسبات بکا. تەنانەت ئەوەی کە لە سەر ئاڵای کوردستان باسی لێوە دەکرێ وا بە ناوبانگە کە کاتی خۆی لە کۆبوونەوەی" سێ سنوور" یان کۆبوونەوەی داڵانپەڕ کە سنووری ئێران و عێراق و تورکیە بووە، قسە لە سەر ئەو ئاڵایە کراوە کە لە کۆماری کوردستان هەڵ کراوە. گوایەلە سەر ئەوە ڕیککەوتن کراوە کە لە هەر جێگایەکی کوردستان مەجال هەبوو ئاڵای کوردستان هەڵبکرێ ئەو ئاڵایە بێ.

دیارە ئەمن ئەمەم لەبیر نیە بەڵام دانیشتنی بەیرووتم لە بیرە و تەنانەت سەنەدی ئەو یەکگرتنە لە بەر کوردەکانی سووریە بە عەڕەبی نووسرابوو کە هاتەوە ئەمن کردم بە کوردی.

**پرسیار**: کەواتە لە قسەکانی ئێوەدا وا دەردەکەوێ کە هەوڵدان بۆ ئیئتیلافێکی کوردی یا بەرەیەکی کوردستانی لە نێو کوردەکانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ پاش شۆرشی ١٩٧٩؟

**وەڵام**: ئەوەی ئەمن بزانم پێش ئەو ڕێککەوتە شتێک نەبووە. چونکە ئەوەی ڕاستی بێ ڕێکخراوی کوردی ئێرانی تا سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی جیددی و لە پراکتیک دا لە کوردستانی ئێران نەبوو جگە لە حیزبی دێموکرات . لە جەریانی ڕاپەڕین دا هێندێک ڕێکخراو دروست بوون وەک کۆمەڵە کە ناوی مەحەللی یان لە خۆ نابوو. ڕەنگە ئەمە تاکتیکێکی باشیش بووبێ، بۆیە ئەوان لەبەهاری ٥٨ دا ئیعلامی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان کرد. پاشتر ئەوان نووسییان کە ساڵی ٤٨ دروست بوون، دیارە ئەگەر ئەو تاریخەش دروست بووبن خەڵک ئەوەی

نەدیوە، هەرچەند وەک ڕێکخراوێکی نهێنی دەتوانن بووبن، بەڵام ڕێکخراوێک نەبوو کە حیزبی دێموکرات بیناسێ و پێوەندیی لە گەڵ دا هەبێ. مەسەلەن حیزبی ڕزگاریی کوردستان سەری هەڵ دا کە بۆ ماوەیەکی کەم ژیا لە ساڵەکانی ٤٤ و ٤٥ی هەتاوی دا بوو کە کاک سەلاحی موهتەدی و مەرحووم کاک موحەممەدی ئیلخانی زادە بوون، و پاشان نەما. بۆیە تا شۆڕشی ئێران لە کوردستانی ئێران جگە لە حیزبی دێموکرات لە کردەوەدا ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی نەدەبینرا.

**پرسیار**: مامۆستا حیزبی دێموکرات لە دەیەی ٢٠ی هەتاوی (خەزەڵوەری ١٣٢٥) لە بەرەیەکی ئێرانی دژی ئیستیعماری دا بە ناوی"بەرەی یەکگرتووی ئازادیخواز" بەشداریی کرد کە حیزبەکانی وەک: حیزبی ئێران ، حیزبی سوسیالیست، حیزبی توودە، فیرقەی دێموکراتی ئازربایجان، حیزبی جەنگەل، تێیدا بەشدار بوون؟ ڕۆڵی ئەو یەکگرتنە دژی ئیستیعماری یە لە جووڵانەوەی کوردەکانی ئێراندا چ بوو؟

**وەڵام**: ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەم یەکگرتنە لە پراکتیک دا هیچی نەکرد. لەو حیزبانەش تەنیا لە دوا کاتەکانی کۆماری کوردستان جۆرێک هاوکاری لە نێوان حیزبی دێموکرات و فیرقەی دێموکراتی ئازربایجان دروست دەبێ، بەڵام ئەوانی دیکە لە گۆڕەپانەکە نەبوون، هەر چەند ڕەنگە حیزبی توودە لە پشت پەردەوە بە تایبەتی شوێنی لە سەر فیرقەی دێموکراتی ئازبایجان بووبێ، چونکە ئەم فیرقەیە پێشتر کومیتەی ئەیالەتیی حیزبی توودە لە ئازەربایجان بوو. تەنانەت لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ کونگرەی ٣ دا بە ئاشکرا ئەوە هاتوە کە جەبهەی یەکگرتووی گەلانی ئێران لەو کاتەدا هیچ حەرەکەتێکی لە خۆ پێشان نەدا و بەکردەوە ئازەربایجان و کوردستان لە بەرانبەر کۆنەپەرستی دا تەنیا مانەوە. تەنانەت تاریخ باسی کۆبوونەوەیەکی ئەو جەبهەیەشمان بۆ ناکا، ئەویش لە نوتفەدا خنکاوە.

**پرسیار**: حیزبی دێموکرات بۆ خۆی مێژوویەکی هەیە لە چوونەنێوئیئتیلافە سەرتاسەری یەکانی ئێران، تۆ پێتوایە حیزبی دێموکرات لە هەوڵدان بۆ چوونەنێو ئەم ئیئتیلاف و بازنە سەرتاسەری یانە توانیویەتی هەنگاوێک بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لەم ئیئتیلافانە هەڵبهاوێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستی یەش کە حیزبی دێموکرات لە سەرەتاکانی دەیەی ٦٠دا لە شووڕای نیشتمانیی بەرگری دەردەکرێ، لە لایەکی دیکەشەوە لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا لە "یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی" بەشدار بووە، تو پێتوایە ئەم بەشداریکردنە چ قازانجێکی بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا بووە؟

**وەڵام**: هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئیئتیلاف و جۆرەجەبهەیەک تەنیا بە مانای هاوکاری لە کارێکی جەبهەیی تا شەرێکی چەکدارانەدا نیە. بەڵکوو زیاتر بۆ کاری سیاسی یە. بۆ هاوکاری یە و بۆ ڕوونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە و بۆ فشارخستنەسەر حاکمییەتە بە مەبەستی ناچارکردنی بە قبووڵ کردنی داخوازەکانی خەڵک. ئەمن بە چاوێکی ئاوهاوە تەماشای ئەو هەوڵانە دەکەم. پێموایە ئەو هەوڵانە نە کارێکی گەورەیان لە دەست هاتووە نە بێ بەرهەم بوون. مەسەلەن

هەوڵی ئێمە یان بوونمان لە "شورای ملی مقاومت"دا. بۆ ماوەیەکی زۆر لە گەڵ گەورەترین ڕێکخراوی سەرتاسەریی ئێران ئێمە ئیئتیلافمان هەبووە جگە لە هێندێ ڕێکخراوی دیکە. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا گەورەترین ڕێکخراوی سەرتاسەریی ئێران نەک هەر خودموختاریی قبوول کرد، بەڵکوو لە چوارچێوەی شووڕای نیشتمانیی بەرگری دا گەڵاڵەیەکیشی بۆ خودموختاری پەسەند کرد. هەرچەند ئەوە قەت بەدی نەهات ، چونکە ئەوان نەگەیشتنە دەسەڵات. ڕەنگە کامل نەبێ بەڵام ئەوە کە هێزێکی سەرتاسەری قبووڵ دەکا مەسەلەی کورد لە ئێران هەیە،شتێکی گرنگە. بە تایبەت ئەوکاتە سازمانی موجاهیدین زۆر لە برەودا بوو و یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوەکانی ئێران لەوقۆناغەدا بوو. ئەوکات دوو هێزی گەورە هەبوون: یەکێکیان چریکەکان بوون و ئەوی دیکەیان موجاهیدین بوون. چریکەکان هەر زوو لێک بڵاو بوون و بە کردەوە لە مەیدانی تێکۆشان دا نەمان. بەلام سازمانی موجاهیدین وەک خۆی مایەوە. لە پاشان ئەوە کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێک مەسەلەی کوردی لە گەڵ هێزە ئێرانیی یەکان هێناوەتە گۆڕێ یان پێویستیی هاوکاری لە گەڵ هێزە سیاسی یەکانی هێناوەتە گۆڕێ و دەرفەتی هاوکاریی قۆزتۆتەوە، بەڕای من دەسکەوتێکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بۆ خەباتی سیاسیی میللەتی کورد. بە تایبەت لەو ڕوانگەیەوە کە هەتاکوو ئێستاش میللەتی کورد و بزووتنەوەکەی بە جیایی خوازیی تاوانبار دەکرێن و ئەوەش بە تاوانی گەورە لە قەڵەم دەدرێ، ئەوە دەری دەخا کە حیزبی دێموکرات وەک گەورەترین هێزی مەیدانی تێکۆشانی خەڵکی کوردستان، دەیەوێ کارەکانی و ئامانجەکانی لەگەڵ هەموو هێزە سیاسی یە نیشتمانپەروەکانی ئێران بباتە پێش. کەواتە ئەمە دەسکەوتی سیاسی یە، شەرت نیە حەتمەن دەسکەوتێکی ماددیی مەلمووسی هەبێ.

**پرسیار**: مامۆستا بێینە سەر کوردستان. حیزبە کوردی یەکانی ئێران مێژوویەکی دووروودرێژیان لە پێکەوەکارنەکردن هەیە. پێتوایە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆ ئەم هێزانە تا ئێستا نەیان توانیوە لە ژێر چەترێک دا و لە کۆمەڵێک کاری هاوبەشدا بەشدار بن؟

**وەڵام**: پێموایە ئاوا موتلەقی نەکەینەوە باشە. مێژووی حیزبە سیاسی یە کوردی یەکانی ئێران قۆناغی جۆراوجۆری تێدایە. تێیدا هەیە کە پێکەوە هاوکاری یان کردوە، تێیدا هەیە کە هەر کەس لە ماڵی خۆی بووە. تەنانەت تێیدا هەیە کە بەرانبەر بە یەک وەستاون. بەڵام ئەوە کە ئەو هێزە سیاسی یانە نەگەیشتوونەتە شتێکی بە کردەوە، لە هاوکاری و پێکەوەکارکردن بە باوەڕی من دەتوانێ چەند هۆیەکی هەبن کە لێرەدا ڕەنگە یەک دوانێکیان باس بکەم.

پێش هەموو شتێک و لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەوە کە ناکۆکیی سیاسی و ئایدئۆلۆژیکی هەبوو. هەرچەند حیزبی دێموکرات قەت ئیدئۆلۆژیی تایبەتیی نەبووە. حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی نەتەوەیی کۆمەڵێک ئایدئۆلۆژیای لەخۆدا جێ کردوتەوە.

یەکێکی دیکەیان ئەوە بووە کە ماوەیەکی کەم وڵاتمان بە دەستەوە بووو لە ناوچەدا دەسەڵاتدار بووین. ئەو هێزە سیاسی یانە کە لە گۆڕەپانەکەدا پەیدا بوون بۆ خۆیان منسجم نەبوون. جارێ ئەزموونی سیاسیی پێکەوەکارکردنیان نەبوو. لە پاشانیش لە پێش چاوی ئەوانە کە لە جەریانی ئینقلاب دا دروست ببوون و لە داخلی کوردستانی ئێراندا دروست ببوون، تا ڕادەیەک حیزبی دێموکرات ناپەیدا بوو. چونکە حیزبی دێموکڕات حیزبێکی قەدەغەکراو بوو، ڕێبەری یەکەی لە دەرەوەی وڵات بوو، زیاتر پێیان وابوو دەبێ حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانی ئێران هەر وەدەر بنرێ. ئەوە شتێک نەبوو کە هەر بە قسە بێ یان هەر لە خەیاڵ دا بمێنێ. شتێک بوو کە دەهاتە سەر کاغەزیش. تەنانەت لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ کە لە مەهاباد گیرا، زۆر لەو برادەرانە کە لەوێدا بەشدار بوون داوای دەرکردنی دوکتۆر قاسملوو لەو کۆبوونەوەیە(١٣٥٧)یان کردبوو. گوتبوویان دوکتۆر دەبێ لەو کۆبوونەوەیەدا نەبێ، چونکە دوکتۆر قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتە. دوکتۆر قاسملووش گوتبووی بەڵێ هەر لە بەر ئەوەی سکرتێری حیزبی دێموکراتم بەشداری دەکەم. ئێوە خراپ حاڵین، حیزبی دێموکرات بەشی گەورەی لە تێکۆشان و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا هەیە.

ئەوەی دیکە کە دەتوانێ قۆناغێکی درێژتر بگرێتە خۆ، لە واقیع دا لە ساڵەکانی ١٣٦٠ەوە تا ئێرە حیسابی بکەین هی ئەوەیە کە بە کردەوە بە تایبەتی لە ٦١ەوە ڕێبەریی ئەم حیزبانە لە وڵاتدا نیە، کە لە وڵاتدا نەبوون، ئەو هەستی بەرپرسیارەتی یە ئەو پێویستی یە کە هێزە سیاسی یەکان وادار بە هاوکاری و لێک نیزیکبوونەوە دەکا کەم ڕەنگ دەبێتەوە. چونکە ئێمە ئێستا لە ڕواڵەتدا کێشەیەکمان نیە بە بێ پێکەوەبوون نەتوانین چارەسەری بکەین. بۆیە ئەو تامەزرۆیی یە بۆ پێکهێنانی بەرەیەک یان هاوکاری یەک هەست پێ ناکەین. بەڵام ئەگەر لە نێو خەڵکدا بین و لە وڵاتدا بین و کێشەکانی وڵاتمان هەبێ ئەو پێویستی یە پتر تێدەگەین. بۆ بەهێزکردنی ئەو بۆچوونە ئیستیدلالێک بکەم. وەکوو ئەمەگناسی یەکیشە، دەتوانم بڵێم یەکەم ئیشارەکانی پێکهاتنی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە واقیع دا بە پێشنیار و بە فشاری خەڵک بوو لە نێو شارەکان. ئەوکات ئێمە لە شاخ بووین، هاتن بۆ لای حیزبی دێموکرات و ئەوانی دیکەش کە ئێوە دەبێ پێکەوە کار بکەن. دیارە ئەو فشارە ئەوە نەبوو کە حیزبی دێموکرات یان ئەوانی دیکە نەتوانن وەڵامی نەدەنەوە، هەستی بەرپرسیارەتی بوو کە وەڵامیان بە داخوازی خەڵک. دایەوە جا قسە لە وەیە کە ئەگەر لە نێو ولاتدا بن ئەو فشارە دەبێ بە هۆیەک بۆ لێک نیزیک بوونەوەی زیاتر.

**پرسیار**: مامۆستا تۆ کۆمەڵێک هۆکارت باس کرد وەک کۆسپەکانی سەر ڕێگای لێک نیزیک بوونەوەی ئەم هێزانە. پرسیار ئەمەیە ئایا ئێستاش ئەو هۆکارانە هەست پێدەکرێ یا نا؟ هەر چەند ئێستا کۆمەڵێک ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز هەیە بۆ پێکهێنانی ئەم ئیئتیلافە کوردی یە، بەڵام ئەو هۆکارانەی باست کردن ئێستاش پێتوایە ماون؟

**وەڵام**: لە باری شتە ئایدئۆلۆژی یەکانەوە قسەیەکی خۆمم وەبیر هاتەوە کە کاتی خۆی کردبووم و خەڵکەکە پێیان خۆش

بوو. ساڵێکیان لە سوئید لە گەڵ کاک سەید برایمی عەلیزادە کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵیمان بۆ خەڵک ساز کرد (ئەوکات کۆمەڵە یەکدەست بوو) کە ٦٠٠ - ٧٠٠ کەس هاتبوون. لە پەراوێزی قسەکاندا پرسیارێک هات گوتی باشە ئێوە چۆن پێکەوە هاوکاری دەکەن؟ ئێوە حیزبی بۆرژوازی و کۆمەڵە حیزبی چینی کرێکار؟ ئەمن گوتم نە ئێمە بۆرژوازی - یەکەی جارانین و نە کۆمەلەش کرێکارەکەی جارانە (بە پێکەنینەوە). ئیدی ئەو سنووره ئیدئۆلۆژییانە بە راستی زۆر شکاون و کەمرەنگ بوونەتەوە. ئێستا زۆر لە رێکخراوە چەپەکان رەنگە هێندێک بونیادی فیکری و ئابووری یان هەبێ، بەڵام هێندێ سازمان کە پێشتر چەپی کومونیستی بوون ئێیستا هەوڵیانە ئەمە لە بیر خەڵکی بەرنەوە. کەواتە کۆسپی ئیدئۆلۆژی ئەگەر بە تەواوییش لە نێو نەچووبێ زۆر کەمرەنگ بۆتەوە. بەڵام مەسەلەن دووری لە وڵات بە داخەوە هەتا ئێستا لە جێگای خۆیەتی. بەوحاڵەش دەتوانم بڵێم ئێستا شتەکە جیاوازیی هەیە. ئێستا پێکنەهاتنی شتێک وەک هاوکاری و وەک ئیئتیلاف یان هەرچی دیکە هۆیەکەی هێندێ شتی دیکەیە. نە ئەو جیاوازی یە ئایدئۆلۆژی یە کوسپە نە ناکۆکی لە سەر بەرنامە سیاسی یەکان و ئامانجە سیاسی یەکان.

ئەوەی راست بێ کە باسی شتی سیاسی دەکەین هیچ ناکۆکیمان لە سەری نیە. رەنگە جاروبار شتێک رابگەیەندرێ ئەویش شتێکی کاتی یە بە ئاسانی دەتوانی بە سەری دا باز بدەی. مەسەلەن ئێستا هەموومان وەک یەک واین، هێزێک نیە لە ئێران داوای خۆدموختاری بکا و لە هەمان کاتیشدا هێزێک نیە داوای جیابوونەوە بکا. هەموو پێیان وایە فیدرالیزم سیستەمێکی باشە بۆ چارەسەری کێشەی میللی لە ئێراندا. هێزێکمان نیە موخالیفی دێموکراسی بێ یان هێزێکمان نیە ئیددیعای دێموکراسی نەکا. هێزیکی سیاسیمان نیە کە بڵێ موخالیفی بەرابەری ژن و پیاوم. کەسمان نیە موخالیفی مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان بێ. لە زۆر شتدا لە یەک دەچین. ئەوەندەی ئەمن هەستم پێکردبێ ناکۆکی زیاتر لە سەر ئەوەیە کە یەکەم پێکهاتەی ئەو ئیئتیلافانە لە کێ و لە چی بێ ؟ دووهەم پێکهاتەکە چ سروشتێکی هەبێ؟ چۆن پێک بێ؟ سەلاحییەتی چۆن بێ؟ ئەرک و پۆستەکانی چۆن دابەش بکرێن؟ ئەمن زیاتر ئەوەم بە کۆسپ دیوە تا مەسائیلی ئیدئۆلۆژیکی یان سیاسی.

**پرسیار**: بە نیسبەت پێکهاتەی ئەو بەرەیە ئێستا کۆمەڵێک هێزی سیاسیی دیکە هاتوونەتە گۆرەپانەکەوە لە پاڵ ئەوەش دا باس لەوە دەکرێ کە کۆمەڵە و دێموکرات "بەرە"یان لە نێوان خۆیاندا قۆرغ کردوە. ئەم دوو هێزە یا بە تایبەتی حیزبی دێموکرات تا چەند هێزە سیاسی یەکانی تازەی دیکە لە بەرەدا بە بەشدار دەزانێ؟

**وەڵام**: دەڵێن مەلای مەشهوور خۆی مراندبوو دەیان برد بۆ سەر قەبران. دەبوو لە چۆمی بپەڕنەوە ناکۆکی یان لێ پەیدا بوو کە کوێ بوارە لێی بپەرنەوە، بە ئاکام نەگەیشتن، مەلا لە سەر تابووتێ گوتی هەتا مەلا مەلا بوو فلانە جێ بوار بوو. ئەمنیش ئێستا باسی ئەو کاتە دەکەم کە زیاترلە بڕیاری سیاسیی حیزبی دێموکرات نیزیک بووم و ئێستا نازانم چیە. بەڵام

ئەو وەختە بە نیسبەت حیزبی دێموکراتەوە ئەوە نەبوو کە حیزبی دێموکرات و یەکی دیکە بیانهەوێ ئیئتیلافی کوردستانی لە پاوانی خۆیاندا بنێن. بە پێچەوانە لەگەڵ ئەوەی بایەخی کۆمەڵەی هەست پێکردبوو، ئەو کاتی کە کۆمەڵە یەک پارچە بوو ئێمە گەلاڵەیەکمان هەبوو کە هەر ناویشی نرا "گەلاڵەی هاوکاری"، چەند ساڵ لە گەڵ ئەوان کارمان لە سەر کرد، بۆ ئەوەی لە گەڵ ئەوان بە کۆمەڵێک رای هاوبەش بگەین و پاشان لە گەڵ لایەنەکانی دیکە باسی لێوە بکەین. بەڵام لە گەڵ هەمووی ئەوانە ئێمە پێمان وابوو کە نابێ کەس حەزف بکرێ. جێی سەرنجە کە بڵێم لەو "بەرە"یە کە ساڵی ١٩٧٧یش پێک هات لەویش دا یەکێک لە خاڵەکان ئەوەیە کە نابێ هیچ هێزێکی واقیعیی مەوجوود حەزف بکرێ. ڕەنگە یەکێک بۆ خۆی نەیە. لێرەش رامان وابوو کە نابێ کەسێک حەزف بکرێ. بەڵام راستی یەکەی ئەوەیە کە هەر کۆڕێک پێک دێ لە یەکەوە دەست پێ دەکا و دەبێ بە دوو و پاشان زیاد دەکرێ. واتە یەکێک بە فیکری دا دێ کە با "بەرە"یەک پێک بێنین کە بە فیکری دا هات حەتمەن هێزێک هەیە کە لە پێش دا دەیەوێ لە گەڵ ئەودا باسی لێوە بکا. ئەولەویاتێک هەیە، ئێستا ڕەنگە سبەینێ بە تایبەتی ئەگەر هەلومەرجێک وەک ساڵی ١٣٥٧پێک بێ چەندین رێکخراوی دیکە سەر هەڵ بدەن، خۆ کوردستان لە پاوانی هیچ کەس دا نیە. حەقی خۆیانە. پێت باشە یان نا ئەوە قەزاوەتیکی دیکەیە. کەواتە حەق وایە بە باوەڕی من لە سەرەتاوە جەمعێک لە هێزە سیاسی یەکان کە یەکتر دەناسن، سابیقەی تێکۆشانیان هەیە، بە جیاوازی حەجم و قورسایی خۆیان کە بۆ خەڵکیش ناسراون لە سەر ئەوانە دانیشن و لە سەر هێندێک شت پێک بێن. با ئەوان موشاوەرە بکەن و بریار بدەن کە چ هێزێکی سیاسیی دیکە بێتە نێوەوە. لە شەخسییات کێ دەبێ بەشدار بێ؟ پێموایە کە دەست پێکردنەکە لە گەڵ کۆتایی - یەکەی دەبێ جیاوازیی هەبێ.

**پرسیار**: کە باس لە بەرەی کوردستانی دەکرێ، دیدگای جیاوازیش دێتە گۆڕێ. هێندێ پێیانوایە کە ئەندامانی "بەرە" دەبێ مافی وەک یەکیان هەبێ. دیدگای واش هەیە دەڵێ نا، هەر حیزبێک دەبێ بە پێی قورسایی و توانا و مێژووی خۆی بەشدار بێ لەم پێکهاتەیەدا. پێشنیاری تۆ چیە؟

**وەڵام**: ئەمن کە باس لە "بەرە"ی کوردستانی دەکرێ سەرەتا دوو تێ بینیم هەیە: یەکێکیان لە سەر ئەو ناوەیە، واتە "بەرەی کوردستانی". لە کوردستانی عێراق پێیان دەگوت "بەرەی کوردستانی" (الجبهة الکردستانیة). بۆیە لە باری وشەوە پێموایە دەبێ بگۆترێ"بەرەی کوردستان". "بەرەی ئێران"، بەرەی نازانم فەرانسە. ئەو"ی"یەی ناوێ و ئەوە "ی"یە زیاتر عەرەبی یە. ئەوەی دیکە ئەمن لەجێ دا شتێک بە ناوی "بەرەی کوردستانی" بە دروست نازانم. ئێمە وەدوای ئیحساسات نەکەوین، هێزی سیاسیی دەبێ مەسئوول بێ.

جیاوازیی "بەرە" لە گەڵ ئەو ناوانەی دیکە کە بۆ پێکەوەکارکردنی هێزە سیاسی یەکان دادەنرێ لە چی دایە؟ ئەرێ بۆ ناوی "یەکگرتن" نەبێ؟ بۆ ناوی"یەکیەتی" نەبێ؟ بۆ ناوی"تشکل" نەبێ؟ بۆ ناوی"هاوبەندی" نەبێ؟ بۆ ناوی "بەرە" بێ؟

جیاوازیی "بەرە" چیە؟ زۆر کەس کە دهڵێن "بەرە" دەبێ "بەرە" شتێکی هەبێ کەسیش پێم ناڵێ "بەرە" چیە؟ بەڵام ئەمن پێت دەڵێم "بەرە" چیە؟ "بەرە" کە لە عەرەبی یان فارسی دا "جبهە"ی بۆ بەکار دەبەن، جیاوازیی ئەساسیی لە گەڵ شتەکانی دیکە ئەوەیە کە "جبهە" دەبێ وێڕای ئەو پرەنسیپانە کە دایان دەنێن بۆ هاوکاری، وێرای ئەو ئامانجانە، دەبێ بەرنامەی بۆ حکوومەتی دواتر هەبێ. جیاوازی یەکەی ئەوەیە ئەوانی دیکە ئامانجیان هەیە، بەرنامەی کاریان هەیە، بەڵام بەرنامەی سیاسی یان بۆ حکوومەتی داهاتوو نیە، لەحاڵێکدا "بەرە" (جبهە) هەیەتی. کە ئەوەمان دانا و گوتمان "بەرە" یان (جبهە) ئەوەیکە بەرنامەی بۆ حکوومەتی دوای وەزعی مەوجوود هەبێ، ئەو کات "بەرەی کوردستانی" هیچ مانای نیە. لە بەر چی؟ چونکە وەک گوتم دروشمی هەموو هێزە سیاسی یەکانی کوردستانی ئێران ئەوەندەی ئەمن بزانم وەدیهێنانی فیدرالیزمە. واتە لە چوارچێوەی ئێراندا کێشەکە چارەسەر دەکەن. ئێستا یەکی دیکە بلێ ئەمن لە ئێران جیا دەبمەوە مافی خۆیەتی "بەرە"ی بۆ پێک بێنێ. دەڵێ کوردستان لە ئێران جیا دەکەمەوە ئەوەش بەرنامەکەمە بۆ سیستەمی حکوومەتی کوردستان. بەلام کە دەڵێی لە ئێراندا دەمێنمەوە، بەرنامەی حکوومەتی ئێران بە تو دانانرێ. دەبێ هەموو ئێرانی یەکان یان هێزە سیاسی یە گەورەکانی ئێران دابنیشن جبهەیەک پێک بێنن و بەرنامەش بۆ حکوومەتی دوای کۆماری ئیسلامی کە ئەوان بێنە سەر کار دابنێن. ئەتۆ ناتوانی بەرنامەی حکوومەتی کوردستانیش دابنێی، چونکە ناکرێ لە ئێران سیستەمێک لەسەر کار بێ و لە کوردستان سیستەمێکی دیکە دابنێی. ناکرێ ئێران سەرمایەداری بێ، کوردستانیش سوسیالیستی بێ. راستە لە فیدرالیزم دا هێندێک تایبەتمەندیی ناوچەیی لە هێندێک قانوونی (احوال شخصی) لە بەرچاو دەگیرێ، بەڵام بە گشتی ناوچەی خودموختار سەر بە حکوومەتی فیدراڵە (کە دە-ڵێم ناوچەی خودموختار مەبەستم ئەوە نیە شیعاری خودموختاری بژێنمەوە) لە فیدرالیزمیش دا ناوچەکان پێیان ناڵێن فیدراڵ. ئێستا ئەوەی کە لێرە (کوردستانی عێراق) دەڵێن کوردستانی فیدراڵ ئیستیلاحێکی دروست نیە. کوردستان فیدراڵ نیە، عێراق فیدڕاڵە، ئەوانە هەر پێیان دەڵێن ناوچەی خودموختار. کەوابێ لە جێ دا باسی "بەرە" زۆر وارید نیە باسی "یەکگرتن"، "هاوپێوەندی"، ئیئتیلاف" و " هەڤگرتن" و شتی ئاوا بە باوەڕی من دروستە.

بەڵام ئەوە کە پێوەندیی ئەندامانی ئەو یەکگرتنە دەبێ چۆن بێ؟ ئەمن پێموایە کە حەق ئەوەیە هەر ئیئتیلافێک پێک دێ، شێوەی کارکردن و ئیدارەکردنی وا بێ کە هەموو لا لە ئەرک و لەماف دا بەرانبەر نەبن یان لە راستی دا بەرانبەر بن. ئەوەی کە دەڵێ "هر کە بامش بیش برفش بیشتر" دروستە. واتە ئەوەی حقووقی زیاتر وەردەگرێ ئەرکی زیاتریشی هەبێ. ئەوەی کە قورسایی یەکی زیاتری هەیە دەسەڵاتی زیاتری هەبێ. ئەمن هەر لە تیئۆری دا دەڵێم، بەبێ ئەوەی مەبەستم هیچ هێز و حیزبێک بێ. وای دانێین ٤ئەندام لە بەرەیەک دا هەن. یەکێکیان ٥٥%ی خەڵکی ولاتەکەی خۆی (وا دابنێ باسی بولیڤی دەکەم نەک کوردستان) لەگەڵ دایە، یەکێکیان ٢٠%، یەکیان ١٥%، یەکیان ١٠%، ئێستا "بەرە"یەک پێک دێنن. ئایا دروستە هەموویان بە قەد یەک سەلاحییەتیان لەو جبهەیەدا هەبێ ؟ باشە وا دانێین ناکۆکی یەک هەیە لە سەر مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوان سێن ٤٥% ن و یەکیان کە گەورەیە ٥٥% ە . ئەوان ئەگەر رایان جۆرێک بوو دەنگی ئەوان

سەر دەکەوێ. باشە ئەوە لە راستی دا  قوربانی کردنی زۆرایەتی یە لە بەرامبەر کەمایەتی دا، ئەو ٥٥%ی خەڵک بۆیە لە گەڵ ئەو حیزبەن کە سیاسەتەکانی ئەویان قبووڵە. بە چ حەقێک دەچێ دیدگای زۆربەی خەلکی فیدای دیدگایەک دەکا کە کەمایەتی یە. پاشان وا دابنێین حیزبێکی چووکە و حیزبێکی گەورە لە جەبهەیەک دا هەن. باشە ئەو جەبهەیە ئەگەر فعال بێ هەزینەی دەوێ. ئایا ئەوانی دیکە دەتوانن هەر یەکەیان مەسەلەن مانگێ ١٠٠٠٠ دولار بدەن بۆ خەرجەکەی. یان جاروبار وەک شیعاریش دەڵێن با کەسایەتیی سەربەخۆی تێدابێ بە مافی وەک یەکەوە. ئەمن پێموایە ئەوە جۆرێک گاڵتەیە بە ئیحساساتی خەڵک. مەسەلەن وا دابنێین جەبهەیەک لە کوردستانی ئێران پێک دێ. حیزبی دێموکراتی تێدایە، کۆمەلەی تێدایە، ٥٠ کەسایەتییشی تێدایە. ئەگەر وا دانێین ئەوکەسایەتی یانە رایان لە گەڵ حیزبەکان یەک نیە. ئەو حیزبانە دەبێ هەزینەی ئەوبەرەیە تەئمین بکەن و هەوڵ و تەقەلا بدەن بۆ ئەو جەبهەیە، ئەگەر خەباتی چەکدارانەیە خوێنەکە ئەوان بیدەن، بەڵام کەسایەتی یەکان بریار بدەن کە چارەنووسی ئەو بزووتنەوەیە چۆن دەبێ؟ بە جۆرێکی دیکە بۆی بچین. کەسایەتی یەک هەیە کە سەر بە هیچ حیزبێک نیە، باشە ئەی ئەندامانی ئەو حیزبانە، ئەندامانی بە ئەزموونی ئەو حیزبانە ئەوان کەسایەتی نین؟ بۆچی حیزبێک بە خۆی و سەد کەسایەتیی هاوتەرازی ئەو کەسایەتی یانەوە کە لە دەرەوەی حیزبەکان هەن یەک دەنگی هەبێ بەڵام کەسایەتی یەکی دیکە هەر چونکە حیزبی نیە بە تەنیا دەنگێک بێ؟ ئەوە بەرابەری نیە، ئەوەی زێدەخوازی یە بۆ ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتیی کەمایەتی یەک لە کۆمەڵگاکەی خۆیان دا دەکەن. بۆیە پێموابێ هیچ شتێکی سەیر و سەمەرە نیە کە تەرکیبەکە وا دابنرێ کە بە پێی وەزنی هەر حیزبێک سەلاحییەت لە نێو رێبەریی ئەو یەک گرتنەدا کە پێک دێ دابەش بکرێ. ئەمن پێموایە عەکسی ئەوە عەداڵەت بەرقەرار ناکا.

**پرسیار:** تۆ لەگەڵ ئەوەدای کە جیاوازی و قورسایی حیزبەکان لەو یەکگرتنەدا وەک خۆیان ببینرێن، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەوە ئەحزابی ئێمە هەر هەموویان لە تاراوگەدان، بەڵام لە سیستەمگەلی دێموکراتیک دا شوێن و جێگای هێزەکان لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە دیاری دەکرێ. واتە ئەوە هەڵبژاردنەکانە بە تۆ دەلی کام هێز یەکەم و کام هێز دووهەمە. لە نەبوونی هەلبژاردنێکی ئازاد لە کوردستان ئەو وەزنەی کە باست کرد بە چی هەڵ بسەنگێندرێ؟

**وەڵام:** پرسیارەکەت بە جێ یەو کارەکەش موشکیلە. بەلام ئەگەر بمانەوێ پێوانەی دیکە دابنێین پێوانەی دیکە هەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان قابیلی هەڵسەنگاندن (سنجش)ن. مەسەلەن کام حیزب هەر ئێستا ژمارەی ئەندامانی پترە. کام حیزب شەهیدی زیاترە؟ کام حیزب لە رابردوودا لە هەڵبژاردنەکان دا زۆرترین دەنگی هێناوە. ئەمن لێرەدا مەجبوورم شتێک بڵێم کە بە قازانجی حیزبەکەی منە. حیزبی دێموکرات لە مێژووی سیاسیی خۆی دا سێ جار بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کردوە. جارێکیان ساڵی ١٣٣١ بوو کە حیزبی دێموکرات پشتیوانیی لە سارم خانی سادق وەزیری کرد یادی بەخێر بێ، هەڵبژاردنەکانی بردەوە. جارێکیان دوکتۆر قاسملوو کاندیدا بوو بۆ مەجلیسی خوبرەگان کە حیزبی دێموکرات پشتیوانیی لێکرد و بردیەوە. جارێکیان لە یەکەم مەجلیسی شوورای ئیسلامی دا کە ئەو کات ناوی شوورای میللی بوو بەشدار بووین لە

هەر جێ یەک نوێنەرێک سەرکەوت سەر بە حیزبی دێموکرات بوو. لەوانەش کە کەوتنە دەوری دووهەم جگە لە مەریوان لە هەموو جێگایەک نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لە پێشەوە بوون. باشە ئێستا بەڵگەیەک نیە کە نفووزی حیزبی دێموکرات وەک خۆی مابێ. هیچ بەڵگەیەکی مەحکەمەپەسندمان نیە. بەڵام ئایا بەڵگەی مەحکەمەپەسندی دیکە هەیە نیشان بدا کە یەکی دیکە جێگای وی گرتبێتەوە؟ ئەویش نیە. کەوابێ مەجبوورین بە شتێکی دیکە بگەین. با بڵێم ئەو ئیددیعایانەی کە ئێستا هەن ئەو کاتیش هەبوون.

ئەمن لە بیرمە لە هەڵبژاردنی دەورەی یەکەم(ی مەجلیسی ئێران) ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی لە ماڵی مامۆستا شیخ عێززەدینی حوسینی کۆبووینەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن کاندیدا معرفی بکەین، چۆن بچینە نێو ئەو هەڵبژاردنانەوە. ئەمن بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکرات بووم. گوتم با هەر کامەمان کاندیدای خۆمان هەبێ، لە دەوری یەکەم دا لایەنگرانی هەر لایەکمان دەنگ دەدەین بە کاندیدای خۆمان،بەڵام لەئێستاڕا تەوافوق دەکەین کاندیدای هەر لایەکمان لە دەوری یەکەم دا دەنگی زیاتری هێنابوو هەموولا ڕاگەیەندراو دەربکەین و داوا لە لایەنگرانی خۆمان بکەین کە لە دەری دووەم دا دەنگ بەو بدەن واتە چیدی خۆمان کاندیدا نەکەین. مەسەلەن لە حەوزەی هەڵبژاردنەکانی سەقزدا کاندیدای چریکی فیدایی لە هەمووان زیاتری دەنگ هێنا و کەوتە دەوری دووهەم، ئیدی حیزبەکانی دیکە بەیاننامە دەربکەن و بڵێن ئێمە کاندیدمان نابێ و کاندیدی ئێمە فڵان کەسە کە کەوتوتە دەوری دووهەم. ئەوان گوتیان نا با بە سەر یەکەوە کاندیدا بدەین. ئەمن گوتم سوودی نیە و بە ئاکام ناگەین. گوتیان بۆ بە ئاکام ناگەین؟ گوتم چونکە دەبێ کاندیداکان بەش بکەین، چەندیان هی حیزبی دێموکرات و چەندیان هی کۆمەڵە و چەندیان هی دیکە بن؟ بۆیە لە سەر ئەوە بە تەوافوق ناگەین. گوتیان بۆ ناگەین؟ گوتم چونکە ئەگەر ئەمن بڵێم نیوەی کاندیداکان لە حیزبی دێموکرات بن ئێوە قبووڵی ناکەن. گوتیان جا بۆ نیوە لە حیزبی دێموکرات بن؟ ئەمنیش گوتم جا ئیشکالەکە لەوەدایە کە ئەمن بە نیوەی ڕازی نابم، چونکە ئەمن پێموایە حیزبی دێموکرات زیاترلە نیوەی کاندیداکانی سەر دەکەون کەچی ئێوە بە نیوەکەش ڕازی نین. گوتیان جا هەڵبژاردن دەری دەخا، گوتم با دەری بخا. وابوو حیزبی دێموکرات بە تەنیا کاندیدای ناساند بەڵام ئەوان ئیتلافیان کرد (مامۆستا و کۆمەلە و چریک و تەنانەت سەربەدارانیش لەگەڵیان کەوت) بەڵام لە نەتیجەدا ئێمە لە زۆربەی جێگاکان سەرکەوتین، ئەوان تەنیا لە مەریوان دەنگیان زیاتر هێنابوو. باشە ئێستا چ گۆڕانێک ڕووی داوە؟ ئەمن ناڵێم نەگۆڕاوە و وەک خۆیەتی و دەلیلێکم نیە بۆ ئەوەی وەک خۆی بێ. خەڵک دەڵێن وەک خۆیەتی و زیاتریشە بەڵام ئەمن ئیددیعای ئەوە ناکەم بەڵام ئیدی چی دەری دەخا کە ئەو تەوازونە (بە قازانجی لایەنێکی دیکە) گۆڕاوە، ئەویش وا نیە.

**پرسیار: باشە مامۆستا قسەکانت ئاماژەیە بە قورسایی حیزبی دێموکرات لە رابردوودا، بەڵام ئەمە ڕەسالەتێکی زیاتر دەخاتە سەر حیزبی دێموکرات بۆ لێک نیزیک کردنەوەی هێزە کوردی یەکان لە دەوری یەک. باشە حیزب بۆ نەیتوانیوە ئەم ڕەسالەتە بە جێ بگەیەنێ؟**

**وەڵام**: عەرزم کردی کە هۆیەکەی هەر ئەوەیە لایەنەکانی دیکە ئاوا دەکەن. ئێستا کۆمەڵە هەمیشە گوتوویەتی و حەقی خۆشیەتی بیڵێ. دەڵێ ئەمن بە موو کەمتر لە حیزبی دێموکرات رازی نیم. حیزبی دێموکراتیش ئەوەی قبوول نەکردوە، چونکە پێیوایە نوێنەرایەتیی زۆرایەتیی کۆمەڵگا دەکا. ئەمن بۆخۆم لە گەل دوستانی کۆمەڵە دانیشتووم دەڵێن ئێمە نامانەوێ ئیمتیاز داوا بکەین، بەڵام پێمانوایە ئێمە حیزبی یەکەمین لە کوردستاندا. جا ئەو ئیختیلافە هەیە کە ناهێڵێ ئەو ئیئتیلافە پێک بێ، ئەگینا ئیختیلاف لە سەر مەسائیلی سیاسی نیە. بە داخەوە زۆریش ئاسۆکە نیزیک نابینم. هەرچەند ئەمن پێموایە ئەوە پێویستی یەکە بۆ فیداکاری دەبێ. رەنگە زەوابیتێک هەرباش بێ هەبێ. ئێستا لە هێندێک جێ دا ئەو زەوابیتەیان دانەناوە. لە کوردستانی عیراق ماوەیەک جەبهە هەبوو کە پارتی و یەکیەتی تێیدا بوون. ماوەیەکی درێژتر لەو ماوەیە هاوپەیمانی هەبوون. پارتی یەکی هەبوو، یەکیەتی یەکی هەبوو بێ ئەوەی بنووسرێ، لە هەر دوو هاوپەیمانی یە کە هەموو لایان ڕێبەریی حیزبە گەورەکەیان قبووڵ بوو یانی هاوپەیمانیی کوردستان لە سلێمانی چەند ئەندامیان هەبوو هەموویان ڕێبەریی یەکیەتی یان قبووڵ بوو و هی هەولێریش تێکڕا ڕێبەریی پارتی یان قبوول بوو. بەڵام لە کوردستانی ئێران وەک گوتت هەڵبژاردنێک نیە کە پێشانی بدا و ئەوەی پێشووشیان قبوول نیە. کەواتە زەوابیتێکیان دەوێ.

**پرسیار**: تو بۆخوت بوونی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی لە حیزبەکان بە پێویست دەزانی بۆ قۆناغی ئێستای خەباتی کوردەکان؟

**وەڵام**: گوتم ئەمن پێموایە لە جێ دا ناوی "بەرە" باش نیە. چونکی هێندە تەبلیغاتی بۆ کراوە لە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵک بۆتە "معجزە". یانی ئێستا خەڵک پێیان وایە کە ئەمڕۆ بەرە پێک هات، سبەینێ کوردستان رزگار دەبێ. لە حاڵێکدا بە داخەوە ئەمن وا تێدەگەم و ئێستاش راکەم بە دروست دەزانم ئەمڕۆ بەرەیەک ئیعلان بکرێ سبەی و دووی و سێ مانگی دیکەش هیچ شتێک ناگۆڕێ. چونکە ئێمە لە بارودوخێکدا نیین کە حەرەکەتێک دەست پێبکەین کە دەسکەوتێکی لێ بەرهەم بێ. ئێمە لە دەرەوەی وڵات دەژیین. باشە ئەو تاقە هیوایە بۆ لە خەڵک بستێنین؟ بڵێن ئەوە بەرەش پێکهات و هیچشی نەکرد؟ بۆیە بە ناوی بەرە پێموایە پێکهێنانی باش نیە، بەڵام پێویستە ئێمە هەڵویستەکەمان یەک خەین. پێویستە پێکەوە کار بکەین. پیویستە ئێمە ئوسوولێکمان هەبێ کە سبەی گەڕاینەوە نێو وڵات چۆن لەگەڵ خەڵکی رەفتار بکەین و چۆن لەگەڵ یەکتر رەفتار بکەین. ئەگەر هەلومەرجێکی وەک سالی ٥٧ی ئێران پێکهات یان هەلومەرجێکی وەک دەیەی ٩٠ی کوردستانی عێراق پێکهات چۆن ئەو وڵاتە پێکەوە ئیدارە بکەین. هەر کەس بۆ خۆی حکوومەتێکی هەبێ؟ هەر کەس ناوچەی دەسەڵاتی خۆی هەبێ یان پێکەوە و بە یەکدەست و یەک قانوون وڵات بەڕێوە بەرین. ئێمە تەجروبەی ئەوەمان هەیە. زۆرجار قانوونێکی باش جێ بە جێ نەدەبوو چونکە حیزبێک دەیگوت ئەوە هی فلان حیزبە ئەمن بە قسەی ناکەم. مەسەلەن حیزبی دێموکرات ژن بە ژنەی قەدەغە کردبوو فلان حیزب دەچوو بە لایەنگرانی خۆی ژن بە ژنەی دەکرد. دەیگوت خۆ حیزبی

دێموکرات حاکم نیە و هەر بۆ شکاندنی حاکمییەتی حیزبی دێموکرات مجوزی دەنووسی بۆ ژن بە ژنە. ئێمە دەمانگوت دارستانەکان مەبڕن، حیزبێکی دیکە دەهات دەیگوت بابە بیبڕن خۆ ماڵی حیزبی دێموکرات نیە و ماڵی خۆتانە. بۆیە پێویستە هەر لەئێستاوە کاربکەین و هەر لە ئێستاوە ئوسوولێکمان هەبێ کە رەنگە ئەو کات دەسکاریی بوێ. بەڵام با ناوی جەبهەی لە سەر دانەنری.

**پرسیار**: کەواتە تۆ دەترسی لە جێ بەجێ نەکردنی ئەو هیوایەی کە رەنگە ئەم حیزبانە لە دانانی بەرە بە خەڵکی بدەن و بۆیان جێ بەجێ نەبێ؟

**وەڵام**: بەڵێ ئەورۆکە وایە، ئەگەر بەرە پێک بێ چی دەکا؟ بە خۆی و دە هەزار پێشمەرگە دەتوانێ ناوچەیەک رزگار بکا؟ لە لایەکی دیکەشەوە جەبهە رێکەوتنی چەند رێبەر نیە. دەبێ بەدەنەی ئەو حیزبە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە ئەو زەمینەی هاوکاری کردنە لە نێوانیان پێک بێ یانی ببێتە شتێکی جیگای قبوولی هەمووان. لە هەمووی گرنگتر ئێمە ئێستا کاری پراکتیکیمان بۆ ناکرێ. بە تایبەتی ئەو کارە پراکتیکی یەی کە خەڵک دەیانەوێ.

سەرچاوە وێبلاگی کاک خالید محەممەدزادە - رێکەوتی : ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٠٦

---

## ئاسۆی حەسەن زادە: ئەمن کۆمەڵناسی کۆچبەری نیم. هیچ داتایەکی خۆماڵییش لە بواری دێمۆگرافیی موهاجرەتیدا شک نابەم.



**تاراوگە و سیاسەتی کوردی، لە دیمانەیەک لەگەڵ ئاسۆی حەسەن زادە دا**

**جێگەی تاراوگە و تاراوگەنشینیی کورد لە قسە و باس و دانیشتنەکانماندا هەمیشە بۆشاییەک بووە، بەو مانایە کە ئێمە هەتاکو ئێستاش کەمترین قسەمان لەسەر ڕۆڵی تاراوگە لە کەلتوری کوردیدا و بەتایبەتی کاردانەوەی تاراوگەنشینی لە سیاسەتی کوردیدا کردووە. هەربۆیە بە باشمان زانی لە چاوپێکەوتنێکدا ئەم پرسە گرینگە بوروژێنین و بیکەین بە سەرەتایەک بۆ باس و خواسی زیاتر. لەم پێوەندییەدا ڕووی پرسیارەکانم لە بەڕێز ئاسۆی حەسەن زادە دەکەم.**

**خالید محەممەدزادە:** سەرەتا ئەگەر بۆم باس لە بیۆگرافی و ئەزموونی تاراوگەنشینیی خۆتان بکەن، و بڵێن چ شتێک ئێوەی لە دەرەوەی وڵات گیرساندۆتەوە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە:** ئۆتۆبیۆگرافی، واتە ئەوە کە مرۆڤ بۆخۆی باسی ژیان و ڕابردووی خۆی بۆ خەڵک بکا قەت کارێکی خۆش نییە، یا هەر نەبێ ئەمن زۆرم حەز لێ نییە. بەڵام بۆ ئەوەی پرسیارەکەی بەڕێزتانم بێ وەڵام نەهێشتبێتەوە، هەوڵ دەدەم لە گۆشەنیگای تەوەری وتووێژەکە واتە تاراوگەنشینیی کورد و سیاسەتەوە ئاماژە بە هێندێک شتی بیۆگرافیی خۆم بکەم. لەپێشدا دەمەوێ بڵێم کە بە باوەڕی من تاراوگە و سیاسەت دوو عونسوری کلیدیی سایکۆلۆژیی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤی کوردن. دەڵێن نووسەر بیەوێ و نەیەوێ هەر تاراوگەنشینە. ئەگەر ئێمەش پێناسەیەکی ڕووتی جوغرافی لە تاراوگە نەکەین و تاراوگە لە ڕەوشێکی نەخوازراوی ڕووحیدا ببینین و بە نەبوونی سەربەستیی تاکی ببەستینەوە، دەکرێ بڵێین

کوردیش بیەوێ و نەیەوێ تاراوگەنشینە یا تاراوگەنشین بووە. هەرچی سیاسەتیشە، دەڵێن یەکێک لە نەخۆشییەکانی تاکی کورد ئەوەیە کە زۆر حەزی لە سیاسەتە، یان هەموو کوردێک دەیەوێ ببێ بە سیاسەتمەدار. ئەمن ئەوەم قەبووڵە کە کۆمەڵگەی سبەینێی ئێمە تەنیا بە ڕێژەیەکی دیاریکراو سیاسەتمەداری پرۆفشناڵی پێویستە و دەبێ زۆربەی هەرە زۆری ڕۆڵەکانی کورد وێڕای پاراستنی هەستی سیڤیسم و نیشتمانپەروەری بۆ بوارە غەیرە سیاسییەکان هان بدرێن چونکە هیچ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەختەوەر و پێشکەوتوو نە تەنیا بە سیاسەتمەداران وەدیهاتووە و نە تەنیا لە سێبەری وانیشدا حەساوەتەوە! بەو حاڵەش نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە بوونی کورد لە خۆیدا بوونێکی سیاسییە، چونکە قسە لە بەرزکردنەوەی شوناسێکە کە "ئەوانی دیکە" حاشای لێدەکەن و ئەوە بۆخۆی ژێستێکی سیاسییە، تەنانەت ئەگەر ئەو ژێستە لە سادەترین شتی وەک قسەکردن بە زمانی کوردیشدا خۆی بنوێنێ. دیموکراتیک نەبوونی وڵاتانی کوردنشینیش بە شێوەیەکی سروشتی سیاسەتکردن و تاراوگەنشینیی کوردی لێک هاڵاندووە. دیارە کوردێک بۆ ئەوەی سیاسەت بکا مەرج نییە هەمیشە ئاوارە بێ، بەتایبەتی ئەگەر بە هێندێک جۆر لە سیاسەتکردن قەناعەت بکا. بەڵام کوردی ئاوارە ناتوانێ بیر لە سیاسەت نەکاتەوە؛ سیاسەتیشی نەگرتبێتە پێش، سیاسەتە ئاوارەی کردووە.

هەرچی دەگەڕێتەوە سەر خۆیشم، وەک دەیان و سەدان هەزار کوردی دیکە، سیاسەت و تاراوگە دوو شاخسی دایمیی ژیانی منیش بوون. بیۆگرافیی من بە تاراوگە دەستپێدەکا و بەداخەوە تا ئێستا هەر بە تاراوگەیش چۆتە پێش. چالاکیی سیاسییش کە بەبێ ئەوەی بۆخۆم بەدوویدا چووبم وەدووم کەوتووە. ئەمن پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە بەغدا کاتێک باوکم و هاوڕێیانی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو خۆیان بۆ "ئاسۆ ڕوونەکەی مامۆستا هێمن" ساز دەکرد لەدایکبووم. لە سەردەمی ئازادیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە مەهاباد و پاشان هەر ڕۆژەی لە گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیاوین، و پاش ئەوەی جیهادچییەکان هەموو کوردستانیان داگیرکردەوە سەرلەنوێ کەوتینەوە ئەم دیوی سنوور. حەز ناکەم هیچ خەلەیەک بخەمە سەر خەرمانەی قسە و ڕوانینە باو و سوواوەکان، بەڵام دەبێ بڵێم کە تاراوگەکەی ئەوسا بەبێ ئەوەی بۆخۆم داوام کردبێ ئەمنی لە پرۆسەیەکی هەڵدان و خۆناسین هاویشت کە پرۆسەی پەروەردەیی کەشێکی شۆڕشگێڕی بوو. ئەگەر ڕاستە کە تاراوگەی دووەمم (ئەورووپا) فێری کردم کە ڕوانینێکی ئاوەڵاترم لە شتەکان هەبێ و بەو قەناعەتەی گەیاندم کە بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن لە سیاسەتی کوردیدا پێویستە زۆر خوو و خدە و ڕیفلێکسی سوونەتی کە کۆمەڵناسیی سیاسیی کورد کاراکتەریزە دەکەن تەرک بکەین، بەڵام ناتوانم موتەئەسری دەورانی شۆڕشی شاخ لە تاراوگەی یەکەمم نەبم کە سەرەڕای هەموو بێبەشی و مەترسییەکی لەجیاتی هەموو دیارییەک پێشکەشی کردبووم، و سەرەڕای هەموو ئەو کەمایەسییانەی ئێستاش بەردەوامن، بۆ من یەکەمین و فێرکارترین قوتابخانەی ژیان و شوناس بووە و بە سۆز و ئەمەگەوە لێی دەڕوانم. ئەو قسەیە بۆیە دەکەم چونکە دەزانم ئەمڕۆ کەموکوڕییەکانی بزووتنەوەی کورد زۆر لە ڕووناکبیرانی بە چەشنێک لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کردووە و بێزارییان لە هێندێک شت وای لێکردوون حەرفێکی موبهەمی "ڕۆشنگەری" بە هەزار بانگی ڕەوانی کوردایەتی نەگۆڕنەوە! ئەوە جێگەی داخە. من ناڵێم کە فەرەحترین نوێنوبان بۆ ڕۆشنبیری

ڕاستەقینە لە ماڵی دەسەڵات ڕاخراوە. بەڵام لاکردنەوەی لە ڕادەبەدەری ڕۆشنبیریش لە ئێلیتی سیاسی لە دنیای ئێمەدا کە زۆری ماوە ببێتە کۆمەڵگەیەکی موئەسساتی ڕەنگە کارێکی زۆر سوودبەخش نەبێ و قەناعەتی قووڵم هەیە کە کۆمەڵگەی ئێمە لە حەوزەی قودرەتڕا نەبێ ڕیفۆرم ناکرێ. جگە لەوەش بە باوەڕی من هەنگاوە وردەکانی تاکی کورد ئەگەر لە ڕاستایەکی جیاواز لە حەزی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیشدا بن کە ئەمن پێم وایە ئەوە شتێکی باشە، دەبێ هەمیشە لە ڕاستای ئەو هەنگاوە گەورەیەدا بمێننەوە کە گەلەکەمان بەو جۆرە کە هەلومەرج دەرەتانی پێدەدا بۆ بردنەپێشی دۆزی کورد هەڵیدێنێتەوە.

سەبارەت بە پاشماوەی بیۆگرافییەکەم، کاتی خۆی بۆرسی خوێندنی دەوڵەتی فەرانسەم پێدرا و لەوێ ڕشتەی مافی نێونەتەوەیی (حقوق بین الملل)م تەواو کرد و ئێستاش خەریکی تێپەڕاندنی تێرمی کۆتایی دوکتۆرا هەر لەو ڕشتەیەدام. جگە لە کاری سیاسییش، چەند ساڵێک لە زانکۆی ستراسبورگ دەرسم گوتۆتەوە، و هۆگرییم بە نووسینی حقووقی و وەرگێڕانی ئەدەبی و هێندێک بوار و وردەخەونی دیکەش هەیە. سەبارەت بەوەش کە هێشتا لە تاراوگە بەندم، مرۆڤ لە هەر جێگایەکی ئەو دنیایە بێ دەتوانێ چقڵێکیش لە لەشی میللەتەکەی خۆی دەربێنێ. بەڵام داهاتووی خۆم لە کوردستان دەبینم و مانەوەی ئێستام لە دەرەوەی وڵات تەنیا دەگەڕێتەوە سەر هەلومەرج.

**خالید محەممەدزادە**: بە حوکمی ئەوەی چەند ساڵە لە دەرەوەی وڵاتی، چ وێنەیەک لە دۆخی کوردەکانی ئەورووپامان بۆ دەکێشییەوە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە**: ئەمن کۆمەڵناسی کۆچبەری نیم. هیچ داتایەکی خۆماڵییش لە بواری دێمۆگرافیی موهاجرەتیدا شک نابەم کە بتوانم پشتی پێ ببەستم. تەرسیمکردنی پانۆڕامەیەک لە دۆخی کوردەکانی ئەورووپا کارێکی ئاسان نییە، چونکە نە هۆکاری لە دەرەوە گیرسانەوەی ئەوان و نە هەلومەرجی تایبەتی وڵاتانی ئەورووپایی وەک یەک نین و شتەکەش دەکرێ بەپێی تەمەن و دۆخی تایبەتیی هەر کام لە تاراوگەنشینان جیاواز بێ. پاشان مەسەلە ئەوەیە لە چ ڕوانگەیەکەوە چاو لە دۆخی کوردەکانی دانیشتووی ئەورووپا دەکەین. ئایا مەبەست باری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ئەوانە؟ ئەگەر کەیسی ئەو پەنابەرە کوردانەی لێدەرکەین کە بەداخەوە کاروباری سەقامگیربوونیان ڕوو لە لێژییە، لەسەریەک پێموایە کوردەکان لە شتە مەلمووس و عەینییەکانی ژیانی ئەورووپایان ناڕازی نین. بەڵام تاراوگە هێندێک دەرەنجامی رووحیی دژواری بۆ زۆر لە کوردەکان لێکەوتۆتەوە کە سەرچاوەکەیان هەم لە ئەزموونی ڕابردووی خۆیاندا نەهۆقتەیە هەم بە سەختییەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی مەنفاوە بەستراوەتەوە. هۆگۆ دەڵێ: "تاراوگە وەک بێخەوییەکی درێژ دەچێ". ئەمن دەڵێم تاراوگەنشین خەوی لێدەکەوێ، بەڵام خراپ دەنوێ. خۆشترین و سەرکەوتووترین ژیانیش لە دوورەوڵاتی ئەو چێژەی نییە. تاراوگەنشین کەسێکە کە وەک دەڵێن لە هەردووک دینان بووە، ریشەی هەڵقەندراوە و لە هیچ کوێیەک ڕاحەت نییە.

لەلایەکی دیکەوە شەڕی نەسلەکان کە لە هەموو جێیەکی دنیایێ هەیە، بۆ بەشێک لە کوردەکان لە ئەورووپاش (وەک بۆ خەڵکانی دیکەی لە رۆژهەڵاتڕا هاتوو) دەستی وەدەستی شەڕی کەلتورەکان داوە و قەیرانی کۆمەڵایەتیی جۆربەجۆری لێ پەیدا بووە کە بەداخەوە هێندێک جار لە تراژیک ترین فۆرمیدا خۆی دەرخستووە. ڕاست نابێ ئەگەر بڵێم کوردەکانی ئەورووپا لە دۆخێکی خراپدا دەژین. بەڵام بە سەداقەتیشەوە دەڵێم ئەورووپا بە هیچ جۆر ئەو "ئێلدۆرادۆ" (سەرزەمینی زێڕ)ە نییە کە هێندێک کەس حازرن گیانی خۆیانی بۆ بخەنە مەترسییەوە. ئەورووپا بۆ لاوەکان کە بیانەوێ درێژە بە خوێندن بدەن یان ئەوانەی هەوڵدەدەن لە دەرفەت و دەرەتانە شارستانی و تەکنۆلۆژییەکانی کەڵکی بەکەڵک وەربگرن گونجاوترە.

**خالید محەممەدزادە:** ئێستا دەمەوێ پرسیارەکەم تایبەت بکەم بە کوردەکانی ئێران. تا ئێستا کەمترین قسە لەسەر کوردە تاراوگەنشینەکانی ئێرانی کراوە و لە بنەڕەتدا بێدەنگییەکی گەورە باڵی بەسەر پرۆسەی تاراوگەنشینیی ئەواندا کێشاوە. جارێ ئایا مێژووی تاراوگەنشینی لای کوردەکانی ئێران بەتایبەت کۆچیان بۆ ئەورووپا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**ناسۆی حەسەن زادە:** کە باس لە تاراوگەنشینی وەک پەدیدە دەکەین دەبێ ڕوونی بکەینەوە مەبەستمان چییە. ئەمن تاراوگەنشینی لە بوعدە دەستەجەمعییەکەیدا تەنیا لە سازبوونی دیاسپۆرادا دەبینم. دیاسپۆراش کاتێک بوونی هەیە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆڵەکانی گەلێک لە هەندەران بگیرسێنەوە. هەربۆیە بۆ نموونە ئەگەر پەنجا ساڵ پێش ئێستاش کوردێک یان چەند کورد بۆ کاری سیاسی، بۆ خوێندن، بۆ عیلاج، بۆ مەئمووریەتی فەرهەنگی یان بۆ تەجارەت ڕوویان لە وڵاتێکی بێگانە کردبێ و لەوێ گیرسابنەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە مسۆگەر لەو وڵاتەدا لەو کاتەوە دیاسپۆرایەکی کوردی ساز بووە. دیاریکردنی مانگ و ساڵی ڕوونی سازبوونی دیاسپۆرا سەختە. ئەوەندەی من بزانم چ لە باری دیرۆکی گەیشتنی تاراوگەنشینان و چ لەڕووی حەشیمەتیانەوە، لەسەریەک کوردەکانی رۆژهەڵات لەدوای کوردەکانی باکوور و باشووری کوردستانن. سروشت و هۆکاری تاراوگەنشینییەکەیشیان کەمێک جیاوازە. ئەگەر بۆ نموونە تاراوگەنشینیی زۆربەی کوردەکانی باکووری کوردستان لە ئەورووپا زۆرتر سروشتێکی ئابووریی هەبووە (واتە ئەو کاتەی بەتایبەتی دەوڵەتانی باشووری ئەورووپا لە شەستەکان و حەفتاکاندا پێویستییان بە قوەتی کار هەبوو)، کوردەکانی رۆژهەڵات ئەگەرچی زۆر کەسیان هەر لە حەفتاکانەوە لە ئەورووپا جێگیر بوون، بەڵام ئەوانە زۆرتر نوخبە بوون و چالاکیش بووبن بەهۆی کەمبوونی ژمارەیان دیاسپۆرایان لێ ساز نەبووە. کەوابوو دەکرێ بڵێم مێژووی تاراوگەنشینیی کوردەکانی رۆژهەڵات لە ئەورووپا زۆر تازەیە، و ئەگەر بەگشتی قسە بکەین دەتوانین بڵێین کە تاراوگەنشینیی کوردەکانی رۆژهەڵات لە ئەورووپا لەدوای ئینقلاب پەرەی گرتووە. بەڵام تەنیا لە سەرەتای نەوەدەکانی زایینی بەولاوە دیاسپۆرای لێ ساز بووە و زۆرتریش سروشتێکی سیاسی و پەنابەریی هەیە.

**خالید محەممەدزادە:** ئایا تاراوگە چ شوێنێکی لەسەر کەلتور و سیاسەتی کوردەکانی ئێران داناوە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە:** ئەمن باس لەو تاراوگەیە دەکەم کە بۆخۆم لێی دەژیم، واتە ئەورووپا. کەلتوری هەر گەلێک وەک دایکی سیاسەتی ئەو گەلە نەخشی خۆی یاری دەکا. جا بۆیە با هەوڵ بدەین ئەو مەسەلەیە لە ڕوانگەی شوناسی کەلتوری و شوناسی سیاسییەوە چاو لێبکەین. سێ مانگ لەوە پێش لە بابەتێکدا کە بۆ وێبسایتی دیمانەم نووسیبوو، سەبارەت بە مەسەلەیەکی جیاواز لە تەوەرەی ئەم وتووێژە ئاماژەم بە قەیرانی شوناسی مرۆڤی کورد کردبوو. ئەو قەیرانی شوناسەی ئەمڕۆ بەو مانایە نییە کە کورد پێشتر لە باری شوناسەوە ڕاحەتتر بووبێ، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە هەستی خۆناسینی کوردی ئەمڕۆ زیاتر پەرەیگرتووە. جا لە سەردەمێکدا کە گلۆبالیزم دەرگا و پەنجەرەی هەموو چوارچێوە سووننەتییەکانی هۆویەتی تاکەکانی بەزاندووە و لە کاتێکدا تەزادە زاتییەکانی هۆشیاریی سیاسیی کوردیش هەروا لەئارادان، قەیرانی شوناس بۆ تاکی کورد بوعدێکی حادتر بەخۆوە دەگرێ. دنیای ئەوڕۆ وای کردووە کە قەیرانی شوناس تاکەکانی زۆربەی کۆمەڵگەکان گیرۆدەی خۆی بکا. نووسەرێکی فەرانسەوی هەیە دەڵێ فڕۆکەخانە ئاوێنەی دنیای ئەمڕۆیە، چونکە لە هەمان کاتدا سەمبوولی تێکەڵبوونی مرۆڤەکان و بەن نەبوونی ئەوانە. جا مرۆڤی کوردیش لەو نێوەدا شاز نییە. بەڵام شتەکە بۆ کورد هەستیارتر و بگرە ترسناکترە. ماوەیەک لەوە پێش لەگەڵ سیمایەکی سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان لێمان ببوو بە "پۆلێمیک" لەسەر پرسی وڵامدەربوونی حکومەتی کوردی بە خواستە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک و کاردانەوەی لەسەر مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی سیاسی. تێزی بەڕێزیان ئەوە بوو کە نابێ لەبەر کارە چووکەکان کارە گەورەکان فیدا بکەین. ئەمنیش دەمگوت ئەگەر کارە چووکەکان جێبەجێ نەکەین ژێرخانی کارە گەورەکان بنکۆڵ دەبن، شارەگی قەزییەکەمان کە شوناسی کوردییە هەنجن هەنجن دەبێ و لە ئاخیریدا هەموومان دەیدۆڕێنین. ئێوە ڕووداوەکانی ئەم زستانەی شارەکانی فەرانسەتان دیت. ئەوە بە باوەڕی من پێش ئەوەی قەیرانی بێکاری و بێ داهاتوویی و شتی وا بێ، قەیرانی شوناس بوو. بەڵام جیلی ئەوڕۆی فەرانسە قەیرانی شوناسیشی هەبێ، فکر ناکەم ئەو قەیرانە هەڕەشەیەکی حەیاتی لە شوناسی سیاسیی فەرانسەوییبوون بکا. لە حاڵێکدا ئەگەر جیلی ئەوڕۆی کورد قەیرانی شوناسی هەبێ و ئەو قەیرانە تەنیا هۆکار و دەرکەوتی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیشی هەبێ، ئەوە دەتوانی بۆ شوناسی نەتەوەیی و سیاسیی کورد زۆر مەترسیدار بێ. ئەمن جارێ خوێندەوارییەکەم بە پلەیەک نەگەیشتووە کە لە بوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد وەشک بکەوم، بەڵام ئەمنیش دان بەوەدا دەنێم کە شوناسی سیاسیی کورد بەهۆی لەتلەتییەکەی و لەبەر ئەوەی هێشتا بە چاکی لە بێژینگ نەدراوە شوناسێکی زۆر ئاسیبپەزیرە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کوردەکانی تاراوگەش، پێموایە شوێندانانی تاراوگەنشینی لەسەر شوناسی ئەوان شوێندانانێکی پڕ لە پارادۆکسە. دیارە تاراوگەنشینیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە ئەورووپا لەبەر ئەوەی هەروەک عەرزم کردی مێژوویەکی کۆنی نییە، شوێنەوارەکانیشی لەسەر کەلتور و سیاسەتکردنی ئەوان جارێ بە دروستی قابیلی هەڵسەنگاندنێکی یەکجارەکی



سەرچاوە
Serchawe

نین. لەڕاستیدا قسە زۆرتر لە پرۆسەیەکە کە لە حاڵی تێپەڕیندایە و ئێمە جارێ زۆرتر شاهیدی کاردانەوە هەنووکەییەکانین تا دەرەنجامە درێژخایەنەکەی. هەڵبەت فکر ناکەم جۆری شوێنوەرگرتنی کوردەکانی رۆژهەڵات لە تاراوگە شتێکی زۆر تایبەتمەندیش بێ کە بەڕاستی پێویست بێ بەجودا لە کوردی پارچەکانی دیکە یا تەنانەت بەجودا لە موهاجیرانی هێندێک گەلی دیکە چاوی لێبکەین. لە باری کەلتوورییەوە، بەرەوڕووبوونەوەی فەرهەنگی کوردەکانی رۆژهەڵات وەک کوردی پارچەکانی دیکە و هی سەرجەم شەپۆلە کۆچبەرییە تازەکانی میللەتانی دیکە لەگەڵ فەرهەنگی وڵاتانی ئەورووپایی دەرفەتی زەقبوونەوەی جیاوازییە هۆوییەتییە ستروکتورییەکان و تەنانەت جۆرێک لە بەگژیەکدیداچوونەوە و یەکتر فڕێدان بووە. قەیرانی شوناسی کەلتوریی کوردەکانی تاراوگە شتێکە کە تا ئێستا نە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر کراوە نە هیچ دامودەزگایەکیش بە شێوەی سیستەماتیک مشورێکی لە ئاکامەکانی خواردووە. من باوەڕم بەوە نییە کە بۆ ئاسوودەتر ژیان کورد بەگشتی یا کوردی تاراوگە بەتایبەتی پێویستیی بە کلێشە و ستێریۆتیپی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆی هەبێ، بەڵام پێیشم وایە پێویستە کوردەکان هەڵاواردنێکی ئاگاهانەتر و دەستەجەمعیتر بکەن لەنێوان "چاک و خراپ"ی ئەوەدا کە دەبێ لە فەرهەنگی ئەورووپییەکان وەریگرن و "چاک و خراپ"ی ئەوەدا کە دەبێ لە کوردبوونی خۆیاندا بیپارێزن. هەرچی کەلتوری سیاسییشە، ڕەنگە بتوانین هەڵسەنگاندنێکی تۆزێک دڵخۆشکەرتر لە مەسەلەکە بکەین. کوردەکانی تاراوگە بەتایبەتی نوخبەکانیان پاش تێپەڕاندنی ساڵانێک لە وڵاتانی ئەورووپا بە شێوەهایەک لە سیاسەت و سەقافەت ئاشنا بوون کە لە باری سالمبوون و عەقلانییبوون و دیموکراتیکبوونەوە هەزار فرسەخ لەوەی لە ناوچەی خۆمان باوە لەپێشترە. ئەوە تەئسیر وەرگرتنێکی زۆر باش و بەکەڵکە کە سبەیرۆژ ئەوان دەتوانن لە کوردستان بەکاری بێنن و بەم جۆرە بە نۆرەی خۆیان یارمەتی بە سالمسازیی یاریی سیاسی و تەهوییەی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن. چونکە بەڕاستی مەقوولە و ڕەفتارە دیموکراتیک و مەدەنییەکان هەر ئەوەندە بەس نییە مرۆڤ پێیان ئاشنا بێ و لێیان حاڵی بێ بۆ ئەوەی بەڕاستی پیادەیان بکا و ئەگەر بمانەوێ وەک بەرازەکانی ساتیرەکەی جۆرج ئۆروێل نەکەین دەبێ لەنێویاندا بژین و تەمرینیان بکەین و سیکەدانەی هاووڵاتییانەمان رۆژ لەدوای رۆژ فرەوانتر بکەینەوە. ئەگەر لە یەک ڕستەشدا بەتایبەتی باس لە کوردە تاراوگەنشینەکانی رۆژهەڵات بکەم، جیا لە سەرجەم بوارەکان کە هەروەک گوتم لەگەڵ کوردەکانی دیکە زۆر جیاواز نین، شتێکی کە تاراوگەنشینی لە شوناسی سیاسیی ئەواندا زیاتر لە کوردی پارچەکانی دیکە پرسیار و گومانی بۆ خوڵقاندوون مەسەلەی پێوەندیی نێوان هۆویەتی کوردیی ئەوان و ئەو قەوارە سیاسییەیە کە لەتەکەی خاکەکەیانی تێدا هەڵکەوتووە، واتە مەسەلەی "ئێرانیبوون."

ئەوە باسێکە کە زۆری هەڵدەگرێ و لە شوێنی دیکەشدا لەو بارەوە بۆچوونی خۆم دەربڕیوە.

**خالید محەممەدزادە:** کاک ئاسۆ، تاراوگە بۆ زۆر لە میللەتانی بێدەوڵەت شوێنێک بووە بۆ خۆناسین و خۆدۆزینەوە. بۆ نموونە جوولەکە توانی سوود لەم تاراوگەنشینییە وەربگرێ، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە دەرەکییەکانی وەک پاڵشتی

سیاسیی نێودەوڵەتیش. بەڵام دەبینین کە تاراوگە بۆ کورد بەم شێوەیە نەبووە و هیچ کات نەبوو بە شوێنێک بۆ خۆناسین و خۆدۆزینەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بووە بە شوێنێک بۆ توانەوە و ونبوون. هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێننەوە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە**: ئێمە دەبێ شتی قابیلی موقایسە پێکەوە موقایسە بکەین. یەهوودی میللەتێکن کە ئەمڕۆ پشتیوانیی بەربڵاوی نێودەوڵەتییان لێدەکرێ. پشتیوانییەک کە کورد لێی بێبەشە. جیا لەوەش حاڵەتی یەهوودییەکان زاتەن لەگەڵ حاڵەتی کوردەکان زۆر فەرقی هەیە. یەهوودییش وەک کورد تووشی پەڕیوەییبوون و تەنانەت جاری وا بووە لە "تاراوگە"ش هەر سەرکوت کراون. بەڵام مێژووی جێگیربوونی یەهوودییەکان لە هەندەران مێژوویەکی چەندین سەدەیی و بگرە هەزارەیی‌یە. لەلایەکی دیکەوە فاکتەری مەزهەبی بە چەشنێک لەلای ئەوان دەوری هەبووە کە یەهوودییەکان لە هەر کوێوە هاتبن و بۆ هەر کوێ چووبن هەمیشە ئینسجامێکی کۆمۆنۆتاریستی زۆر بەهێزیان تێدا بووە. مێژووی دووروودرێژی دیاسپۆرای جوولەکە بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بۆتە هۆی ئەوە کە ئەوان بەشێکی ڕیشەدار لەو کۆمەڵگەیانە بن کە تێیاندا ژیاون و تەنانەت لە بەخشە کلیدییەکانی هەڵسووڕانی وڵاتیشدا نەخش و نفووزیان هەبێ. جا لەبەر ئەوەی هاوپێوەندیی قەومیشیان بەهێز بووە، ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە سوونەتێکی گەشەکردن و بەخۆوەژیوی کە هەر لە سەرەتاوە هەیانبووە و هەر هاتووە و ئەزموونی زیاتریان تێدا کەڵەکە کردووە، لە ئاخری سەدەی نۆزدەڕا تا ئەمڕۆ زۆر چاک بیخەنە خزمەت قەزیە سیاسییەکەیشیان. ئەسڵەن یەهوودییەکان بە یەکێک لە داهێنەرانی تەکنیکی لۆبیگەری و گرووهی فشار لە توێخی مۆدێرنیدا لەقەڵەمدەدرێن. دیاسپۆرای یەهوودی کە بە تەواوی دنیادا بڵاوبۆتەوە و لەنێو دەوڵەتە هەرە ستراتیژی و بڕیاردەرەکانیشدا حزووری هەیە، چەندین سەدە پێش دروستبوونی کیانی قەومیی ئەوان ساز بووە. لە زێهنی زۆر لە یەهوودییەکاندا خاڵی دەسپێک تاراوگە بووە (هەرچەند ئەمن وشەی تاراوگە بۆ زۆربەی یەهوودییەکان بە دروست نازانم) و خاڵی گەیشتن کیانی قەومی بووە. لە حاڵێکدا بۆ دیاسپۆرای کورد، کە دیاسپۆرایەکی زۆرکەمتەمەن و لە باری ڕێکخستنەوە نوتفەیی‌یە، خاڵی دەسپێک کوردستان بووە و تاراوگە بۆتە خاڵی گەیشتن، چونکە بۆ کوردی تاراوگەنشین کاتی بەجێهێشتنی ماڵ و خاکەکەی لێی نزیکترە و بەرگەهی ڕزگاریی تەواوی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دوورەدەست تر. کەوابوو کەیسی یەهوود ئەگەرچی ئەزموونی زۆری بۆ کورد تێدایە بەڵام کەیسێکی بە سروشت جیاوازە. ئەمن ئەگەر قەرار بێ ئەزموونی تاراوگەنشینیی میللەتێکی دیکە بکەمە خاڵی ڕجووع، زۆرتر چاو لە ئەزموونی ئەرمەنییەکان دەکەم چونکە لە باری ماوەی مانەوەوە لە تاراوگە (ئەگەرچی سێ هێندەی ماوەی مانەوەی کوردەکان لە تاراوگەیە) و لە باری ژمارەی تاکەکانی تاراوگەنشین و هۆکاری جێگیربوون و زەمینەی گەشەکردنیان زۆر لە هی کوردەکان نزیکترە، کەچی بۆ نموونە دەبینین لۆبیی ئەرمەنی لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا لۆبییەکی زۆر کاریگەر و بەهێزە و ئێستاش کۆڵەکەیەکی ئابووریی ئەرمەنستان نەخشی زیرەکانەی ئەرمەنییەکانی تاراوگەیە. لەولایشەوە تاراوگەنشینیی کوردەکان تاراوگەنشینییەکی زۆر سستر و کەمبەرهەم ترە.

**خالید محەممەدزادە:**...سەبارەت بەوانەی تەمەنێکیان لە کوردستان تێپەڕکردووە و دوایە هاتوونە ئەورووپا (بەتایبەتی ژنان)، تۆ بڵێی ئەو قالبسازییە کە کۆمەڵی کوردەواری بەسەریدا سەپاندوون ئەوەندە ڕەوا و سازەندە و ڕەزایەتبەخش بێ کە تێکچوونی بەشێک لە بنەماکانی شایانی ئەوە بێ من و تۆ فرمێسکی بۆ هەڵوەرێنین؟

**ئاسۆی حەسەن زادە:** ئێستا لە بارەی ئەوەدا کە دەفەرموون تاراوگە نەبۆتە جێگایەک بۆ خۆناسین و خۆ دۆزینەوەی کورد بەڵکوو جێگایەک بووە بۆ ونبوون و تووانەوە، ئەگەر ئیجازەم بدەی ئەمن بە جۆرێکی دیکە چاو لە شتەکە دەکەم و پێموایە مەسەلەکە لەوە ئاڵۆزترە کە لە خانەی تەعریفێکی یەگانەدا جێگای بێتەوە. وەک بۆ زۆر مەسەلەی دیکەش هەموو شتێک بەوە بەستراوەتەوە کە ئایا کونجی ڕوانینمان کامەیە، چونکە بەپێی بوار و بەپێی ئەو گۆشەنیگایەی بۆ تێڕوانین هەڵیدەبژێرن ڕەنگە ئاکامگیرییەکان زۆر جیاواز بن. لە باری کۆمەڵایەتییەوە شکی تێدا نییە کە تاراوگە بەشێک لە کوردەکان بەتایبەت لاوەکانی تووشی جۆرێک لە ونبوون و توانەوە کردووە. تازە لێرەشدا شتەکە ڕێژەیییە. باشە ونبوون لە چی؟ توانەوە لە چیدا؟ ستاندال دەڵێ: "نیشتمانی تۆ ئەو شوێنەیە کە زۆرترین ژمارەی لەو تاکانە لێ بن کە وەک خۆت دەچن". ئێمە ساڵی ١٩٩٩ لەسەر داوا و ڕێنوێنیی کاک کەنداڵ نزان لە پاریس یەکێتیی خوێندکارانی کورد لە فەرانسەمان دامەزراند و ئەمن وەک یەکەمین سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرام. هەر لەو سەروبەندەدا سکرتێری لقی لاوانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن (ئەمنێستی ئینترناشناڵ) لە ستراسبورگیش بووم. ئەو دوو ئەزموونە پێیان نیشاندام کە بەڕاستی زۆربەی خەون و حەسرەتەکانی لاوێکی کورد لە هی لاوێکی بێگانە زۆر نزیکترن تا لە هی بەساڵداچوویەکی کورد. لاوێکی کورد کە لە ئەورووپا گەورە بووە یا تەنانەت لە ئەورووپا لەدایکبووە، نە شتێکی ئەوتۆ هەیە لێی ون بێ و نە شتێکی وایش هەیە تێیدا بتوێتەوە. بۆ ئەو ڕەنگە ژیان ڕووبارێکی مەیلەو ئارام بێ کە ئەگەر لاسای قسەی سیاسەتمەدارێک بکەمەوە بەشێکی کەمی بە خڕی ناوزەنگدا ڕۆیشتووە و بەشی زۆری لە کەنارەکانی دانووب تێپەڕیوە. قەزاوەت ناکەم کە داخوا گۆڕینە و ئاراستەکانی ژیانی ئەو لاوە چەندە گونجاون، تەنیا دەڵێم ئەو بۆ زۆر شت وەک هەر لاوێکی دیکەی موهاجر یا تەنانە ئەورووپایی دەچێتەپێش. تەنانەت سەبارەت بەوانەی تەمەنێکیان لە کوردستان تێپەڕکردووە و دوایە هاتوونە ئەورووپا (بەتایبەتی ژنان)، تۆ بڵێی ئەو قالبسازییە کە کۆمەڵی کوردەواری بەسەریدا سەپاندوون ئەوەندە ڕەوا و سازەندە و ڕەزایەتبەخش بێ کە تێکچوونی بەشێک لە بنەماکانی شایانی ئەوە بێ من و تۆ فرمێسکی بۆ هەڵوەرێنین؟ کەوابوو سەرەڕای بوونی زۆر تایبەتمەندیی جوان و بەنرخی کۆمەڵی کوردەواری کە پێویستە نەوەکانی کوردی لە تاراوگە پێ ئاشنا بکرێن و هەوڵی پاراستنیان بدەن، لە باقیی لایەنە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکاندا من بە دروستی نازانم لە گۆشەنیگایەکی سیرفەن کوردییەوە لە مەسەلەی خۆناسین و خۆدۆزینەوەی کورد لە تاراوگە بڕوانین. ئەوەڵەن کێشەکە سیرفەن کوردی نییە، بەڵکو کەلتوری بە مانا فراوانەکەیەتی. پاشان هەوڵی سەپاندنی جۆرێک لە ئاکار و کرداری گۆیا کوردی بەسەر جیلەکانی کورد لە تاراوگەدا نە سەرکەوتوو دەبێ نە بەکەڵکیشە.

ئەوەی لێرەدا بۆ من گرینگە لایەنی سیاسیی خۆناسین و خۆدۆزینەوەی کورد لە تاراوگەیە. ئەوەی کوردەکان لەچاو یەهوودییەکان یا ئەرمەنییەکان تێیدا کەمیان هێناوە، بواری سیاسیی شوناسی کوردییە. کەمهێنانەکەش لە یەکگرتن و نیهادسازی و ڕێکخستندایە نەک لە هەست و نەستی تاکەکاندا. ئەگەر مەوریدی لاو و منداڵە کوردەکانی ئەورووپای لێدەرکەین کە پێویستە بەجیا و ئاگاهانە چاوەدێری بکرێ، بە باوەڕی من تاراوگە بۆ زۆربەی کوردانی تاراوگەنشین ڕێک جێگایەک بووە بۆ خۆناسین و خۆدۆزینەوە. لەبیرمە کاتێک کوردستانم بەجێهێشت زۆر لەمێژ بوو فرچکم بە کوردبوون گرتبوو، بەڵام بەجێهێشتنی کوردستان بوو کە ئەوینی نیشتمانەکەمی بە یەکجاری لە دڵمدا چەسپاند و کردیشی بە قەریحەیەک بۆ ئەوەی دواتر بزانم کە لە سیاسەتیشدا لایەنگری کام جۆر لە کوردایەتیکردن بم. ئەگەر هەتا ئەودەم کوردبوون لە نائاگای مندا بەڵێنێک بوو، خەونێک بوو، سروودێک بوو، شتێکی نامەلمووس بوو، ئەوجار کوردبوون لێم بوو بە زامێک، بە ختووکەیەک، بە شتێکی هەموو ڕۆژی و هەموو کات هەستپێکراو کە دەبوو لە هەناوی لەمەولا بەخەبەری خۆمدا ئیدارەی بکەم. بۆ نموونە لە یەکەمین ڕۆژی سەفەردا بە سەرنجدان بە جیاوازیی گەشەکردن لەنێوان ناوچە کوردییەکان و ناوچە تورکنشینەکانی تورکیەڕا بوو کە زانیم لەو ڕێگایەدا کە پێیدا رادەبردم سنووری کوردستان کوێیە. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا کە لە ئەورووپا بووم یەک ڕۆژیش نەبووە شتێک کوردبوونی خۆمم وەبیر نەهێنێتەوە. هەوەڵەکانی کە تازە هاتبووم، لە هەر جێگایەک فەرهەنگێکم دیتبا یەکسەر دەپەڕیمە سەر ئاخیرەکەی کە بۆ بەشی ناوەکان تەرخان کراوە هەتا لە پیتی "ک"دا بگەڕێم داخوا وشەی کوردستانی تێدایە؟ زۆر فەرهەنگم دەدین کە ناوی کوردستانیان تێدا نەبوو (هەروەک چۆن کە ئەودەمیش هێشتا زۆر کەس هەبوون نەیاندەزانی کورد بەری چ باخێکە و دەبوو بۆیان ڕوون بکەمەوە).

کاتێکیش وشەی کوردستانم لە فەرهەنگێکدا دەدیتەوە، خۆشحاڵییەکی بێسنوور دایدەگرتم، لائیرادی بزەم دەهاتێ، هەر دەتگوت ناوی خۆمیان تێدا تۆمار کردووە! کاتێک چووین بۆ خوولی فێربوونی زمان، ئەو وەجبە بۆرسیەی منی تێدا بووم (بەداخەوە) هەر هەموومان کوڕە سەرکردە و کچە سەرکردە بووین کە لە سێ پارچەی کوردستانەوە هاتبووین. هەر ڕۆژەکانی هەوەڵ لەگەڵ چەند قوتابیی فارس و عەرەب ئاشنا بووین. کاتێک گوێیان لە ئێمە بوو کە لەنێو خۆماندا بە کوردی قسە دەکەین و وشەی فارسی و عەرەبی زۆر بەکار دەبەین، گاڵتەیان پێدەکردین و دەیانگوت وریا بن هەموو شتێکتان لێ حاڵی دەبین، کوردی زمان نییە و لەو قسانە. ئیدی هەر ئەودەم کۆبوونەوەم بە کوردەکان کرد و پێمگوتن کە کاتێک لەلای ئەو زڕخزمانە پێکەوە بە کوردی قسە دەکەن، نابێ یەک وشەی فارسی یا عەرەبیش بەکار بێنن. دوایە کوردییەکەمان ئەوەندە پاراو و داتاشراو ببوو کە زۆر جار بۆخۆمان لە یەکتر نەدەگەیشتین و لە قاقای پێکەنینێمان دەدا... ئەو ڕۆژانە تێگەیشتم کە بانگی "هەر ماوە قەومی کورد زمان" لەلای دوو بیانی و لە تاراوگە زۆر چاکتر دەنگ دەداتەوە تا لەنێو هەزار کورد و لە کوردستان. سەرتاسەری ئەو دە ساڵ و تۆزەی لە ئەورووپا بووم پڕە لە بیرەوەریی لەو بابەتە. دڵنیام ئەزموونی هەموو کوردەکانی تاراوگەیش پڕە لە شتی وا. کەوابوو بە پێچەوانەوە دەڵێم کورد لە تاراوگە چاکتر خۆی دیتەوە و چاکتر خۆی ناسی. ئەگەر سەرنج بدەی ئەو هەستە بەتینە نەتەوەیی و پان-کوردییەی ئەمڕۆ لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بڵێسە

دەدا یەکەم جار لە ئەوروپا گڕیگرت، چونکە لەوێ بوو کە کوردی هەر چوار پارچە بە ئازادی یەکتریان دیت(ەوە) و پێکەوە ئاشنا بوون(ەوە). لە تاراوگە بوو کە بۆ یەکەم جار بێژەرانی دیالێکتە کوردییەکان دەگەڵ هەڤدی بە" سۆرمانجی" ئاخافتن. لە تاراوگە بوو کە ئالای کوردستان تەکسیر کرا. لە ئەمریکا و ئەوروپا بوو کە راگەیەنەی گشتیی جیهانی بە زمانی کوردی دامەزرا. کارم بە بوعدە سیاسی و حیزبییەکەی نییە. تەنیا دەمەوێ بڵێم کە لە باری سیاسییەوە نەک هەر کوردی تاراوگە خۆی لێ ون نەبوو، بەڵکو خۆناسینی ئەوان یارمەتیی بە چاکتر لەخۆحاڵیبوونی کوردەکانی کوردستانیش کرد. ڕادیکاڵترین کوردپەروەرەکانی ئێمە ئەوانەن کە سەردەمێکیان لە تاراوگە تێپەڕاندووە. ئەمن قەت سیاسەت و ئارەزوو تێکەڵ ناکەم. بەڵام بوونی ئەو عونسورە رادیکاڵە کوردییەی پەروەردەی تاراوگە کە هەمیشە لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد شتێک ئەولاتر داوا دەکا بە شتێکی زۆر باش دەزانم، بە مەرجێک کە بزانێ لە کاتە هەستیارەکاندا بەرپرسانە بجووڵێتەوە. ئەوە سەبارەت بە تەشخیسی من لە خۆناسینی سیاسیی کوردەکانی تاراوگە. بەڵام ئەو جێگایەی کە دەبێ هەق بە جەنابت بدەم بریتییە لە عەجزی سەرتاسەریی کوردەکانی تاراوگە بۆ بەهرەبەرداریی بە قەولی فارس بەهینە لەو هەستە بەهێزە نەتەوەیییە. کوردی تاراوگە و لەنێو ئەوانیشدا کوردی ڕۆژهەڵات بەو هۆیانەی ڕەنگە دواتر باسیان بکەین بەداخەوە هێشتا نەیتوانیوە بە جۆرێک بەسەر کۆسپە دابەشکەرەکاندا باز بدا کە شوناسی نەتەوایەتیی خۆی لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بە شێوەیەکی هەمەلاگیر و ڕێکخراو بباتە پێش.

**خالید محەممەدزادە**: لەنێو کوردە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتدا جۆرێک بێبەرنامەیی و لێکترازان و یەکتر قەبووڵ نەکردن دەبینرێ، بە شێوەیەک کە دەتوانین بڵێین شتێک بە ناوی جالییەی کوردی ئێران لە دەرەوەی وڵات بوونی نییە، هۆکاری ئەمە چییە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە**: جالییە هەیە، بەڵام لۆبیمان نییە. شەرمەندەم کە لە وڵامەکانمدا ناچارم شتەکان فراوانتر چاو لێبکەم و هەر باسی "کوردی ئێران" نەکەم. دەردەکە هەر دەردی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، دەردی هەموو کوردە. تۆ هەر بەشێکی کوردستان بگری یان لە ئاستی پێوەندیی نێوان هەموو پارچەکانیشدا چاوی لێ بکەی سەرنج دەدەی کە بێبەرنامەیی و لێکترازان و یەکتر قەبووڵ نەکردن لەنێوان ڕۆڵەکانیدا هەر هەیە. باسی یەهوودییەکانمان کرد کە خاوەنی فاکتەرێکی بەهێزی ئینسجامبەخشن. دوو کورد لە هەر کوێ تووشی یەکتر بن کوردبوونەکەیان لێکیان نزیک دەکاتەوە، بەڵام کوردبوونی ئەوان ئەگەر لە باری عاتیفییەوە گرێدەرە، لە باری ڕوانین و لە مەیدانی کردەوەدا هێندەیش ئینسجامبەخش نییە، چونکە تەفسیرەکانیان لە کوردبوون و کوردایەتی هەمیشە وەک یەک نین. من هەرسێکی ئەو ئاوەڵناوانەی جەنابت لە پرسیارەکەتدا هێناوتن لە پەرش و بڵاویدا خولاسە دەکەمەوە. کار و هەوڵ و پرۆژە زۆرن، تەنانەت هێندێکیان هاوبەشیشن، بەڵام لەسەریەک پەرش و بڵاون و بوردیان کەمە. سەرچاوەی سەرەکیی ئەو پەرش و بڵاوییەش بەر لە هەموو شتێک دابەشبوونی کوردستانە. بە باوەڕی من ئەگەر هەر ئەوڕۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی

دابمەزرێ و قەڵەمڕەوەکەشی تەواوی خاکی کوردستان لە هەر چوار پارچە بێ، شوێنەوارەکانی دابەشکرانی کوردستان هەتا سەت ساڵی دیکەیش بە تەواوی لاناچن. ئەوە هەندیکاپێکە کە کورد بۆوەی بتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ دەبێ فێر بێ لەگەڵی بژی. دیارە خوێندنەوەی تەنیا مێژوویی دیاردەکان قەت ئەمن ڕازی ناکا و سازکردنی عوزرێکی موتڵەق و ئەبەدییش لە دابەشبوونی کوردستان بە ڕێگەچارەیەکی زۆر ئاسان دەزانم و پێم دروست نییە. بە باوەڕی من زۆر شتی دیکە لەو کێشەیەدا دەخیلن کە هێندێکیان سروشتێکی ستاتیکیان هەیە و هێندێکیشیان ئەوڕۆیین. کورد بە سروشت بنیادەمێکی سەرکێشە. مرۆڤێک کە هەورامانتەختی دەستەمۆ کردبێ ڕەنگە هەروا ئاسانیش بە چوارچێوە خۆکردەکان دەستەمۆ نەکرێ. هۆکارێکی دیکە کە دەیبینم ڕێکەوتێکی مێژووییە کە ئەمن لەو لایەنەوە زۆرتر وەک بەدشانسیی کورد چاوی لێدەکەم. ئەویش ئەوە کە ئەو سەردەمەی ئێستا کە کورد تێیدا بە شێوەیەکی چارەنووسساز هەستاوەتە سەر پێ، سەردەمی هەموو کۆمپلێکسەکانە، سەردەمێکە کە دەتوانین ناوی بنێین سەردەمی فرەچێتی یا تەعەددود و کیسەرەت گەرایی لە هەموو شتێکدا، لە کێشەکاندا، لە حەزەکاندا، لە ئامانجەکاندا، لە شوناسەکاندا، لە دەرفەتەکاندا، لە قەڕائەتەکاندا، لە هەرچی بتەوێ. ئەو تەعەددودە وای لە بنیادەمی ئەمڕۆ کردووە کە دەتوانێ دەستی وە هەموو شتێک ڕابگا و پێیوایە هەموو شتێکی پێدەکرێ، بەڵام هەر لەو کاتەدا هەموو شتێک لەچاو جاران ئاڵۆز تر و پڕتەگەرە تر و پڕ دەردیسەر ترە. جا ڕەنگە ئینترپرایزی نەتەوەیی تەنانەت لە شکڵە فەرهەنگییەکەیدا لە سەردەمی ئاوادا و ئەویش لە پێوەندی لەگەڵ گەلێکی وەک گەلی خۆماندا زۆر ئاسان نەبێ. کە چاو لە ئەزموونی گەلانی دیکە دەکەین کە کیانی خۆیان دامەزراندووە یان بە ئازادی گەیشتوون، دەبینین کە ئەگەر "یانسیب"ی مێژووشیان بۆ دەرنەچووبێ و لە سایەی فاکتەرە دەرەکییەکانیشەوە لەپڕێک نەبووبن بە کوڕێک، لانیکەم لە هەنگاونانی خۆیاندا نەکەوتوونەتە بەر ڕەهێڵەی ترازێنەری ئەو فاکتەرانەی ئەمڕۆ ئینسجامی بەشەری لە هەر چوارچێوەیەکدا لاواز دەکەن.

**خالید محەممەدزادە:** باشە ئەحزابی کوردی لەو پێوەندییەدا دەتوانن چ ڕۆڵێکیان هەبێ؟ ئایا ئەوان تا چەندە دەتوانن ئەم درزەی نێوان کوردەکانی دەرەوەی وڵات پڕ بکەنەوە و بۆچی نەیانکردووە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە:** ئەساسەن ئەمن پێموایە مرۆڤی کورد دەبێ ئەو فکرە لە مێشکی خۆی وەدەرنێ کە هەرچی کارە هەر بە حیزبە کوردییەکان دەکرێ یان ئەگەر قەرار بێ کارێک بکرێ دەبێ بێ ئەملا و ئەولا بە کەناڵی پارتە سیاسییە کوردییەکاندا تێپەڕێ. ئەگەر ڕاستە کە لە کوردستان بەداخەوە بەبێ پشتیوانی یا هەر نەبێ ئۆکەی حیزبەکان کەم پرۆژە سەردەگرن، خۆ تاراوگە و ئەورووپا کوردستان نین کە ئەحزاب موخاتبی ئەرجەحی دامودەزگا دەوڵەتییەکان بن. حیزبە کوردییەکان بۆخۆیشیان لە تاراوگە هەر ناچارن نیهادگەلێکی غەیرە سیاسیی خاوەن کەسایەتیی حقووقی دابمەزرێنن بۆ ئەوەی بیانکەنە تەرەف مەعامەلەی نیهادە دەوڵەتییەکان. بەگشتی چ لە کوردستان و چ بەتایبەتی لەو تاراوگەیەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، پێویستە مرۆڤی دڵسۆز و شارەزای کورد ئەمڕۆ متمانەی بە هێزی خۆی و خەللاقییەتی خۆی هەبێ و

هەستی ئینیسیاتیڤ (ئیبتکار) لە خۆیدا پەروەردە بکا.

ڕاستە سیاسەت کاتالیزۆری هەموو شتێکی کۆمەڵە، بەڵام کۆمەڵگەیەکی بەختیار و پێشکەوتوو زۆر زیاتر و ئەولاتر لە سیاسەتی پێویستە. لێوەشاوەترین و بەرپرسیارترین سیاسەتمەدارەکانیش لە کۆمەڵێکی خەولێکەوتووی دەست و پێ سپیلکەدا دەبن بە ئۆلیگارشییەکی گەندەڵی بێتەحەممول. بۆ زۆر کار و پرۆژە لەسەر ئەحزاب پەک نەکەوتووە. زۆر کار و پرۆژە هەن تەنانەت ئیشی ئەحزاب نین. بۆ نموونە سازکردنی سیستەمێکی فێرکاریی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی وڵاتانی تاراوگە بۆ منداڵانی کورد لە چوارچێوەی مەنهەجێکی زانستیی یەکدەستدا کە دەوڵەتانی ئەوروپایی تەمویلی بکەن کارێکی یەکجار پێویست و حەیاتییە. من زۆر خەم بەوەوە ناخۆم کە پەنجا ساڵی دیکە نەوەی سێیەمی کورد لە تاراوگە لە ژیانی تاکەکەسیی خۆیدا گوزینەکانی کامانە دەبن، هەستان و دانیشتنە کۆمەڵایەتییەکەی کوردی دەبێ یا کوردی نابێ، مادام نەوەیەکی سالم و سەرکەوتووی لێدەرچێ. لە عەوەزدا زۆر بۆم گرینگە کە ئەو نەسلانەی دوایە کە دێن بە کوردی قسە بکەن و بخوێننەوە و بنووسن و مێژووی میللەتی خۆیان بناسن و هەستی نەتەوەییان ئەوەندە تێدا بەهێز بێ کە لە سەرکەوتنە جۆربەجۆرەکانیان لە بواری هاوگونجی (ئینتێگراسیۆن)دا بە قازانجی قەزیەی سیاسیی میللەتەکەشیان کەڵک وەربگرن. جا بۆ نموونە ئەو ئەمرە گرینگەی خوێندنی کوردی شتێکە کە دەکرێ لە دەرەوەی ئەحزابیشدا جێبەجێ بکرێ. کورد لە دەرەوە کەسانی پسپۆڕ و دڵسۆزی زۆرە ئەگەر زۆرتر بێنە مەیدان و چاکتر قۆڵ لە بەجێگەیاندنی ئەرکە مەدەنی- نەتەوەییەکانیان هەڵماڵن. من تەنیا کەمایەسییەکی تێیاندا دەبینم ئەوەیە کە ئیستعدادی وێکحاوانەوە و پێکەوە کارکردنیان کەمە. زۆر جار دەبینی لە بوارێکی زۆر گرینگ و "پیرۆز"دا پرۆژەیەکی گەورە و هیوابەخش وەڕێخراوە، کەچی دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن یەک، دوو کەسەوە یان ڕکەبەرییەکی ناسالم و تەنانەت گوێپڕووچکێنەیەکی لەسەری ساز بووە بۆتە هۆی شکست یان هەر نەبێ کەمتر سەرکەوتنی پرۆژەکە. زۆر بواریشمان هەن کە بەڕاستی هیچیان بۆ نەکراوە. بۆچی دەبێ ئەلحەیات و شەرقولئەوسەت لە هەموو کیۆسکێکی شارەکانی تاراوگە هەبن بەڵام بۆ دەرمانیش کورد تاقە یەک دانە ڕۆژنامەی کوردیشی لە ئەوروپا نەبێ؟ ئایا هەتا کەنگێ کوردی تاراوگە لە بوونی ڕایەڵکە خزمەتگووزارییە سەرتاسەرییەکان کە هی خۆی بن بێبەش بێ؟ ئایا بەڕاستی بە قازانجە کە هاوکات لە هەمان پێتەختی ئەوروپاییدا چەندین نوێنەرایەتیی کوردی (چ ئەوانەی سیاسیین و چ ئەوانەی فەرهەنگیین) ئیددیعای ئەوە بکەن کە نەخشی سەفارەتی کوردستان یاری دەکەن؟ بۆچی دەبێ کوردی تاراوگە نەتوانێ سیستەمی کۆپێراتیف (هەرەوەزی) لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێناندا دابمەزرێنێ و بە کوردی لەسەر بەرهەمەکانی بنووسێ؟ ئایا بەڕاستی ئیمکانی ئەوە نییە کە کورد بۆخۆی و بە دامودەزگا و ڕێکخراوەی خۆیەوە لەگەڵ دیاردەگەلی وەک توندوتیژیی نامووسی خەبات بکا و زێهنییەتەکان تێکهەڵشێلێ و دیالۆگێکی بەسوود لەنێوان نەسلەکانی تاراوگەنشینیدا جێگیر بکا؟ چما ئەوروپییەکان لە خۆمان باشتر ئێمە دەناسن؟



سەرچاوە
Serchawe

سەبارەت بە نەخشی حیزبەکانیش لەو نێوەدا بەڕاستی بە پێویستی نازانم بە شێوەی تایبەتی باسی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بکەم. مەسەلەکە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە. یا باسی شتی سیرفەن سیاسی و حیزبی دەکەین یا مەبەستمان کاری نەتەوەیی بە مانا گشتییەکەیەتی. لە حاڵەتی یەکەمدا کار کاری حیزبەکانە و دەبێ کوردەکان ڕێخۆشکەر و یارمەتیدەر بن، لە حاڵەتی دووەمدا کار کاری کوردەکان خۆیانە و دەبێ حیزبەکان ڕێخۆشکەر و یارمەتیدەر بن. ڕاستە کە لە تاراوگەش حیزبەکان و خەڵک زۆر ئاسان لێک جیا ناکرێنەوە. مەبەستی من چوارچێوەیە: کەسێک دەتوانێ لە چوارچێوەی حیزبەکەشیدا کاری سیاسی بکا و لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەشدا خزمەتی میللەتەکەی بکا. سەبارەت بە کارە حیزبییەکان، من پێموایە وێڕای گوێڕاگرتن و ئیلهاموەرگرتن لە خەڵکی تاراوگە، پارتە سیاسییە کوردییەکان دەبێ هەوڵ بدەن چ لە ئاستی هەر پارچەیەکدا و چ لە ئاستی سەرتاسەریی کوردستاندا پێوەندی و هاوکارییەکانیان لە تاراوگە بە چەشنێک نەهادینە بکەن کە بە قازانجی چوونەپێشی هەموو مەسەلەی کورد تەواو بێ. ئەحزابی کوردی بۆ ئەوەی لە دەرەوەی وڵات پێکەوە هاوکاریی گەورەتر و چارەنووسیتریان هەبێ و بۆ ئەوەی لەلای بێگانەکان یەکقسە بن قەت لەسەر ئەوە پەکیان نەکەوتووە کە هەموویان هەمان ستراتیژیی سیاسی تاقیب بکەن. ئێرە کوردستان نییە؛ زۆر شت هەیە کە لە تاراوگە بە جۆرێکی دیکە مەترەحە. بە باوەڕی من شکستی هێندێک ئەزموونی وەک کۆنگرەی نەتەوەیی و شتی لەو بابەتەش نابێ پارتە پێشڕەوە کوردییەکان لە هەوڵی دامەزراندنی نیهادگەلێکی نەتەوەیی هەمەلاگیر هەڵگێڕێتەوە. کوردی پارچە جۆربەجۆرەکان ئەگەر بۆ دەوڵەتی کوردییش خەبات نەکەن هەر دەبێ پێکەوە فۆرومێک، شتێک ساز بکەن. لەبەر ئەوەش کە تا ئێستا تەنیا پارچەیەکی کوردستان ئازاد کراوە، بەبێ شک مەیدانی ئەسڵیی کار و تێکۆشانی ئەو جۆرە نیهادانە هەر تاراوگە دەبێ. یەکێک لە خەونەکانی من ئەوەیە کە لەگەڵ نوخبەی کوردییەکانی دەرەوەی وڵات، ئەوانەی هێشتا حیزبایەتی ئاسۆی بیر و کردەوەی تەواو تەسک نەکردوونەوە، بتوانین ئێنجیۆیەکی موعتەبەر ساز بکەین کە لە فۆرومە نێونەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتیی یەکدەستی کورد بکا و سیغەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژێک کورد لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لانیکەم کورسیی چاوەدێری پێ ببڕێ، وەک چۆن گەلانی بوومیی دنیا هەیانە. دووپاتی دەکەمەوە ئەوە کە ئێمە لە ئاستی بۆ نموونە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا یا هەموو کوردەکاندا پرۆژەیەکی گەورەی نەتەوەیی وەرێخەین یان کار بکەین بۆ پەرەپێدانی ڕووحی نەتەوەیی -کە مەرج نییە تەنیا بە مانای سەربەخۆییخوازییش بێ- ئەمە هیچ لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە هەر کاممان لە پارتێکی سیاسیی کوریدا کار بکەین لە دژایەتیدا نییە. ناڵێم شتی وا قەت ئیستکاک ساز ناکا، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو دوو شتە زاتەن ناساز نین. ئەوە سەبارەت بە شتی سیاسی. سەبارەت بە شتی دیکەیش کە سیرفەن سیاسی و حیزبی نیین بەڵام ڕاندومانی نەتەوەییان ئەگەر لە شتی سیاسی و حیزبی زیاتر نەبێ کەمتر نییە، هەروەک عەرزم کردی قەتیسهێشتنەوەی هەوڵی لەو بابەتە لە چوارچێوەی ئەحزابدا بە کارێکی هەڵە و مەحکوم بە شکست دەبینم. حیزبەکان لەسەریانە کە نەک هەر ئیبتکارە سەربەخۆیەکان بۆخۆیان نەقۆزنەوە، بەڵکو بۆخۆیان دەسپێشخەر و ڕێنیشاندەری خەڵک لەو بوارانەدا بن. هەربۆیە ئەگەر دۆستایەتی و پێوەندیی نێوان حیزبەکان نەهادینە بکرێن، شانسی سەرکەوتنی ئینیسیاتیڤە نەتەوەییە غەیرە حیزبییەکانیش زیاتر دەبێ.

**خالید محەممەدزادە**: وەک دوایین پرسیارم، پێم باشە بپرسم پێشنیاری ئێوە سەبارەت بە باشتر بەکارهێنانی تاراوگەنشینی لە سیاسەتی کوردیدا چییە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە**: قەت کەس بە ڕووک بوون نەمردووە. با ئێمەش خەت لەبن شتێک بدەین. بەگشتی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد قەت لە بەرامبەر تاراوگەنشینیدا سیاسەت و بەرنامەیەکی ڕوونی نەبووە. وەک بۆ زۆر شتی دیکە، لەوەشدا هەڵوێستەکان زۆر جار هەڕەمەکی و لە کورتخایەندا بوون. دوورمان نەڕوانیوە و تەنانەت جاری وا بووە بەدەستی خۆمان دیاردەی ڕۆیشتن بۆ تاراوگە و تاراوگەنشینیمان کردووە بە فورسەت و بیانوویەک بۆ جێگیرکردنی کەشی بێوەفایی و ئەمەگنەناسی. دیارە ئەو مەسەلەیە هۆکاری زۆرن و نایشتوانم زۆر خۆمی لێ بدەم. ئەگەر کەیسی کوردەکانی باکووری کوردستانی لێدەربکەین کە لەوێ کۆچبەری بۆ دەرەوەی وڵات مێژوو و سروشت و حەجمێکی جیاوازی هەیە، بەداخەوە زۆر جار تاراوگەنشینی هۆکارێکی ونبوونی زمانی هاوبەش لەنێوان تاراوگەنشینان و سەرکردایەتیی سیاسیی کورددا بووە. ئەمن هەمیشە ترسی (ڕاستی یا بە قەستیی) ئەو کەسانەم کە دەیانگوت "ئەگەر ئاوا بڕوا هەتا بیست ساڵی دیکە کوردستان یەک کوردی تێدا نامێنێ" پێ ترسێکی بێبنەما و پێکەنیناوی بووە. ئەو قسەیە هەمیشە تیۆرییەکەی مالتووسی ئابووریزانی وەبیر من دەخستەوە کە مەرگ و میری دانیشتووانی ڕووی زەویی بە شانسێک لەقەڵەمدەدا بۆ ئەوەی بەرەکەتەکانی سەر ڕووی زەوی بەشی هەموو لایەک بکا! بە باوەڕی من بوونی دیاسپۆرای کوردی بەتایبەتی لە ئەورووپا و لە ڕۆژئاوا بەگشتی نەک هەر شتێکی خراپ نییە بەڵکوو دەکرێ زۆریش بەکەڵک بێ ئەگەر ئێمە بزانین دیاسپۆرایەکی چالاک و لێزان و نیشتماندۆست پەروەردە بکەین. دەڵێن "هیوایەک ئەگەر هەبێ ئەو هیوایە لە تاراوگەڕا دەگەڕێتەوە". بەخۆشییەوە جیلی ئەمڕۆی دانیشتووی کوردستان زۆر وشیار و لێهاتوویە و ئەگەر ئێلیتی حاکمی خۆماڵی بە باشی دەرفەتەکەی پێکبێنێ دەتوانێ لە داهاتووی نزیکدا کوردستان بکاتە ژینگەیەکی تەواو سەردەمییانە. بەڵام کوردەکانی تاراوگەیش شتیان زۆر پێیە و چ لە کوردستان و چ لە تاراوگە دەتوانن هێزی ئینسانیی خۆیان بە باشترین شێوە و بە چەشنی جۆربەجۆر بۆ خزمەت بە مەسەلە ڕەواکەمان بەکاربێنن. بەوێنەی زۆر شتی وەک مەسەلەی ئەندامەتیی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا، بوونی دیاسپۆرای کوردیش لە ڕۆژئاوا فاکتەرێکی حاشاهەڵنەگری بەنێونەتەوەییکردنی دوفاکتۆی مەسەلەی کوردە. جا ئەگەر کوردەکان و پارتەکانیان بزانن ئەو هێزە ئینسانییە باشتر ڕێکخەن، نەهادسازیی بۆ بکەن، پلانی درێژخایەنیان بۆی هەبێ، ئەو دیاسپۆرایە لە تاراوگە زۆر بەکەڵکتر دەبێ تا ئەوەی بگەڕێتەوە کوردستان. بەڵام لەو لایشەوە دەبێ ئاگامان لەوە بێ کە بەدەستی خۆمان کوردستان لە نوخبەکان تەسفیە نەکەین و نەک هەر دەبێ پێش لە هەڵاتنی مێشکەکان بگیرێ، بەڵکو دەبێ زۆر زیاتر لە ئێستا نوخبە کوردییەکانی تاراوگە بۆ گەڕانەوەی یەکجاری و بۆ خزمەتی دایمی بە گەلەکەمان هان بدرێن. کەوابوو شێلگیرترین هەنگاو بۆ باشتر بەکاربردنی تاراوگە لە سیاسەتی کوردیدا ئەوەیە کە بە جۆرێکی دیکە چاو لە تاراوگەنشینی بکرێ. من ناڵێم دەورانی شۆڕشی شاخ تازە بۆ هەمیشە چۆتە نێو ئالبۆمی وێنەکانمان، بەڵام لەگەڵ هەموو ڕێز و ستایشێک کە بۆ فیدراکارییەکانی نەسلی پێش خۆم قایلم، پێم وایە ئێمە چی دیکە نابێ قودسیەت و

شەرعییەتی شۆڕشگێڕی بکەینە چاویلکەی خوێندنەوەی هەموو شتێک. وەکی دیکەش فکر زۆرن، قسە زۆرن، پێشنیاری چاکیش هەموو کەس دەتوانێ بیکا. بەڵام قسە لەوەیە داخوا چەند کەس حازرن جێبەجێیان بکەن و چەندەیش ڕێگایان پێدەدرێ جێبەجێیان بکەن. لە تاراوگە زۆر کەناڵی حقوقی، دیپلۆماسی، مێدیایی و... هتد هەن کە کوردەکان هەر بەتاقیشیان نەکردوونەوە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەمن لەوە کە داخوا لە کورتخایەندا سیاسەتی کوردی چەندە کوردی تاراوگە بە کوڕی شایستەی خۆی قەبووڵ دەکا زۆر نیگەران نیم و هیوام هەیە کە لە ماوەیەکی کەمدا تاراوگە زۆر زیاتر لە ئێستا دەبێتە مەیدانی پڕسەرکەوتنی بزاڤی سیاسیی هەموو کورد. بەڵام دڵنیا نیم کە لە درێژخایەندا کورد بەگشتی لە ئەزموونی تاراوگە وەک شانسێک و وەک بەستەرێکی بەرێز بۆ ساغکردنەوە و پەرەپێدانی شوناسی خۆی کەڵک وەربگرێ. هیوادارم ترسەکەم ترسێکی بێجێ بێ. نابێ لەبیرمان بچێ کوردستانیش ئازاد بێ، تاراوگەنشینی هەر درێژەی دەبێ.

سەرچاوە: ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠٠٦

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەگەر ئەمن شانازی یەکم بووبێ ڕەنگە ئەوەبێ کە شاگردێکی بە وەفای دوکتۆر قاسملوو بووم.



**قاسملوو چۆن ژیا....؟ گفتگۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.**

ڕۆژێکی گەرمی هاوینی ١٩٨٩ بوو کە هەواڵی تیرۆر کرانی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو لە ناخەوە عەبدوڵڵای حەسەن زادە ی هەژاند. ئەو هەر لەو ساتەوە دەرکی بەوە کرد کە تێپەڕاندنی ئەم کارەساتە گەورەیە بۆحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا کارێکی ئاسان نابێت و زۆر چاکیش دەیزانی کە کوشتنی کەسایەتی یەک لە قەبارەی قاسملوو تا ئایندەیەکی نادیار سایەی شوومی بە سەرحیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردیش دا دەکێشێ و جێ پڕکردنەوەی گەلێک ئەستەمە. چونکە قاسملوو یەکێک بوو لەو سەرکردە کارامە و پراگماتیستە دەگمەنانەی کورد کە بە زیاتر لە هەشت زمان دەدوا و تۆڕێکی پێوەندیی چرو پڕیشی لە پێوەندیی دیپلۆماسی و لەگەڵ دەیان سیاسەتمەدار و ئەکادیمیی و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهان چێ کردبوو. ١٧ ساڵەی کۆچی د. قاسملوومان بە دەرفەت زانی کە لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە لەم بارەیەوە بدوێین، چونکە هیچ گۆمانم نەبوو کە ئەو دەتوانێ زۆر شتی تازەی لە سەر د. قاسملو پێ بێ و پێش بینی یەکەی ئێمەش وەڕاست گەڕا و ئەم دانیشتنەی ئێمەش ئەم دیمانەی لێکەوتەوە کە زۆر شتی تازەی لە خۆ گرتوە:

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا با لە ماڵەباوانی د. قاسملووەوە دەست پێ بکەین، دایک و باوکی قاسملوو کێ بوون و کەی و لە کوێش لە دایک بووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: باوکی د. قاسملوو "موحەممەدئاغای وسووق" یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی ناوچەی ورمێ و بەتەعبیری قەدیم لە فیئۆداڵەکان و ئاغایەکی گەورە" بووە و تایفەیەکی گەورەش بووە، دیارە ناوی "قاسملوو"ش لە کوڕ و کچەکانی موحەممەدئاغای وسووقەوە هاتوە، گوندەکەشیان ناوی گوندی قاسملوویە کە لە دۆڵی قاسملووش هەڵکەوتوە، بۆیە

ئەو ناوە لەوەڕا هاتوە، ئەگینا با ب و باپیری قاسملوو ئەو ناوەیان لە سەر نەبووە.

**خالید محەممەدزادە:** ئێستا ئەو بنەماڵەیە کێ یان لە ژیان دا ماون و لە کوێن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دیارە دوو برای ماون. یەکیان برای هەرە گەورەیانە کە ئەندازیار حوسێن قاسملوو ناویەتی کە ڕەنگە تەمەنی ئێستا لە نێوان ٨٥ تا ٩٠ سالدا بێ، چونکە زۆر گەورەتر بوو لە دوکتۆر قاسملوو.. دوکتۆر قاسملوو ئێستا ئەگەر مابایە، تەمەنی ٧٦ ساڵ دەبوو. ئەوی دیکەشیان دوکتۆر عەلی قاسملوویە کە دوکتۆری لابراتوار لە ئێرانە و پێموایە ئێستاش لە ورمێ ئازمایشگای هەبێ.

**خالید محەممەدزادە:** ئەی دوکتۆر قاسملوو چەند منداڵی هەن و ئێستا منداڵەکانی لە کوێن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** جارێکیان نووسیبوویان کە قاسملوو ناوی منداڵەکەی لنینە! بۆیە ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی لێدەپرسی ڕاستە ئەتۆ کوڕەکەتت ناو ناوە لنین؟ ئەویش دەڵێ ئەمن هەر کوڕم نیە تا ناوی لنین بێ!. قاسملوو دوو کچی هەن. یەکیان ناوی "مینا"یە کە گەورەکەیانە. مێردی کردوە بە پیاوێکی سوئیدی کە ماوەیەک لە سوئید دەژیا، بەڵام ئێستا نیشتەجێی پراگ پێتەختی چێکە. مێردەکەی تیجارەتی دار و تەختەی دەکرد و ئێستا لە پراگ دەژی. سێ کوڕی هەن لە مێردەکەی. کچەکەی دیکەشی ناوی "هیوا"یە. ئەویش مێردی کردوە و مێردەکەشی سوئیدی یە. کچێکی هەیە کە ڕەنگە ئێستا تەمەنی ٢٥ ساڵ بێ. خۆی و کچەکەی ئێستا لە فەرانسە دەژین. هەم بۆ خوی سەڵتە و هەم ئەوەندەی من بزانم کچەکەشی مێردی نەکردوە. دیارە پێکەوەش ناژین، دایکی لە پاریس دەژی و ئەویش لە شارێکی دیکەی فەرانسەیە.

**خالید محەممەدزادە:** ئەی دوکتۆر قاسملوو چۆن ئاشنا دەبێ لە گەل هێلین قاسملوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێموابێ هێلین خانم کە پێی دەڵێین نەسرین بۆخۆی باسی کردوە، لە وتووێژێک دا. لە زانکۆ پێکەوە ئاشنا دەبن و لە پاشان بڕیاری ئیزدواج دەدەن.

**خالید محەممەدزادە:** ئەی ئێستا نەسرین قاسملوو لە کوێیە و کاری چیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نەسرین خانم کە د. قاسملوو شەهید بوو مایەوە و مێردی نەکردەوە. ئێستا ڕەنگە ٧٥ ساڵ تەمەنی هەبێ. بەهەرحاڵ ماوەیەک لە پراگ دەژیا لە بەر کچەکەی، خۆشی دیارە خەڵکی پراگە. پاشان گەڕایەوە پاریس و دوو سێ ساڵ لە پاریس ژیا. بەڵام ئەو سەفەرەی بۆمی باس کرد کە دەگەڕێتەوە پراگ و ڕەنگە بۆ هەمیشە لە پراگ بمێنێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**خالید محەممەدزادە**: باشە پێوەندیی ئەو بنەماڵە یە لە گەل بزووتنەوەی کوردستان چۆنە؟ ئایا دانەبڕاون؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: وەک دابڕان پێم وانیە. کچەکانی لە پێوەندیی لە گەڵ حیزبی دێموکرات دا تێکۆشانێکیان نەبووە. نەسرین خانم ئیجگار زۆر زەحمەتی بۆ حیزبی دێموکرات کێشاوە. ماوەیەکی زۆر لە تاران بووە، لە عێراق بووە، بە تەنیا ژیاوە و بە نهێنی ژیاوە. زۆر کاری بۆ حیزبی دێموکرات کرد. ڕەنگە خەڵک نەزانێ ئەو ئارمەی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستکردی نەسرین قاسملوویە. چونکە خانمێکی دەست ڕەنگین و بەهرەمەندە، یان تەڕڕاحیی سەر کتێبەکەی دوکتۆر قاسملوو، کتێبی "کوردستان و کورد"یش تەرحی نەسرین قاسملوویە. ماوەیەکی زۆر سەرپەرستی ئەموال و دارایی حیزبی دێموکرات بوو. دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو کە هێندێک ئیشکالات هاتە پێشێ و کارەکە بوو بە ئۆرگانی، لە دەستی دا نەما. پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەرماوە. بەڵام ئەگەر بلێم ئەو پێوەندی یە وەک جاران گەرمە، ڕەنگە موبالەغەم کردبێ. پێوندی یەکەی زیاتر پێوەندی یەکی عادی و لە گەل هێندێ کەسیش لە نێو حیزبی دێموکرات دا پێوەندیی دوستانەی ماوە.

هەروەها هێندێ کاری دیپلوماتیمان لە ڕێگای ئەوەوە دەبوو. پێوەندیی حیزبی دێموکرات لە گەل دانیەل میتران و تەنانەت پێوندیی کورد لەگەڵ دانیەل میتران بێ تەئسیر نیە لە کار و تێکۆشانی نەسرین خانم. چونکە ئاشنایەتیی دوورودرێژیان پێکەوە هەیە. لە گەل زۆر کەسایەتیی دیکە پێوەندیی بۆ حیزبی دێموکرات پێک هێناوە. ئەویش زمان باش دەزانی و کوردییش دەزانێ و فارسی یەکی باشیش دەزانێ، کە قسە دەکا غەیرە فارس نازانێ کە فارس نیە.

**خالید محەممەدزادە**: دوکتۆر قاسملوو نووسین و کتێبی هەیە کە تا ئێستا بڵاو نەکرابێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: پێموانیە شتێکی وای هەبێ کە بڵاو نەکرابێتەوە.

**خالید محەممەدزادە**: ئەی کتێبی"چل ساڵ خەبات" گوایە بەرگی سێیەمەکەی بە فەرانسەیی بلاو کراوەتەوە ئەوە ڕاستە؟

**وەڵام**: چل ساڵ خەبات" بۆ خۆی لە پێشەکی یەکەدا باسی دەکا کە ئەو کتێبە سێ بەرگ دەبێ. بەرگی یەکەمی بڵاو کردەوە لە جێژنی ٤٠ ساڵەی حیزب دا. بۆیە ناوی نابوو "چل سال خەبات". بریار وابوو دوو بەرگی دیکەی دواتر بنووسێ. بە داخەوە بەرگی دووهەمیشی بۆ تەواو نەبوو. تەنیا دوو فەسڵی نووسی، بە داخەوە شەهید بوو کە دوای شەهیدبوونی ئەو دوو فەسڵە وەک بەرگی دووهەم چاپ کرا.

**خالید محەممەدزادە**: ئەی مامۆستا نووسینی هەیە بە زمانەکانی دیکە کە نەکرابێ بە کوردی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: (وتاری زۆرن بەڵام وەک کتێب) پێم وانیە هەبێ.

**خالید محەممەدزادە**: باشە تۆ چۆن وەسفی د. قاسملوو دەکەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: باشترین شت ئەوەیە بڵێین دوکتۆر قاسملوو ئینسان بوو. دوکتۆر قاسملوو ئەو رستەیەی لە بارەی زۆر کەسەوە دەگوت کە دەیگوت" نە فرشتەیە و نە شەیتانە بەڵکوو ئینسانە". قاسملوو ئینسانێکی گەورەبوو و بە دیدێکی ئینسانی یەوە تەماشای هەموو شتێکی دەکرد. بەڵام قاسملوو ئینسانێک بوو کە ئێستاش تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی دەبێ لێوەی فێر بن. پیاوێکی بە فەرهەنگ، ئەهلی خوێندنەوە، زۆر زانا بوو. بە قەد سەد کەسی وەک ئێمەی دەزانی، بەوحاڵە بە قەد سەدان کەس لە ئێمە موتاڵای دەکرد، هەمیشە لە حاڵی فیربوون دا بوو.

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب کێ نووسیویەتی تۆ یا دوکتۆر قاسملوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەگەر ئەمن شانازی یەکم بووبێ ڕەنگە ئەوەبێ کە شاگردێکی بە وەفای دوکتۆر قاسملوو بووم. لە کونگرەی دوودا بەرنامە و ئەساسنامەیەکمان هەبوو کە زۆر دورودرێژ بوو بەڵام لە ئاستی سیاسی دا بە ڕاستی نزم بوو. ۱۹۷۰ کە جارێکی دیکە هاتینە سەر ئەو باوەڕە بەرنامەو ئەساسنامە بنووسین، دوکتۆر قاسملوو دایڕشت و لە پاشان مەمانیش دەستمان تێیدا هەبوو. دیارە ژمارەیەک بووین وەک کاک حەسەن رستگار و کاک کەریم حیسامی و کاک موحەممەدئەمین سیراجی و هێمن بووین و ئێمەش رای خۆمان گوتوە، بەڵام ئەوە ڕاستی یەکە کە پاش یەکەم جار بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات هەموو دەستکاری یەکانی بۆ کونگرەکان ئەمن کردوومە جگە لە کونگرەی ۱۳ هەر چەند لەویش دا دەستم هەر هەبوو.

**خالید محەممەدزادە**: باشە هەبووە دوکتۆر قاسملوو ئەو دەستکاری یانە تۆی قبووڵ نەبێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دیارە شتێکی وام لە بیر نایە، بەڵام ئەمن ئەو شتانەی کە فێریش بووم هەر لە خۆی فێر بووم. ئەفکاری من لەو زۆر نیزیک بوو. تەنانەت ئەگەر کەمێکیش بە قازانجی خۆمیش بێ پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە برایەکی کاک دوکتۆر سەعید هەیە کە ئێستاش لە پاریس دەژی. ساڵی ۱۹۸۵ ئەمن نوێنەری حیزب بووم لە دەرەوە، زۆر هاوکاریی منی دەکرد و زۆر خزمەتی منی دەکرد، ئەمنیش زۆر سپاسم دەکرد، جارێکیان لەگەڵم دەهات بۆ لای دوکتۆری چاو دووبارە سپاسم کردەوە و گوتم سپاست دەکەم بۆ ئەو هەموو زەحمەتە ی لەگەڵ من دەیکێشی، گوتی کاکە ئەتۆ ئەو هەموو سپاس سپاسەت لە چیە؟ خۆ من بۆ توی ناکەم بۆ حیزبی دەکەم. گوتی بۆیە بۆ حیزبی دەکەم دوکتۆر سەعید گوتوویەتی ئەگەرخوانەخواستە

سبەی دوکتۆر قاسملوو بمرێ هەموو ئەوراقی حیزبی دێموکراتیش بفەوتێ، غەمێک نیە چونکە عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەی نووسێتەوە. ئەمەم بۆیە گێرایەوە بۆ ئەوە بوو کە بڵێم ئەمن لە فیکری دوکتۆر قاسملوو نیزیک بووم. بۆیە شتێکم لە بیر نیە کە ئەمن نووسیبێتم و ئەو ڕەدی کردبێتەوە. زۆر جار نووسینەکانی خۆی بە من دەدا. مەسەلەن لە کونگرەی ٥ زۆر سەرقاڵ بوو. ڕاپۆرتی کومیتەی مەرکەزی هەمووی بە من سپارد. ئەمن نووسیم، بۆ کونگرەی ٤ ئەمن ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام چەند بەشێک لە ڕاپۆرتی کومیتەی مەرکەزی کە دەبوا ئەو بینووسیایە وەک سکرتێر، بە منی سپارد کە بیان نووسم. پاشان بە ڕاستی زۆر بە گەورەیی یەوە دەیڕوانیە من بۆ ئەوشتانە. لوتفی زۆر هەبوو بە من. تەنانەت بەرگی یەکەمی کتێبی"چل ساڵ خەبات"ی کە نووسی ئەمن لە دەرەوە بووم، نوسخەیەکی ئیمزا کردبوو بۆی ناردبووم بۆ دەرەوە. ئەمن هێندێک تێ بینیم لە سەر کتێبەکەی هەبوون و پێم گوت با ڕۆژێک پێکەوە دانیشین و لەسەری قسە بکەین، گوتی دانیشتنی ناوێ، ئەتۆ لە سەر نوسخەی خۆت ئیسلاحیان بکە ئەو شتانەی کە پێت وایە وا نین، ئەمن تایپی دەکەمەوە و لە چاپی دووهەم نوسخەت بۆ ئیمزا دەکەم. تەنیا ئەندامی ڕێبەری کە نووسخەی ئیمزاکراوی لە چاپی دووهەمی "چل ساڵ خەبات" هەیە ئەمنم. یانی یەک کتێب کە نووسیبووی کە گوتم تێ بینیم هەیە، گوتی بۆخوت ئیسلاحی بکەو بیدە بە تایپ. تەنانەت تەماشای هەر نەکردەوە. ئەو ئیعتمادێکی سەیری بە من هەبوو.

**خالید محەممەدزادە**: ماموّستا تۆ ڕۆژی تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو لە کوێ بووی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەو کاتە دەفتەری سیاسی لە قەندیل بوو. بەیانی ئەو ڕۆژەی کە دوکتۆر شەهید بوو هەینی بوو و جێژنی قوربانیش بوو، لەماڵ دانیشتبووم. دوکتۆر سەعید ناردی بە شوینم دا. کە پێمانی گوت دوکتۆر قاسملوو شەهید کراوە. دوکتۆر قاسملوو پێش شەهیدبوونەکەی دیمانەیەکی کردبوو لە سەر کیمابارانکردنی هەڵەبجە کە لە بارەی دەوڵەتی عێراقەوە قسەی کردبوو. ئەمن گوتم کاری دەوڵەتی عێراقە. دوکتۆر سەعید گوتی نەوەڵڵا شتێک هەیە (ئەوکات ئەمن ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتەی مەرکەزی نەبووم) کە ڕەنگە ئاگات لێ نەبێ. ئەویش ئەوەیە کە دوکتۆر قاسملوو دیدارێکی هەبووە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بە ناوی وتوویژ. ئەوکات تێگەیشتم ئەوە کاری ئێرانە.

**خالید محەممەدزادە**: دەفتەری سیاسی ئاگاداری دانیشتنەکە بووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بەڵێ بە تەواوی ئاگادار بووە. ئەوە لە دوو سێ جێگاش گوتراوە. ئەو وتوویژە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ و ئاخیری ساڵی ٨٨ جارێک ڕووی داوە. لەوێدا یەکیەتیی نیشتمانی و شەخسی مام جەلال و پێموایە کاک نەوشیروانیش بەشدار بوون لە دانیشتنەکەدا و ڕاپۆرتەکەشی دراوەتەوە بە کومیتەی ناوەندی و لە پاشان بۆ جاری دووهەم کە لە ژووئیەدا بوو جمهوریی ئیسلامی بە ناوی ئەوەی کە یەکیەتیی نیشتمانی زار بەهاوارە و شت دەدرکێنێ، یەکیەتی

نیشتمانیی لابرد لە دانیشتنەکەدا. بۆچی؟ چونکە دەیانزانی ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار بووایە ئەوان نەیان دەتوانێ تیرۆری بکەن. چونکە جاری یەکەم کە یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار دەبێ و سەرپەرشتیی دەکا دەقیقەن ١٩ کەسی یەکیەتی ئیسکۆرتی ئەو دانیشتنەیان کردوە. بۆیە ئەوان تێگەیشتوون ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار بێ ئەو تیرۆرەیان بۆ ناکرێ، لەبەر ئەوە، دوکتۆر قاسملوویان قانیع کردوە کە جەلال تاڵەبانی زاربەهاوارە و یەکیەتیی نیشتمانی زاربەهاوارە با بەشدار نەبێ. تەنانەت ئەحمەد بن بلاش کە جاری پێشوو لەگەڵ بووە ئەویشیان لابردوە چونکە نەیانویستوە بیکوژن.

**خالید محەممەدزادە**: باشە کێ ئەم قەناعەتەی لە دوکتۆر قاسملوودا پێک هێنابوو کە بە بێ بەشداریی یەکیەتی بچێتە ئەو وتووێژەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دیارە ڕەنگە ئەوە بەد شانسیی میللەتی کورد بێ کە عەقلی دوکتۆر قاسملوو بە دەست ئەوانە ئیحاتە کرابێ، دەنا چۆن دەبوو دوکتۆر قاسملو بەو هەموو ئەزمونەوە لە گەڵ ئەوان دابنیشێ. لەو نێوە دا کەسی دووهەم دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ دەبێ کە قسەیان لەگەڵ کردوە و ئەویش قسەکانی بە دوکتۆر گەیاندوە. لێرەدا با بڵێم هێندێک کەس دەڵێن ڕەنگە دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ تەئسیری هەبووبێ لەوکارەدا، بەڵام دوکتۆر فازیل بە تەواوی ئینسانێکی خاوێن بوو. دیارە گەنجێکی زۆر عاشقی ناو و ناوبانگ بوو. کاتێک کۆمۆنیستێکی توند بوو، پاشان بوو بە ئیسلامی و گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی"الحوار" کە ئەفکاری ئیسلامیی بلاو دەکردەوە و لەگەڵ بەنی سەدر دۆستایەتیی هەبوو. پاشان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی پێوەندیی پەیدا کرد، بەڵام دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ بە هیچ جۆر وا نەبوو کە بیەوێ دوکتۆر قاسملو لەداو بهاوێ. وەک نیەتی خێر دوکتۆر قاسملووی هێنابوو کە ئەو وتووێژە بکرێ و مەسەلەی کورد لە ئێران دا چارەسەر ببێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەویشی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو تیرۆر کرد بۆ ئەوەی نهێنی یەکە دەر نەکەوێ. چونکە دوکتۆر فازیل ڕەسوول مابایە حەتمەن نهێنی یەکانی ئاشکرا دەکرد.

**خالید محەممەدزادە**: باشە مامۆستا باست لەوە کرد کە دوکتۆر قاسملوو پێش شەهیدکرانی لە وتووێژێکی دا باسی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە دەکا. دەکرێ بڵێی چی گوتوە لەو پێوندی یەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: جارێک ئەمن لە ڕانیە بووم گوتیان قاسملوو شتێکی نووسیوە کە دەڵێ عێراق دەستی لەو کیمیابارانەدا نەبووە. ئەمە وام لە بیرە لە گۆڤاری "کل العرب "دا بوو. ئەمە هەڵای نایەوە بەڵام ئەو گوتبووی لە هەڵەبجە تەنیا عێراق شیمیایی بەکار نەهێناوە، هەر دوو وڵات بەکاریان هێناوە. هەر چەند گۆڤارەکە لە تیتری دیمانەکەی دا نووسیبوی:" دوکتۆر قاسملوو دەڵێ عێراق چەکی شیمیایی بەکار نەهێناوە"بەلام لە خوارەوە نووسیبووی کە قاسملوو دەڵێ

هەم عێراق و هەم ئێران لە هەڵەبجە چەکی شیمیایی یان بە کار هێناوە. دوکتۆر قاسملوو لە بارەی حیزبی بەعسەوە هەڵوێستێکی سەربەخۆیخوازانەی هەبووە کە جێگای تەقدیر بوو. ئەو سەربەخۆیی سیاسی حیزبی پاراست. ئەوە یەکەمجار نەبوو. جارێک ڕێژیمی بەعس زیندانی حیزبی بۆمباران کرد کە پێمان دەگوت زیندانی دۆلەتوو. ڕاگەیەندنێکمان دەرکرد کە بە توندی مەحکووممان کرد و بە کارێکی فاشیستی ناومان هێنابوو. دوای ئەوە ئەمن و دوکتۆر قاسملوو سەفەرێکی دەرەوەمان کرد. لە کەرکووک دەعوەتێک بۆ دوکتۆر ساز کرابوو کە دەبووایە لامان دابایە. ئەمن مەسئوولی تەبلیغات بووم. دوکتۆر قاسملوو کە ئەوانی دەناسی وەک پێناساندن گوتی ئەمەش وەزیری ئیعلامی ئێمەیە! دوکتۆر قاسملوو ئینسانێکی شوخ تەبع بوو. کابرای عەرەب گوتی ئەوە ڕاگەیاندراوی دۆلەتووی نووسیوە؟ ئەمنیش گوتم ئەتۆ دەستووری بۆمباران کردنی دۆلەتووت دابوو؟ ئەمە دەقاودەق وشەکان بوون کە هێنامانە زمان. کە دانیشتین دوکتۆر قاسملوو فەرمووی بەیانی دۆلەتوو ئەمن نووسیومە. چۆن ئەتو ئیجازە بە خۆت دەدەی زیندانی من بۆمباران بکەی؟ زیندانیم بکوژی؟ پێشمەرگەم بکوژی؟ بەڵام ئیجازە بەمن نادەی کە مەحکوومی بکەم؟ حیزبی دێموکرات پێوەندیی وا قبووڵ ناکا.

**خالید محەممەدزادە**: ئەم پێوەندی یە سالمەی باسی دەکەی، لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوو دەست پێدەکا یا پێش دوکتۆر قاسملووش ئەم پێوندی یە هەر هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لەواقیع دا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پاش بەیانی ١١ی ئازار کە ئەمن لە کتێبی "نیوە سەدە تێکۆشان"یش دا ئیشارەیەکم پێکردوە. ئێمە خۆمان ئەسلەن لە فیکری ئەوەدا نەبووین کە پێوەندیی لەگەل حیزبی بەعس بگرین. چونکە بەیانی ١١ی ئازار دەرچووبوو و کورد لەگەڵ دەولەتی عێراق ڕێککەوتبوو. پێمان وابوو لە کانالی بزووتنەوەی کوردەوە لە عێراق دەتوانین ئەو پێوەندی یانە جێ بەجێ بکەین و پێوەندیمان لەگەڵ ئەوان هەبێ. تەنانەت چووینە لای مەرحوومی بارزانی بۆ ئەوەی داوای لێ بکەین کە مەحدوودیەتێکمان لەسەر بووە ئەو مەحدوودیەتەمان لەسەر هەڵبگیردرێ. کەچی مەرحووم بارزانی ڕێنوێنیی کردین کە لەگەڵ دەولەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین. باوەڕ بکە ئێمە وا حاڵی بووین کە بارزانی گۆمانی لێمان هەبێ کە گوایا ئێمە پێوەندیمان بە دەولەتی عێراقەوە هەبێ گوتمان ئێمە چی و دەولەتی عێراق چی؟ ئێمە بۆ دەبێ لەگەل دەوڵەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین؟ ئێمە هاتووینەتە لای جەنابتان کە پێوەندی یەکی دیکەمان هەبێ. بارزانی فەرمووی ئێستا دەولەتی عێراق دەولەتی جاران نیە و ئێستا ئەوە حوکمی زاتی هەیە و وەزیری کورد هەیە. لەواقێع دا تێی گەیاندین ئەوان نایانەوێ ڕاستەوخۆ پێوەندیی لەگەڵ ئێمە پتەو بکەن. هەر لەو سەروبەندەش دوکتۆر قاسملوو گەڕایەوە و ئەو پێوندی یەش بەرقەرار بوو. ئەمن لە کتێبەکەم دا ڕوونم کردۆتەوە و هەرکەس پێی خۆش بێ دەتوانێ بی خوێنێتەوە کە ئەم پێوەندی یە چۆن بووە.

**خالید محەممەدزادە**: باشە مامۆستا دوکتۆر قاسملوو چ ڕۆڵێکی هەبوو لە هێورکردنەوەی شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی

دیموکرات؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەمن جارێکی دیکە باسم کردوە بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە. لە دێ یەکی ناوچەی سەردەشت کە وەک پایەگای کۆمەڵە دەناسرا و خەڵکێکی زۆری کۆمەڵەی لێ بوو، پێشمەرگەی ئێمە دەوریان دابوون کە یان تەسلیم دەبن یان دەکوژرێن، دوو شەوو رۆژ ئەوگوندەیان گەمارۆ کردبوو. دوکتۆر قاسملوو دەتوانم بڵێم کە ئیدی تەقییەوە. گوتی یانی سازمانێکی کوردستانی لەم کوردستانە حەقی نیە گوندێکی هەبێ. دەبێ ئێستا دەوری ئەو دێ یە بەرەڵڵا بکەن. چما قەتڵوعامیان دەکەن؟ باوەر بکە ئەگەر هێزی پێشمەرگە یان دەفتەری سیاسی موفاوەمەتیان بکردایە لە بەرانبەر ئەو داوایەی دوکتۆر قاسملوودا ئەوە دەستی لەکار دەکێشایەوە. بۆیە هەمیشە لایەنگری ئەوە بوو کە ئەو مەسەلانە لە رێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن. ئەو هیچ کات لایەنگری هەلایسانی شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات نەبوو.

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا ١٧ ساڵ بە سەر تیرۆرکرانی دوکتۆر قاسملوودا رادەبرێ، ئەو ئەندیشانەی ئەو تا چ رادەیەک نەهادینە کراون یا لە بزووتنەوەی کوردستان کاری لەسەر دەکرێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دەزانی چۆنە؟ شتەکە نابێ بە "مطلق" چاو لێ بکەین. بەشێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو ئەگەر بۆخوی مابا دەیگۆڕین. چونکە هەر دەورانێک فیکرێک و سیاسەتێکی دەوێ. بەلام هیندێ شتی نەگۆڕ هەیە نابێ بگۆڕدرێن. مەسەلەن بە ئەرزش زانینی سەربەخۆیی سیاسی، دیفاع لە ئازادی، پابەندبوون بە ئاشتی و ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و ئەوانە کۆمەڵە چەمکێک بوون کە لە لای دوکتۆر قاسملوو نەدەسڕانەوە. بەڵام ئەگەر حیزبی دێموکرات بەپێی زەمان شتێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو بگۆرێ ئەوە کوفر نیە. لەبیرمە لە کونگرەی ١٢ دا مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە شیعارەکەمان بگۆرین بە فیدرالیزم لەلایەن هێندێک رەفیقەوە باس دەکرا، بەڵام موخالیفانی ئەوکەسانە دنیایان پڕ کردبوو لە تەبلیغات کە ئەها ئەوانە دەیانەوێ رێبازی دوکتۆر قاسملوو کوێر بکەنەوە، کەچی بۆ خۆیان لە کونگرەی ١٣ دا قانیع بوون کە نەخەیر دەبێ بگۆردرێ. دیارە ئێمە رەنگە هەموومان نەمان توانیبێ رووحی فەلسەفەی دوکتۆر قاسملوو دەرک بکەین بەڵام ئارەزووم ئەوەیە حیزبی دێموکرات فەلسەفەی فیکری دوکتۆر قاسملوو قەت وەلا نەنێ چونکە بە راستی رێبازێکی راست و ئینسانیی بۆ حیزبی دێموکرات دارشت .

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا تو زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە گەڵ د. قاسملوو ژیاوی دەتوانی بڵێی چی لای تۆ بە جێ هێشتوە و چ کاریگەری یەکی لە سەرخوت هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دوکتۆر قاسملوو تەعلیماتی بۆ هەموومان هەبوو. رەنگە هێندێکان خۆیان بە بێ نیاز زانیبێ کە لێی

فێربن، بەڵام لە سەر من ئەوەندە تەئسیری هەبووە کە دەتوانم بڵێم لە باری سیاسی یەوە منی دروست کردوە. وانیە کە هەوڵێکی زیاتری لەگەڵ من دابێ. بەڵام ئەمن باوەڕم بە پێشکەوتووی ئەندیشەی دوکتۆرقاسملوو لە چاو ڕەفیقەکانی دیکەمان هەبوو. باوەرم بە سەلامەتی فیکر و عەقلیەتی قاسملوو هەبوو. بۆیە ئەوەی لە دنیای سیاسەت دا فێری بووم زۆربەی لە دوکتۆر قاسملوو فێر بووم. هەر بۆیەش دەتوانم بڵێم مامۆستام بووە و دروستیکردووم.

**خالید محەممەدزادە**: باشە مامۆستا تۆ بیست ساڵ لەگەڵ د. قاسملوودا ژیاویت بە تایبەت لە بواری نووسین و وەرگێران و دارشتنی بەڵگە و نووسینە حیزبی یەکان دا، ئێوە پرستان بە یەک دەکرد و ئاگاداری زۆر شتی نووسراو لە حیزبی دێموکراتی، بۆ تا ئێستا نەهاتووی ئەم بەرهەمانە کۆ بکەیتەوە و جیاکاری یەکیش پێک بێنیت کە کامانە نووسینی دوکتۆر قاسملوویە و کامە نووسینی تۆ یا ئەندامێکی دیکەی حیزبی یە؟ ئێستا جۆرێک تێکەڵی دەبینرێ. بۆ نموونە زۆر وتار و نووسین هەیە دیار نیە لە نووسینی کێ یە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەوە هەم کاری دەوێ و هەم حەوسەلەی دەوێ کە ئەمن ئەوکاتەم نەبووە. دیارە ئەمن دوای خوێندنەوەی نووسینێک دەزانم هی منە یان هی من نیە. ئەوە کە کێ نووسیویەتی ئاسان نیە. ئەمن بۆ خوم نووسینەکانی د. قاسملو زوو دەناسمەوە. هەرچەند دوکتۆر قاسملووش وەک زۆر ڕێبەری دیکە جاروبار خەڵک وەک ئەحادیسی نەبەوی چی یان پێخوش بێ حەدیسێکی بۆ ساز دەکەن و دەڵێن پێغەمبەر وای گوتوە یان یەکێک شتێک کە بۆ خۆی پێی خوشە بیڵێ سازی دەکا و دەڵێ دوکتۆر قاسملوو وای گوتوە. ئەمن ئەگەر بێم ئەوانە دەستنیشان بکەم شتی وا دەبینم کە بە زمانی دوکتۆر قاسملووەوە دەگوترێ کە لە فیکری دوکتۆر قاسملوو دوورە بەڵام کابرا بۆخوی وای پێ باشە. دیارە ئەو کارە هەر بۆ دوکتۆر قاسملوو نەکراوە، بۆ خەڵکی دیکەش کراوە.

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو وەسیەتنامەی هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: وەسیەت نامە وەک ئەوشێوەیە کە باوە نا. بەڵام یەک وەسیەتی هەبووە ئەویش ئەموالی حیزبی کە هەبوو لە ئورووپا بەناوی ئەو بوو، حیسابێکی بانکی و خانوویەکمان کە هەبوو بەناوی ئەو بوو. بۆ ئەوە وەسیەتنامەیەکی نووسیبوو کە دەڵێ ئەوەی من هەمە لە ئەموالی مەنقوول و غەیرە مەنقوول هەموی هی حیزبی دێموکراتە. دەشڵێ ئەگەر من شتێکم بەسەرهات ئەرکی خێزانمە کە هەمووی کۆ بکاتەوە و تەحویلی حیزبی دێموکراتی بدا. ئەوە تەنانەت کتێبەکانی خۆیشی گرتەوە. بنەماڵەی دوکتۆر قاسملوو نەبوونە خاوەنی هیچ شتێکی دوکتۆر قاسملوو تەنانەت کتێبەکانیشی. تەنانەت لیباسەکانی خۆشی درا بە حیزب.

سەچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە: "ئەمن نەبوومایە خەتە فیکری یەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونەوە"

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی دیاری ئەم پارتە لەم چاوپێکەوتنەدا هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەد دەکاتەوە کە لە پێوەندیی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو لەم ڕۆژانەدا دەخرێتە پاڵی. ئەو گوتی:" نەگوتراو و نەبیستراوم زۆر پێیە، ئاواتمە ئەو ڕۆژە نەیە کە ناچار بم هەمووی بخەمە ڕوو". ئەو کە دەڵێ:" ئەمن سێ جار بوومە جێگری دوکتور قاسملوو" نەیارانی خۆی بە "شەمشەمە کوێرە" ناو دەبا لە هەمان کات دا داوایان لێ دەکا:" ڕۆژێک دەمامک لە سەر رووی خۆیان لادەن و لە پشت میکرۆفۆن یان لەسەر ئانتێن بە ناوی خۆیان قسە بکەن و جواب وەربگرنەوە."**

**خالید محەممەدزادە:** ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە تو لە سەردەمی سکرتێربوونی خۆت لە حیزبی دێموکرات دا عەکسی دوکتۆر قاسملووت قەدەغە کردبوو. ئەمە تاچەندە راستە؟ دیارە ئەمەش وەک پرسیارێک لەم رۆژانەدا لە نامەیەکی سەرئاواڵەش لە یەکێک لە سایتەکان دا رووبەرووت بۆتەوە. تۆ دەڵێی چی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوەندەی وەپاڵدرانی تۆمەتی نارەوای کوێرکردنەوەی رێبازی دوکتور قاسملوو بۆ من ناخۆشە، زۆر لەوە زیاتر بۆ من تاڵە کە لەو بارەیەوە دیفاع لە خۆم بکەم. کورد گوتەنی "مەبارەک نەبێ" پاش بیست ساڵ هاوسەنگەری و هاوخەباتی و هاوکاریی نزیک لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئێستا بە قسەی کەسانێک کە تەنیا وەک ئامراز کەڵک لە ناوی بەرزی دوکتوری شەهید وەردەگرن، ئەمن دەبێ بێم پاکانە بکەم کە وا نەبووە و وانیە؟ بەڕاستی دژوارە.

دوو حەوتوو دوای کۆنگرەی سێزدە ئەمن لە وتارێک دا بۆ سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزب باسێکم لەو بابەتە کرد کە بیستوومە ئەم دوایییانە (بەداخەوە) کەوتۆتە سەر سایتەکانیش. ئێستا لەبیرم نیە لەوێ دا چیم گوتوە. بەڵام دووپات کردنەوە بێ یان شتی تازە، لەو بارەیەوە هێندێک دەدوێم. ئەوەندەی پێوەندیی بە عەکسی دوکتور قاسملوو یان دوکتور سەعیدەوە هەیە داستانەکە بەم جۆرە بووە کە زیاتر لە سێ ساڵ پێش ئێستا ئەمن پێشنیارم کرد کە لە جیاتی ئەوەی عەکسی هەر سێ رێبەر لە ژووری کاری هاوڕێیان هەڵواسین، وەک هەموو حیزبەکانی دیکە یەک عەکس دابنێین، جا هەر کامێکیان بێ قەیدی نیە، بەڵام بۆخۆم عەکسی پێشەوا وەک دامەزرێنەری حیزب و کۆمار و یەکەمین رێبەری حیزب و یەکەمین سەرکۆماری شەهید پێشنیار دەکەم. بەڵام هاوڕێیان گوتیان باشتر وایە هەر سێکیان هەڵاوەسین و لەو رۆژەوە تا ئێستا کە پێموایە سێ ساڵ و نیو دەبێ عەکسی ئەو سێ رێبەرە لە ژووری کاری تەواوی بەرپرسانی حیزب بە دیوارەوە دەبینرێ.

بەڵام بە داخەوە هێندێک کەس وەک فارس دەڵێ تا ئێستاش "استفاده ابزاری" لەو مەسەلەیە دەکەن و ئەو بوختانە ناڕەوایە دەڵێن و دەڵێنەوە. ئەگینا ئەوە ژووری کارەکەی من و ژووری کاری هەمووانیش دەبینی کە عەکسی هەر سێ ڕێبەریان لێ هەڵاوەسراوە و ئەگەر بێیە ماڵەکەشم دەبینی کە سێ عەکسی دوکتور لە ژووری دانیشتنم دا هەن جگە لە دەیان عەکس کە لە ئاڵبۆمی عەکسەکانم دا ڕاگیراون.

**خالید محەممەدزادە**: باشە، مەبەست لە "کوێرکردنەوەی ڕێبازی قاسملوو" کە باست کرد و گوایە خراوەتە پاڵت چیە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: ئەو کەسەی بڕیاری داوە درۆ بکا و بوختان هەڵ بەستێ کاری بەوە نەداوە ڕاستییەکە چیە؟ هەروەک وەختی خۆی بۆ دوکتوری شەهیدیان هەڵبەست کە نۆ میلیۆن دۆلار پووڵی لە ناتۆ وەرگرتوە، ئێستاش ئەو تۆمەتە بێ شەرمانەیە دەدەنە پاڵ من، بێ ئەوەی لە هیچ کامیان دا خۆیان ناچار بزانن کە بەڵگەیەک بۆ ئیددیعاکەیان بێننەوە. ئەگینا ئەمن دەپرسم ئەو کاتەی دوکتوری شەهید لە نێومان دا مابوو، ئەوانە لە کوێ بوون؟ ئەمن سێ جار بوومە جێگری دوکتور قاسملوو. جارێکیان بۆ خۆم لە سەفەر بووم، دوکتور بە سەفەر چووبوو. لە سەر پێشنیاری وی ئەمن کرابوومە جێگر. ئەو کاتە جێگری سکرتێر لە پێڕەوی نێوخۆدا دانەنرابوو. دووجارەکەی دیکە ئەمن و شەهید دوکتور شەرەفکەندی کاندیدا بووین، هەردوو جار ئەمن هەڵبژێراوم و هەردوو جاریش دوکتور قاسملوو دەنگی بە من داوە. لەو بارەیەوە پێمخۆشە هێندێ بەڵگەی دیکەش بێنمەوە:

نیزیکیی فیکریی من لە دوکتۆری شەهید بە ڕادەیەک بوو کە لە بەرەبەری کۆنگرەی چواردا ئەوکاتە کە دەبوو ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە بنووسێ و زۆریش پڕکار بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەمن ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووم داوای لە من کرد چەند بەشێکی ڕاپۆرتەکەی بۆ بنووسم و ئەمن تەنیا کەس بووم کە لەو بارەیەوە یارمەتیی دا. لە ڕۆژانی پێش کۆنگرەی پێنجەمیش دا کە ئەوکاتە ئەمن ئەندامی دەفتەری سیاسی بووم، نووسینی تەواوی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی بە من سپارد و کاتێک بۆم بردەوە بێ ئەوەی یەک دێڕی دەسکاری بکا دای بە کومیتەی ناوەندی و پاش پەسندی کومیتەی ناوەندی هەر بە خەتی من پێشکێشی کۆنگرەی پێنجەمی کرد.

ساڵی ١٣٦٤ بۆ ماوەی شەش مانگ وەک نوێنەری حیزب لە پاریس بووم. کاک ڕەسووڵ قادری دایک برای شەهید دوکتور شەرەفکەندی یەکجار زۆری ڕێز لێ دەگرتم و زەحمەتی پێوە دەکێشام. ئەمنیش زۆرم سوپاس دەکرد. جارێکیان کە لە گەڵم دەهات بۆ لای دوکتوری چاو دیسان داوای لێبووردنم کرد و گوتم نازانم چۆن سوپاسی ئەو زەحمەتانەت بکەم. کاک ڕەسووڵ گوتی: ئەرێ ئەو سوپاس سوپاسەت لە چیە؟ خۆ ئەمن بۆتۆی ناکەم، بۆ حیزبی دەکەم. گوتم جا ئەوە کاری بەسەر



سەرچاوە
Serchawe

حیزبەوە چیە؟ گوتی کاک سەعید گوتوویەتی ئەگەر خوانەخواستە ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو شەهید بێ و هەرچی ئەدەبیاتی حیزبیش هەیە بفەوتێ، مەسەلە نیە، چونکە فڵانکەس (عەبدوڵلاحەسەن زادە) هەمووی دێنێتەوە سەر کاغەز. کەوایە ئەمن لە بەر خاتری حیزب یارمەتیی تۆ دەدەم.

پاش کۆنگرەی هەشت لە خزمەت دوکتور قاسملوودا لە مەجلیسێک دانیشتبووین کە زۆر کەسی دۆستی حیزبی لێ بوو. ڕوویان کردە دوکتورو پرسیان چۆنە فڵانکەس (واتە ئەمن) نەبۆتەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی! فەرمووی جا لە خۆی بپرسن. قسە هات و قسە چوو. لێکرا گوتیان پێویستە بچیەوە نێو ڕێبەری. ئەمنیش گوتم جا خۆ بە گۆترە نابێ. ئەگەر وابێ ئەمنیش وەک هاوڕێیانی "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" داوای کۆنگرەی نائاسایی دەکەم. دوکتور قاسملوو هاتە جواب و فەرمووی ئەتۆ قەول بدە بییەوە ئەندامی ڕێبەری، بە شەرتی پیاوان هەتا مانگێکی دیکە کۆنگرەی نائاسایی پێک دێنین.

تەنانەت کاتێک شەهیدیش بوو، دوکتور سەعیدی شەهید داوای لە من کرد کە وەک نیزیکترین یاری دوکتۆر قاسملوو بچمە پاریس و لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی دا بەشدار بم. ئەگەرچی ئەوکاتە ئەمن ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووم و کاک حەسەنی شەرەفی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەندامی دیکەی هەیئەتی دەفتەری سیاسی بوو. بەڵام نووسین و خوێندنەوەی وتار لەسەر گڵکۆی شەهیدان و وتووێژی چاپەمەنی و هەر شتێکی لەو پێوەندییەدا دەهاتە گۆڕێ بە پلەی یەکەم رووی دەمن بوو.

وتارێک کە لەسەر گڵکۆی دوکتور قاسملوو خوێندمەوە ئەوەندە لە دڵەوە هەڵقوڵیبوو و لە دڵان دا جێی خۆی کردەوە کە جگە لە زمانی کوردی بە چەند زمانی دیکە تەرجەمە کرا و بڵاو کرایەوە. لەبیرمە خانمێکی فەرانسەیی بە کۆمەگی هاوڕێیەکی حیزبی وتارەکەی کردە فەڕانسەیی و دوایەش کردی بە ئینگلیسی. لێم پرسی گوتم: ئێمە سەلیقەی ئورووپاییەکان ناناسین. بە باوەڕی تۆ ئەم وتارە بۆ ئورووپاییەکان چۆن بوو؟ خانمەکە بە یەک ڕستە وەڵامی دایەوە: "وتارێکی مێژوویی بوو لە بۆنەیەکی مێژوویی دا."

**خالید محەممەدزادە:** ئەی ئەم قسانە چیە پشت سەری تۆ دەکرێن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بە کورتی تا دوکتۆر لە ژیاندا مابوو ئەمن نیزیکترین یار و یاوەر و هاوبیر و هاوسەنگەری دوکتور قاسملوو بووم. نازانم لەو سێ چوار ساڵەی دوایی دا و ١٤ - ١٥ ساڵ پاش شەهید بوونی چ ناکۆکییەک لە نێوانمان دا سەری هەڵداوە!! ئاواتی من ئەوەیە ئەو شەمشەمەکوێرە شەوپەرستانە کە هەر لە پشت پەردە و لە ژووری داخراودا قسە



سەرچاوە Serchawe

دەکەن، ڕۆژێک دەمامک لەسەر ڕووی خۆیان لادەن و لە پشت میکرۆفۆن یان لەسەر ئانتێن بە ناوی خۆیان قسە بکەن و جواب وەربگرنەوە "تا سیە رویی شود هرکە در او غش باشد".

نەگوتراو و نەبیستراوم لەو پێوەندیەدا زۆر پێیە، ئاواتمە ئەو ڕۆژە نەیە کە ناچار بم هەمووی بخەمە ڕوو.

**خالید محەممەدزادە**: یانی ئێوە بە هەموو بیر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو وەفادارن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەمن وەفا بۆ دوکتور قاسملوو بەوە نازانم کە لە حیزب و سیاسەتەکانی دا هیچ ئاڵوگۆڕێک پێک نەهێنین. چونکە ئەگەر بۆخۆشی مابا، ئاڵوگۆڕی پێک دێنا. بەڵام بە راشکاوی دەڵێم لە هەموو ئەندامانی ئێستای حیزب کەس بە قەد من لە دوکتور نزیک نەبووە، کەس هێندەی منی لەگەڵ نەژیاوە، کەس بەقەد منی لێ فێر نەبووە، کەس هێندەی منی لە سەر نەنووسیوە و هێندەی منی لەسەر نەگوتوە و کەسیش هێندەی منی پێ وەفادار نەبووە و نیە. دوکتور قاسملوو لە گەڵ خوێن و گۆشتی من تێکەڵ بووە. هەمیشە یادی لە ویژدانم و ناوی لەسەر زمانم حازرە. تەنانەت چەند جار کەسانێک کە خۆیان لە دوکتور بە نزیک دەزانن، سوپاسیان کردووم کە چۆن ئەوەندە لەسەر یادی دوکتور حوزووری زەینم هەیە و ئەوەندە یادی دەکەم و ئامۆژگاری‌یەکانی وەبیر دێنمەوە.

**خالید محەممەدزادە**: کەواتە تۆ ئەمانەی لە سەرت دەگوترێ رەد دەکەیتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە تەواوی. نامەوێ ڕوونتر بدوێم. بەڵام زۆر لە خەتە فیکری‌یەکانی دوکتور قاسملوو هەن کە ئێستاش دروست و بەجێن و ئەگەر پێ داگرتنی من نەبووایە لە لایەن هێندێک کەسەوە کە خۆیان بە پارێزەری ڕێبازی قاسملوو دەناسێنن (ناڵێم دەزانن) لەمێژ بوو سڕابوونەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم کە حەیف بۆ ناو و یادی گەورە پیاوێکی وەک دوکتور قاسملوو کە لە لایەن هێندێ کەسی قاسملوو نەناس و قاسملوو نەدیوەوە بکرێنە پەیژە بۆ سەرکەوتن بەسەر ڕێبوارانی ڕاست و بێ ڕووکێشی ڕێبازی دوکتوری شەهید و ئامۆژگاری‌یە هەمیشە زیندووەکانی دا. ئەمن دەڵێم هەموو موخالیفانی قاسملوو و هەر کەسێکیش کە هەوڵ بدا کەڵکی خراپ لە ناوی قاسملوو وەربگرێ مەحکووم دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٦

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەوەتا ئەمن هەم لەبەر کورسی ڕام کردوە و کورسی بەدوای مندا هاتوە

### کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**بەدوای دووکەرتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا رۆژی ١٣ی دیسامبری ٢٠٠٦ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی دیاری ئەم حیزبە، لەشاری هەولێر پێکهات. ناوبراو بە دوای پێشکەشکردنی باسێک لەسەر ئەو دووکەرتبوونەی حیزبی دێموکرات، وەڵامی پرسیاری کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی بەشداری ئەو کونفرانسەی دایەوە. ئەوەی لێرەدا دەخرێتە ڕوو ئەو پرسیار و وەڵامانەیە کە لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و حەسەنزادەدا هاتوونەتە گۆڕێ.**

**زاگرۆس**: لایەنی بەرامبەر ئێوەی وەک لادەر ناو هێناوە. هەوڵوێستی ئێوە چیە؟ پرسیاری دواترم لە پێوەندیی لەگەڵ جیابوونەوەی باڵێکی دیکەی حیزبە بە ناوی ئارارات کە ئەمانیش جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند. تا چەندە ڕاستە. پرسیاری دواتر ئەوەیە ئایا ئێوە لە کۆیە دەمێننەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە پێشدا لەسەر ئەو ناوانە پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە ئەوە یەکێک لەو شتانەیە کە ئێمە ئارەزوو ناکەین ببێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو شتانە سواون و زۆر کۆن بوون. نیزیکەی بیست ساڵ پێش ئێستا بۆ جەمعێک کە لە کۆنگرەی هەشتدا ڕیزی خۆیان جیا کردەوە، بەکار دەبرا. ئەو ئیستیلاحە زۆر کۆن بووە و ئێستاش ئەوانە هەوڵیان ئەوەیە بڵێن ئەوە هەر ئەوانن. ئیددیعا دەکەن خۆ ئێستا جیابوونەوەیەک نەبووە، جیابوونەوەیەکی دائیم هەبووە و جارێکی دیکە ئیعلان کراوەتەوە. باشە ئەوان ئەوکات لە چییان لادابوو؟ چووبوونە پاڵ کۆماری ئیسلامی؟ ئەوانە ئەو کات بەشێک لە سادق ترین تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بوون. ئەمن نالێم نەدەبوو بیکەین، چونکە تازە کراوە. بە نەدەبوو هیچ عیلاجێک ناکرێ. بەڵام ئەوە مەنتیقێکی باش نیە هەر کەس لەگەڵ ئێمە نەبوو دوژمنمانە. یانی چی؟ ئەو کەسە دوژمنی ئێمەیە کە لەگەڵ دوژمنمانە. نەک هەر کەس لەگەڵمان نەبوو دوژمنمانە. هەر کەس دوژمنمان نەبوو دۆستمانە. ئێمە پێڕەوی لەم مەنتیقە دەکەین، نەک لەو مەنتیقە. ئێستاش ئێمە لە سەنگەری پێشەوەی خەباتداین. ئەوەی کە حیزبی دێموکرات وەک سیاسەت و پرەنسیپ پێڕەویی لێدەکا ئەگەر رۆژێک دانیشتین بە داوەری هێندێک داوەری بە ئینسافی بێلایەن سابیتی دەکەین کە پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکرات پاش ڕێبەرانی شەهیدمان، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی هەموو بەرهەمی ئەو بەشەیە کە ئێستا ئەو بەڕێزانە ئەو ناوەی لەسەر دادەنێن.

لەسەر مەسەلەی مانەوەمان لە کۆیە، ئێمە لە ئەوەڵەوە گوتوومانە نە ئێمە ئەوانمان پێ دەردەکرێ و نە ئەوانیش ئێمەیان لە کۆیە پێ دەردەکرێ. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش کە لەوێ حاکمە ئەگەر بیەوێ هەموومان دەربکا خۆ مقابلەی لەگەڵ ناکەین، بەڵام هیچ مەنتیقی تێدا نیە ئێمە بۆ ئەوان دەربکا یان ئەوان بۆ ئێمە دەربکا. لە عەینی حاڵیشدا ئەگەر بێن دەزانن کە لە کۆیە چەندی لای ئێمەیە و چەندی لای ئەوانە. کەوابێ ئێمە لە کۆیە دەبین و ئەوانیش لە کۆیە دەبن. بەڵام دەبێ لێک جیا بکرێینەوە. تا ئەو کەفوکوڵە دادەمرکێ و شەڕە قسە نەبێ. ماشەڵلا ئەوان کەمێکێش لەو بارەیەوە ئازان، هەمیشە لە هەوڵی هێرشدان کە ئەوە ئازایەتی نیە. بۆ هیچ کەس شانازی نیە تفەنگ بە ڕۆڵەی کوردەوە بنێ. ئەمن ئێستا و لەبەردەم ئێوەدا دەڵێم;

**نەفرەت لەهەر گوللەیەک دەکەم کە لەدەستی کوردێک دەرچووبێ بەرەو کوردێک.**

**ڕۆژهەڵات تیڤی**: لە بەیاننامەکەتاندا باسی لەتبوونی حیزبی دێموکراتتان کردوە بەو مانایە کە باڵی بەڕێز مستەفا هیجری بە حیزبی دێموکرات دەزانن، کەواتە مەسەلەی ئەندامەتی ئێوە لە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا بە مافی خۆتان دەزانن یان ئەوان؟ دووەم پرسیار، سیاسەتتان بەرامبەر بە کۆمەڵە چۆن دەبێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە پێمانوایە هیچ ناکۆکی‌یەک نیە لەوەی ئێمە حیزبی دێموکرات بین و ئەوانیش حیزبی دێموکرات بن، ئەو ناوە سەبتی هیچ لایەک نیە. هەر دووکمان میراتگری شانازی‌یەکانی حیزبی دێموکراتین. کەوابێ زۆر سروشتی‌یە کە هەر دووکمان لێی ئیستفادە بکەین. ئێمە گوتوومانە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست وەک بنەماڵەی گەورەی خۆمان سەیر دەکەین و هەوڵ دەدەین پلەی ئەندامەتیی خۆمان لەوێدا بەرینە سەرێ. بەڵام ئەوە پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ بەرپرسانی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست قسە بکەین کە داخوا هەر دووکمان وەردەگرن بە ئەندام یان یەکێکمان دەناسن، ئەوە مەسەلەیەک نیە کە ئێستا بتوانین بڕیای لەسەر بدەین و ساغی بکەینەوە. لە عەینی حاڵدا مەسەلەیەکی زۆر موهیمیش نیە، بەڵام مەسەلەی پێوەندیی لەگەڵ هێزە کوردستانی‌یەکان زۆر موهیمە. ئێمە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان باوەڕمان بەدۆستایەتی هەیە، باوەڕمان بەهاوکاری هەیە. کۆمەڵەش لەڕیزی پێشەوەی ئەو هێزانەیە کە لە کوردستانی ئێراندا خاوەنی ڕابردووی سیاسی و نفوزی سیاسین و هەڵوێستیشان بەرامبەر بە ئێمە لە ١٥ - ٢٠ ساڵی ڕابردوویشدا دۆستانە و برایانە بووە و پێوەندییشمان بەردەوام دەبێ.

**کوردستان ڕاپۆرت**: جەنابی مامۆستا، ئێوە خەتی تیرەتان لە ناوی حیزبەکەتاندا داناوە. ئەمە بۆ تخکردنی خەباتی نەتەوەیی‌یە یان تەنیا بۆ جیاکاری‌یە لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حیزبدا؟ ئایا ئێوە ئەگەر هەڵنەبژێردرێنەوە بە سکرتێر لەگەڵ ئەو حیزبە کار دەکەن؟ پێتان وانیە کەسانێک تووشی نائۆمیدی بوون لەم ڕووداوە. بۆ نموونە خۆلادانی کەسێک وەک

بابا عەلی مێهرپەروەر؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن ئێستاش هەر سکرتێری ئەو ڕێکخراوە نیم. کاریشیان لەگەڵ دەکەم وەک سەربازێک. ئەگەر ئەوان لوتفیان لەگەڵم هەیە وەک ئەندامێکی کارا قبووڵیان کردووم، شانازیی پێوە دەکەم. بەڵام وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەتیان دام. ئەوەی مەربووتە بە کاک باباعەلی، پێموانیە کاک بابەعەلی نائۆمید بێ، بەڵام ئیعترازی کاک بابەعەلی زۆر بەجێیە چونکە کاک بابەعەلی جگە لەوەی تێکۆشەرێکە ٢٧ ساڵە لەم حیزبەدا ژیان بەخت دەکا، هەوڵێکی یەکجار شەریفیشی دا بۆ ئەوەی ئەم حیزبە دووچاری ئەوە نەبێ. یەکێک لە چالاکترین دڵسۆزان بوو کە لەو بوارەدا تێکۆشا کە بەداخەوە هەوڵەکانی ئەویش بە هیچ جێگایەک نەگەیشتن و تەنانەت زۆریش بێحورمەتییان پێکرد. ئێمە لە جوابی ئەو کشانەوەی ئەودا شتێکمان نووسی و ئێستاش دەیڵێم کە زۆر بەداخین لەو هەڵوێستەی و هیوادارین هەڵوێستی قەتعی نەبێ. زۆر بە شانازییەوە حازرین لە ریزی هەر پێشەوەی ڕێبەریی حیزبدا لە خزمەتیدا هاوکاری بکەین. ئارەزووم ئەوەیە ئەو تووڕەیییە جێگای خۆی بدا بە گەڕانەوە. خەڵکی دیکەش ڕەنگە دوچاری نائۆمیدی بووبن، بەڵام ئەگەر ئێمە کار بکەین کە بۆ ئەوەش کار دەکەین ئارەزووم ئەوەیە کە ئەو نائۆمیدییە تەبدیل بێتەوە بە ئۆمید. بەڵام ئەو داشەمان کە داناوە چەند مانا دەتوانێ ببەخشێ، یەکێکیان کە لە هەموویان موهیمترە بۆ ئێمە ئەوەیە کە گەڕاوینەتەوە سەر ئەسڵ. حیزبی ئێمە تا ساڵی ١٩٨٠ ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. ئەو حیزبەی بەدەستی بەتوانای پێشەوا قازی موحەممەد دانرا ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. هیچی دیکەی لەگەڵ نەبوو. شتێکی دیکەی کە تێدایە ئەوەیە کە ئەمڕۆ وەختی ئەوە هاتوە کە کوردستان وەک کوردستان بناسین. هەڵوێستی دەوڵەتەکان بەرانبەر بە کورد بەوە ناگۆڕێ کە ناوی خۆت بنێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان تورکیا یان سووریە. ئەوان دایانناوە کە ئێمە جیاوازیخوازین. ئەوەی لەگەڵمان کراوە دەیکەن. بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە ئێمە خۆمان پێناسە بکەینەوە وەک میللەت و خاکێک. کەوایە ئامانجمان ئەوەیە کەمێک پڕڕەنگ تر بێ.

**کوردستان تیڤی**: دەسەڵاتی سیاسیی ئێرە تا چەند ئاگاداری ئەم جیابوونەوەی ئێوەیە؟ ئەم جیابوونەوەیە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە. هەست دەکرێ پەشیمانبوونەوەیەک هەیە؟ ڕای ئێوە لەسەر ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن چۆنە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوانەی پێیان خۆشە هەموو شتێک بە ڕەشبینییەوە ببینن هێندێک شتی خراپ دەڵێن وەک ئەوەی کە ڕەنگە ئەم لایەن و ئەو لایەن تەئسیریان هەبووبێ لەم کارە. ئەمن لێرە بە مەسئولییەتەوە رادەگەیەنم کە لە هیچ هێزێکی سیاسی و هیچ ئینسانیک غەیری هەوڵ بۆ یەکپارچەیی هیچمان نەدیوە و ئەوەی دیکە هەمووی بوختانە. دیارە ئێمە ئێستا بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆمان حکوومەتی کوردستانمان ئاگادار کردۆتەوە، چونکە ئەو برادەرانەی ئێمە بە نەفەسێک چاو لە مەسەلەکە دەکەن کە پێیانوایە کە ئەوان بەتەنیا حیزبی دێموکراتن و ئەوانی دیکە هیچ نین کە هەر ئەو مەنتیقەش

بوو حیزبی دێموکراتی دوچاری ئەوە کرد. ئێمە پێمانوایە حیزبی دێموکرات دەبێ حیزبی هەمووان بێ بە مافی وەک یەک و بە ئەرکی وەک یەکەوە و بە بیروباوەڕی جیاوازەوە. حیزبێک یەکدەنگیی تێدا بێ حیزب نیە. چونکە یان دیکتاتۆریی تێدایە یان یەکێک بیر دەکاتەوە ئەوانی دیکەش دەبێ وەدوای بکەون و هەقی بیرکردنەوەیان نیە. ئەوەش حیزب نیە. باسی پەشیمانبوونەوە کرا. شتێک بەناوی پەشیمانبوونەوە لە ئارادا نیە. ئێمە لە ئەوەڵەوە موخالیفی لەتبوون بووین. بەڵام وەزعێک کە پێشهاتبوو حیزبی دێموکراتی فەلەج کردبوو. ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕە کە ئەگەر ئەو وەزعە درێژەی هەبێ حیزب هەمووی دەمرێ. بەڵام ئەگەر بەجودا کارەکانمان بکەین سەعی دەکەین ئەو بەشەی خۆمان بیووژێنینەوە. ئارەزوومان ئەوەیە بەشەکەی دیکەش پێش بکەوێ. ئارەزووم ئەوەیە بەشەکەی دیکەش بێتەسەر ئەو بیرە نیشتمانی و نەتەوەیی‌یەی پێکەوە کار بکەین. ئەگەر نەمانتوانی لەنێو حیزبیکدا بین با لە دەرێی حیزب پێکەوە کار بکەین. تەنانەت ئارەزووم ئەوەیە فەزایەک بخوڵقێنین کە بتوانین جارێکی دیکە پێکەوە بین. لە یەک کەلامدا ئێمە یەکیەتی‌خوازین، بەڵام یەکدەستخواز نیین، نامانەوێ تەنیا یەک دەنگ هەبێ. دەمانەوێ پلووڕالیزمی فیکری لەنێو حیزبدا هەبێ و ئەو حیزبەش دەتوانی زۆر بیروبۆچوونی جیاوازی تێدا هەبێ. بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ ڕاپۆرتی بیکەر هاملتون،ئە من قەت دوچاری نائۆمیدی نابم، بۆ من زۆر شتێکی تازە نەبوو. پێموابێ شتی وا هەر دەبێ بەڵام مەوقیفێکە زۆر خراپ بوو. نە لەگەڵ مەسڵەحەتی ئەمریکاییەکان ڕیک دەکەوێ، نە لەگەڵ مەسلەحەتی عیراقییەکان، نە لەگەڵ کورد و نە لەگەڵ بڕیاری عێراقییەکان کە ساحیبی قەزییەکەن ڕێکدەکەوێ. عێراقی‌یەکان بۆخۆیان ڕێک کەوتوون لەسەر ئەوەی کە مەسەلەی کەرکووک بخرێتە ڕیفراندۆمەوە. ئێستا بۆچی یەکێک لەوسەری ئۆقیانووسەکانەوە بێ و پێشنیار بکا ئەوە دوابخرێ؟

**کوردستان ئۆنلاین**: مامۆستا، ئەمە چەندین جارە حیزبی دێموکرات لەت دەبێ. ئەمە چۆن دەبینی و ئایا جیاوازی هەیە لەگەڵ لەتبوونەکانی دیکە؟ ئایا ئێوە دوای ئەو هەڵوێستانە بەرنامەتان هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران و کارکردن لەگەڵ ڕووناکبیران و نوخبەی کوردی لە ئێران؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕەنگە ئەو شتانەی لە حیزبی دێموکراتدا ڕوویان داوە زیاتر بن لە سێ و چوار جار. هێندێکیان کشاونەوە و دووبارە پەیوەستبوونەوە. لە واقیعدا پەیوەستبوونەوە پەیوەستبوونەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو لە ساڵی ١٩٩٦دا بوو. ئەوانەی دیکە وەک فەرد گەڕاونەتەوە. بەڵام ئایا جیاوازی هەیە یان نا؟ لێم گەڕێ با بەشێکی زۆری هەڵگرم بۆ ئایندە. بەڵام لێرەدا دەمەوێ دوو شت بڵێم: ئێمە گوتوومانە زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی و کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندی. نەمانگوتوە زۆرایەتیی حیزب و کەمایەتیی حیزب. هەتا لە جێگایەکیش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسیومانە کە ئەوە دروست نیە ئەو ئیسلاحە بەکار بێ. چونکە ئێستا نە ڕوونە و نە مەعلوومە و بۆ داهاتوویش قابیلی گۆڕانە. هەر ئێستا ئەگەر تەماشا بکەی حیزبی دێموکرات لە زۆر جێگادا بەشی زۆری لای ئێمەیە و لە هێندێک جێگاشدا لەلای ئەوانە بەڵام بێجگە لەوە هێندێک فەرقی دیکەش هەیە کە هیوادارم هاوڕێیانی موقابیلمان دوچاری تەوەهوم نەبن. مەسەلەن ئێستا

لەگەڵ ساڵی ١٩٨٨ بەراورد ناکرێ. یەکەم ئەوکات (هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) هیچ ئەندامێکی کۆمیتەی مەرکەزی-یان لەگەڵ نەبوو. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ یەک ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزیی لەگەڵ نەبوو. چونکە کۆنگرەیەک گیرابوو هیچ کام لەوان خۆیان کاندید نەکردبوو. ٩ کەسیان کاندید بوون بەڵام نەیانکرد. ئەوە فەرقی زۆرە. لە پاشان بلیمەتێکی وەک دوکتور قاسملوو لە مەیداندا بوو. کەسانێکی ئەوکات هەبوون بە وەزنی حیزبی دێموکرات دەناسران لەولایە، بەڵام ئێستا تەماشای وەزنەکان و سیماکانی حیزبی دێموکرات بکەین ئەو کەسانەی شارەزان ڕەنگە قەزاوەتێکی دیکە بکەن. ئارەزووم ئەوەیە هاوڕێیان خۆیان لە جێگای دوکتور قاسملوو دانەنێن. هیچمان ناگەینە قاسملوو، بەڵام ئیتر با ئەو تەوەهومە بۆ ئەوانیش پەیدا نەبێ.

**فەتاح کاویان**: من یەکێک لەو کەسانە بووم کە مامۆستا بووم کە باسی کرد لە حیزب جیابووینەوە. پێمخۆشە ئەوە بڵێم لێرە ژمارەی ئەو برادەرانەی کە ئەوکات لەگەڵ ئێمە بوون و ئێستا لەگەڵ خەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مامۆستادان لەسەدا پێنج کەمتریشن. کەوابێ سەدا ٩٠ی ئەو کەسانەی کە خەتی مامۆستایان قبووڵ کردوە هەموو ئەو کەسانەن کە وەفادارانە لەگەڵ دوکتور قاسملووی شەهید ماونەوە. کەوابوو بە هیچ جۆرێک ناتوانن ئەوانە کەلیمەی لادەر بەکار بێنن. ئەوکاتیش لە خەتی ئەساسیی حیزب لامان نەدابوو، بەڵام ئێستا هەر کەس ئەوە بڵێ بۆخۆی باش دەزانی سەد لە سەد درۆ دەکا.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە بەوانمان دەگوت لادەر، چونکە ئەوان لە بڕیاری کۆنگرەی ٨ لایان دابوو. ئیستا ئەوان دەڵێن لادەر، ٤ جار خۆی لادەرە، بۆ؟ لە کۆنگرەی ١٠ ئێمە قبووڵمان کردوە دەبینەوە یەک حیزب. لە کۆنگرەی ١١ هەر ئەوەیان قبووڵ کردوە و لو کۆنگرەی ١٢ و ١٣یش قبووڵمان کرد کە ئەمانە وەک هەموویان ئەندامی حیزبی دێموکراتن. ئەگەر ئێستا کەسێک بەوان بڵێ لادەر لە بڕیاری چوار کۆنگرە لایداوە. لەپاشان بۆ ئەوەی بزانن ئەو وشەیە چەندە نادروستە بزانن کاتی خۆی ئێمە ڕێککەوتننامەیەکمان ئیمزا کرد لەساڵی ١٩٩٦ دا کە لە بەندی ٨ی‌دا هاتوە هەر بڕیارێکی لە ٢ی مارسی ١٩٨٨ بەدواوە لە لایەن هەر لایەنێکمانەوە دەرچووە هەر بەخشنامەیەکی دەرچووە ئەگەر پێچەوانەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بێ بەتاڵە. کەواتە هەر ئەوکات بڕیارمان دا کە ئەو کەلیمەیە مەحکووم و بەتاڵە. پاشان لەسەر بەرنامەمان بۆنێو ڕووناکبیران؛ جا ئەگەر ئێمە ئەوە نەکەین چی دەکەین؟ کاری نوێ بەفیکری نوێ دەکرێ. ئەوە پێویستیی بەهێزی نوێ و خوێندنەوەی نوێ هەیە. کەوابێ دەچینە نێو ڕووناکبیران و ڕووناکبیران دێنە نێو حیزب.

**کۆمەڵ تیڤی**: میکانیزمێکتان لەبەرچاو گرتوە بۆئەوەی لە نێوانتاندا شەڕ بەرپا نەبێ؟ دەتانەوێ لە داهاتوودا کۆنگرە بگرن؟ ئایا ئەمە شەڕی دەسەڵات نیە؟ ئەو فشارانەی کە ئێستا لەسەر ئێران هەن دەوریان بینیوە لەسەر ئەو لەتبوونەی حیزبی دێموکرات؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: میکانیزمی ئێمە بۆ ئەوکارە سەبرو تەحەمموله. هەر وەک لەو ڕۆژانەدا هەموو شتێکمان کرد بۆ ئەوەی شتی خراپ ڕوو نەدا و ئەمەش بەردەوام دەبێ. ئارەزوومانە ئەو ڕەفیقانەی دیکەشمان ئەو کارە بکەن و ئاواتمە هێزە کوردستانی‌یەکانی دیکەش چاوەدێر بن بەسەرمانەوە و ئەو لایەنە بە کورد بناسێنن کە خەتابارە. بەڵام بۆ کۆنگرەگرتن، مەعلوومە ئەگەر یەک بوایەتین هەر کۆنگرەمان دەگرت. ئێستا کە بووین بە دوو، حەتمەن کۆنگرە دەگرین، ئێستا دەمانەوێ زۆر ئاڵوگۆڕ بکەین، ناتوانین بیکەین. دەبێ بچینە کۆنگرە. بۆ نموونە ئێستا بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات پێویستی بە گۆڕین هەیە. ئێمە ناتوانین بیگۆڕین تا نەچینە کۆنگرە. کەواتە کار دەکەین تا کۆنگرە. شەرعییەتیشمان هەیە. بۆ؟ چونکە کۆمیتەی ناوەندی لەت بووە. بەشێکی لەگەڵ ئێمەیە و بەشێکی لەگەڵ ئەوانە. بە چەند عەددە کەم و زۆر شەرعییەت لەدەست نادا. کەوابێ شەرعییەتمان هەیە بۆ کۆنگرە و پاشان دەچینە کۆنگرە و ڕێبەری‌یەکی تازە و خەتێکی تازە هەڵدەبژێرین.

لەسەر شەڕی دەسەڵات دوو شت بڵێم: ئەوەڵەن شەڕی دەسەڵات تاوان نیە. هەر حیزبێک کە دادەمەزرێ بەو ئاواتە دادەمەزرێ بەو جۆرەی کە بۆخۆی بە مەسڵەحەتی میللەت دەزانێ بەرنامەکەی بەرێوەبەرێ. ئەمە سروشتی‌یە. لە پاشان ئەگەر شەڕ لەسەر دەسەڵات تاوانە، شەڕ بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتیش چوار جار تاوانە. ئیختلافی ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە ئەوە بوو کە ئەوان دەسەڵاتیان پاوان کردبوو لە دەست خۆیاندا. ئەوان لە دێموکراسی ئەو تەعبیرەیان هەبوو کە دێموکراسی مانای ئەوەیە کە کەمایەتی دەبێ پێڕەوی لە زۆرایەتی بکا. لەحاڵێکدا ئێوە هەمووتان ڕووناکبیرن، ئەوە پێناسەی دێموکراسی نیە. ئێمە تەنیا دیکتاتۆری و دێموکراسیمان نیە. دیکتاتۆری فەردیمان هەیە، دیکتاتۆری کەمایەتیمان هەیە، دیکتاتۆری زۆرایەتیمان هەیە، دێموکراسیمان هەیە. سەرەتایی ترین ئەلفوبێی دێموکراسی موراعاتی مافی کەمینەیە لە لایەن زۆرایەتی‌یەوە، کە بەداخەوە لە قامووسی ئەو هاوڕێیانەدا هیچ جێگایەکی نیە. بەڵام دەمەوێ بڵێم شەڕی دەسەڵاتی چی؟ ئەوانەی کە ئەو حەرەکەتەیان بەڕێوە بردوە چەند کەسێکن، بەشێکیان ئەندامی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندین و لەدەسەڵاتدان. چی دیکەیان دەوێ؟ خۆ لەدەسەڵاتدا بوون. بەشێکی دیکەشیان کەسانی وەک منن. ئەمن سەددی پۆلایینم لە بەرانبەر دەسەڵاتدا دروست کردوە. لەواقیعدا بە زەبری من بەندێک لەنێو پێڕەوی نێوخۆی حیزب جێگیر کرا کە ئیجازە بەمن نەدا بۆ جاری سێیەم ببمەوە بە سکرتێر. یانی کەسێک عاشقی دەسەڵات بێ کاری وا دەکا؟ نەخەیر ڕاست بۆ ئەوەی نەبمەوە بە سکرتێر ئەو بەندەم دانا. ئەساسنامەی ئێمە بەندێکی تێدایە دەڵێ: هیچ کەس دوای دوو دەورە سکرتێری ناتوانێ ببێتەوە بە سکرتێر. ئەوە پێشنیاری من بوو. لە کۆنگرەی ١٢ دا دەیانویست لایبەرن، گوتم ئەوەتان پێ بڵێم عومری من لەحیزبدا بەقەد عومری ئەو ماددەیەیە، ئەگەر ئەمڕۆ لای‌بەرن من ئیستعیفا لە حیزب دەکەم و دەڕۆم. کەوابێ مەسەلە شەڕی دەسەڵات نیە.

بەڵام بە نیسبەت ئەو فشارانەی لەسەر ئێران هەن، بۆ ئێمە بەپێچەوانە شکانەوە. دەبوا هەر دوو لامانی هان بدایە کار بکەین(ئێمەی هان دا). ئەمن پێنج ساڵ پێش ئێستا بە نووسین نووسیومە کە هەلومەرجێک خوڵقاوە دەتوانین ئیستیفادەی

لێبکەین، بەڵام بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێبکەین تەنیا یەک ڕێگامان هەیە، ئەویش ئەوەیە بەهێز بین. نووسیبووم ئێمە دەتوانین لە چوار پلەدا خۆمان بەهێز بکەین. ئەوەڵ، ڕیزەکانی خۆمان بەهێز بکەین. دووەم، ڕیزی هێزە کوردستانییەکان پتەو بکەین. سێیەم، ڕیزی خۆمان لەگەڵ ئەو هێزە ئێرانییانە پتەو بکەین کە نوێنەری هێزێکی میللین. دواتریش لەگەڵ هەموو هێزە ئێرانییەکان. بەڵام وەک دەڵێن دەستێک تەنیا دەنگی نایە منداڵێک بۆی ناکرێ کایە.

**ڕۆژنامەی نوێ:** جەنابت گوتت لەگەڵ برادەران مەسەلەی سیاسیمان نەبووە و مەسایلی ڕێکخراوەییە زیاتر. پێتوانیە هەر چوارچێوەی ڕێکخراوەییە جۆرێک تێڕوانینی سیاسیی لەپشتە؟ پرسیاری دووەمم ئەوەیە کە جەنابت لە ڕۆژنامەی چاوەدێر باسی ئەوەت کردوە کە ئێمە تاکەی لەسەر سفرەی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی نان بخوێن. ئەمە چۆنە؟ ئایە ئێوە ڕوانگەتان وەک برادەران وایە بە نیسبەت ڕابردووی حیزبەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** زۆر جار خەڵک دەڵێ ئەوە شتی سیاسیی تێدا نیە و شەڕە لەسەر دەسەڵات. ئوسوولەن شەڕە لەسەر ئەوە کە ئێمە بە شێوەی دێموکراتێک ڕەفتار بکەین یان یەکێکمان ببین بە ساحیبی ڕۆحیشیان. ئەوە بۆچوونێکی تەواو سیاسییە. تەنانەت کاتی خۆی کە ئێمە بەرنامەمان هەبوو لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ یەک بگرینەوە ئەوە ئیختلافێکی سیاسی بوو. ئێمە پێمان وابوو یەککەوتنەوەی ڕیزەکانمان باشە. ئەوان پێیان وابوو نەخەیر ئەو ناکۆکییە نیعمەتی خوایە و نابێ لەدەستی بدەین ئەوانەی ئەو کاتەی کە لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا بوون ئێستا لە تەرکیبی ئێمە پێنج لە سەدن بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ ئەو سەدی پێنجە. سەدی پێنجێکی بە کەیفیەت و بەوەزن و باشن. دەبێ ئەوە بگوترێ. لە پاشان هەر دوو ئەوانەمانن کە وەحدەتخواز بووین. یەکیەتیی ڕیزەکانی ئەو حیزبەمان دروست کرد و پاشان پاراستمان. بەچی پاراستمان؟ بە ئیمتیازدان بە تەرەفی بەرانبەر.

لەسەر مەسەلەی قازی و قاسملوو؛ ئەوە دوو مانای هەیە: یەکیان سروشتییە. ئەو ئەفکارە کە قازی هێنای بۆ کاتی خۆی پێشکەوتووترین بیری سەردەم بوو، بەڵام کۆن دەبێ. ئەوەی قاسملوو هێناویەتی کاتی خۆی باش بووە بەڵام مابا دەیگۆڕی. کەوابێ نابێ هەر بەدوای ئەوە بکەوین. دەبێ شت بگۆڕین. ئەوان خۆیان مابان دەیانگۆڕی. تەنانەت ئەو ئەفکارەی ئەوان هێناویانە ئەگەر تازەش مابن، نابێ دەوڵەمەند بکرێ؟ نابێ شتی دیکەشی بخرێتە سەر. بۆ؟ ئەگەر ئێمە نیمانە با ئەو لاوانە لەگەڵمان بکەون کە منداڵی ئەو عەسرەن. عەرەب دەڵێ: هەر ڕۆژگارێک دەوڵەتی خۆی و پیاوانی خۆی دەوێ. با بیدەینە دەست ئەو لاوانە. مانای دیکە ئەوەیە کە لە پشت سەنگەری دوکتور قاسملوویەوە تەقە لە خەڵکی بکەی. مەسەلەن نووسیان عەبدوڵڵا حەسەنزادە کوێرکەرەوەی ڕێبازی قاسملوویە. بە بەشداریی هەموویان گوتم ئەری کێتان بە قەد من لەگەڵی ژیاوە؟ کێتان بەقەد من لێی فێر بووە؟ کێتان بەقەد من لەسەری نووسیوە؟ کێتان بەقەد من باستان کردوە؟ ئەو کاتیش کاک مستەفا هیجری هەستا گوتی سپاس بۆ مامۆستا و لە کەسێکی وەک مامۆستاش هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێ.

بەڕابردوواچوونەوە ئازایەتیی دەوێ، یانی هیچ تاوان نیە هەستی بڵێی ئەو فیکرەم خراپ بوو. ئەوەش دوو مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوکات چاک بووە و ئێستا بەکار نایە. مەسەلەن ئەو کات ئێمە کە جیا بووینەوە و لە کتێبەکەی خۆیشمدا نووسیومە چاو لە ئەدەبیاتی ئەو حیزبە بکە کە زۆری جنێودانە بەوی دیکە. دەباشە بابە بۆ جنێو بەمن دەدەی بڕۆ کاری خۆت بکە. دوکتور قاسملوو دەیگوت وای دادەنێین دوو دوکاندار لە پاڵ یەکەوە میوە دەفرۆشن. هەر دووکیان هەقیان هەیە بڵێن میوەی من تازەیە، بەڵام حەقیان نیە بڵێن میوەی جیرانەکەم کرمۆڵە. با تەعریفی کالای خۆی بکا. ئەوانەی کە هیچیان پێ نیە خۆیان بە جنێودان بە خەڵکی دیکە پێناسە دەکەن.

**چاوەدێر**: باس لەوە دەکرێ لایەنەکەی دیکە خوازیاری بەستنی کۆنگرەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بوون بەڵام ئێوە ڕازی نەبوون. پرسیاری دووەم، هۆکاری دروستنەبوونی بەرەی کوردستان لەچیدا دەبینی؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: لە بارەی پرسیاری ئەوەڵەوە بەڕەسمی ئەو برادەرانە پێشنیاری پێکهێنانی کۆنگرەی نائاسایییان نەکردوە.

ئەمما ئەگەر پێشنیار بکرایە ئێمە موخالەفەتمان دەکرد. چونکە کۆنگرەی ئاسایی و نائاسایی لەو فەزایەی تێیداین وەک یەکە. ڕەفێقێکی ئەوان لە کۆبوونەوەیەکی دەرەوەی وڵاتدا گوتوویەتی نیگەرانی کۆنگرەی ١٤ مەبن، لە ئێستاڕا دەزانین لە کۆنگرەی ١٤ چ کورسییەک کێی لەسەر دانیشتوە. جا ئەو کۆنگرەیە بە ئاسایی بگیرێ یان نا، مەعلوومە نەتیجەکەی لە کۆنگرەی ١٣ چاکتر نابێ. بۆ ئاگاداریتان هەتا ئێستا ئەو هاوڕێیانە نەیانهێشتوە بە ئازادی لە پشت میکرۆفۆن ئێمە قسەی خۆمان بکەین، قەت ئیجازە نەدراوە. ئەو خەڵکەی کە لەگەڵیشیانە تەنیا یەک قسەیان بیستوە و ئیجازەیان نەداوە قسەی موخالیف ببیستن. خەڵکێکی ئاوایان لە دەوری خۆیان کۆ کردۆتەوە. پێم باشە ئاماژە بە خاڵێک بکەم. ئاخرین پاراگرفی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ کۆنگرەی ١٣ ئەوە بوو کە دەڵێ:

"هاوڕێیانی خۆشەویست، زامنی سەرکەوتن لە هەموو ئەو بوارانەی کە باس کران و لەهەر بوارێکی دیکەی کاری حیزبی و ڕێکخراوەییماندا بەستراوەتەوە بە پاراستن و پتەوتر کردنی ڕیزی تەشکیلاتیمان. ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕێن هەموو کادر و پرسنێلی حیزب بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرشانمان و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگامان بەڕاستی کەم و ناتەواوە هەتا دەگا بەوەی کە ئەم حیزبە نەتوانێ لە هەموو تواناکانی خۆی کەڵک وەربگرێ و بەشێکیان تووشی دوورەپەرێزی بکا، یان لەوەش خراپتر بیانخاتە پەراوێزەوە. حیزبی دێموکرات لە دەست هێندێک ململانێی ناڕەوا زۆری چەشتوە و زیانی دیوە. با پەیمان بدەین ئەم نەخۆشییە خاشەبڕ بکەین و وەرن لەگەڵ خوێنی شەهیدان و لەگەڵ گەل و نیشتمان پەیمانی ژنان و پیاوانی بەرپرس تازە بکەینەوە کە نەک هەمووومان، هەر کەس لەبەرخۆیەوە هەستی دووبەرکی لەخۆماندا بکوژین، بەڵکوو

لەهەر کەسێشمان دی یەکپارچە برگژێدا بچینەوە " ئەو پاراگرافە بە زۆرایەتی‌یەک کە ئەوان هێنایانە کۆنگرە ڕەد کرایەوە. یانی لە کۆنگرەدا هاوکاری و پێکەوەکارکردنیان ڕەد کردەوە. ئەوە دەردەخا مەسەلەکە چیە.

دەلایلی سەرنەکەوتنی بەرەی کوردستانی یەک و دوان نین، بەڵام ئەگەر تێی‌دا سەرنەکەوتین هۆیەکەی ئەوە نەبووە کە لە ئامانجەکاندا یەکمان نەگرتۆتەوە. لەسەر ئامانجەکانمان ئەگەر کەمێکیش تەفاوەتمان هەبووبێ کەم بووە زیاتر لەسەر میکانیزمی پێکەوەکارکردنی ئەو بەرەیە تێک چۆتەوە نەی‌توانیوە درێژەی هەبێ. هیوادارم لە داهاتوودا بە ڕۆحێکی دیکە و بە نەفەسێکی دیکەوە بۆ ئەو مەسەلەیە بچین.

**گۆڤاری ژنان**: مامۆستا، بۆ ژنان لە حیزبی دێموکرات و بەتایبەت لە ڕێبەریی ئەم حیزبەدا ڕۆڵی بەرچاویان نەبووە؟ حیزبی ئێوە بۆ تێکۆشانی ژنان و ڕۆڵی ئەوان لە ڕیبەری‌دا چی لە بەرنامەدایە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن هەمیشە سەرنجی ئەوەم داوە پیاوەکان کە پرسیار دەکەن باسی پیاوان ناکەن، بەڵام کە ژنان پرسیار دەکەن باسی ژنان دەکەن!

**فەتاح کاویان**: زۆڵمیان لێکراوە، بۆیە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر یەکێک لە قسەکانی دوکتور قاسملوو کە زۆر بە سەراحەت دەیگوت: پیاوانی حیزبی دێموکرات لە بەرانبەر مەسەلەی ژناندا کۆنەپەرستن. ئەوە لەنێو حیزبی دێموکرات هەبووە. ئەمن لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتم دیوە کە ڕازی نەبووە کچەکەی بە ئارەزووی خۆی مێرد بکا. ڕازی نەبووە کچەکەی بچێتە بواری تێکۆشانی ژنانەوە. کەوابێ ئەوە دیدێکی کۆنەپەرستانە بووە کە لەسەرمان زاڵ بووە. ئێمە گوتوومانە دەبێ میکانیزم هەبێ، پێمخۆش نیە ئەو میکانیزمە زۆر بەوردی باس بکەم بەڵام دەبێ میکانیزمێک دروست بکەین کە مەجبوورمان بکا بەشێک لە دەنگەکانمان بدەین بە ژنان. ئەو میکانیزمە ئێستا لای من هەیە.

**هەولێر پۆست**: مامۆستا، ئێوە ئەندامی دیکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان وەردەگرن؟ دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە هێندێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتی دەربڕین بۆ ئەو لەتبوونەی حیزب هەیە، ئێوە پەیامتان چیە بۆ ئەو خەڵکە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ئێمە ئەساسنامەمان تا ئێستا دەڵێ ئەو کەسانە دەبنە ئەندامی حیزبی دێموکرات، یان کوردی ئێران بن یان دانیشتووی کوردستانی ئێران بن. کەوایە بەپێی ئەو خاڵە حەقی ئەندامووەرگرتن لە

بەشەکانی دیکەی کوردستان بەخۆمان نادەین. بەڵام یەکپارچەیی و پێکەوەبوون لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەوێدا بە باشی باس کراوە. لەگەڵ ئەوەی لەهەر وڵاتێکدا مەلومەرج و سیاسەتێک هەیە بەڵام خاڵی هاوبەش زۆرن و ئیمکانی هاوکاری لەگەڵ یەکتر زۆرە.

لەسەر ئەو مانگرتن و نارەزایەتی‌یە کە گوایە دەبێ ببێ، ئەمن هێندێک شتم پێگەیشتوە بە ناوی نارەزایەتی لە هەموومان یان گوایا نارەزایەتی لە لایەکمان. بەڵام پەیامی من ئەوەیە ئەو نارەزایەتی‌یە کە هەیانە لەسەر سەرو سەر چاوم. خەتای ئێمەی تێدایە ئەمن لە پشت ئەو تریبوونەوە بە هەموو دڵەوە داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان دەکەم. لەگەڵ ئەوەی ویژدانی خۆم بە شاهید دەگرم بەشێکی یەکجار زۆر کەم لەو خەتایەم بەر دەکەوێ. ئێستا مەجالی ئەوە نیە کە ئەو شتانە باس بکەم، بریا کاتی هاتبایە.

**ئاڵای ئازادی**: باشە ئەو جیابوونەوەیە چۆن دوو ساڵ دوای کۆنگرەتان ڕووی دا؟ پاشان لەسەر چ بنەمایەک دەڵێن سەدی ٥٠ی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئێوەدایە؟ چەندەتان توانیوە دێموکراسی لەنێو حیزبدا جێگیر بکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەڕاستیدا هەر دوای کۆنگرەی ١٠ کە ئێمە بڕیاری یەکگرتنەوەی حیزبمان دا لەو ڕۆژەوە ئەوان هەوڵیان داوە ئەو بڕیارە هەڵوەشیننەوە. پێشتر ئەمن لە پێش کۆنگرەی ١٠ کە کاک مستەفا سکرتێر بوو و ئەمن جێگری سکرتێر بووم، دوو جار چوومە لای. پێمگوت یەکگرتنەوەی حیزب داخوازی خەڵکە، خەڵک دەیەوێ. ئەوە شانازی‌یەکی گەورەیە، با ئەو شانازی‌یە بە تۆ ببڕێ. ئەوکات پێی‌وابوو ئەوە خیانەتە؛ ڕاست گوتی "بە خیانەتی دەزانم". بەڵام دواتریش چەند جار باسی کردوە کە "ئەمن تەسلیم بووم، بەڵام پێم کارێکی غەڵەت بووە" هەر بۆیە لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا هیچ کات ناوی لادەر لە زاری موبارەکیان نەکەوت. هەروەک چۆن ئێستا بەکاری دەبەن.

ئەمن عەرزم نەکردی نیوەی خەڵکمان لەگەڵە، ئەمن عەرزم کردی هەر ئێستا تەماشا بکەین لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا لە جێیەک نیوە زیاترمان لەگەڵە و لە جێیەک نیوە کەمترمان لەگەڵە. ئەوەش پاشان داهاتوو ڕوونی دەکاتەوە. بۆیە ئیددیعای وام نەکردوە چونکە بە زەحمەت نیوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. خەڵکی کوردستان ڕەنگە یەک لە سێی کاری بە کاری حیزبایەتی نەبێ. هەر چەند حیزبەکانی دیکەش هەن بەڵام بەباوەڕی من هەتا ئێستاش زۆرتری لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئەی حیزبەکانی دیکە؟ کەسی دیکەیان لەگەڵ نیە؟ بۆیە واقیعبینانە نیە بڵێین نیوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. لەسەر ئەوەی چەندەمان توانیوە دێموکراسی لەنێو حیزبدا جێگیر بکەین ئەمن دەتوانم بڵێم لە کۆنگرەی ١٠ەوە ئێمە هەوڵمان داوە دێموکراسی لەنێو حیزبدا سەقامگیر بکەین. دیموکراسی لەنێو حیزبدا وەک پێوەندیی حیزبی هەمیشە هەبووە بەڵام یەک شت نەبووە لە نێو حیزبدا، ئەویش حەقی بیروڕای موخالیف بەرانبەر

بە سیاسەتەکانی حیزب. لە کۆنگرەی ١٠ دا بڕیارێکمان پەسند کرد کە ئەوە لە شەش مانگ پێش کۆنگرە وەئازادە. لە کۆنگرەی ١١ گۆڕیمان بەوەی کە هەر لە دوای کۆنگرەوە هەموو کەسێک ئازادە لەنێو حیزبدا ڕای موخالیفی حیزب بڵاو بکاتەوە. لە کۆنگرەی ١٢دا کردمانە بڕیار کە دەستەبەندیی نهێنی تاوانە تاسەر حەددی خیانەت بەڵام هەموو کەسێک هەقی هەیەلەسەر هەر سیاسەت و هەر شەخسێک و هەر بڕیارێکی حیزب و ئۆرگانێک ڕایەکی موخالیفی هەیە بە ئاشکرا لە کۆبوونەوەکاندا باسی بکا.

**ڕادیۆ نەوا**: باسی کۆنە پەرەستیی نێو حیزبت کرد، بەرنامەی ئێوە چیە بۆ لابردنی ئەم کۆنەپەرستی‌یە و بەشداریی ژنان؟ حیزبی داهاتووتان ناوی دەنێی چی و ئایا خۆتان دەکەن بە سکرتێر؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوەی کە کارمان نەکردبی، وا نیە، بەڵام گوتم دەبێ میکانیزمێک هەبێ بۆ بەشداریی ژنان لە ئیدارەی حیزب و کۆمەڵدا. ئەوەی دیکە سکرتێری عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئەسڵەن ئەو مەسەلەیە. ڕاست نیە. دەنا ئەوانەی لە نیزیکەوە شاهیدن و تەنانەت موخالیفینی منیش دەزانن لەوەتا ئەمن هەم لەبەر کورسی ڕامکردوە و کورسی بەدوای مندا هاتوە. ئەمن قەت بەدوای کورسی‌دا ڕامنەکردوە.

**فەتاح کاویان**: من بۆ تەئییدی ئەو قسەی مامۆستا یەک شت دەڵێم. کەم کەس لە حیزبدا هەیە لەو هەڵوێستانەی مامۆستا کە دەیگوت سکرتێری ناکەم نارەحەت نەبووبێ. پێش کۆنگرەی چواریش ئەندامەتیی کۆمیتەی مەرکەزیی نەکرد. لە کۆنگرەی ٨ یشدا نەیکرد. قبووڵاندن و بە تەسویبگەیاندنی ئەوەی کە سکرتێر حەقی نیە زیاتر لە دوو دەورە سکرتێر بێ مامۆستا خۆی بوو باسی کرد. یەکێک لەو کەسانەی کە زیاتر لەهەر کەسێکی دیکە قەڵس بووە لەو هەڵوێستانەی مامۆستا، ئەمن بووم. هەمیشە کورسی بەدوای ئەو کەوتوە.

**ڕۆژهەڵات تیڤی**: مامۆستا، باسی ئەوەت کرد کە نیوەی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. ساڵانی ڕابردوو باسی ئەوەتان دەکرد کە زیاتر لە ٨٠٪ی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. چۆنە ئێستا باسی ئەوە دەکەن کە نیوەی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتەکانە؟ پێتوانیە ئەم سیاسەتە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە نەی‌هێشتوە بەرەی کوردستانی بە ئاکام بگات؟ ئەمە سیاسەتێکی پاوانخوازانە نیە کە بەسەر حیزبی دێموکراتدا زاڵ بووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پرسیارەکەت ڕاست دەکەمەوە کە ئەمن قەت وام نەگوتوە. گوتوومانە لە هەڵبژاردنێکدا کە ساڵی ١٣٥٩ بەڕێوە چوو حیزبی دێموکرات بەتەنیا سەدی ٨٢ی دەنگەکانی کۆ کردەوە. ئەو ئامارە هەیە و ماوە. تەنیا شتێکم گوتوە کە دەلیلێک بۆ گۆڕانی ئەوە نیە. نە بە موسبەت نە بە مەنفی.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕۆژنانەی کوردستان**: مامۆستا، لایەنی بەرانبەر ئێوە تاوانبار دەکەن کە هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان وەڵام نەداوەتەوە، ئەمە چۆنە؟ گۆیا ئێوە نێوبژیوانیی خەڵکی دیکەتان ڕەد کردۆتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە گوتوومانە تەوافوقێک کە دەکرێ دەبێ ئیمزا بکرێ. تەنانەت داوامان کردوە کە زەمانەتێکی ئیجرایی هەبێ و دۆستێکێش لە نێوانماندا هەبێ بۆ ئەوەی سبەینێ ئەو لایەنەی کە لێی لادەدا بە خەڵکی بناسێنین. لە لایەکی دیکەشەوە لەو ڕۆژەوە کە داخوازەکانمان پێشان داون گوتوومانە خەڵکێکی زۆر دەرکراون لەبەر هۆکاری جیناحی. کەوابێ ئەو بڕیارانە ڕابگرن و بەوانی دیکەشدا بچنەوە. کەچی هەر لەو ماوەیەدا بە دەیان کەسی دیکەیان دەرکردوە بێ هیچ دەلیلێک، جگە لە بۆچوونی جیابیری. بەڵام لە باری نێوبژیوانیی خەڵکی دیکەوە ڕۆژنامەی چاوەدێر ڕۆژێک پرسیاری لە من کرد کە لەگەڵ نێوبژیوانیی خەڵکی دیکە دەڵێن چی؟ ئەمن بەڕاستی پێشم وانەبوو بۆ چاپکردنە، گوتم ئەمن داوای نێوبژیوانی ناکەم بەڵام نێوبژیوانی بەشتێکی زۆر سروشتی دەزانم و پێم باشە. ئەوە دەستتێوەردان نیە. ئەمن خۆم چووم لە نێوان پارتی و یەکیتیدا نێوبژیوانیم کردوە. ئایا ئەوان سەربەخۆیی یان لەدەست دا؟ لە نێوان پارتی و پەکەکە و لە نێوان پەکەکە و هەر دوو حیزبی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا نێوبژیوانیم کردووە. ئایا ئەو حیزبانە سەربەخۆیییان لەدەست داوە؟ کاک مستەفا هیجری هەر لەو ژمارەی چاوەدێر دا نێوبژیوانیی ڕەد کردۆتەوە. بۆیە ئێمە نێونژیوانیمان ڕەد نەکردۆتەوە. ئەوان هەوڵی نێوبژیوانییان لە بار بردوە.

**بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە و ئامادە کردنی ئەم دەقە: خالید محەممەدزادە**

**دێسەمبەری ٢٠٠٦ ماڵپەڕی گیارەنگ**



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن سەلاح سۆران: ئێستا لە کوردستانی ئێران خەڵک زمانی کوردی دەخوێنن



**زمانی کوردیو خەمی پاراستنو بە کارهێنانی زاراوەکانی، کێشەی خویندنی ئەم زمانە لە وڵاتی ئێرانو چونیەتی ئیدارەکردنی کلاسەکانی زمانی کوردی لە ئێرانو کۆمەلێک مەسەلەی پێوەندیدار بە زمانی کوردی لە دیدارێکی تایبەت لە گەل حەسەن سەلاح سۆران ماموستای زانکۆ لە شاری تارانو پسپۆری زمانی کوردی لە ئێران دا:**

**خالید محەممەدزادە**: بەرێز حەسەن سەلاح سۆران دەمەوێ بپرسم کە پێناسەی ئێوە بۆ زمانی کوردی چیە؟

**حەسەن سەلاح سۆران**: لە پێوەندیی لە گەل پێناسەی زمانی کوردی بە کورتی عەرزتان بکەم، ئەویش ئەوەیە کە بە رای من زمانی کوردی زمانێکی ئیجگار بەربلاوە. من لە پال ئەوەدا کە چەندین زمانی ئوروپایی شارەزامو زمانی فارسیوتورکیش شارەزام، بۆیە من بە زمانێکی ئیجگار دەولەمەندی دەزانم. ئەم زمانە توانایی پێشکەوتنو بەرەوپێشچوونی تێدایە. بۆ نموونە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو رێنووسەی ئێمە دامانناوە، رینووسی سۆرانییەکەی ئەوەیە کە زۆر کامڵو تەواوە. نە زمانی ئالمانی بەو جۆرەیەو نە زمانی رووسیو فەرانسەیو تەنانەت ئینگلیزیش. ئەگەر وەک زمان ناسێک قسە بکەم هیچ کامیان بەو جۆرە نیە. یەکێکی دیکە زاراوەکانیەتی کە لەزمانی کوردی دا ئیجگار زۆرە کە دەولەمەندی داوە بە زمانی کوردی کە کەم زمان ئەوەی هەیە. مەسەلەن ئێستا لە خودی ئینگلستان بە سێ زاراوە قسە دەکەن، کە زاراوە ئینگلیزییەکەی بۆتە زمانی رەسمی قسەکردنی خەلک. پاشان ئەو دەولەمەندییەی زاراوە کوردییەکان هەیانە ئەوان نیانە. مەسەلەن ئەگەر بمانەوێ فەرهەنگی (مترادف) دروست بکەین، ئەوەندە شتی بەربلاوی لێ دروست دەبێ کە باوەرت نابێ. مەسەلەن لە زاراوەی زازاکی دەتوانی دوو وشە وەربگرێ، لە زاراوەی گۆرانی دەتوانێ دوو وەربگرێ، یا هەروەها لە زاراوەکانی بادینیو سۆرانیش هەر وەهایە. لەوانەیە بلێم کە دەتوانی بۆ یەک وشە ١٠ وشەی مترادف وەربگرێ. لە حالێک دا ئەوە لە زمانی ئینگلیزی یا فەرانسەیی دا نیە. ئەوە بۆ خوی دەولەمەندی زۆر دەدا بە زمانی کوردی کە زمانەکانی دیکە نیانە. ئەمە لە

پـاڵ ئـەوەدا کـە فەرهەنگەکـەمان زۆر دەوڵەمەنـد دەکـا لـە لایـەکی دیکەشـەوە دەبێتـە هـۆی ئـەوە کـە نووسـەرەکانمان، شاعیرەکانمان زۆر شتی جوانترو باشتر بنووسن. چونکە یەکێک لە سەرکەوتنەکانی شاعیر یـا نووسەرێک ئەوەیە کە کاتێک شتێک دەنووسێ مترادفی جۆراوجۆری لە بەر دەست دابێ. بـۆ نموونـە کـە شێعرێک دەنووسێ ئـەبینێ یـەکێک لـەو وشـانە زۆر باشترە هەم لە باری قافیەو هـەم لـە بـاری مانـاوە بـە نیسبەت وشەکانی دیکەوە. بۆیـە بـە کورتی پێموایـە زمـانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە کە زمانەکانی دیکە نیانە. دیارە زمانەکانی دیکە کاریان لە سەرکراوە کە دەبینـی ئـەوان وشـەی فـەننی یـان زۆرەو ئێمـە ئـەو وشـە فـەننی یانـەمان نیـە. بـەڵام دەتـوانین ئـەوەش قـەرەبوو بکەینـەوە. بـۆ نموونـە مـن دەبینـم لـە سەرپاسێک نوسراوە(هێڵی شەقلاوە)، (هێڵ) کە هی جووتکردن بـووە هێنـاویانـە ئیستفادەیان کردووەو دایاننـاوە. یـا هـەر بـۆ (دایر)ەی عەرەبی دەتوانین لە چەندین زاراوەی کوردی کەڵک وەربگرین. مەسەلەن فەرز بکە منداڵانی کورد کە کایە دەکەن شتێکی خرو بازنەیی دەکێشن کە پێی دەڵێن (جەغز)، دەتوانین نێوی (دایرە)ی عـەرەبی بنێن جەغز. یـا رەنگە پێـی بڵێین بازنە. بۆیە زمانی ئێمە زۆر دەوڵەمەندە.

**خالید محەممەدزادە**: باشە ئێوە ئەو هەموو زاراوانە وەک دەوڵەمەندییەک بۆ زمانی کوردی نێودەبەن، لـە لایـەکی دیکەشـەوە کە باس لە دەوڵەمەندی زمانی کوردی دەکەی، ئێمە هەتـاکوو ئێستاش زمانێکی یەکگرتووی کوردیمان نیـە. ئـەم پرشوبڵاوییە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

**حەسەن سەلاح سۆران**: هـەر زمانێـک بـۆ ئـەوەی یەکگرتـوو بـێ پـێش هـەموو شتێک پێویستە دەسەڵاتێک لە پشتی بێ. بـۆ نموونە زمانی لاتینی کاتی خۆی ئیمپراتۆرییەکان لە پشتی بوون. زمـانێکی زۆربـەربلاو بـووە، کاتێـک ئـەو دەسەلاتەی نـەما بۆتە زمانی کتێبخانـە لـە ئینگلیس. بۆیە دەبـێ دەسـەلاتێک لـە پشتی بـێ، ئەگـەر ئـەو دەسـەڵاتە لـە پشتی نـەبێ زمـانی یـەکگرتو هـەر دروست نـابێ. چونکـە ئێمـە ئەگـەر لـە باشووری کوردسـتانیش یـەکگرتووی بکـەین بۆنموونـە لـە کوردسـتانی داگیرکراوی تورکیە بە شێوەیەک دەی شێوێننولە پارچەکانی دیکەش هەر وایە.

**خالید محەممەدزادە**: ئێستا بـەو توانـایی یانـەی بـە وتـەی ئێوە کە لـە زمـانی کـوردی دا هەیە پرسیار ئەمە ئەم زمانە قابلییەتی زمانێکی ئێستانداردی تێدایە؟

**حەسەن سەلاح سۆران**: عەرزم کردی لە دوورگەی بریتانیـا سێ زاراوە هەیە: ئیسکاتلەندی، ئینگلیـزیو ولشـی. ئێستا رەنگە ولشییەکان مەسەلەن لە رۆژنامەی هیرال تریبون تێ نەگەن بـە تایبـەتی کەسـانی کـەم خوێنـدەوار. بـەڵام لـە بـەر خـاتری پاراستنی ولاتەکەیان هاتوون زاراوەی ئینگلیزی یان قبوول کردوە. بـەڵێ زمانی کوردیش ئەو توانایە تێدایە کە ببێ بە زمانێکی ئیستاندارد بەڵام شتی گرنگ ئەوەیە کە دەبێ دەسەڵاتێک لـە پشتی بێ. لـە لایـەکی دیکەشەوە من کە بۆخوم لە

زانکۆکانی دهوکو سەلاحەدینو ڕۆژهەلات وانەم گوتوتەوە مەسەلە هەر ئەوە نیە کە ئێمە تەنیا هەر لە سەر زاراوەی سۆرانیو بادینی کار بکەین. کوردی زاراوەی گرنگی دیکەشی هەیە، وەک زازاکیوگۆرانی. زاراوەی گۆرانی هێندەبەربلاوە هەر قسەی لێ ناکرێ. تەواوی پارێزگای کرماشانو ئیلامو زۆر لە پارێزگای لۆرستان بەو زاراوەیە قسە دەکەن. خودی لۆرەکان ئێجگار زۆرن کە دەتوانم بلێم تا لای ئەسفەهان هەر لۆرن. من پێم وایە بۆ دروست کردنی زمانێک ناتوانین هەموو ئەوانە رازی بکەین، شتی وا هەر نابێ. لە ئینگلستانیش نەکراوە، لە بلژیکیش نەکراوە. بۆیە ئێمە دەبێ زاراوەیەک بۆ مانەوەێ خۆمان وەک ئیستاندارد قبوول بکەین. بۆ نمونە ئەم زاراوەی من لە گەل تۆدا قسەی پێ دەکەم زاراوەی خوم نیە. بۆیە من بەم زاراوەیە قسە دەکەم لە گەل بەرێزت بۆ گەلی کوردە کە ئەم دیمانەیان خوێندەوە لە من حالی بن. ئێمە دەبێ ئەوکارە بکەین. لە ئێرانیش ئەوکارەیان کردوە. ئێستا لە ئێران زمانی فەرمی فارسییە کە رەنگە زۆر لە کوردەکان، بەلووچەکانو تورکەکان لێی حالی نەبن. بەڵام بە هەر حال زمانێکی رەسمییە کە خۆیان پێی دەلێن زمانی ئیستانداردی ئێران هەر چەند زمانی فارسیش نیە. لە نێوفارسەکانیش دا هەر وایە. خەلکی دامغانو سمنان بە زاراوەیەک قسە دەکەن کە رەنگە خەڵکی ئەسفەهان لێیان حالی نەبن. بۆیە ئێمە بۆ مانەوەی گەلی خۆمان دەبێ ئەو کارە بکەین نەک بلێین دەبێ شتێک بلێین هەمووومان لێی حالی بین.

**خالید محەممەدزادە**: جا ئێستا بەو نموونە هێنانەوەی بەرێزتو بەو هەموو زاراوە کوردییانەی کە هەیە لە لایەکی دیکەشەوە بە بوونی هەستی شوین پەرستی کە خوی لە ناوچەگەرایی لە نێو بەشێک لە کوردەکان دا دەبینێتەوە، تۆ کام یەک لەو زاراوە کوردییەکان بە زمانی ئیستاندارد دەزانیو پێت وایە دەکرێ کاری لە سەر بکرێ؟

**حەسەن سەلاح سۆران**: ئێستا زاراوەی ئیستاندارد پێمان خوش بێ یا پێمان ناخۆش بێ، زاراوەی سۆرانییە کە حالەتێکی وەک زمانی ئیستانداردی پەیدا کردوە. هەر چەند ئەوەش برێک ستەمە، چونکە بادینیەکانوکرمانجەکان کە رەنگە ٢٥ میلیون کەس بنو بە نیسبەت سۆرانیەکان زیاتر بن، بەلام دەتوانم بلێم ئەوەش هۆکاری خوی هەبووە. بۆنمونە لە سەد سالی رابردوودا هەردەسەڵاتێک کە پێک هاتووە دەسەلاتی سۆرانی بووە یا دەستوریان داوە بە سۆرانی بنوسن یا قسە بکەن. بۆ نمونە خودی سمایل ئاغای سمکو دەسەڵاتەکەی لە ناوچەی بادینی بوو، بەڵام ناوەندەکەی هێنایە مەهاباد. لە مەهاباد رۆژنامەی "رۆژی کوردو شەوێ عەجەمی" بە کوردی سۆرانی دەرکرد. مەلا محەممەدی تورجانی زادە کە سەردەبیری بوو کوردی سۆرانی بووو بەو زاراوەیە دەری کرد. خودی پێشەوا قازی محەممەد لە کۆماری دێموکراتیکی کوردستان تەواوی شتەکانی بە سۆرانی بوو. هەر وەها مەلامستەفا بارزانیش کە شۆرشەکەی لە بارزانەوەی دەست پێ کرد لێی دەگەڕێنەوە کە گوتوویەتی ئەوانەی کە پێرەوەی لە من دەکەن دەبێ سۆرانی فێر بن. هەروەها لە کوردستانی ئێرانیش پاش شۆرشی ١٣٥٧ دەسەلات بەچەشنێک بۆ ماوەیەک لە دەست حیزبە سیاسیەکان دا بوو. ئەوانیش بە سۆرانی دەیاننوسیو لێرەش لە باشووری کوردستان لەدوای راپەرینەوە زمانی سۆرانی رەسمییەتی پەیدا کردوە. ئەویش ئەوەیە کە زاراوەی سۆرانی دەسەلاتی لێ پشت بووە.

**خالید محەممەدزادە**: ئەگەر بگەڕێینەوە ئێران‌و باروودوخی زمانی کوردی، بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە خوتان چەندین کلاسی کوردیتان ئیدارە کردووەو یەکێک لە کەسەکانی وانە وتنەی کوردین، دەمەوێ بپرسم کێشەی بەردەم فیربوونی زمانی کوردی لە ئێران دا چیە؟

**حەسەن سەلاح سۆران**: دیارە من کە وانەی کوردی دەلێمەوە لە شاری تارانم‌و زیاتر لە زانکۆکان خەریکم. یا لەکۆری کوردانی تارانم(جمعیت کردهای مقیم تهران). بەلام لە ناوچە کوردنشینەکانی وەک سەقز، بۆکان‌و سابلاغ‌و تەنانەت لەگوندەکانیش دەبێ لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەرس بلێین. ئێمە لە تاران زیاتر خوێندکاری زانکۆیمان هەیە. کێشەکە ئەوەیە کە هاوکاری ناکرێین. ڕاستە لە بەندی ۱۵ی قانوونی ئەساسی دا هاتووە کە زمانە ناوچەییەکان خوێندنیان ئازادە. بەڵام ئیمکاناتی نیە. بۆ نمونە لەو ماوەیە وەک سەردانێک چومە ئاوایی تورجان بۆ سەردانی قۆتابخانەیەک کە خەڵکەکە بۆ خویان دایاننابوو بۆ فێربوونی زمانی کوردی. کە چووم دیم کۆنترین‌و رووخاوترین مەدرەسەی جیهانی ئەمرۆی لێ یە، کە ۱۰ تا ۱۲ کچی عاقڵ‌و جوان‌و تێگەیشتوو دانیشتبوون‌و ماموستایەکیش وانەی کوردییانی پێ دەگوت. کە چوومە ژوورەوە زۆر نارەحەت بووم. دیارە مەدرەسەکە خۆیان دایاننابوو. تابلوشی بە سەرەوە نەبوو، ڕەسمی نەبوو. منیش پێیانم گوت لە سەر مەدەرسە بنوسن:"بلێی لێمان دانەخەن"! جا کێشەی ئێمە ئەوەیە کە پشتیوانی ڕەسمیمان لێ ناکرێ. ئەگەر لێشمان دابخەن هیچ سەیر نیە. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە دەبێ کارەکەمان سیستماتیک بێ‌و نەبەستریتەوە بە فەردو دەبێ بەرنامە هەبێ. پاشان ئەی بۆ کتێب چی بکەین؟ بۆیە لە نەبوونی بەرنامە جۆرێک ئانارشیزم پێک هاتووە. هەرکەس بۆ خوی بە جۆرێک زمانی کوردی دەلێتەوە. تازە ئەوانەش کە دەخوێنن پێیانخوشە مەدرەکێکیان پێ بدرێ کە نیشانی بدا ئەم بەرێزە ئەم وانەی تەواو کردوە. تازە ڕەنگە لە جێگای واش هەبێ کە هەر ئیزن نەدەن ئەم زمانە بخوێندرێ. هەرچەند تا ئێستا شتی وا کەم ڕووی داوە. ئێستا لە زۆربەی شارەکان خەڵک زمانی کوردی دەخوێنن. بە تایبەت ڕێکخراوی (سۆما) زۆر زەحمەتیان کێشاوە. ئەوە وەزعییەتی شارو و گوندەکانمانە.

بەڵام ئێمە لە تاران چیمان هەیە؟ من کە ئێستا نیزیکەی ۱۰ساڵە لە زانکۆی (بهشتی) لە تاران دام. من لەوێ کە کوردیمان تەدریس کردوە بە شێوەی(فوق برنامە) بووە، واتە تۆ کە شتێک دەخوێنێ هیچ شتێکت بۆ حیساب ناکەن. منیش لەوێ کتێبم نیەو دەبێ پێشتر خۆم شتێک ئامادە بکەم‌و لەوێ بیلێمەوە. جا نازانم ئەو شتەی من تا چ ئەندازە لە گەل زمانی کوردی لە زانکۆی هەولێرو سلیمانی یەک دەگرێتەوە. منیش هەر ئەوندە دەتوانم کە بۆ خۆم تەئییدیەکیان پێ بدەم کە بەلێ ئەو کەسانە لای من زمانی کوردیان خوێندوە. کە ڕەنگە خودی زانکۆش واژە(مور)ی نەکا بۆم. ئەمانەی کە باسم کرد بەشێک لە گیروگرفتەکانی فیربوونی زمانی کوردی لە ئێران دان. ئەم بەرنامەیەش پێویستی بە بوودجە هەیە کە کەس نیە یارمەتیمان بدا. ئەمەش کێشە دەنێتەوە. بەڵام خەڵکەکە دەیانەوێ زمانی خۆیان فێر بن. سەرەرای ئەو کۆسپانەش خەڵک بە هەر شێوەیەک بۆیان بکرێ خویان فێری زمانی کوردی دەکەن. جا ئەگەر لە ناو ماڵەکانیشیان بێ. لە لایەکی دیکەشەوە

کاناڵە تەلەویزیونە کوردییەکانیش دەوری باشیان گێڕاوە لە فێرکردنی زمانی کوردی. پێم وایە ڕێنسانسێک لە کوردستانی ئێران دا لە بواری کەلتوری یەوە رووی داوە. بێجگە لەوەش گۆڕان لە هەموو ئاستەنگەکان رووی داوە. من ئەمجارە چوومە دێ یەک بە ناوی (رەحیم ئاوا) لای میاندواو. کە نیزیکەی ١٠٠٠ ماڵ دەبێ. گوتیان نیزیکەی ٥٠ تا ٦٠ کەسی لیسانسی لێیەو دەیان کەسی دیکەی مەدرەک داری لێیە. بۆیە ئەم ڕێنسانسە هەموو بوارەکانی گرتوتەوە.

**خالید محەممەدزادە**: باشە ئێوە تا ئێستا چ هاوکارییەکتان لە زانکۆکانی کوردستانی عێراق وەرگرتووە. ئایا ئەم زانکۆیانە هاتوون بە دەم داواکاریەکانی ئێوەوە؟

**حەسەن سەلاح سۆران**: من سپاسی زانکۆکانی باشووری کوردستان دەکەم. زانکۆی سەلاحەدین هەمیشە منیان دەعوەت کردوە. لەو بانگهێشتنانە من زیاتر وانەی کوردی دەڵێمەوە. ئەمسالیش ئەم دەرفەتەیان بۆ من پێک هێنا کە بچمە زانکۆی دهۆکو لە کۆڕی تەواوی ماموستایانی باشوردا بەشداری بکەم. من داوام کرد هێندێک لە خوێندکارانی کورد لە ئێران کە دەخوێنن با بانگهێشتنی ئێرە بکرێن بۆ درێژەدان بە خوێندنیانو با بۆرسی خوێندنیان پێ بدرێ. تەنانەت هاوکاریان بکرێن بۆ چوونە دەرەوەش. ئەوانیش هاوکاری منیان کردوە. لێرەدا دەمەوێ بە هۆی ئێوەی بەرێزەوە ئەمە دووپات بکەمەوە کە خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموویان چاوەڕێی ئێرەنو ئێرە کوانوویەکە کە هەل بووەو ئۆمێدیان بەم کوانویەیە. بۆیە دەبێ هاوکاری ئەم خوێندکارانە بکەن.

**خالید محەممەدزادە**: دەمەوێ وەک شارەزایەکی زمانی کوردی رای ئێوە لە سەر ئاستی زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق بزانم، ئێوە بۆ خوتان لە تەدریسی زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق رازین؟ زمانی کوردی لێرە چون دەبینن؟

**حەسەن سەلاح سۆران**: دیارە رەخنەگرتن زۆر ئاسانە. من نامەوێ رەخنە بگرمو کوردستان هەمیشە ئاوەدان بێت. بەلام هەموو شتێکی چاک دەتوانێ چاکتری بکەی. من پێموایە ئەو هەموو وشە عەرەبییەی لێرە بە کار دەبردرێ هەر پێویست ناکا. بۆ نموونە لێرە دەڵێن (موحازرە) کە پێم وایە وشەی (وانە) کە کوردیە زۆر جوانترە لە (موحازرە) یا وشەی(مورتاح) کە کوردییەکەی هەیەو جوانتریشە. بە هەر حال زمانەکە پڕ بووە لە وشەی عەرەبی کە هەر پێویست نیە. بۆیە من تکام ئەوەیە وشە کوردییەکان بە کاربەرن. من نالێم وشە دروست بکەن. ئێستا لە (فرهنگستان ایران) وشە دروست دەکرێ کە من بۆخوم بۆ ماوەیەک لەوێ بووم. بۆ نموونە بۆ هەلیکوپتێر(بالگرد)یان داناوە. بەلام ئێمە هەر دەتوانین لە زاراوە کوردییەکان وشە بێنین. بۆ نموونە وشەی(جۆک) کە ئینگلیزییە لە کوردی دا بۆی (جەفەنگ) هەیە، شۆخی، سوعبەت، گاڵتە، گەپو زۆر شتی دیکەی بۆ هەیە. بۆیە پێم وایە ئەم زمانە کوردییەی ئێرە(کوردستانی عێراق) دەبێ پاک بکرێتەوە لە زمانی عەرەبی. من نالێم دەبێ پاک بکرێتەوە لە زمانی فارسی، چونکە زمانی فارسی هی ئێمە بووە. ئێمە شتەکانی

خۆمان کە لە ناو زمانی فارسی دا هەیە دەبێ رابگرین. نەک بلێین چونکە لە زمانی فارسی دایە ئێمە نامانەوێ. بەڵام عەرەبییەکە هی ئێمە نیە. زمانی عەرەبی لەگەل ریشەی زمانی ئێمە فەرق دەکا. عەرەبی زمانێکی هاوردەیە. بەڵام زمانی فارسی تێکەلێکە لە زمانەکانی دیکەو یەک لەوان زمانی کوردی بۆیە زمانی کوردستانی عێراق دەبێ پاک بکرێتەوە.

**خالید محەممەدزادە**: ئاماژە بە هاو ریشەبوونو تێکەل بوونی زمانی فارسیوکوردی دەکەن، پرسیار ئەمەیە ئێستا لە کوردستانی ئێران، ئاخاوتنی رۆژانەی خەلک زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە زمانی فارسی هەژموونییەکی باشی بە سەر زمانی کوردی پەیدا کردوە، لەو ئاخاوتنانە دەردەکەوێ کە زمانی ئاخاوتنی رۆژانە رووخسارێکی بە تەواوی فارسی پێوە دیارە، تۆ ئەم دیاردەیە چون لێک دەدەیتەوە؟

**حەسەن سەلاح سۆران**: ئەوە راستە، دیارە تێکەل بوونەکە چەند جۆرە. یەکێکیان تێکەل بوونی فارسییە لە گەل ئێمەدا کە ئەمە مەترسییە، ئەوی دیکەیان کوردییە چۆتە نێو زمانی فارسی کە ئەمە مەترسی نیە. بەڵام ئەوەی وشەکانی ئەوان بێنە ناو زمانی ئێمە ئەوە مەترسییە. بۆ نموونە لە سنەدا دەلێن:"ئەمرۆ بەرنامەی سینەماها چیە"؟(بەرنامە) کوردییە، (سینەما) وشەیەکی فەرانسەییە، بەلام پاشکۆی (ها) پاشکۆیەکی فارسییەو هیچ پێوەندییەکی بە کوردەوە نیە. ئێمە دەبێ بلێین (سینەماگەل)، یا (سینەماکان). ئەوانە مەترسی دروست دەکەن. ئەمن جاری وا هەبووە وتارێکم نووسیوە تەنیا لەسەر (ها)،ئێمە (ها)مان نیە. من بەرچاوتەنگ نیم، بەڵام دەبێ زمانەکەمان بپارێزین. ئێمە لە کاتی حکوومەتیش دا ئیسپاتمان کرد کە شوڤینیست نین. من بابم فەرماندەی ئەرتەشی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان بووە. دایکی قازی محەممەد لە بنەمالەی ئێمە بووە. لە کۆماری کوردستان ١١ کەس لە بنەمالەی ئێمە بە شەوێک شەهید کران. پێشەوا دەستوری دابوو کە بۆئەرمەنیەکان لە مەهاباد مەدرەسە دروست بکەن. هێندێک جوولەکەی لێ بوو بۆ ئەوانیش دەستووری دا کە مەدرەسەی خۆیان هەبێ. ئێستاش ئەو ئازادییەی کە لە کوردستانی عێراق دا هەیە لە هەولێر تۆرکمانەکان مەدەرسەی خۆیان هەیە، رۆژنامەیان هەیەو بە زمانی خۆیان دەخوێنن. بۆیە ئەوەی کە زمانی ئێمە تێکەل بە فارسی بووە مەسەلەیەک نیە، بەلام من داوام ئەوەیە ئەو پاشگرو وشانەی کوردی نین لە زمانی کوردی دا بەکاریان نەهێنین.

**خالید محەممەدزادە**: سپاس لە بەشداریتانو خوشحال دەبم دوا سەرنجی ئێوە ببیستم؟

**حەسەن سەلاح سۆران**: من سلاوم هەیە بۆ خوێنەرانی ئەم دیمانەیە. زۆریشم پێ خوش بوو لە گەڵ بەرێزتان دا دیمانەم پێک هێناو لە رێگای ئێوەشەوە دیسان داوا دەکەم کە هەموومان هەوڵ بدەین زمانەکەمان بپارێزین.



سەرچاوە
Serchawe

**چالاکییەکانی حەسەن سەلاح سۆران بە قەڵەمی خوی:**

- نووسینی هەوەل کتێبی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان بە ئەلفوبێی کوردی
- نووسینی نیزیکەی ٢٠ کتێب بە کوردی، فارسی، ئینگلیزیو ئەلمانی
- ئەزمورنی ٤٠ ساڵ وەرگێران لە زمانی کوردی، ئینگلیزی، فەرانسەیی، ئەلمانیو رووسی
- بەرپرسی بەشی فەرهەنگی کۆڕی کوردانی تاران(KKT)
- بەرپرسی ئەنجومەنی کوردستانی باشوور(کرماشان، ئیلام، لورستان، هەورامان، لەکستان)
- بەرپرسی تەدریسی کوردی لە زانستگاکانی تاران، ئەسفەهان بۆ ماوەی چەند سال
- ئەنجامدەری گەلالەی کتێب ناسی کوردی لە یەک چوارەمی سەدەدا
- یاریدەری بەرپرسی بەشی کوردناسی لە زانستگەی بێرلێنی رۆژئاوایی بۆ ماوەی دوو ساڵ(١٩٦٤ - ١٩٦٦)
- تەدریسی کوردی لە سەر ئەنتێرنێت لە مالپەری ئالمان بۆ ماوەی چەند ساڵ
- خاوەنی ناسنامەی فەرهەنگی
- پێشکەش کردنی سمینارو وانە لە زانستگەی تاران، لەندەن، ئەسفەهان، پاریسو سەلاحەدین
- خاوەنی هونراوەی بە ناوبانگی( باغی ژین)
- نووسەرو بێژەری بەرنامەی رادیوی کوردی(لە بەستێنی کەلتووری دا) بۆ ماوەی ٥ ساڵ و....

**سەرچاوە: وێبلاگی ڕاگەیاندن، ڕۆشنگەریی و ماف**

**ئەم چاوپێکەوتنە بەهاری ١٣٨٥ (٢٠٠٦ ز) ئەنجام دراوە.**

## لە کۆمەڵەی ژ. ک. ـەوە تا ماڵاوایی لە سازمانی خەبات



**دیمانە لەگەڵ شێخ جەلالەدینی حوسێنی، کەسایەتیی سیاسیی – ئایینی کوردستانی ئێران**

**"کوڕە ئەوەندەی پێ نەچوو حیزبی دێموکراتیان سواری وڵات کرد و کۆمەڵەی ژ. ک.یان گسک دا. حیزبی دێموکرت لە باکۆ تەشکیل بوو. لە باکو دیکتەیان کرد. گەورەیان کرد و هێنایان لەوێ دایانبەزاند. قازی محەممەد بۆخۆی بێزار بووە لە حیزبی دێموکرات."**

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا ساڵی چەند بووی بە ئەندامی کومەڵەی ژ.. ک.؟

**شێخ جەلالەدین**: من لە ساڵی ١٣٢٤دا لە ناوچەی بۆکان بوومە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک. و سوێندخۆری کۆمەڵەی ژ. ک. بووم. زۆر بە ئیمان خەریک بووین و خیانەتمان بە هیچ جۆرێک نەکرد. کۆمەڵەی ژ. ک. فیش وەک حیزبی دێموکرات نەبوو کە لە دوایە پەیدا ببێ. لەنێو خودی میللەتدا سەرچاوەی گرت.

**خالید محەممەدزادە**: ئەی چون ئاشنا بوون بە کۆمەڵە؟

**شێخ جەلالەدین**: من لە سەرا دەمخوێند. زستانی ١٣٢٣ بوو. بەهار کە چوومە موکریان مامۆستا شێخ عێزەدین لە موکریان بوو، لە حەمامیانی بۆکان بوو. دیارە مەسەلەی کۆمەڵەی ژ. ک. مەترەح بوو. ئەمنیش جەوان بووم و ١٨ ساڵ تەمەنم بوو. تەشکیلاتەکە هەبوو. تەبلیغاتیان بۆ کردم و منیش قبووڵم کرد. مامۆستا شێخ عێزەدین پێشتر ببوو بە ئەندام.

**خالید محەممەدزادە**: مەرجی بە ئەندامبوون لە کۆمەلە چ بوو؟

**شێخ جەلالەدین**: مەرج و شت نەبوو. تەنیا حەوت سوێندیان دەدای و کورد بوایەتی و بەس.

**خالید محەممەدزادە**: کارت چ بوو لە کۆمەڵە؟

**شێخ جەلالەدین**: کار نەبوو. کورد بوایەتی تەواو بوو و ئامادە بە.

**خالید محەممەدزادە**: واتە تو هیچ مەسئوولیەتێکت نەبووە؟

**شێخ جەلالەدین**: نەوەڵڵا برا گیان. تەنیا وەک سەربازێک بووم.

**خالید محەممەدزادە**: ئەی چون لە بەرنامەکانی کۆمەڵەی ژ. ک. ئاگادار دەبووی؟

**شێخ جەلالەدین**: کورە ئەوەندەی پێ نەچوو حیزبی دێموکراتیان سواری وڵات کرد و کۆمەڵەی ژ. ک.یان گسکدا. حیزبی دێموکرت لە باکۆ تەشکیل بوو. لە باکۆ دیکتەیان کرد. گەورەیان کرد و هێنایان لەوێ دایانبەزاند.

**خالید محەممەدزادە**: تۆ ئەو کات ناڕازی بووی کە کۆمەڵە بوو بە حیزبی دێموکرات؟

**شێخ جەلالەدین**: کورە هی وا هەبوو هەر بە خۆی نەزانیبوو کە ئەو کۆمارە لەسەر حیزبی دێموکرات دامەزراوە.

**خالید محەممەدزادە**: کۆمەڵە چۆن کرا بە حیزبی دێموکرات؟

**شێخ جەلالەدین**: ڕووس ناوچەی ئازەربایجانی داگیرکردبوو بە کوردستانەکەشیەوە، کە عیبارەتە لە ناوچەی موکریان تا شیمال، کە ئەگەر حکومەتی کوردستان سەریبگرتایە، کوردستان دیسان دابەش دەکرایەوە. جنووبی لەگەل نەبوو، سەقزی لەگەل نەبوو، بانەی لەگەڵ نەبوو، سنەی لەگەڵ نەبوو.

**خالید محەممەدزادە**: بۆخۆت قازی محەممەدت دیبوو؟

**شێخ جەلالەدین**: بە قسە نا بەڵام زۆرم دیبوو. ماشێنێکی فۆردی ئاڵمانی هەبوو. پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو.

پاتۆلەکەی کورت بوو. گۆرەوی هەڵدەکێشا. دەیانگوت وەرزش دەکا. هەر بە منداڵی بەڕێز بوون. دەهات سڵاوی دەکرد. پیاوێکی زۆر ئەهلی عیبادەت نەبوو، بەڵام زۆر موسڵمان بوو، خۆشەویستی مەلاکان بوو، خوشەویستی خەڵک بوو. ئەهلی موتالا بوو.

**خالید محەممەدزادە**: ئەی چون کرا بە سەرۆکی حیزبی دێموکرات؟

**شێخ جەلالەدین**: لەبەر دەسەڵاتەکەی، چونکە ئەو موفتەدر بوو. تایفەیەکی هەڵسووڕاو بوون و لە باری ماڵییەوە دەوڵەمەند بوون، دەسەڵاتیان هەبوو لە وڵاتدا. شتێک کە لە هەمووی زیاتر بوو بە هۆی زەقبوونەوەی قازی محەممەد و ئەوەی کە بیکەن بە سەرۆک نەک تەنیا مەسەلە عیلمییەکەی و نفووزە دینییەکەی بێ، بنەماڵەیەکی دینی بوون. لە سیاسەتی ناوچەکەشدا هەمیشە ناسراو بوون. شتێکی دیکە کە بوو بە هۆی زەقبوونەوەی تەواوی قازی محەممەد ئەوە بوو کە کاتێک کە ڕەزا شا ڕووخا، حەمەڕەشید خان هات لە بانە و سەقز دەسەڵاتدارەتی کرد. مەنگۆڕەکانیش ویستیان لاسایی حەمەڕەشید خان بکەنەوە و ویستیان بچنە مەهاباد. قازی محەممەد ڕێبەری خەڵکی مەهابادی کرد لە بەرانبەر مەنگوڕەکان و شارەکەی پاراست و ئەمەش ئەوەندەی تر قازی زەق کردەوە. لە کوردستانی ئازەربایجانیش مەهاباد مەرکەز بوو.

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا تۆ ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار لە کوێ بووی؟

**شێخ جەلالەدین**: من لە بۆکان بووم، لە حەمامیان. من سوختە بووم، دەمخوێند. مامۆستا شێخ عیزەدین و ئەوانی تر چوون بۆ مەراسیمی دامەزرانی کۆمار لە بۆکان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر حەوزی بۆکان. هەژاریش شیعرەکەی خوێندەوە.

**خالید محەممەدزادە**: ئێوە دوای کۆمەڵەی ژ. ک. بە ڕەسمی بوون بە ئەندامی حیزبی دێموکرات؟

**شێخ جەلالەدین**: نا.

**خالید محەممەدزادە**: بۆ؟

**شێخ جەلالەدین**: ئێمە هەمیشە کوردایەتیمان لەگەڵ دینمان ویستووە. نەفسێک لە دینی خۆمان نابینین. دینەکەشمان هانمان

دەدا کە دیفاع واجیبە لە هەژاران. کوردایەتیشمان ناکۆکییەکی لەگەڵ دینمان نییە. کوردایەتیمان بۆ ڕەفعی ستەمە. دینەکەشمان ئەوەمان پێ دەڵێ. دینەکەمان کوردایەتیمان پێ دەڵێ. چونکە موسڵمانەکانی دیکەی دراوسێمان بەپێی ئیسلام ڕەفتاریان لەگەڵمان نەکردووە. ئەگەر بەپێی ئیسلام ڕەفتاریان بکردایە زۆڵمیان لە برا دینییەکەی خۆیان نەدەکرد. جا برایەتیمان برایەتی و ماڵمان جیایەتی!

**خالید محەممەدزادە**: دوای ئەوە چیتان کرد کە نەچوونەوە نێو حیزبەوە؟

**شێخ جەلالەدین**: دوای ئەوە شیعرم دادەنا کە ڕۆژنامەی کوردستانی کۆماری شیعرێکی منیشی تێدایە. دیارە ڕۆژێک لە شوێنێک هێندێ قسەی خراپم بیست. هاتمەوە بۆ ماڵەوە بە مامۆستا شیخ عیزەدینم گوت ئەمانە باری ئیعتقادییان خراپە. ئەمەش بوو بە هۆی گەڕانەوەی زۆر کەس.

**خالید محەممەدزادە**: دێموکراتەکان باری ئیعتیقادییان خراپ بوو؟

**شێخ جەلالەدین**: ئەی چۆن! زۆریان توودەیی بوون. یەکێک لە هەموان کە زۆر ئامۆژگاریی منی کرد حاجی ڕەحمان ئاغای باوکی کاک سەلاحی موهتەدی بوو کە زۆری تەشویق کردم بۆنێو کۆمەڵەی ژ. ک. ئەو خۆی هەر ساڵی ١٣٢٥ گەڕایەوە و موخالیفەتی کرد و تێکڕا یاغی بوون لە کۆمار. ئەوانەی کە پێشتر پشتیوانیی کۆمەڵە بوون دواتر لەبەر ئەوەی ماهیەتی کۆمار و حیزبی دێموکراتیان لە باری ئیعتقادییەوە ناسی، دواتر گەڕانەوە.

**خالید محەممەدزادە**: باشە ئەم گەڕانەوەی ئێوە و وەسڵنەبوونی کەسایەتییە ئایینییەکان بە حیزبی دێموکرات و کۆمار نەبوو بە هۆی زەربەلێدان لە کۆمار؟

**شێخ جەلالەدین**: ئەم زەربە هەر لەو ناحیەیەوە نەبوو. ئەسڵەن ئەرکانی حکومەتەکە زۆریان ناتەواو بوون. زۆریان لەژێرەوە پێوەندیان بە حکومەتی شاوە هەبوو. جگە لەوەش ڕووسەکان بۆخۆیان شت بوون. تازە ڕووسیش بەپێی تەوافوقێک کە پێشتر لەگەڵ دەوڵەتی ئێران کرابوو دەبوا بچێتە دەرێ. لە زۆر لاوە کەمکاری و دژایەتی هەبوو کاکە گیان.

**خالید محەممەدزادە**: تۆ دوای کۆماری کوردستان گەڕایتەوە بانە؟

**شێخ جەلالەدین**: نا، هەر لە موکریان مامەوە و فەقێ بووم و دەمخوێند.

**خالید محەممەدزادە**: کاری سیاسیت نەکرد؟

**شێخ جەلالەدین**: جا کاری سیاسی کەس نەیدەکرد تا ئێمە بیکەین. نائۆمێدییەک بەسەر وڵاتدا هات. دیارە هەمووشمان پێمان ناخۆش بوو. ڕۆژێک قازی محەممەد لە کەلی سەرا بەپیر ئەرتەشی شا و سەرلەشکەر هومایونی چوو لەگەڵ حاجی بابا شێخی سەرۆک وەزیران. دواتر هاتن بۆ حەمامیان فەقێکان چووبوون بۆ ماڵی ئاغا بۆ چێشت و نان. ئەوان هاتن چوون بۆ ماڵی محموود ئاغا کە باپیری عومەری ئیلخانیزادەیە. چاو لێ کە، دڵمان بە چی خۆش بوو: پرسیم قازی پێش کەوتبوو یان سەرلەشکەر هومایونی؟ وتیان وەڵا قازی پێش کەوتبوو. نەمدەزانی ئەوەی کە دەگیردرێ و ئەسیر دەبێ، دەبێ پێش بکەوێ!

**خالید محەممەدزادە**: ئەی ماموستا شێخ عیزەدین لەو کاتەدا لە کوێ بوو؟ ئێوە چیتان کرد؟

**شێخ جەلالەدین**: ئێمە هەمیشە پشتیوانیی کوردایەتیمان کردووە. ئێمە ڕەسمەن نە چەپ بووین و نە لە حیزبی دێموکرات دا بووین و نە لە کۆمەڵەشدا بووین و نە لە توودەشدا بووین. ئێمە هەمیشە پشتیوانیی موخالیفانی شامان کردووە. من لە بانە بووم، حوجرەکەم هەمیشە وەک بنکەی سیاسی وابوو.

**خالید محەممەدزادە**: ئەی لە ڕاپەڕینە جووتیارییەکەی ناوچەی موکریان ئێوە لە کوێ بوون و هەڵوێستتان چون بوو؟

**شێخ جەلالەدین**: ماموستا شێخ عیزەدین مورەتەب لە مەنتەقەدا بوو. ئەو لە گوڵێ بوو. ئەو هاوکاری جووتیارەکانی دەکرد. دوایی کە موسەدیق ڕووخا و شا هاتەوە و فیۆدال کەوتنەخۆ دژ بە جووتیاران، هێندێک مەلا کە هاوکارییان کردبوو کەوتنەبەر هێرشی فیۆدالەکان. ماموستا شێخ عیزەدین ناسراو بوو. هەرچەند ئاغا دەچنە حەوشەی ماڵی ماموستا بەڵام دواتر گەڕانەوە. ماموستا هەمیشە هاوکاریی شۆڕش بووە. ئێمە حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە کە دژی شا بوون هەمیشە هاوکاریمان کردوون. من لەڕێگەی فەقێکانی خۆمەوە خەڵکم ڕزگار کردووە. یەکیان محەممەدی شافیعیە کە ئێستا لەگەڵ کۆمەڵەیە. ئەو دەزانێ کە من چۆن هاوکاریم کردوون. من بۆخۆیشم حیزبی نەبووم.

**خالید محەممەدزادە**: حکومەتی موسەدیق لای تو چۆن حکومەتێک بوو؟

**شێخ جەلالەدین**: موسەدیق وەک خۆی بۆ عەبدولکەریم قاسمی نووسیبوو کە وریابە شیوعی و توودە لێت تێک نەدەن. موسەدیق دەیویست حکومەتێکی پارلمانی و خەڵکی بێ ئیرادەی شا هەبێ. ئەو نەیدەویست ڕێژیمی شا بگۆڕێ. چونکە شا

خوی وەک سەمبۆلێک دەیویست بمێنێ. بەڵام کۆمۆنیستەکان سووئی ئیستفادەیان لە موسەدیق کرد و ئەوان ئەم کارەی ئەویان کرد بە حەرەکەتێکی مارکسیستی. ئەوە بوو ئەمریکا وەخۆکەوت، پشتیوانی شای کرد. موسەدیق دەیویست حکومەتێکی میللی پێکبێنێ.

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا، تا ئێستا زیندان چوویت؟ گیراویت؟

**شێخ جەلالەدین**: نە الحمدالله ئەوەندە عاقڵ بووم نەچووم. بەقەد هەموو کەسێک کارم کردووە و نەمهێشتووە بمگرن.

**خالید محەممەدزادە**: واتە تۆ زەمانی شا نەگیرای؟

**شێخ جەلالەدین**: نەوەڵڵا! زۆریشیان ناخۆشدەویستم. بەڵام قەت بەڵگەم بەدەستیانەوە نەدا. هەمیشە سیخوڕیشییان بە سەرمەوە بوو. حەتتا پێیان وا بوو من بۆ عەبدولناسر کار دەکەم. کە عەبدولناسریشم خۆشدەویست لە داخی جوولەکە بوو.

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا پێوەندیی تۆ لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی ٤٦ و ٤٧ چون بوو؟

**شێخ جەلالەدین**: مەلا ئاوارە فەقێ بوو، سووختە بوو. ئەو کاغەزێکی بۆ من نوسیبوو بۆ کوردایەتی و ئەوانە. کەس نەیزانی بۆچی خۆی تەحویل دا یان تەحویلیان دا. بەهەرحاڵ، من ئاگام لەو دارودەستەیە هەبوو.

**خالید محەممەدزادە**: ئەو ڕاپەڕینە چۆن بوو؟

**شێخ جەلالەدین**: وەڵڵا نهێنییەکانیم ئاگا لێ نین. من خەبەرکانیم دەزانی و ئەگەر کاریشیان بە من بوایە وەک پەنادان و هاوکاریکردن کارم کردووە لەگەڵیان. بەڵام من ڕەسمەن نەبوومە ئەندامی حیزب.

**خالید محەممەدزادە**: بەڵام وەک بزانم تۆ هاوکاریی زۆری مەلا ئاوارە و مەلا قادری وێردیت کردبوو؟

**شێخ جەلالەدین**: قادری وێردی کە باوکی هەڵات، خۆی منداڵ بوو. ساڵی ١٣٣٨ کە مەلا ڕەحیم هەڵات قادری نارده ماڵی ئێمە کە دەرسی پێ بڵێم. لەدوایە کە مەلا ڕەحیم هاتەوە هاتوچووی گەرمی لەگەڵ من هەبوو. ئەو دڵی ئێشابوو لە جەماعەتی حیزبییەکان، و هاتەوە. دیارە حیکایەتی قادر زۆرە. ئەو هاتوچووی بانەی دەکرد و ڕۆژێک گیرا و بردیان و بە

ئیفلیجی ناردیانەوە. لەسەر تەختی بیمارستان کەوتبوو، چووم بۆلای. ئەملا و ئەولایم ماچ کرد. دیارە ساواکییان لەلا دانابوو. دوایە خاڵۆزایەکی باوکی بردی بۆ تاران بۆلای دوکتۆر. دوکتۆر دەڵێ چیتە؟ ئەویش جەریانی بۆ دەگێڕێتەوە. بەهەرحاڵ، فەلەجییەکی چاک دەبێ و ماڵی هاتەوە بانە و بوو بە سەرکاریگەری جادە کە ئەو کات جادەی سەردەشت - بانەیان دروست دەکرد. دواتر قادر خۆی و ژنەکەیشی هەڵاتن و دیسان دەستیکردەوە بە هاتوچوو. ڕۆژێک نیوەڕۆ لە کەوشکەنی مزگەوت کەوشی خۆڵاوی لێبوو. دوایی لە فەقێیەکم پرسی گوتم ئەوە کێ بوو. گوتی برادەرانن. گوتم ئەو خۆ پارەکە لێرە بووە هەموو کەسێک دەیناسێ، چون نوێژی نیوەڕۆ هاتۆتەوە؟ پاشان داوای کردبوو کە من چاوم پێی بکەوێ. دیم ڕەفیقی لەگەڵدایە، وتم پێی بڵێن با نەیەت. وتیان بۆ؟ وتم بەتەنیا دێت باشترە ئەگینا لەگەڵ کەس نەیەت چون من لە ڕەفیقەکەی ئەمین نیم. ساڵی دواتر هاتەوە بۆنێو شار، بەرکەوت و شەهید بوو. حوجرەکەی منیش دوانی لێ بوو. گوتم بڕۆن خۆتان حەشار بدەن.

**خالید محەممەدزادە**: فەقێکانی تۆ پێوەندیان بە ڕاپەڕینەکەوە هەبووە؟

**شێخ جەلالەدین**: بەڵێ، بەڵێ. بۆخۆیشم ئاگام لێ بوو. بەڵام عەرزت کەم، من ڕەسمی ئەندام نەبووم.

**خالید محەممەدزادە**: هاوکاریت کردوون؟

**شێخ جەلالەدین**: چۆن نەمکردوون؟ مەلا عومەر عەسری هەڵاتبوو؛ ئەوم دەرباز کرد تا چوو. من هاوکاریان بووم.

**خالید محەممەدزادە**: ئەی مەلا ئاوارە؟

**شێخ جەلالەدین**: گوتم ئەو فەقێ بوو لام لەگەڵ براکەی. ئەو کاتەی لە شۆڕش بوو کاغەزێکی بۆ نووسیبوم.

**خالید محەممەدزادە**: ئەی لە کاتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە کوێ بووی؟

**شێخ جەلالەدین**: کەس لە شا ڕازی نەبوو. من لە بانە بووم. مامۆستا شێخ عیزەدین لە مەهاباد بوو. کاک ئەحمەد موفتیزادە لە سنە بوو. بەگەرمی لە ڕاپەریندا بەشداریمان کرد. خەڵکمان بزواند. دەتوانم عەرزت بکەم تەئسیری زۆر زۆر گەورەمان هەبوو.

**خالید محەممەدزادە**: کاری تۆ لە بانە چی بوو؟

**شێخ جەلالەدین**: پێش خەڵک دەکەوتم. شا لەسەر تەخت بوو. پاییزی ٥٧ دوو کوڕ کە هەر دووکیان ناویان ناسر بوو و هەر دووکیشیان ناوی باوکیان مستەفا بوو لەژێر تراکتۆر کەوتبوون. یەکیان مردبوو، یەکیان زیندوو بوو. بە ژاندارمم گوت وەرن با لایانبەرین. گوتیان تا ڕەئیس دادگا و نوێنەری دادگا نەیەت ئێمە کارمان پێیان نییە و ئەوەی تریش مرد. لە ناشتنی جەنازەکەیان بەشداریم کرد و خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە. تازە کوردستانی عێراق ڕاگوێزرابوو، خەڵکانێکی فرسەتتەڵەب ئەچوون ماڵیان بە هەرزان لەو خەڵکی کوردستانی عێراقە دەکڕێ کە ئێمە زۆری پێ قەڵس بووین. ئیتر کوڕان هاتن وتیان مامۆستا دەبێ قسەیەکمان بۆ بکەی لەسەر قەبران. باسی کوردستانی عێراقم کرد. هێرشم کردەسەر ڕێژیمی عێراق. هێرشم کردەسەر ئەو کەسانە کە کەلوپەلی ئەو خەڵکە ئاوارە بە هەرزان دەکڕن. یەکڕاست بوو بە دروودگوتن و خەڵک بەرەو نێو شار بەڕێکەوتن.

**خالید محەممەدزادە**: خەڵک بە قازانجی تۆ دروشمیان دەدا؟

**شێخ جەلالەدین**: نا بێ قەزابی، بۆ بە قازانجی من؟ بە قازانجی شۆڕش دروشمیان دەدا. دوو ڕۆژ دوایی هاتنەبەر دەرگا و گوتیان مامۆستا پێشمان کەوە. منیش ڕۆیشتم. لە خیابان ڕاوەستاین و خەڵک زۆر هاتبوون. لەوێ دەستمکرد بە قسە و گوتم: نێوچاوانم لە پێش نێوچاوانتان و منداڵەکانم لەپێش منداڵەکانتانە. هێرشم بردەسەر ساواک. بە حەقیقەت من ئیحساسات دایگرتبووم. دەوڵەت مابوو. شتەکە تەقییەوە. هەرچەند دواتر ساواک منیان بانگ کرد و گوتیان دەبێ ئەو خەڵکە ئارام بکەیتەوە. منیش گوتم ئەو خەڵکە ئەوە دەکەن کە لە هەموو ئێراندا دەکرێ. ئیتر دواتر وای لێهات وەزعەکە گۆڕا و من چەکم هێنایە بانە. ئەوەڵ شار کە چەکی هاتۆتە نێو، شاری بانە بوو.

**خالید محەممەدزادە**: ئەو چەکانەت لە کوێ هێنان؟

**شێخ جەلالەدین**: لە دیهاتەوە چەکیان دەکڕی. ئەو چەکانەش کە لە زەمانی شادا درابوون بە خەڵک ئەوانەشمان هێنان و ئامادەمان کردن. تەنانەت لە کرندوە دەهاتن لە بانە چەکیان دەکڕی.

**خالید محەممەدزادە**: هاوکات سازمانی خەباتت دادمەزراند؟

**شێخ جەلالەدین**: نا، خەبەرێک لە سازمانی خەبات نەبوو. ئەمن کوردایەتیم دەویست.

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا، ئێستا کە باسی هێنانی چەکت کرد بیرم کەوتەوە دەڵێن تۆ کاتی خۆی چەکی باشت لە دەوڵەتی عێراق وەرگرتووە، ئەمە ڕاستە؟ ئەو چەکانەتان لە کێ وەردەگرت؟

**شێخ جەلالەدین**: بەڵێ لە دەوڵەتی عێراقم وەردەگرت. بۆ، ئێستاش هەر تاوانە؟! مامۆستا شێخ عیزەدین بۆخۆی ڕەزایەتی دابوو کە چەک وەربگرین. لە دوایە بە مامۆستا شێخ عیزەدینیان ئەوەندە گوت بەعسیە بەعسیە. ئەوە بۆخۆیشی لە مەروێ بوو کە یەکەم مەلاقاتمان هەبوو لەگەڵ نوێنەری دەوڵەتی عێراق ساڵی ١٣٥٨. جا با پێت بڵێم، مامۆستا شێخ عیزەدین و ئێمە زۆر پێش ئەوەی بۆخۆمان مەلاقاتی دەوڵەتی عێراق بکەین لە سەردەشت بە دوکتۆر قاسملوو و مەلا حەسەنی ڕەستگاری گوتبوو کە ئەوە دەوڵەت هێرشمان بۆ دەکا، ئێمە هەڵدەکەندرێین، بەشکەم قسەیەکمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بۆ بکەن. کە حیزبی دێموکرات بە ئێمەی دەگوت وابەستە. مامۆستا پەنای بۆ ئەوان بردبوو. هاتەوە بانە گوتی وام کردووە. گوتم بێ قەزابی بۆ وات کردووە؟ ئەوە دەوڵەتی عێراق پەیتا پەیتا دەنێرێ بۆلای من. ئێمە چ ئیحتاجێکمان بە حیزبی دێموکراتە؟ هەستام چوومە سەردەشت گوتم داوامان بۆ مەکەن.

**خالید محەممەدزادە**: بە کێت گوت؟

**شێخ جەلالەدین**: بە مەلا حەسەنی ڕەستگارم گوت. گوتم بۆ دەچم بە حیزبی دێموکرات بڵێم. یانی مامۆستا شێخ عیزەدین پەنای بۆ ئەوان دەبرد. ئەوان بابان ئاوەدان بوون لای دەوڵەتی عێراق، کەچی بە ئێمەیان دەگوت وابەستەن.

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا، من چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ عەلیڕەزا نووریزادە هەبووە. ئەو دەڵێ دوکتۆر قاسملوو قەت چەکی لە دەوڵەتی عێراق وەرنەگرتووە؛ دەڵێ باجەکەشی دا، تاوانەکشی دا.

**شێخ جەلالەدین**: لاحو ل ولا قوە الله باللە. ئازووقەی نیزیکی ٧٠ هەزار تا ٨٠ هەزار چەکداری ڕەسمەن لە دەوڵەتی عێراق وەردەگرت بە خوا. ساڵی ١٣٦١ چوومە گڵۆلان بۆ سەرەخۆشی شەهیدانی یەکشەوە، سمکۆ ناوێک مەسئولی ڕێکخراوی حیزب بوو لەوێ. شەو لە مزگەوت قسەم کرد بۆ خەڵکەکە. ئەو دەستیکرد بە پرسیارنووسین. گوتی ئێوە چەک لە کوێ وەردەگرن؟ گوتم لەو جێگایە وەردەگرم کە ئێوە لێتان وەرگرتبوو پێش ئێمە. بۆ خەڵکەکەم شەرح دا کە خەباتی چەکداری بێ کۆمەکی دەرەوە ناکرێ. ئێمە خۆمان نەفرۆشتوە. ئەوانیش لەبەر چاوجوانی ئێمە نییە کۆمەک بە ئێمە دەکەن. ئێمە دوژمنی دوژمنەکەی ئەوانین بۆیە هاوکاریمان دەکەن. ئێمەش بە نۆکەری بوونی ئەوان وەرناگرین. مامۆستا شێخ عیزەدین ئەوەندە تەبلیغاتیان لەسەر کردبوو و گوتبوویان بەعسیە، ئیعلامییەی دەردەکرد لەسەر من. پێمگوت ئەمن بە قسەی خۆت چەکم لە بەعس وەرگرتووە. دەیگوت من کەی وام گوتووە. گوتم باشە من هێزی نیزامییم بە ناوی دەفتەری تۆوە تەشکیل دەدا. تۆیش

دەتگوت من هێزی نیزامییم نییە مانای ئەوە نییە کە دژی من بێ. لە بێژوێ دواتر چووم بۆ خزمەتی، گوتی نۆردون سیهانۆک دەڵێ هیچ شۆڕشێکی موسەلیحانە بەبێ کۆمەکی دەرەوە نابێ. گوتم جا قوربان، ئەی بۆ تا ئێستا ئەو حەدیسەت بۆ نەخوێندین؟ قوربان جا درۆی بۆ چییە؟ تاوان نییە. باوەڕ کە کاک خالید، ئەوان ١٠ هەزار کەس ئازووقەیان وەردەگرت. تا تفەنگێک بە ئێمە دەدرا سەد تفەنگ بە حیزبی دێموکرات دەدرا. جا خۆشییەکەی ئەوە بوو کە کۆمەڵە لە ئێمەشی وەردەگرت و تەبلیغاتی دەکرد بە دژی ئێمە. وەڵلا خوا ڕەحمی کرد ڕۆژێک کۆمەڵە ئەوەندە تینیان بۆ هات ڕۆژێک منیان بانگ کرد بە زمان مامۆستا شێخ عیزەدینەوە بۆ حاجی کەند. کاک عەبدوڵلای موهتەدی گوتی جا وەڵلا ئێمە هیچمان نییە و هیچ کۆمەکمان نییە، ئەگەر کۆمەکێکمان پێ بکەی. بەو عەبدوڵلای ئیقدامی‌یە کە هێشتا نەچووبووە دەرێ گوتم کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عیزەدین دەیانەوێ دووبارە ڕوو بکەنەوە دەوڵەتی عێراق. گوتی بە چی؟ گوتم زۆر دەم لە فەقیری و بێ چەکی دەدەن. وەڵلا بەهاری ١٣٦١ لە بلەسەن دیم کە ئاغایان چەکیان وەرگرتووە و لە چەمی چۆمان دەیپەڕێننەوە. بە برادەرێکم گوت سەلامیان بگەیەنە و بڵێ خەرمان بەرەکەت!

**خالید محەممەدزادە:** کەواتە هەموو وەریانگرتووە؟

**شێخ جەلالەدین:** کورە کێ وەرینەگرتووە بابا؟ تەنیا موفتیزادە وەرینەگرتووە. مامۆستا شێخ عیزەدینیش وەریگرتووە؛ وەریگرتووە بۆ نیگابانی خۆی. دواتریش یەکێتیی نیشتمانی چەکەکانی نۆشی گیان کرد.

**خالید محەممەدزادە:** کێی تر وەریگرتووە؟

**شێخ جەلالەدین:** وەی بە قوربانت بم، یانی تۆ نازانی؟! لە گاپێلۆن لە ماڵی مامۆستا شیخ عیزەدین دانیشتنێکمان بوو. دوکتۆر قاسملوو بە پێکەنینەوە گوتی مامۆستا شێخ جەلال ئێمەی فێری ئێرە کرد. گوتم بەڵێ کاک دوکتۆر هاتە شوێنمان و هێنامانی بۆ ئێرە!

**خالید محەممەدزادە:** بێینەوە سەردەمی شۆڕشی ئێران. باشە لە بانە لە ڕێبەندانی ١٣٥٧دا جگە لە تۆ کەسایەتیی و جەریانی سیاسیی دیکە هەبوون؟

**شێخ جەلالەدین:** وەک جەریان نا، نەبوون. کۆمەڵە تازە دامەزرابوو. حیزبی دێموکراتیش بوو. بەڵام وەک جەریان کەس کاری نەدەکرد. یانی حەرەکەتێکی جەماوەری بوو من ڕێبەریەکەیم دەکرد. دیارە ئەفرادی وابەستە بە جەریانگەلی سیاسی هەبوون، بەڵام وەک جەریان کاریان نەدەکرد.

**خالید محەممەدزادە**: ئەی شورای شاری بانە چۆن دامەزرا؟

**شێخ جەلالەدین**: ئێمە شورامان تەشکیل دا کە عەشایریشمان تێخستبوو. هەرچەند نوێنەری دیاریکراوەی لایەنە سیاسییەکان نەبوو تێیدا، بەڵام دوایی دیار بوون. عەبدوڵڵای ئیقدامی هەبوو لەگەڵ چریک بوو، ڕەشید خان هەبوو، تاهیر شەعبانی لەگەڵ بوو. عەبدوڵڵای نەعلبەندی بوو. بەهەرحاڵ، ئێمە ستادێکی بەڕێوەبەریمان دانا و نەمانهێشت دەوڵەت دەست بکاتەوە و پادگان بکەوێتەکار. ئێمەش بە میتینگ و تەبلیغات و ڕێپێوان خەڵکمان دەهێنایە سەحنە. ئەمن هەرچەندم بۆ کرا هەوڵم دا سووتان و شیشەشکاندن و دەستدرێژیکردن نەمێنێ. دەوڵەت هێشتا مابوو. ئێمە هەر هەوڵمان دا خەڵکەکە بە هیواشی ئامادە بکەین. پەیکەری شا مابوو. ڕۆژێک لە متینگێکدا تا لامکردوە چەند شیشەیەکیان شکاند و ماڵی ساواکییەکیان سووتاند و تانگێکش کەوتە نێو شار و هێندێکیان کوشت. ئەگینا لەوە زیاتر نەمهێشت زەرەر بکەوێ. لەوە بەدوا دەستوەشاندن نەبوو. ئەو ڕۆژەی شا رووخا و بەختیار نەما، ئەو ڕۆژە خەڵک هێرشیان بردەسەر پادگان.

**خالید محەممەدزادە**: تۆ دەستووری گرتنی پادگانت دابوو؟

**شێخ جەلالەدین**: نا، بە مەبەستی گرتنی نا.

**خالید محەممەدزادە**: خەڵک چووبوون کە پادگان تاڵان بکەن؟ ئەی تۆ ئەو کاتە لە کوێ بووی؟

**شێخ جەلالەدین**: من لە ماڵ بووم. کە زانیم هەستام ڕۆیشتم. زۆر سپاسیان دەکەم کە بە قسەیان کردم. گوتم کاکە، ئێمە دەست لە پادگان نادەین. پادگان ڕادەگرین. مەبەستم ئەوە بوو چەکەکە بە تاڵان نەڕوا. هەموو جۆرێک خەڵکی تێدا بوو و شتەکەش ڕوویدەدا و لە دەست شۆڕشیش دەچووە دەرێ. ئەو کاتە عەبایەکی درێژم لەبەردا بوو و دەستم بەرز کردەوە و ڕامگەیاند با بڕۆینەوە بۆ شار. هەموویان بە قسەیان کردم. دوو کەس نەبێ کە یەکیان گوتی جا بێ قەزابی بۆ لێمان تووڕە دەبێ. ئەو دواتر لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە کوژرا. ئێمە پادگانمان ڕاگرت تا هاوین و هاوینیش دابەشم کرد بەسەر ئەحزابدا. دوای ئەوە بوومە مەسئولی کومیتە (نیزیکەی ٦ مانگ من مەسئولی کومیتەی شار بووم). لەو ماوەیەدا تەنیا دوو دزی کرا. مەبەستم ئەوەیە زۆر زۆر زاڵ بووم بەسەر شاردا. ئەم وەزعە ڕاگیرا تا دەعوەت کراین بۆ مەهاباد، بۆ لویی جەرگە.

**خالید محەممەدزادە**: لە بانەوە هەر تۆ چووی؟

**شێخ جەلالەدین**: من و عەبدوڵڵای ئیقدامی چووین وەک نوێنەری شاری بانە. لەوێ کۆبوونەوە بوو. داریوش فروهەر و

سەباغیان هاتبوون بۆ مەهاباد وەک نوێنەری دەوڵەت بۆ ئەوەی بزانن خواستی خەڵکی کورد چییە؟ خواستی میللەتی کورد کرا بە ٨ ماددە. ماددەیەکیان زۆر بێکەڵک بوو، زۆر خراپ بوو.

**خالید محەممەدزادە**: تۆ ڕازی بووی لە هەر ٨ ماددەکە؟

**شێخ جەلالەدین**: نا!

**خالید محەممەدزادە**: بۆ؟

**شێخ جەلالەدین**: لە هەمووی ڕازی نەبووم.

**خالید محەممەدزادە**: ڕات لەسەر ماددەی ٨ چییە؟

**شێخ جەلالەدین**: ماددەی ٨ی قەتعنامە پێشنیارییەکەی نوێنەرانی کورد بە هەیئەتی دەوڵەت لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨دا دژ بە دڵسۆزان و خەباتگێڕانی نێو چەرخی خەبات و خوێندانی کوردستانی عێراق بوو کە بە پیلانێکی نێودەوڵەتی و بەتایبەت سێ دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان موبارەزەی چەکداریان ڕاوەستا و ناچار بوون کە بێنە ئێرانەوە. ئەو ماددەیە بێ وەفایی و بێ ڕەحمی بوو لەگەڵ ئەو کوردە لێقەوماوانە.

**خالید محەممەدزادە**: سەرچاوەی پێشنیاری ئەو ماددەیە لە کوێ ڕا هات؟

**شێخ جەلالەدین**: پێشنیاری ئەو ماددەیە و تەئیدەکەی لە دەروونی کوردایەتییەوە نەهات بەڵکو لە دەروونی مارکسیستی و بە ناو زیددی ئیمپەریالیستییەوە هات. چونکە شۆڕشی کوردستانی عێراق لەو چواردە ساڵەدا لەلایەن شای ئێرانی وابەستە بە ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرا، هەرچەند ڕەسمەنً کۆڕەکە لە نوێنەری ئەحزاب پێک نەهاتبوو بەڵکو نوێنەری گەلی کوردی ناوچەکان بوون بەڵام کەسانی سەروە ئەحزابە بە ناو دژی ئیمپەریالیستەکان لەو کۆڕەدا زۆرینە بوون، ئەو ماددەیان چەسپاند. ڕێبەرانی پارتی بە ناو قیادە موەقەتە هەوڵی ئاشتیان دا و کورەکانی مەلا مستەفا، کاک ئیدریس و کاک مەسعود، لە نەغەدە لەماڵی حاجی مەلا صاڵحی ڕەحیمی و بە هەوڵی حاجی مەلا برایمی ڕەوەندی شنۆیی لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین کۆبوونەوە کە چارەسەریی ئەو مەوزوعە بکەن و ئەو دووری و بێزارییە بکەن بە دۆستایەتی و برایەتی کوردانە بەڵام لایەنە چەپەکان بە گەورە و بچووکیانەوە تا تەرازووی مارکسیستیان لەلا قورستر بوو تا کوردایەتی، یان

هەر کوردایەتیان لە تاتەرازوودا نەبووو. سەرانی پارتی دیموکرات و "قیادەموقت"یان بە عەواملی سیا و ساواک و میتی تورکیا ناودەبرد و تەنانەت شەخسی مەلا مستەفایان کە لە ئەمریکا لە موعالەجەدا بوو لەو ئیتهامە دەرنەدەهاویشت، بەڵکو لەو ماددەدا ناویان بوو. درێژەیان بەو جبهەگیرییە دا و کۆبوونەوەکە لەگەڵ مامۆستا شێخ غیزەدینیان بێ ئاکام کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢ی فێبریویری ٢٠٠٧

## نەسرین قاسملوو: کەس ناتوانێ وەک قاسملوو بێو خو هەلواسینیش بە قاسملوو خرابکردنی ئەو پیاوەیە



**هێلێن قاسملوو کە لە ناو کوردەکانی ئێران بە خوشکە نەسرین ناسراوە خێزانی دوکتۆر قاسملوو رێبەری تیرۆرکراوی حیزبی دێموکراتە. ئەو کە ئێستا ٧٤ سال تەمەنیەتیو بە تەنیا لە شاری پاریس دەژی، خەلکی ولاتی چیکە، نەسرین قاسملوو لە یەکەم چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی دوای لە بەر یەک هەلوەشانی حیزبی دێموکرات، تیشک دەخاتە سەر ئەو رووداوەو نایشارێتەوە کە تا ئێستا کەس لەم حیزبەدا نەیتوانیوە جێگای مێردەکەی بگرێتەوە:**

**خالید محەممەدزادە**: تو چەند ساڵە سەفەری کوردستانت نەکردوە؟

**نەسرین قاسملوو**: من سالی ١٩٨٩ بوو واتە ١٧ ساڵ لەمەوپێش بوو کە هاتم بۆ کوردستان کە لە گەل دوکتۆر قاسملوو بوم. ئەوجارەش نەخۆش کەوتم. لەو کاتەوە تا ئێستا سەردانی کوردستانم نەکردوەو کەسیش بانگهێشتمی نەکردوە دەعوەتیش نەکراوی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە؟ نا، ئەوان خۆ لە من ناپرسن. منیان هەر لە بیر چۆتەوە.

**خالید محەممەدزادە**: خانمی قاسملوو دەمەوێ لە سەردوو کەرتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێت بپرسم، تو چون زانیت ئەم رووداوە لە حیزبی دێموکرات رووی داوە؟

**نەسرین قاسملوو**: وەلا من لە دوورەوە بیستوومەو نەمزانیوەو هۆکارەکەشی نازانمو ئەندامی حیزبی دێموکراتیش نیم. لە تەمەنێکیش دام کە هەوالەکانم پێ نادەن. هەر چەند هەر ئینشعابو لەتبوونێک بۆ من ناخۆشە، بە تایبەت ئەگەر ئەمە

لە حیزبی دێموکرات بێ. ئەمە کارێکی باش نەبوو. ئێستا ئەوان هۆکاری پێویستیان پێ بووە یا نا من نازانم ئەمە دەبێ لەوان بپرسی. هەر چەند پێم وایە ئەو ئینشعابە ئەویش بەم بەربلاوییە دەری دەخا کە ناو حیزب سالم نەبووە.

**خالید محەممەدزادە**: خانمی قاسملوو بەرای تو هۆکاری ئەم لە بەر یەکترازانە دەتوانێ چی بێ؟

**نەسرین قاسملوو**: کاکە گیان! باوەر کە نازانم. ئەگەر پێت وایە من شتێک دەزانم لە هەڵەدای. بە راستی نازانم هۆکاری ئەو ڕووداوە چیە؟ منیش تازە بیستمو تەنیا گوتم سەد حەیف کە ئەم حیزبە دوای ئەو هەموو کارو زەحمەتە بەو جێگایە گەیشت کە ئینشعاب تێدا ڕوو بدا. بە کورتی من لەو هەواڵە خۆشحاڵ نیمو هۆکارەکەشی نازانم. کاتێ نەزانم لە سەر چی بووە، ناتوانم ڕام هەبێ.

**خالید محەممەدزادە**: خانم قاسملو لێکترازانی ئەمجارەی حیزبی دێموکرات بۆ تو ناخۆش نیە؟

**نەسرین قاسملوو**: من پێم گوتی زۆر بە داخم بە راستی دەردهێنەرە. من هێزێکی وام لە بەردەست دا نیە کە بتوانم پێشم بەو کارە بگردایە. بە داخەوە زۆر ناخۆشە بۆ من. پرسیار ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسی بۆ پێک دێ؟ بۆ گەلەکەی پێک دێ، کاتێک لە نێو حیزب دا شەرو هەلا پێک دێ، واتە میللەتیان لە بیر بردوتەوە، ئەمە یانی چی؟! بە کورتی من کاتێک لە کوردستان بوومو لە گەڵ دوکتۆر قاسملوو کارم دەکرد هەمیشە دەمدی ئەو هەوڵی دەدا کە ئەم حیزبە یەکپارچە بمێنێتەوە. هەر چەند لەو سەردەمەش دا کەسانێک جیابوونەوە. بەلام ئێستا زۆر ناخۆشە دوای ئەو هەموو ساڵە دەربەدەریو بێ دەرەتانی حیزب گەیشتبووە جێگایەک کە ئێستا ئەمە وەزعییەتی. من نازانم لەمە زیاتر چی بە تو بڵێم.

**خالید محەممەدزادە**: ئۆپۆزیسیونی ناو حیزبی دێموکرات، ئاغای هیجری بەوە تاوانبار دەکەن کە هەموو دەسەڵاتەکانی قەبزە کردوەو لە راستای پێشێلکردنی بنەماکانی دێموکراسی هەنگاوی ناوە ئەمە لە پاڵ ئەوەدا تاوانباری دەکەن بە ئەنجامی هەڵەی سیاسی، تو لەمبارەیەوە دەڵێی چی؟

**نەسرین قاسملوو**: من هیچ ناسینێکم لەو بارەیەوە نیە. راستیشت دەوێ نامەوێ بزانم، ئەگەر توانام هەبوایە کە نیمە هەوڵم دەدا پێشم بەو کارانە بگردایە، بەلام ئێستا کە وەزعەکە وایە نامەوێ هیچ شتێک ببیستم چونکە بە راستی بۆ من ئازار هێنەرە. بە هەر حال نەدەبوا وا بوایە.

**خالید محەممەدزادە**: باشە دوای شەهید بوونی دوکتۆر قاسملو پێوەندیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە گەڵ چون بووە؟



سەرچاوە Serchawe

**نەسرین قاسملوو**: من ئەندامی حیزبی دێموکرات نیم. هێندێ جار کاک مستەفا هیجری و کاک عەبدوڵا حەسەن زادە سەردانم دەکەن یا تەلەفوونم بۆ دەکەن، بەلام ئەمە زۆر بە کەمی روو دەدا. باشە کاکی خۆم ئەوان چ کارێکیان بەم پیرەژنە هەیە؟! تازە تەمەنی من بە سەر چووە( پێکەنین.)

**خالید محەممەدزادە**:: من بیستوومە تو گلەییت زۆرە لە رێبەرانی حیزبی دێموکرات؟

**نەسرین قاسملوو**: ئاخر من لە کوێ شکایەتیان لێ بکەم. من شوێنێکم نیە کە شکایەتیان لێ بکەم. پاشان بە راستی من راستییەکانی ئەوێ نازانم. چونە ئەگەر راستییەکانم بزانیایە پێش ئەوەی شکایەتیان لێ بکەم، بە خۆیانم دەگوت. من بە داخەوە هۆکارەکانی ئەم لەتبوونە نازانم. من کاک مستەفاو مامۆستا زیاتر لە بیست سالە دەناسم ئینسانی باشن، بەلام بە راستی لە باری کاری سیاسیانەوە من هیچ نازانم. ئەوانیش ناتوانن دوکتۆر قاسملو بن. رێبەرانی ئێستای حیزبی دێموکرات ناگەن بە دوکتۆر قاسملوو.

**خالید محەممەدزادە**: تو چە قسەیەکت هەیە بۆ هەر دوو بالی لێکدابراوی حیزبی دێموکرات؟

**نەسرین قاسملوو**: کاک خالید! بریا ئەم پرسیارەت زووتر بکردایە تا خۆم ئامادە بکردایە. بەلام من ئاواتم ئەوەیە زیاتر لە فیکری میللەت دا بن.  نێو خوی حیزب سالم بێ. ئەگەر سالم نەبێ ئینشعاب روودەدا. ئەم ئینشعابە بە من دەلێ کە شتی ناسالم لە ناو حیزبی دێموکرات دا بووە. منیش ئاواتم ئەوەیە شتە ناسالمەکانی ناو حیزب لابچنو پێکەوە یەکگرتوو بنو دەست لەم کارانە هەڵبگرن. ببورە من ئێستا رەنگە نەتوانم وەلامێکی وات بدەمەوە بەلام دەبوا پێکەوە دیاردە ناشیرینەکانی حیزب یان لاببردایەو پێکەوە هاوکاری یەکتریان بکردایە. ئەمە بە قازانجی میللەت دەبوو. دەبێ لە فیکری میللەت دا بن، نەک دیاردەی ناسالم لە حیزب دا پێک بێنن. بە رای من ئەمە کارێکی باش نیە. دیاردە ناسالمەکانی حیزبیش بەم ئینشعابە چارەسەر نابن.

**خالید محەممەدزادە**: خانمی قاسملو بە رای تو حیزبی دێموکرات دوای مەرگی قاسملوو توانیویە درێژە پێدەری رێبازەکەی بێ؟

**نەسرین قاسملوو**: وەلامدانەوە بەم پرسیارە زۆر سەختە. من توانایی رێبەریی ئەمانەم تا ئێستا نەدیوەو ناتوانم لەو بارەیەوە رایەکی باشم هەبێ. دەتوانم حەدس لێ بدەم، بەلام حەدس لە سیاسەت دا جێگای نیە. بە داخەوە من ناتوانم ئەو وەلامەی تو دەتەوێ بیدەمەوە. بەڵام قاسملوو شتێکی دیکە بوو کە تێگەیشتن لە ئەفکاری کاری هەموو کەس نیە.



سەرچاوە
Serchawe

**خالید محەممەدزادە**: خانمی قاسملوو ئەو لەتبوونەی ئەمجارە نیشانەی نەبوونی دێموکراسی لە ناو خوی ئەو حیزبە نیە؟

**نەسرین قاسملوو**: ئەگەر لە کوردستان بوایەتمو شاهیدی کارەکانیان بوایەم دەمتوانی وەلام بدەمەوە. بەلام من لە کوردستان نیمو کارەکانیان نابینم. دەتوانم فیکر بکەمەوە، بەلام ناتوانم وەلامی دروست بدەمەوە. هەر چەند خودی دێموکراسی واتە کۆکردنەوەی زۆرترین جیاوازیو دوزینەوەی میکانیزمێک بۆ پێکەوە ژیان کردن. ئەگەر دێموکراسی هەبێ یەکتر قبوول کردن دەبێ. حیزبی دێموکرات دوای مەرگی قاسملوو بە ئەندازەی پێویست لاواز بووە .

**خالید محەممەدزادە**: ئەو لەتبوونەی ئەمجارە ئەم حیزبە لاوازتری ناکاو نایکا بە حیزبی دووهەم لە کوردستان؟

**نەسرین قاسملوو**: تو وا پرسیار لە من دەکەی دەڵێی من لە کوردستانم(پێکەنین) باوەرکە من نازانم ئەوان لە حیزبی دێموکرات چی دەکەن. خو بە من هیچ نالێن. ئەگەر منیان بیر بکەوێتەوە دێن هێندێ شت بە من دەڵێن، بەلام قسە قسەیەو عەمەل عەمەل. من نازانم چی دەکەن. من ئاواتم ئەوەیە ئەوان هەلەکانی خۆیان راست بکەنەوە.

**خالید محەممەدزادە**: تو ناتەوێ نوسینو بەلگەنامەکانی دوکتۆر قاسملو کۆ بکەیتەوە؟

**نەسرین قاسملوو**: نوسینەکانی دوکتۆر قاسملوو هەموو لای حیزبی دێموکراتە. من تەنیا ئەو کتێبەم لایە کە پێشتر بە چەندین زمان بلاوکراوەتەوە. هەموو شتەکانی لای حیزبی دێموکراتەو ئەوان دەبێ ئەو کارە بکەن، بەلام وادیارە لە بەر شەری ناو خۆیان فریای هیچ ناکەون.

**خالید محەممەدزادە**: تو ناتەوێ سەردانی کوردستان بکەی؟

**نەسرین قاسملوو**: دیارە ویستن شتێکەو توانین شتێکی دیکەیە. من زۆر لەش ساغ نیم. ئێستا حەب دەخۆم. ئینشاللە لە داهاتوودا بتوانم بێم. من هەمیشە پێم خوش بووە سەردانی کوردستان بکەم، بەلام دەبێ لە فیکری لەشساغی خۆشم دا بم.

**خالید محەممەدزادە**:: خانمی قاسملوو هەر چەند بە قسەکانت را دیارە زۆر ئاگاداری حیزبی دێموکرات نیت، بەلام ویستم بپرسم جیاوازی رێبەرانی ئێستای حیزبی دێموکرات لە گەل دوکتۆر قاسملو سکرتێری پێشووی ئەم حیزبە لە چی دایە؟

**نەسرین قاسملوو**: پرسیارەکانت زۆر جیدیو سەختە. نازانم چی بلێم لە سەر رێبەرانی ئێستای حیزب. راستە ئەوان



سەرچاوە
Serchawe

خوێندوویانەو شت دەزانن. هەر چەند من نامەوێ لە سەریان قسە بکەم. تو باشتر لە من دەیانناسی. بەلام دوکتۆر قاسملوو هەر لە منداڵییەوە زیرەکییەکی هەبوو کە زوو شت فێر دەبووو بە کاری دەبرد. بۆیە خەڵک پێیان خوش بوو قسەکانی ببیستنو رێزیان لێ دەگرت. ئەو زانکۆی تەواو کردبوو لە چەندین ولات. لە بواری دیپلۆماسی زۆر زیرەک بوو کە لە ئێستای حیزب کەسی وا نابینم. هێندێ شتی هەبوو کە رێبەرانی ئێستای حیزب نیانە. رنگە جیاوازییەکەی لە مەدا بێ. دوکتۆر قاسملوو لە ناو خەلکی سادەش بە سادەیی رەفتاری دەکرد خوی نیزیک دەکردەوە لە خەلک. من رەفتاری رێبەرانی ئێستا حیزب نازانم چیە. بەلام پێم وایە دوکتۆر قاسملو زۆر شتی هەبوو کە دەبوا رێبەرێک هەیبوایە. بە کورتی من پێم وایە کەسی تر ناتوانێ جێگای قاسملوو بگرێتەوەو کەسیش ناتوانێ وەک ئەو بێو خو هەلواسینیش بە دوکتۆر قاسملوو خرابکردنی ئەو پیاوەیە.

**خالید محەممەدزادە**: تو وەزعی ئێستای حیزبی دێموکراتو کوردی ئێران چون دەبینی؟

**نەسرین قاسملوو**: من باوەرم وایە رۆژێک کوردەکانی ئێران بە دێموکراسی دەگەنو حیزبی دێموکراتیش دەگەرێتەوە جێگای خوی.

چونکە ئێستا حیزبی دێموکرات ناتوانێ وەلامدەر بێ. تو دەزانی لە ئێران کوردەکان ناتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن. بەلام کوردەکانی عێراق ئێستا وەزعیان گۆراوەو دەتوانن بۆ خۆیان بژینو بخوێنن کە ئەمە ئاواتی من بوو.

بۆ دەبێ کوردی ئێران نەتوانێ ئەو دەسکەوتانەی کە براکانیان لە عێراق پێی گەیشتوون، پێی بگەن؟ من بە راستی هیچ کات نائۆمید نەبوومو نابم. پێم وایە کوردی ئێران رۆژێک بە سەرکەوتن دەگا.

**خالید محەممەدزادە**: تو لە رێگای ئەم دیمانەیەوە چ قسەیەکت هەیە بۆ خەلکی کوردستان؟

**نەسرین قاسملوو**: من عاشقی خەلکی کوردستانم. زۆریانم خوش دەوێ. من چونکە خوشیانم دەوێ دمەوێ بلێم کە وریای خۆیان بن. باش بیر بکەنەوە کە چیان دەوێ. چونکە لە ولاتێک دا دەژین کە دێموکراسی تێدا نیە. هەر چەند حیزبی تریش هەیە. بەلام حیزبێکی دێموکراتیان هەیە کە ئەوانی تا ماوەیەکی باش رێبەری کردوە، ئێستا کە حیزب کەوتوتە ئەو حالەتەوە خەلک دەبێ هاوکاری حیزب بکەن بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە. خەلکیش دەبێ نارەزایەتی خۆیان بگەیەنە هەر دوو رێبەری حیزب کاک مستەفاو کاک عەبدولاو پێیان بلێن لێتان نارازینو پێشم خوشە سلاوی من بگەینیتە خەلکی کورستان.

سەرچاوە: وێبلاگی دیدار - مانگی جانێویری ۲۰۰۷

## ناسر ی حیسامی: دەوری تاقانەی عەبدوڵا موهتەدی، یەکێک لە خاڵەلاوازەکانی کۆمەڵەیە



ناسر حیسامی رەخنە لە لایەنی بەرامبەری خۆیان لە کۆمەلە دەگرێو دەڵێ:" دەیانەوێ ڕوخساری سەرجەمی کێشەکە بگۆڕن و بڵێن کێشەی سیاسی نییە و قسەی کەمینە ناوەرۆکی نییە و فرەی تەشکیلاتییە و وەجواب هاتنە لەسەر چەندکەسی ئاژاوەگێڕ کە دەرکراون".

ئەو سەبارەت بە ئەگەری جیابوونەوەیان دەڵێ:"جیا نابینەوە". لە هەمان کات دا دەڵێ:" دەوری تاقانەی کاک عەبدوڵلا موهتەدی، یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵە یە و دەفتەری سیاسی کۆمەڵە،بە هیچ شێوەیەک نیشانەی تواناییەکانی کۆمەڵە نییە". دواتر سەبارەت بە هەلویستی لایەنی بەرامبەریان وتی:" نەیارانی ڕیفۆرم بەرانبەر بە ئێمە، لە باری سیاسییەوە بێدەنگەیان کردووە، لە باری تەشکیلاتییەوە گوشار دێنن".

ئەمانەو کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە بە بارووودوخی نێو خویی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران لە دیدارێکی تایبەت لە گەل ناسر حیسامی ئەندامی رێبەریی کۆمەلە.

**خالید محەممەدزادە**: بۆ رەوتی ساغکردنەوەی کۆمەلە نەیتوانی خواستەکانی ئێوە بە دی بینێ، هەروەک لەو "بەرنامەی چاکسازی" باسی دەکەن؟

**ناسری حیسامی**: ڕەوتی ساغکردنەوە، هەنگاوی گەورەی لە بواری سیاسیدا هەڵگرت. کۆمەڵەی بووژاندەوە و هێنایەوە ناو

مەیدانی هەڵسووڕانی چالاکانە. پێویست بوو کۆمەڵە، بینا حیزبییەکەشی بە تەناسوب لە گەڵ پێشڕەوییە سیاسییەکانی نوێ بکاتەوە، بەڵام لەوەدا، بە بڕوای من کارێکی بەرچاوی نەکرد. بینای حیزبیی کۆمەڵە و سوننەتە تەشکیلاتییەکانی، هێشتا وەڵامدەرەوەی حیزبی گەورە نین. ئەو نوێبوونەوەیەی حیزبەکە، لە زۆر هەنگاودا، لە گەڵ موقاوەمەت بەرەو ڕوو بوو.

کۆمەڵە نەبوو بە حیزبی ئۆرگان و نیهاد و دامەزراوەکان. قەوارە حیزبییەکەی ئێستاش بریتییە لە ڕێبەرایەتییەک کە ئەندامان هیدایەت دەکا و، بەدەنەیەکیش کە ڕێکخستنێکی قانوونمەندی نییە و دەبێ ڕێبەرایەتی هەڵگێڕووەرگێڕی بکا.

لە بواری سیاسەتەکانیشدا، پێویستە کۆمەڵە هەندێک لە سیاسەتەکانی خۆی شەفافتر بکاتەوە. ئێستا تەفسیر و لێکدانەوەی جیاواز لە بابەت هەندیک لە سیاسەتەکان هەن. جگە لەوەش، باسەکانی ئەم دواییە نیشانیان دا کە پێویستە لە داڕشتن و ڕاگەیاندنی سیاسەتەکانیشدا سەرجەمی حیزبەکە دەور و دەسەڵات و چاوەدێرییەکی زیاتری هەبێ.

**خالید محەممەدزادە**: دەکرێ کونکرێت پێم بلێی کوسپەکانی سەر ڕێگای ئەو چەند ساڵەی ئێوە لە ناو خوی کۆمەلە بۆ وەدی هێنانی هەموو ئەو وادەو بلێنییەکانی کۆمەلە دوای ساغکردنەوە خوی دای چ بوو؟ کاک عومەر ئیلخانی زادە لە چاوپێکەتنێک دا لە گەل من یەکێک لە کۆسپەکان بە "شێوازە کارێک لە حیزبایەتی ناو دەبا کە کاک عەبدوڵا موهتەدی" پێرەوی کردووە دەلێ "من بە زیانی دەزانم" تو دەلێی چی؟

**ناسری حیسامی**: ئەو شێوازی کارە، زۆرتر هی ئەم دەورەیەیە کە باسە ناوخۆییەکان هاتنە گۆڕ. کاک عەبدوڵڵای موهتەدی، دەورێکی بە نرخی لە ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا بوو. دیارترین سیمای ئەو ڕەوتە بوو. بە بڕوای من ئەو ڕەوتەی بە باشی ڕێبەرایەتی کرد. هەر بۆیەش لەم ساڵانەدا متمانەی هەمووانی لە پشت بوو. ئێستاش پێم وایە، ئەو پێویستە هەر هەمان دەوری هەبێ. بەداخەوە، لەم باسانەی ئەم دواییەدا، کاک عەبدوڵڵا شێوازێکی دیکەی گرتەبەر. لە جیاتی ئەوەی وەک سکرتێری گشتی خەمخۆری تەبایی حیزبەکە بێ، بەرانبەر بە خوازیارانی ڕیفۆرم و ئاڵوگۆڕ، پشتیوانیی لە لایەنەکەی دیکە کرد. ئەو پێویستیی بەوە نەبوو. جێگەی ڕێزی هەمووان بووە. دەیتوانی لەو جێگەیەی خۆی کەڵک وەربگرێ بۆ ئەوەی کۆمەڵە بە هەموویەوە، بە تەبایی، ئەو ئاڵوگۆڕانە بەدی بێنێ.

**خالید محەممەدزادە**: بە رای تو خەتی سکرتێری کۆمەلە تا چە ئەندازە کۆسپ بووە لە بەردەم رێفۆرم و نوێبوونەوە لە کۆمەلە؟

**ناسری حیسامی**: سکرتێری گشتیی کۆمەڵە، کاک عەبدوڵڵای موهتەدی، خۆی لە زۆر بواردا، ڕچەشکێنی ڕیفۆرم بووە بۆ

نوێبوونەوە. ساغکردنەوەی کۆمەڵە، نوێبوونەوەیەکی گەورە بوو کە کاک عەبدوڵلا ڕێبەراتیی کرد. ئەو خەتەی بووەتە کۆسپ لەسەر ڕێگای ڕیفۆرم و نوێبوونەوە، خەتی کاک عەبدوڵلا نییە. خەتی کەسانێکی دیکەیە کە دەزانن ئەگەر کۆمەڵە نوێ بێتەوە، ئەم جێگا و دەسەڵاتەی ئێستایان نامێنێ. ئەگەر لە کۆمەڵەدا دەرفەتی بەرانبەرکێیەکی ئازاد و دیمۆکراتیک هەبێ، نە بە فکر و نە بە پلەوپایە، ئەوانە ئەو جێگایەیان نابێ. ئەو خەتە، لە ساڵانی پێشترەوە لە بۆنە و برگەی جۆراوجۆری حیزبەکەدا خۆی دەرخستبوو. کاک عەبدوڵلا، جاری وابووە ئەوانەی بە دووی خۆیدا هێناون و بە دووی پێشڕەوییەکانی کۆمەڵەدا ڕاکێشی کردوون. ئەمجارەی دوایی، کاک عەبدوڵلا، ئەو کارەی نەکرد، بەڵکوو بێدەنگەی کرد لە بەرانبەریاندا و، بە کردەوە کەوتە لای ئەو ڕەوتە. بە چ لێکدانەوەیەک؟ نازانم. بێجگە لە کاک عەبدوڵلا، هاوڕێی دیکەش لە دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی هەن کە بە بێ سەبەبێکی قابیلی تێگەیشتن کەوتنە ئەو دەستەیە. بەمجۆرە، ئەو هاوڕێیانە کە دەیانتوانی لە ڕیزی پێشەوەی ڕەوتی ئاڵوگۆڕ لە خزمەت پێشڕەویی زیاتری کۆمەڵەدا بن، لەم دەورەیەدا بوونە ڕێگری گۆڕانکاری و ڕیفۆرم.

**خالید محەممەدزادە**: دەنگدانەوەی ڕاگەیاندنی ڕێفۆرم لە ناو کۆمەڵە چون پێشوازی لێکرا و نەیارانی ڕێفۆرم لە کۆمەڵە کێن و چیتان پێدەڵێن؟

**ناسری حیسامی**: ڕیفۆرم لە کۆمەڵەدا، خواستێکی بەرینە. ڕاگەیاندنەکەی ئێمەش پێشوازییەکی باشی لێکراوە.

نەیارانی ڕیفۆرم ئەوانەن کە ئێستا بە بێ ڕیفۆرم، باشتریان بۆ دەچێتەسەر. کورد گوتەنی وایان ئاسوودەترە. نەیارانی ڕیفۆرم بەرانبەر بە ئێمە، دەڵێن چی؟ وەڵا لە باری سیاسییەوە بێدەنگیان کردووە، لە باری تەشکیلاتییەوە گوشار دێنن. لە باری سیاسییەوە هیچی ئاشکرا ناڵێن چونکە پێویستییان بەوەیە جارێ کەس دەستیان نەخوێنێتەوە.

**خالید محەممەدزادە**: دەنگۆی هەوڵدان بۆ حەزفی ئێوە لە کۆمەڵە بڵاوە و گۆایە باڵی زۆرایەتی لە بیری ئەوەدان تا کونگرەی ١٢ هەموو شوێنە گرنگەکان لە دەستتان دەربێنن، ڕەنگە کونفرانسی سکاندیناویش نمونەیەک لەو هەوڵانە بێ؟ ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**ناسری حیسامی**: هیوادارم چیدیکە سیاسەتی حەزف درێژە پێنەدەن. بەتەمای چی ئەوە دەکەن؟ ئەگەر بە تەمای گەورەبوونەوەی کۆمەڵە بن، دەبێ ئەوە نەکەن. ئەگەریش مەبەستیان ئەوە بێ، کۆمەڵە وا لێ بکەن کە لە چنگی خۆیاندا جێگەی بێتەوە، ئەوە کەس لێیان قەبووڵ ناکا. بەڵێ! زۆر بێ‌پەروا دەستیان داوەتە سیاسەتی حەزف.

**خالید محەممەدزادە:** ئێوە دەتانەوێ رێفۆرم لە چی دا پێک بێنن؟

**ناسری حیسامی:** لە ساختار و بینای حیزبەکەدا. لە ئۆرگانیزمەکەیدا. لە ماناکان و سەرچاوەکانی دەسەڵاتدا. هەروەها لە بواری سیاسیشدا، کۆمەڵە پێویستە لە زۆر بواردا گۆڕانکاری بکات. لەم دەورەیەدا کە باسەکان هاتنە گۆڕ، هێندێک عەیبمان زیاتر لێ دەرکەوت. دەرکەوت کە دوڕوویی سیاسی لە حیزبەکەدا مەجالی هەیە. بۆ نموونە کەسانێک لەسەرەتاوە لەسەر ئەوە کەوتنەبەر پەلامار کە پێیان دەگوترا سۆسیال دیمۆکراتن. ئەوەیان وەک جنێو لە دژیان بەکار دێنا. کەچی، لایەنەکەی دیکە خۆیان ئامادە نین سۆسیال دیمۆکراسی ڕەت بکەنەوە، چونکە پێیان وایە ئەو سیمایەش لەوانەیە لە یارییەکانی داهاتوودا بەکاریان بێت. من بەوە دەڵێم دووڕوویی سیاسی.

نموونەیەکی دیکە، ئەو پرۆڤۆکاسیۆنەیە کە لەم دواییانەدا بە تەمای گرژکردنی فەزای باسی سیاسی کرا. ئەوەش نیشانی دا کە دەکرێ چۆن کایە بە سیاسەت و حیزبەکە بکەی. نموونەیەکی دیکە ئەو ڕاگەیاندنە بوو کە بە ناوی کۆمیتەی ناوەندییەوە لە بابەت شاڵاوی هێرشی ڕاگەیاندن دایان. ئەوەش بەکارهێنانی حیزبەکە و پرەنسیپەکانی بوو لە پێناو قازانجی دەستەیەکدا و نیشاندانی زەرفییەتییەکی باڵای زەبروزەنگ و دەمکوتکردن بوو. ئەو نموونانە نیشان دەدەن ئیمکانی ئەوە هەیە حیزبەکە بە خراپ بەکار بهێندرێ. ئەوە کورت و کرمانجی، نیشانەی ناساخییە لە حیزبێکدا. یان تۆ بڕوانە خەبات بۆ ئازادیی ژنان کە کۆمەڵە تێیدا خاوەنی پێشینەیەکی گەشە. ئەوە ئێستا کراوەتە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی چەند ڕێکخراو بە ناوی ژنان کە لە بواری مافەکانی ژن و خەباتی ژناندا کاریگەرییەکیان نییە و نوێنەرایەتیی سیمای ناسراوی کۆمەڵە لەم زەمینەیەدا ناکەن.

**خالید محەممەدزادە:** وەک بەرپرسی رۆژهەلات تیڤی تا چەندە ئەو هەواڵانە پشت راست دەکەیتەوە کە فشار خراوەتە سەر ئەندامانتان لەو دەزگایە و بڕیار واشە "رۆژهەلات"بێتەوە کوردستانی عێراق؟

**ناسری حیسامی:** ڕۆژهەلات تیڤی، لەسەرەتاوە، هێندێک کەس لە نێو کۆمەڵەدا ڕووی خۆشیان نیشان نەدا. من کە بەڕێوەبەری دەزگاکە بووم، کارمان بەردەوام لە ململانێدا بەرەوپێش چووە. بە گشتی کاری دەزگاکە لە ژێر گوشارێکی بەردەوامدا بووە. هەموو هەوڵی خۆیان دا بۆ ئەوەی بە چۆکیدا بێنن. نەمبیستووە، کاری دەزگاکە بێتەوە کوردستانی عێراق.

**خالید محەممەدزادە:** ئەم کێشەی ئەم دوایەی ناو کۆمەلە چەندە پێوەندیی بە شەری دەسەلاتی کوتلەکانی ناو کۆمەلە هەیە، لە بیرت نەچێ زۆرکەسیش پێیانوایە ئەمە شەرە لە پێناو دەسەلات؟ ئایا ئەمە راستە؟ یا نا ئەم ریزبەندیانە هەولێکە بۆ گۆڕان لە کۆمەلە؟

**ناسری حیسامی**: بەڵێ شەڕە لەسەر دەسەڵات. دەسەڵات نابێ پاوان بکرێ. دەبێ میکانیزمێکی دیمۆکراتیک و ئازاد هەبێ بۆ ئەوەی دەسەڵات دابەش بێ بەسەر هەموو حیزبەکەدا. بەسەر هەموو دەزگاکان و ئۆرگانەکانیدا. بەسەر هەموو ئەندامانیدا. هەموو پارچەیەکی حیزبەکە، دەبێ قورسایی خۆی هەبێ. ئێستا تەواوی دەسەڵات لە ڕێبەرایەتیدا پاوان کراوە. لە نێو ڕێبەرایەتیشدا، بەشێکی خەریکە ئەویدیکە بخاتە پەراوێز. ئەوە نیشانەی نادیمۆکراتیکبوونی ساختارەکەیە. دەفتەری سیاسیی ئێستای کۆمەڵە، بە ئاشکرا پاوانکردنی پێوە دیارە. دەفتەری سیاسیی ئێستا، بە هیچ شێوەیەک نیشانەی تواناییەکانی کۆمەڵە و ڕێبەرایەتییەکەی نییە. بە ئاشکرا قۆرخکردنی دەسەڵاتە. دیارە ئەوە بە هەڵبژاردن کراوە، بەلام تەنیا لە فەوارەیەکی ناسازدا، ئەنجامی هەڵبژاردن، تا ئەم ڕادەیە بە نەگونجاو لە گەڵ واقعییەتەکان دەبێ.

**خالید محەممەدزادە**: کاک ناسر! ئەزموونی حیزبی کوردی بە ئێمە دەڵێ ڕیفۆرم ڕێگایەکی سەختی لە بەردەم دایە و ڕیفۆرمخوازان کەمترین ئەنسیریان داناوە، تۆ پێت وایە ساختاری کۆمەلە و کەلتوری کۆمەلە هەلگری ریفۆرمە و کۆمەلە دەتوانێ نموونەیەکی جوانمان لە ریفۆرمی ڕێکخراوەیی پیشکەش بکا؟ یا نا ئەویش ئەزموونێکی دیکەمان لە لێکترازان و ئینشعاب پێشکەش دەکا؟

**ناسری حیسامی**: ئەم کێشەیەی ئێستا محەکێکە بە بڕوای من. با بزانین چۆن دەچێتە پێش. نەوەڵا ڕیفۆرم ئاسان نییە. کۆمەڵە، کولتووری جۆراوجۆری تێدایە. لە ململانێدان لە گەڵ یەکتر. کولتووری گۆڕان و گوێگرتن و مودارا هەیە، کولتووری دەستبەسەردا گرتن و دەست بەدەمداگرتنیش هەیە. کولتووری تۆتالیتێریش هەیە. ئەو کولتوورەی، لەسەرەتای نەوەدەکاندا، خەڵکی تێکۆشەری بە پۆل لە کۆمەڵە دەردەکرد و، دەیگوت دەبێ شادەئیمان بێنی، ئێستاش ڕیشەکێش نەکراوە لە نێو ئێمە.

کولتوورێکی سەیرە. دەڵێ هەرچی کردم، بڵێ باشە، بۆ هەر کوێ چووم وەدووم بکەوە. ئەگەر نەهاتی ئاژاوەچیت، دووبەرەکیخوازی، دژی بەرژەوەندی کۆمەڵەی.

**خالیدی محەممەدزادە**: ئێوە لە بەرنامەی چاکسازیی خۆتان دەڵێن لە روانگەی ئێمەوە کۆمەلە هێزێکی کوردستانییە، بەلام پێرەوی ناو خوی کۆمەلە دەلێ:"حیزبی سوسیالیستی کریکارانە لە کوردستان" ئەم دوالیزمە چون چارەسەر دەکەن؟ هەست ناکەن پراکتیک و بەرنامەی کۆمەلە جیاوازیان هەبێ؟

**ناسری حیسامی**: ڕاستییەکەیت دەوێ، ئەوە بە گرفتی کۆمەلە نازانم. با کۆمەڵە هێزێکی کوردستانی بێ و سۆسیالیستیش بێ و حیزبی کرێکارانیش بێ. دەکرێ هێزێکی سۆسیالیستی کوردستانی بێ. گرفت ئەوەیە کە هیچیان نەبین.

بەڵام هەڵبەت پێناسەی کۆمەڵە جێگەی موناقەشە هەیە. ئەوە یەکێک لەو بوارانەیە کە کۆمەڵە دەبێ بە ڕوونی قسەی تێدا بکا، بەو مانایە کە ئێمە دەبێ، ڕێبازە سیاسییەکەمان وا بە ڕوونی پێناسە بکەین کە جێگە بۆ تەعبیروتەفسیر و سەلیقە نەهێڵێتەوە. بە تایبەت، لە کاتێکدا ناتەبایی بێتە پێش، لە دەوری هەرکام لەو تەعبیرە جیاوازانەدا، دەستەیەک ساز دەکرێ، یان هەرکات پێویست بوو، لایەنێکی ئەو تەفسیرە جیاوازانە بەرجەستە دەکرێتەوە و دەکرێتە بیانوو بۆ هێرشکردنە سەر ئەوانی دیکە.

**خالید محەممەدزادە**: ڕوانگەی ئێوە وەک باڵی ریفۆرم لە سەر کۆمەلەی حیزبی کمونیست چیە؟

**ناسری حیسامی**: حیزبی کۆمۆنیست، زۆر ڕووتاوەتەوە. یانی بە درێژایی ژیانی، نەک هەر لە سەر سیاسەتەکانی، بەڵکوو لەسەر نەفسی مەوجوودییەتی وەک حیزب قسە هەبووە و ئەوانەی پێکیان هێنابوو، ئەوانەی هێزی سەرەکیی حیزبەکە بوون، هەتا ئێستا بە چەند پۆلی گەورە بە جێیان هێشتووە. نزیکەی چارەکە سەدەیەکی تەمەنە و هێشتا قسەی هەڵسووڕاوانی لەسەر ئەوەیە کە ئەو حیزبە لەسەر بناغەی خۆیەتی یان نا؟ کۆمەڵە، شتێکی دیکەیە. ئەو هاوڕێیانەش کە بە باڵی ڕیفۆرمی ناو حیزبی کۆمۆنیست ناویان دەبەی، هەنگاوی باشیان هەڵگرتووە. هیوادارم سەرکەوتوو بن.

**خالید محەممەدزادە**: ئێوە وەک باڵی ریفۆرم چون دەڕواننە ئینشعابی ئەم دوایانەی حیزبی دێموکرات؟

**ناسری حیسامی**: بزووتنەوەی کورد، پێویستیی بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی هەیە. لە هەمانکاتیشدا بە نوێبوونەوە. خۆزگە بتوانێ نوێبوونەوە و یەکڕیزی تێکهەڵکێش بکا. لە حیزبی دێمۆکراتیشدا، ئەگەر ئەوە سەری گرتبا، بە قازانجتر بوو. یانی حیزبەکە، توانیبای ئاڵوگۆڕێش لە خۆیدا پێک بێنێ و، یەکڕیزییەکەشی پاراستبا.

**خالید محەممەدزادە**: ساختار و کەلتوری جێکەوتوو لە کۆمەلە چەند دێموکراتیکە و چەندە مەجال بە ئێوە دەدا بۆ ڕێفۆرمی گەورە لە کۆمەلە؟

**ناسری حیسامی**: ساختارەکەی، بە بەراورد لە گەڵ حیزبێکی پێشکەوتوو، زۆر لاوازە. کولتوورەکەشی، ڕاستە لایەنی پێشکەوتووی هەیە، بەڵام ئەزموونی زۆر ناخۆشیشی تێپەڕ کردووە و ئەوە تارادەیەک ڕێگە لە خۆشباوەڕی و خۆشبینی دەگرێ. لەم باسانەی ئەو دواییانەدا، هەندێک کردارمان دیت کە پێمان دەڵێ ئەوە قەتعی نییە کە ڕەفتارە تاڵەکانی ڕابوردوو دووپات نابنەوە.

**خالید محەممەدزادە**: رەخنەی باڵی رێفۆرم لە سکرتێری و بەرنامەکانی عەبدوڵا موهتەدی چیە؟ و ئاوبراو چەندە پێشوازی کردوە لە بەرنامەکانی باڵی رێفۆرم؟

**ناسری حیسامی**: کاک عەبدوڵڵا تواناییەکی تاقانەی هەیە لە کۆمەڵەدا. ئەو تواناییانە، زۆر بە قازانجی کۆمەڵە تەواو بوون، بەڵام دەوری تاقانەی کاک عەبدوڵڵا، یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵەشە. یانی ئەگەر رۆژێک لە رۆژان هەڵوێستێکی خراپ یان ڕوانگەیەکی هەڵەی هەبێ، دەتوانێ تەئسیری گەورە دابنێ. من لایەنگری ئەوە نیم کەس دەوری وای هەبێ. لە هەموو حیزب و دەسەڵاتێکدا، دەوری تاقانە، دەتوانێ ئەو زیانەی هەبێ. لەم دەورەیەدا، ئەگەر ئەو، تەنیا ئەگەر ئەو، هەڵوێستێکی دیکەی گرتبا، چارەنووسی باسەکان دەبوو بە شتێکی دیکە.

**خالید محەممەدزادە**: ئەگەر داواکانتان جێ بە جێ نەکرێ چی دەکەن؟ ئایا تەحەموولی وەزعەکە دەکەن یا جیا دەبنەوە؟

**ناسری حیسامی**: ناوەڵا جیا نابینەوە. من دەتوانم قسەی خۆم بکەم. ئەگەر لە حیزبێکدا دوو ڕەوت هەبن کە هەرکامیان حیزبێکی جیاوازی لێ بوەشێتەوە، جیابوونەوە ئاساییە. بەڵام ئێمە جیاوازیی سیاسیمان ئەوەندە نییە ببین بە دوو حیزب. ئەی بۆ دەبێ پێکەوە هەڵ نەکەین؟ ئەو خەڵک ڕاونانە بۆچی؟ ئەگەر بگاتە جیابوونەوە، تەنیا نیشاندەری پێکەوە نەحاوانەوەیە. لە سەر پێکەوە نەحاوانەوەش، ئەو هەموو خانووچکەیە چۆن دروست دەکرێ؟ ئەگەر بەڕاستی، حیزبەکانی ئێستا بۆشاییەکی سیاسی بهێڵنەوە، با خەڵکی دیکە پڕی بکاتەوە و حیزبی تازە دروست بکا. ئەگەر دیسان بگەینە ئینشیعاب، مانای وایە دەبێ قەبووڵی بکەین حیزبایەتییەکەمان شکستی خواردووە. ئەگەر بگەینەوە ئینشیعاب، من قەبووڵی دەکەم لە ژیانی حیزبیمدا شکستم خواردووە و دەچمە لاوە.

**خالید محەممەدزادە**: بەرنامەی باڵی رێفۆرم لە بەرامبەر "سیاسەتی حەزف و پاڵپێوەنان" کە کاک عومەریش باسی دەکا چی دەبێ؟

**ناسری حیسامی**: چمان لەدەست بێ، ئەوە دەکەین. دەنگ هەڵدەبڕین.

**خالید محەممەدزادە**: چون خۆتان ئامادە دەکەن بۆ کونگرەی ١٢ و بەرنامەتان بۆ ئەو کونگرەیە چیە؟ ئایا ملکەج دەبن بە بڕیاراتی کۆنگرەو ئاکامەکانی؟ ئەگەر بە دلخوازی ئێوەش نەبوو؟

**ناسری حیسامی**: ئەوە کە چۆن خۆمان ئامادە دەکەین بۆ کۆنگرە، تەواو بەستەگیی بەوە هەیە کە چۆنمان لە گەڵ

هەڵ بکەن. ئەگەر بکرێتە شەڕە هێز و شەڕە دەسەڵات، ئەوە نە ئێمەی کەمینە و نە ئەوان و نە هەمووحیزبەکەش، هیچی باشمان لێ ناوەشێتەوە. ئەگەریش لێ بگەڕێن باسەکان بکرێن، ئەوە قسەمان هەیە، دەیبەینە کۆنگرە. دەنگیان پێدا، چاکە. دەنا هەتا کۆنگرەیەکی دیکە بە کەمایەتیبوونی خۆماندا دەکەوین. هەتا ئێستا هەوڵێکی گەورە هەیە کە ئێمە هەر سەرقاڵی کێشەی تەشکیلاتی بین. ئەو دەرکردن و پاڵ پێوەنان و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن لە بابەت جنێودان و ئەوانە، هەمووی بۆ ئەوە بوون باس نەچێتە سەر کێشە سیاسییەکان. دەیانەوێ ڕوخساری سەرجەمی کێشەکە بگۆڕن و بڵێن کێشەی سیاسی نییە و قسەی کەمینە ناوەرۆکی نییە و قڕەی تەشکیلاتییە و وەجوابهاتنە لەسەر چەندکەسی ئاژاوەگێڕ کە دەرکراون. کورت و کرمانجی: دەڵێن ئەوانە ڕەخنەگری سیاسی نین تا دیالۆگیان لە گەڵ بکەین، هەندێک ئاژاوەگێڕن دەریان دەکەین. دەرکردنی هاوڕێیانمان بۆ ئەوەیە هەموومان بە سووک نیشان بدەن

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناسر حیسامی - ڕێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠٠٩



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: کوردستان موڵکی تایبەتی هیچ حیزبێکی سیاسی نییە



**خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنیکدا لەگەڵ رۆژنامەی ئاوێنە نایشاریتەوە کە زۆربەی ئێرانیەکان هیچ لە کێشە کورد نازانن و داوا لە کوردەکانی ئێران دەکات کار بکەن بۆ ناساندنی کێشەکەیان لە ناو ئێرانیەکان و هاوکات داوا لە لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی ئێرانیش دەکات داوای لێبۆردن لە خەڵکی کوردستان بکەن.**

**خالید محەممەدزادە:** پێگەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چۆن دەبینیٚ؟

**خالید عەزیزی:** ئەوەندی پەیوەندی بەو بەشە لە خەڵکەوە هەیە کە بە جۆرێک بە دواداچوون بۆ کێشەی کورد دەکەن و هەست دەکەن کورد زوڵمی لیدەکرێت، جۆرێک هاودەردی لەگەڵ کورد هەیە لە رووی مرۆڤایەتیەوە، بەڵام ئەگەر باس لە روانگەی دەوڵەتان بەرامبەر بە کورد بکەین ئەو زۆر جیایە.

**خالید محەممەدزادە:** جیاوازیەکەی لە چیدایە؟

**خالید عەزیزی:** تا ئەو جیگایەی پەیوەندی بە ئاستی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە هەیە کورد ئەگەر وەک نەتەوەیەک چاوی لێ بکەین و سەیر بکرێت ناکەوێتە ناو معادیلاتی دەوڵەت لەو بازنەیەدا، قەزیەی کورد لەهەر پارچەیەک لە چوارچێوەی حکوومەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە باسی لێوە دەکرێت لە دنیا دەرەوە. بە حوکمی ئەوەی کە پەیوەندی نێودەوڵەتی لەسەر بەرژەوەندی نێوان دەوڵەتان دامەزراوە، هەر بۆیە ئەوان قەزیەی کورد لە چاچێوەی پەیوەندیەکانی خۆیان لە گەڵ ئەو دەوڵەتانە پێناسە دەکەنەوە.

**خالید محەممەدزادە:** ئالەم بازنەیەدا دۆخی کوردی ئێران چون سەیر دەکرێت؟

**خالید عەزیزی**: ئەو ماوەیەی کە بۆ خۆم لە ئەمریکاو ئەوروپا بوومە، بۆم دەرکەوتووە ئەو دەوڵەتانە کاتێک باسی کوردی ئێران دەکەن تەنیا لە دەلاقەو روانین و خوێندنەوەی حکوومەتی ئێرانەوە سەیری کوردی ئەو وڵاتە. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو قەزیەی کورد بە گشتیی ناسراوەو ئەزموونی هەرێمی کوردستانیش یارمەتی قەزیەکەی کردووە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کێشەی کوردی تورکیاش هاوکاری زۆری کردووە کە کێشەکە بناسرێت. بۆیە کێشەی کورد پشتگوێ ناخرێت، بەڵام لە تەعامولی سیاسی جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەیە.

**خالید محەممەدزادە**: باسی ئەوەت کرد کە وڵاتانی دەرەوە لە دەلاقەی روانینی حکوومەتی ئێرانەوە، سەیری کێشەی کورد لە ئێران دەکەن، پرسیار ئەوەیە کە حکوومەتی ئێران چ وێنەیەکی لە دەرەوە لە کوردی ئێران بەدەستەوە داوە؟

**خالید عەزیزی**: ئەم دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی رووبەروو بونەوەی حکوومەتی ئێران لەگەڵ کێشەکە. ئەگەر فشارێک لەسەر ئێران هەبێت لەسەر قەزیەی کورد کە بەباوەڕی من زۆر بەکەمی ئەو فشارە هەیە لە دەرەوە، لەو حاڵەتانە ئێرانییەکان تێکۆشاون بڵێن کورد لە ئێران بە زمانی زۆی قسە دەکات و لە چوارچێوەی قانوون مافی پارێزراوە. بەڵام تا ئێستا زۆر دیارو بەرچاوە نەمبینیوە بڵێن لەسەر کورد ئەو تێبینیەمان هەیە. هەندێکجاریش کە راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا یا یەکیەتی ئەورۆپا لەسەر ئێران هەلاواردن لە ئێران بڵاو دەکرێتەوە. لەو چوارچێوەش قەزی کورد دێتە گۆڕێ.

**خالید محەممەدزادە**: بە پێی قسەکانی ئێوە. هەتاکوو ئێستا کوردەکانی ئێران نەیانتوانیوە پرسی خۆیان لە دەرەوە بخانە بەرباس. حیزبی ئێوە لەو بارەوە چێکردوە بۆ ورژاندنی ئەو پرسە؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی هەولی زۆرمانداوە کە قەزیەی کورد بهێنینە گۆڕێ، بەڵام مەجاڵی مانۆرو کاروباری دیپلۆماسی دەگەڕێتەوە سەر دۆخی خۆت لە پانتا سیاسیەکاندا. ئێمە تێکۆشاوین دنیای دەرەوە سەرنج بدەنە قەزیەی کورد لە ئێران، ویستومانە وێنەیەک لە کورد بدەینە دەرەوەو لە رێگا دیالۆگەوە ویستومانە کێشەکەمان چارەسەر بکەین. هەوڵمانداوە دۆست پەیدا بکەین، بەڵام ئاکامی دیپلۆماسی ئێمە کاتێک دەتوانی باش بێت کە من ئێستا بۆخۆم لیی رازی نیم دەبێت یەکگرتوو بین. ئێمە ئەوەی لە تواناماندا بووە کردوومانە بەڵام کوردی ئێران ئەگەر بتهەوێ وەک نەتەوەیەک دیپلۆماسی بکات. دەبێت حیزبەکانی یەکگرتوو بن و لایەنی دەرەکی هەست بەوە دەکات ئەو نەتەوە یەکگرتوویە. بەداخەوە ئەوە کەموکوری ئێمە بوو. بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لە ئەوروپا هەم لە ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست و لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش هەوڵمانداوە کار بۆ قەزیەیەکە بکەین.

**خالید محەممەدزادە**: تۆخۆت رازیت لەو هەوڵانە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوندەی پەیوەندی بە پرۆژەی حیزبی ئێمەوە بێت بە پێی توانای خۆمان کارمان کردووە، بەڵام وەک کوردی کوردستانی ئێران لەکاری خۆمان رازی نیم. هۆکەشی ئەوەیە کە بەداخەوە حیزبەکان پرشوبڵاون و هەر کەس لە روانگەی حیزبەکەی خۆی کاری دیپلۆماتیک دەکات.

**خالید محەممەدزادە**: کێشەکە هەر یەکنەگرتنی حیزبەکانە یا نا دەبێت لە شوینی دیکەوە بۆ کێشەکان بچین بۆ نمونە ئێستا جگە لەحیزبەکان بە هەزاران کەسی غەیرە حیزبی لە کوردی ئێران لە دەرەوەی وڵاتن؟

**خالید عەزیزی**: بەپێی دۆخی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مەجاڵ بۆ مانۆردانی ئێمە دەکرێتەوە. کێشەی دنیا دەرەوە لەگەڵ ئێران، زیاتر کێشەی ئەمنیەت و ئاسایشە کە ئێران وەک مەترسیەک چاو لێ دەکەن. لەو حالەتەدا کێشەکە کورت دەکرێتە بۆ سەر بەرژەوەندیەکی دیاریکراو. ئەگەر بەجۆرێک لە داهاتوودا ئێرانیش سازش لەگەڵ دنیای دەرەوە بکات، رەنگە زۆر گوێ بە ئێمە نەدەن، بەڵام ئێمە خۆمان تێکۆشان کێشەی مافی مرۆڤ و ئازادیەکان بهێنینە گۆڕێ. دنیای دەرەوە لە ئێستا دا بە شوێن ئالترناتیڤێکی دیاریکراو بۆ ئێران ناگەرێ وەک نموونە عێراق و ئەفغانستان، ئەمەش وایکردوە کە کاری ئێمە نەکەویتە چوارچێوەی دیپلۆماتیەکی کاراوە.

**خالید محەممەدزادە**: بەڵام ئەوە تەنیا دیوێکی ئەو لاوازیەیە کە باسی دەکەی، لە ناوخۆی ئێرانیش بەرای من کوردەکان دیسان نەیانتوانیوە تەنانەت کێشەکەشیان ئێرانی بکەن؟ واتا ئێستا زۆرێک لە هاووڵاتیانی ئێرانی نازانن کوردی ناو ئێران چیان دەوێ؟

**خالید عەزیزی**: وایە، حکوومەتی ئێران تا ئێستا بەرامبەر بە کورد لەناو ئێران بێدەنگی هەڵبژاردووەو میدیاکانی باسی ناکەن. بۆیە خەڵکی ئێران زۆر کێشەی کورد تێناگەن بە تایبەت ئەو نەسلە لاوەی کە ئێستا لە ئێران هەن نازانن ئێمە چێ دەڵێین بە باوەری من ئەوە ناتەواویەکی گەورەی ئێمەیە لە ئێران کە بە باشی خەڵکی غەیرە کورد لە کێشەکەمان تێناگات. من قبوولی دەکەم دەبێ تێبکۆشین لە داهاتوودا خەڵکانی دیکەی ئێران لە کێشەی ئێمە تێبگەن. مادام ئێمە دەمانەوێ کێشە کورد لە چوارچێوەی ئێران چارەسەر بکرێت دەبێ ئەو کارە بکەین.

**خالید محەممەدزادە**: چی بکرێت باشە؟ ئێران هەموو چالاکییەک بە پیلان سەیر دەکات و هاوکات لە ساڵانی رابردووش دا کوردەکان هەر جموجۆڵێکی دەرەوەی خۆیان بە گۆمانەوە سەیر کردووە؟ ئەم پەیامە دەبێت چون کاری لەسەر بکرێت؟

**خالید عەزیزی**: یەکەم ئەوەی کە هەموو تاکێکی کورد مافی خۆیەتی لە جووڵانەوەی کورد لە ئێران بەشدار بێت. دووهەم

میتۆدو شێوازی جۆراوجۆر دەکرێت کاری پێبکرێت، سێهەم کوردستانی ئێران موڵکی تایبەتی هیچ حیزبێکی سیاسی نییەو تەنانەت موڵکی سیاسی هەموو حیزبەکانیش نییە، موڵکی سیاسی ئەو نەتەوەیە کە بۆخۆی بڕیار دەدات. ئێمە دەبێ فەرهەنگی پاوانخوازی حیزبی لە نێو بەرین، نابێت بەچاوی گۆمانەوە سەیری هەموو جموجولێک بکەین. دەبێ تێبکۆشین متمانە بگەڕێنینەوە بۆ نێو کۆمەڵگا. ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە کێشە داین، نەک لەگەڵ نەتەوەکەی خۆمان. ئەو خەڵکە وەک ئێمە بیر ناکەنەوە. خەڵکی تر رەنگە بە شێوازی دیکە بیر بکەنەوە.

**خالید محەممەدزادە**: هەست ناکەی بوونی پاشماوەی کەلتۆری شەڕی چەکداری و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە هۆکار بن بۆ نەبوونی کاری دێموکراتی لە ناو کوردەکانی ئێران و حیزبەکانیان؟

**خالید عەزیزی**: "سروشتی شەڕی چەکداری و ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی شەڕی بەسەر ئیمەدا سەپاندووە مەجالی کاری دێموکراتی حیزبی بۆ ئێمە زۆر کەم هێشتەوە. ئێمە لە کاری مەدەنی و خەباتی مەدەنی بەراستی بێ ئەزموون بووین. لە سەردەمی خاتەمی کرانەوەیەک هاتە گۆڕێ لە کوردستان کە من بە باشی دەنرخێنم، خەڵکی تریش شێوەیەکی تریان لە جموجۆڵ هێنایە گۆڕێ. بۆیە سەیر نییە حیزبەکان کە ٣٠ ساڵ لە کێشەدان لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی تەنیا عادەتیان بە یەک جۆر لە خەبات گرتبێت. سەیر نییە ئەو هەموو کوشتاری کۆماری ئیسلامی و ئەو هەموو زیانەی ئێمە داومانە زۆرتر لە یەک خانە لە کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مابێتەوە، مەجاڵی دیکە کەم بووە کە شێوەی تر تاقی بکەینەوە. ئێستا ئێران ئەو مەجاڵە نادات. بەڵام ئێمە زۆرمان پێی باشە ئەو مەجاڵە هەبێت. بەڵام من ئەوە قبووڵ دەکەم کە حیزبەکانی رۆژهەڵات کەم لە ژیانی دێموکراتی بوون تا عادەت بە فرەیی لە خەبات بگرن.

**خالید محەممەدزادە**: حیزبەکان تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ پرسی کورد لە ئێران هەیە تا ئێستا کێشەکە بە کێشەی چینایەتی وەسفدەکات. ئەحزابی ئیسلامیش هەن پێیانوایە کێشەکە لە روانگەی ئیسلامەوە دەبێت چارەسەر بکرێت. حیزبیش هەیە دەڵێت پرسەکە نەتەوەیی‌یەو دەبێ چارەسەری دێموکراتی بۆ بکرێت. کێشەی کورد لەگەڵ حکوومەتی ئێران چ پێناسەیەک هەڵدەگرێت؟

**خالید عەزیزی**: کێشەی کورد لە ئێران بەتەواوی کێشەیەکی نەتەوەییە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئێمە پێمانوایە دێموکراسی و بەشداری خەڵک و هەڵبژاردن هاوکاری دەکات بەوەی کە کێشەکان چارەسەر بکرێت. ئێمە سروشتێکی دێموکراسیخوازی پێدەدەین. بەڵام لە نیو کۆمەڵگای کوردیش بۆچوونی جیاوازیش هەیە. هەر حیزبیکیش بەپێی ئایدئۆلۆژی خۆی خوێندنەوەی خۆی هەیە بۆ کێشەکە، بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکرات کار بۆ ئەوە دەکەین ئەو نەتەوەیە لە چوارچێوەی ئێران بە مافەکانی بگات.

**خالید محەممەدزادە**: هیوایەک بۆ کاری هاوبەش لە ناو حیزبەکان هەیە بۆ ئەو پرسە؟

**خالید عەزیزی**: ئەو لەتبوون و ئینشعاباتەی ناو حیزبەکان تا ڕادەیەکی زۆر شوێنەواری ماوەتەوە. ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت و کارێکی ئاسان نەبێ. بەڵام دەبێ کاری بۆ بکەین کە لێک تێبگەین. بەڵام ئێستا بۆم زەحمەتە بڵێم بەرەیەک و پلاتفۆرمێکی هاوبەش دروست دەبێت. ئەو لایەنانەی کە کێشەیان هەیە لەگەڵ یەکتر دەبێت فێری ئەوە بین لەگەڵ یەکتر دانیشین و قسە بکەین. ئەگەری ئاوریش لە ڕابردوو دەدەینەوە دەبێ لە ژێر بەرژەوەندی داهاتوو بێت.

**خالید محەممەدزادە**: زۆر جار ناکۆکی هەر دوو حیزبی دێموکرات لەگەڵ یەکتر بە کۆسپی لێک نیزیک نەبوونەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات باس دەکرێت. ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوەی کە دوو حیزبی دێموکرات هەیە ئەمری واقیعە. من پێموایە هەر دوو لایەنی دێموکرات دەتوانن زۆر هاوکاری ئەوە بکەن کە چۆن حیزبەکان لێک نزیک ببنەوە. هۆکەشی ئەوەیە کە تۆ قسە لەسەر هەر شتێکی هاوبەش بکەی مادام ئەو دوو لایەنەی دێموکرات تێدا نەبێت، جێبەجێ نابێت. ناکرێت لایەنێکی دێموکرات بەشدار بێت و لایەنەکەی تر نەبێت.

ڕێگای کاری هاوبەشی ئەحزابی کوردستانی ئێران لە ڕێگای پەیوەندیەکانی نێوان هەر دوو حیزبی دێموکراتەوە دەبینم لێرەوە دەکرێت ئەو کۆدەنگیە لە نێوان حیزبەکان دروست بێت.

**خالید محەممەدزادە**: لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو هەر دوو حیزبی دێموکرات بۆ خۆت چیتکردووە؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە لە دوای کۆنگرەی چواردەوە هەموو کارێکمان کردووە بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندیەکانمان. وەک خۆشم هەوڵمداوە کە هاوکاری بکەم پەیوەندیەکانمان ئاسایی بێتەوەو بوارێک خۆش بکەین بۆ قسە کرد پێکەوە.

**خالید محەممەدزادە**: ئەوان بە پێشوازی ئەو هەنگاوانەی تۆوە هاتوون؟

**خالید عەزیزی**: پەیوەندیەکانمان بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو باشتر بووە. جۆرێک عەتف هەیە بەرامبەر بە یەکتر. هیوادارین ئەوانیش بەوە گەیشتبێتن ک لەتبوونی دێموکرات ئەمریکی واقیعەو هەر دوو لا دەبێ کاری بۆ بکەین بۆ نۆرماڵ بوونەوەی. دیارە دەبێ ئەوە زۆرتر لەئەوان بپرسێ.

**خالید محەممەدزادە**: باس لە هەوڵەکانی شەخسی خۆت دەکرێت بۆ ئاسایی بوونەوەی کێشەکانتان لەگەڵ حدکا؟ چیتان کردوە؟

**خالید عەزیزی**: زۆر سروشتیە ئێمە پەیوندیمان لەگەڵ یەکتر هەبێت. ئێمە پێش حیزبایەتیش کاک مستەفا هیجری مان دەناسی. لە حیزبایەتیش نێوانمان هەر خوش بووە. ئێستاش بە سروشتی دەزانم پەیوەندیمان هەبێت. پەیوەندیەکەش زۆر سروشتیەو لە گۆڕی دا هەیە. بەڵام شێوازی رەسمی هیچ دانیشتنێکی رەسمی بەینی من و سکرتێری گشتی حدکا نەبووە.

**خالید محەممەدزادە**: حدک تا چەند کۆسپ بووە لەسەر رێگای یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان؟

**خالید عەزیزی**: بە حکومی ئەوەی تا ئێستا دانەیشتووین لەسەر یەکگرتنەوەی نێوانمان قسە بکەین نەبووە بە باسی جدی لە ناو خۆماندا. لە شیوازی ئەفکاری ئیمەدا کۆسپێک نابینم بۆ یەکگرتنەوە. رێبەری ئێمە ئامادەیی تەواوی هەیە لەسەر ئەو شتانە قسە بکات.

**خالید محەممەدزادە**: ئێستا خەڵکانێک ئەو دیمانە دەخوێننەوە رەنگە بڵێن ئێوە ئەوەندە باس یەکگرتنەوە دەکەن بۆ جیابوونەوە؟

**خالید عەزیزی**: لا کاری سیاسیدا ناکۆکی و جیاوازی کاتەکی سروشتیە. ئەوە لە مێژووی حیزبی دێموکرات لە دوای کۆماری کوردستانەوە و لە سەردەمی کاک ئەحمەد توفیق و د.قاسملوو د. شەرەفکەندی و سەردەمی مامۆستا و سەردەمی کاک مستەفا هیجری تا ئێستا کێشە و ناکۆکی لە ناو حیزبی دێموکرات هەر هەبووە. شتێکی سەیر نیە چۆنکە ئازادی رادەربڕینی تێدا بووە! کێشەی سیاسی هەبووە. لە سیاسەت سەیر نییە کە زۆر جار ئەو ناکۆکیەکانە بەوە دەگات کە لێک جیاببنەوە. ئێستا هەر دوولا ماوەیەک وەک دوو حیزبی دێموکرات کار دەکەن. جۆرێک خوێندنەوەیان بۆ رابردوو هەیە؟ ئەگەر بەوە بگەن تێکەڵ بنەوە من پێموایە کارێکی باش دەکەن. نابێ بڵێن باشە بۆ جیابوونەوە؟ ئێستا بۆ تێکەڵ دەبنەوە؟ ئەوە لە دنیای سیاسیدا زۆر ئاساییە.

**خالید محەممەدزادە**: هیچ زەمانەتیکێش نییە کە دوای تێکەڵبوونەوە ئینشعاب روو بدات؟

**خالید عەزیزی**: لە سیاست و حیزبایەتیش هەرگیز تەزمین نییە کە جەمعێک هەتا هەتا پێکەوە کار بکەن. بەڵام من هیوادارم ئەگەر جارێکیتر لەگەڵ یەکتر دانیشتین. فەرهەنگ سازی بکەین و لە کاری جەمعی دا ئەو مەترسیانەی ئینشعاب

دروست دەکەن کەم بکەینەوە. چۆنکە ئەو لەتبوونانە لەسەر کێشەی سیاسی نییە. لەسەر ستراتیژی نەبووە. ئیختلافی زەوق و سەلیقە بۆ بەڕێوەبردنی حیزب بووە.

**خالید محەممەدزادە**: لەو شەڕە ئیعلامیەی لە نێوان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕو حدکا هەتە گۆڕێ حدک دوای ماوەیەک بێدەنگی. راگەیاندراوێکی بڵاو کردەوە. رەخنەتان لێ دەگرن کە بەیاننامەکەی حدک بە جۆرێک خۆدزینەوە بوو لە دیفاعکردنی لە مێژووی حیزبی دێموکرات؟

**خالید عەزیزی**: ئەوندەی پەیوەندیی بە رابردووی حیزبی دێموکراتەوە هەیە بەباش و خراپ ئێمە خۆمان بە خاوەنی هەمووی دەزانین. ناچمەوە سەر وردەکاری شەڕەکانی دێموکرات و کۆمەڵە. بەڵام بۆیە لەسەر رابردووی هیچ کێشەیەکم نییەو هۆکەشی ئەوەیە کە ئێمە خۆمان بەبەشداری هەموو ئەو بڕیارانە دەزانین کە روویداوە؟

**خالید محەممەدزادە**: وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات، پێتوایە حیزبی دێموکرات هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ بووە وەک تەیفی کۆمەڵە دەڵێن؟

**خالید عەزیزی**: من پێموانیە حیزبی دێموکرات هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆیی بووبێت. ئەوە قەزاوەتی منە وەک حیزبی دێموکرات.

ئەگەر لە کۆمەڵەش هەمان پرسیار بکەی رەنگە ئەوانیش ئەوە بڵێن. بۆیە من دەڵێم هیچ قازییەک ناتوانی قەزاوەت لەسەر شەڕی دێموکرات و کۆمەڵە بکات. ئوسوولەن چوونە ناو ئەو باسەش هیچ ئەنجامێکی نییە. بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی ئێمە ئەوەندی پەیوەندیی هەبێت بە قسەکانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لەم کتێبەدا. ئێمە ئەوەمان راگەیاندوە کە کاتی ئەوە نەبوو چووبایەتە ناو ئەو وردەکاریانەوە. ئەو وردەکاریانەی کە کاک عەبدوڵڵا باسی کردوە ئێمە وا بیر ناکەینەوە. ئاوا نییە کە کاک عەبدوڵڵا دەڵێت. لە هەمان کاتیش ئێمە دەڵێین با نەچینەوە ناو ئەو کێشانە و وتوومانە ئێمە دەبێ داوای لێبۆردن لە خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدانی هەر دوولا بکەین.

**خالید محەممەدزادە**: چۆن سەیری ئەو روونکردنەوەی حدکا دەکەی؟ ئەوان دەڵێن ئەمە دیفاع بوو لە مێژووی حیزب و هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوو کە پێویست بوو بمانکردایە؟

**خالید عەزیزی**: مێژووی حیزب بەچاک و خەراپ ئێمەش تێدا بەرپرسین. ئەو روونکردنەوەی حدکا هیچ پەیوەندی بە

دیفاعکردن بە مێژووی حیزبی دێموکراتەوە نەبوو. ئوسوولەن هەڵوێستێک بوو لە بەرامبەر ئەو دیمانەی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی. بەڵام لە کێشەیەکی ئاوادا ناکرێت ئێمە دیفاع لە مێژووی حیزبێک بکەین کە تەمەنی ٦٤ ساڵە. لەو مێژوویە زۆر قوناغی بڕیوە و ئەو دیفاعە زۆر لەوە بە بچوکتر دەبینم کە دیفاعی لەو مێژووە کردبێت. مێژووی حیزب زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە بین ئاوا پێناسەی بکەین.

**خالید محەممەدزادە:** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە دەبێ ئەو شەڕە نەقد بکرێت؟

**خالید عەزیزی:** فەرقی قەزاوت لە حقووق و قەزاوەت لە سیاسیەت لە سیاسیەت دا ئەوەیە کە لە دادگا قازی بڕیارێک دەدات و تەواو دەبێ و دەوڵەتیش ئیجرای دەکات، بەڵام لە دنیای سیاسەتدا قەزاوەت زۆر سەختە لەسەر رابردوو. بۆیە زۆر زەحمەتە ئێمە قەزاوەتی بێلایەنانە لەسەر ئەو رابردوویە بکەین. قەزاوەتی دواجار لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەکرێت. بەڵام شەڕی ناوخۆیی هەموو لایەکەمان تێدا بەرپرسین و هەوڵ بدەین دووپات نەبێتەوە. ئێمە دەبێ فەرهەنگسازی بکەین و ئەو شتانە دووپات نەبێتەوە بۆ من ئەوە گرنگە لە چۆن دەتوانین فەرهەنگسازی بکەین کە هەرگیز ئەو شەڕە لە داهاتووی کوردستانی ئێران دووپای نەبێتەوە. بەراستی هیچ پاساوێکی بۆ نایەتەوە ئەگەر لە داهاتوو حیزبی کوردی لە گەڵ یەکتر شەڕ بکات.

**خالید محەممەدزادە:** ئایا حکوومەتی ئێران ئامادەیی ئەوەی تێدایە دانوستان لەگەڵ ئێوە بکات. ئەمە لەگەڵ ئەوەی پێشتر راتگەیاندبوو ئەگەر مەجاڵی کارکردن هەبێت لە ئێران ئەوە ئێمە دەگەرێنەوە؟

**خالید عەزیزی:** من پێموایە ئێران توانایی ئەوەی تێدا نییە کە دانوستان لەگەڵ ئێمە بکات. تەنانەت ئامادەیی ئەوەشی نییە بوونی سیاسی ئێمە لەناو خۆی وڵات قبووڵ بکات، بەڵام ئێمە بۆ ئەو مەسەلەنە دەهێنینەوە گۆڕێ؟ ئێمە لە ئێران بە دوای چارەسەر دەگەرێین. بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران لە داواکانی کورد ناگەن، من بە پێویستی دەزانم ئەو باسانە لە کۆمەڵگای ئێرانی بڵاو بێتەوە. بۆ ئەوەی فشارێکی زیاتر لەسەر کۆماری ئیسلامی هەبێت کە ئەحزابی کوردی شەڕ خواز نین، ئەحزابی کوردی حەزیان لە تەقەکردن نییە. حیزبی کوردی پێی خۆشە ئەگەر مەجال هەبێت لەناو خۆی ئێران چالاکی بکات. ئەو پەیامە من بە دروستی دەزانم کە لە ناو ئێران فەرهەنگسازی بۆ بکرێت. ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامی رازی دەبێت بەو داوایە. ئەگەر ئێمە هەر بۆخۆمان بیر بکەینەوە و هەر بۆ خەڵکەکەی خۆمان قسە بکەین خۆ کێشەمان نییە. ئەو پەیامە زۆرتر بۆ خەڵکی دەرەوەی کوردستانە. ئێمە وەک حیزبێکی ناوچەیەیی کێشەمان لەگەڵ تاران هەیە. بۆیە دەبێ ئەو بەبەرپرس بزانین کە نایەوێ کێشەکە چارەسەر بکات و دەبێ داواکاری نوێش بخەینە ناو خەڵک و بڵێین ئێمە ئامادەین دەستپێشخەری بکەین بۆ کێشەکان، خەڵکی ئێران وەک ئێمە بیر ناکەنەوە ئەمە هەڵەیە.

**خالید محەممەدزادە**: ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئەبزاری خۆی دەوێ بۆ بەرەپێشبردن، ئەم ئەبزارانەش هەتاکوو ئێستاش غایبە، حیزبی دێموکرات چێکردوە؟

**خالید عەزیزی**: لە میدیای حیزبی هەوڵمانداوە ئەو بۆچوونە بچێتە پێش، لە میدیای فارسەکانەوە کارمان بۆ کردووە. لە مەیدانی دیپلۆماسی ئیمە ئەو باسانەمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە دەبێ زمانی ئەو بوارەمان هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕیکەوت: ساڵی ٢٠٠٩

## عیرفان قانعی فەرد: ئێستا هیچ جوڵانەوەیەکی سیاسی لە ناو کوردەکانی ئێراندا نابینم



قاسملو لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دانیشت و موهتەدیش لە ماڵی مام جەلال لە سوریا دانیشت و قسە دەکات وەک چون ئۆجەلانیش لە سوریا لە گەڵ ئێران دانیشت مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێرانو چارەنوسی ئەو بزووتنەوەیەو هۆکارەکانی نەوێ بوونو هەڵکشانیو رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانو حیزبەکانی دەسەڵات لەو بەشەی کوردستان لە سەر ئەو بزووتنەوەیەو کۆمەلێک باسو خوازی دیکەی پەیوەندیدار بە بارودۆخی سیاسی کوردەکان لە ئێران تەوەری ئەو دیمانەیە لە گەڵ عیرفان قانیعی فەرد مێژوونوسی کورد پێک دەهێنێت.

**خالید محەممەدزادە:** زیاد لە پێناسەیەک بۆ بزووتنەوەی کوردیو تایبەتمەندیو دەرکەوتەو هۆکارەکانی بە تایبەت لە ئێران هەیە، ویستم بزانم پێناسەی ئێوە بۆ ئەو بزووتنەوەیە چیە؟

**قانیعی فەرد:** لە راستیدا بزووتنەوەی کوردی لە دوای شۆرشی ئیسلامی ئێرانەوە لە ساڵی(١٩٧٩) بۆ یەکەمجار بزووتنەوەی سیاسی بوو، دواتر بوو بە بزووتنەوەیەکی دوولایەنەو دابەش بوو. بەشێکی بوو بە چەکداریو دژایەتیکردن لە گەڵ حکومەتی ناوەندی کە دواتر لایەنگرانی ئەو جۆرەخەباتە وەک کۆمەلەو دیموکراتو رزگاریو خەباتو... چوونە ناو خاکی عیراقو مانەوە. لایەنی دووهەم جەماعەتێک بوون کە لە ئێران مانەوە، ئەوویش جەماعەتی مەزهەبییەکان بوون کە لە واقیێعدا کەوتنە ژێر فشاری حکومەتی ناوەندیو نەیانتوانی لە حکومەتی ناوەندیدا بەشدار بن. هەندێکیشیان خرانە زیندان وەک جەماعەتی موفیتیزادە. لە واقیعدا تا سەردەمی سەرکۆماری خاتەمی، کوردەکان بەشداری دەسەلاتی سیاسی ناکەنو ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە تا ئێستا ئێمە ئەو بەشداریکردنەمان نەبێت. بەڵام لە سەردەمی خاتەمی، ریفۆرمخوازەکان لە کوردستان بزووتنەوەیەکیان هەبوو کە کۆمەلیک کەس توانیان لە ناو حکومەت بەشداری بکەنو ئەندامانی پەرلەمانیش کوردبوونیان دەرکەوتو وەک مەرحومی ئەدەب. قوناغی چوارەم سەردەمی ئەحمەدی نەژادە کە لەو قوناغەدا کوردەکان هیچ

بەشداریەکیان لە سیاسەتی ئێران نیە.

**خالید محەممەدزادە**: ئێستا لەم بزووتنەوەو چالاکیانە چی ماوەتەوە؟

**قانیعی فەرد**: لە دوای شۆرشی ئیسلامیەوە تا ئێستا تەنیا جموجۆلێک کە ماوەتەوەو دەچێتە پێشەوە، تەنیا جولانەوەی کەلتوریو فەرهەنگیەو من هیچ جوڵانەوەیەکی سیاسی ئێستا لە ناو کوردەکانی ئێران نابینم.

**خالید محەممەدزادە**: باس لە نەبوونی جوولانەوەیەکی سیاسی لە ناو کوردەکانی ئێران دەکەیتو ئەمە لە گەڵ ئەوەی ئێستاش کۆمەلێک حیزب هەن کە بە پاشکەوتێکی مێژوویی، خۆیان بە ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی سیاسی کوردەکان لە ئێران دەزانن، هەر چەند بۆ خوت لە وتوێژێکدا راتگەیاندبوو کە حازر نیم وەک حیزبیش ناویان بەرم چ بگات بەوەی ئەمانە رێبەرایەتی بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستانی ئێران بکەن، تۆ رۆلی ئەو حیزبانە چۆن دەبینی؟

**قانیعی فەرد**: من نەمتووە حیزب هەیە یا نیە. من وتوومە بەشداری سیاسیمان لە دەسەلاتی سیاسی نیە. ئەو وتوێژەش کە دەلێی قسەی من نیە. من ناتوانم حیزبێک کە ٥٠ ساڵ رابردووی هەیەو کۆمەلێک خەلکیان هەیە، بلێم بونیا نیە. ئەوەی کە من دەلێم بەشداریکردنی سیاسیە لە دەسەڵات. حیزبیک کە لە دەرەوەی وڵاتەو بەشداری سیاسی لە ناو وڵات نیە، ئەمە زۆر جیاوازە لەوەی بلێین حیزبیک بوونی نیە.

**خالید محەممەدزادە**: یانی تو دەلێی ئەم حیزبانە بە حوکمی ئەوەی بەشداری دەسەلاتی سیاسی ناکەنو لە دەرەوەی وڵاتن شوێندانەریان لە کۆمەڵگادا نیە؟

**قانیعی فەرد**: راست وایە. ئەمە قسەیەکی دروستە. لە بواری دیبلۆماسیەوە حیزبەکانی ئێمە بە تایبەبت دوو حیزبی کۆنی وەک کۆمەلەو دیموکرات لە دوای شۆرشەوە بەشداری سیاسییان لە دەسەڵاتی سیاسی ئێران نیە. ئایا ئەم حیزبانە دەتوانن دوو کەس بنێرنە پەرلەمانی ئێران؟ بە راستی ئەو توانایەیان نیە. بۆیە ئەو دەسەڵاتەشیان نیە لە باری سیاسیو دبلۆماتیەوە.

**خالید محەممەدزادە**: هۆکارەکەی؟ ئایا حکومەت هۆکاری بەشداری نەکردنی ئەمانەیە وەک خۆیان دەلێن، یا ئەمانە خۆیان هۆکاربوون لە دوورکەوتنەوە لە بەشداریکردنیان لە دەسەڵاتی سیاسی؟

**قانیعی فەرد**: من دەلێم پەنجا بە پەنجایە. هەندێک کەس بۆ خۆهەلکێشان لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا هەندێک کاریان کرد کە مێژوونوسەکان ئێستا ئەو کارانە بە مندالبازار ناو دەبەن؟ وەک کاری چەمران، کاری مەرحوم بەهەشتی. لەلایەک تالەقانی دەهات، دەیوت دەست بکەنە ملی یەک، لە لایەکی تریشەوە چەمرانو بەهەشتی پێیانخۆش بوو جەماعەتیک هان بدەن. پاشان رەوتیکی وەحشیگەریو بوونی بکوژێکی وەک خەلخالیە کە تەنانەت کۆماری ئیسلامیش لە روی نایە باسی بکات. بۆیە دەتوانین بلێین دەنگیکی یەکگرتوو لە ناو حکومەت بەرامبەر بە کوردەکان نەبوو. تەکتیکی بەهەشتی جیا بوو. تەکتیکی شێتیکی وەک خەلخالی جیا بوو. حکومەت پەلەی کرد پێویست بە تەداخولی سپا نەدەکرد خۆ کوردستان نەیدەویست جیا بیتەوە.

**خالید محەممەدزادە**: لایەنی کوردی چی؟

**قانیعی فەرد**: لە لایەنی کوردی هەندیک جەنجاڵی سیاسیو کاری مندالانە دەبینرێت کە کوردەکان نەیانتوانیوە یەک دەنگ بن کە ئەمە عەیبی جولانەوەی کوردی بوو. حیزبەکانی لای خۆمان خەریکی مەوجسواری بوون. ئەوان دەیانتوانی بچنە ناو حکومەتو لەوێ داوای بەشی خۆیان بکردایە

**خالید محەممەدزادە**: رۆلی ئایەتوڵلا خومەینی لە چارەسەرکردنی پرسی کورد چ بوو لە ناوەدا. پیتوایە خومەینی دەیویست کێشەکە چارەسەر بکاتو خەلکی تر نەیدەهێشت. لە بیرت نەچیت خومەینی لە وەسیەتنامەکەشی داوا لە کۆمەلەو دیموکرات دەکات بگەرێنەوە باوشی ئیسلام؟

**قانیعی فەرد**: ئەو پێی خوش بووە ئێران ئارامو هێمن بێت کە حکومەتی ئیسلامی دابمەزرێنێت. دوو هەفتە دوای گەرانەوەیان بۆ ئێران جەریانی سنە روودەدا. ئەو پێی خوش بوو خوزستانو سیستانو کوردستان وەک یەک تەماشا بکە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی دابمەزرێنن. هەموویان وا دەلێن. بەڵام لە کۆماری ئیسلامی تو قەد یەک دەنگ نابیسیتو هەمیشە چەند دەنگی بووە کە ئەمەش بووە هۆی هاندان کە ئەمەش ئێمە لە گەڵ دوو درۆ رووبەروو دەکاتەوە. درۆیەک کە هی بەنی سەدرە کە ئەو درۆیە بۆ من ساغ نەبووەتەوە. بەنی سەدر ئێستا دەلێ دۆستایەتیم لە گەڵ کوردەکان هەبووە راست ناکات. خالی دووهەم ئەوەیە کە حیزبەکانی ئێمە بە هاندانی بەعس وایانکردووە. ئەگەر راستە دەتوانین بلێین خەتای حیزبەکانە ئەگەر درۆیە ئەتوانین بلێین ئەوان نەیانتوانی حکومەتی ناوەندی رازی بکەن. بەڵام من پیموایە یەکتر قبولنەکردن بوو بە هۆی ئەو شتەی روویدات.

**خالید محەممەدزادە**: لەم یەکتر تێنەگەیشتنە، حیزبە کوردیەکان چەند بەرپرسیارن. لە سالەکانی کۆتایی ئەو

قوناغەشدا. د. قاسملووە لە وتووێژ لە گەڵ لایەنی ئێرانی دەکوژرێت؟ هەر چەند تو دەڵێی حیزبەکان هان دراون؟

**قانیعی فەرد**: دیارە ئەوە قسەی من نیە، هەندێک لە بەڵگەکان وا دەڵێن کە هان دراون. لە واقیعدا لە قوناغی دوای شەر قاسملو تێدەگات کە مانەوەی لای بەعس ناتوانیت کارساز بێت. تەنانەت بەعس پێشمەرگەکەکانی کۆمەلەو دیموکراتیش کیمیایی باران دەکات. عەلیزادە لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت نەماندەتوانی بە بەعس بلێین بۆ لە مەقەرەکانی ئێمەت داوە. قاسملو پێی وابوو کە رازی مانەوەی ئەو ئەوەیە کە لە گەڵ حکومەتی ئێران دابنیشی. لە سەر هۆکارەکانی تیاچوونەکەشی چوار رای جیاواز هەیە. یەکەم ئەوەیە کە کاری ئێرانە. رای دووهەم تعامولی موجاهیدینو حیزبی بەعسە، رای سیهەم ئەوەیە کە کاری رووسەکان بوو لە سەر ئەوەی کە قاسملوو کلاوی لە سەر حیزبی تودە ناو رای چوارمیش ئەوەیە کە موساد بووە. من ناتوان بلێم یەکیان راستەو چوارەکەی تر وا نیە.

**خالید محەممەدزادە**: قاسملو بۆ چوو بۆ وتوێژە؟

**قانیعی فەرد**: ئەو مەجبوور بوو بۆ مانەوەی خۆی بچێت. وەک چون تالەبانی بۆ مانەوەی خۆی چوو بۆ لای سەدام، ئەمیش بۆ مانەوەی خویو حیزبەکەی بیت لە گەڵ ئێران دانیشێت.

**خالید محەممەدزادە**: دانیشتنەکە بۆ مانەوەی خۆیو حیزبەکەی بووەو یا نا وەک ئەوەی حیزبی دیموکرات باسی دەکات بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئێران بووە؟

**قانیعی فەرد**: حکومەت دەلێ بۆ مانەوەی خۆی هاتو حیزبیش دەڵێت بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هاتووە. بەڵام ئەوەی من لە کاسیتی وتوێژەکە گوێم لێ گرتووە ئەوەیە کە حکومەت لێی توورە دەبێت دەلی تو حەقت نیە بلێێ من نوێنەری گەلی کوردم تو رێکخراوێکی کوردیت. پێێ دەلێت تو تەنیا دەتوانیت لەلایەن رێکخراوەکەی خۆتەوە قسە بکەی. قاسملوش پێی خۆش بووە بگەرێتەوە بۆ ئێران ئەوەی لە کاسیتەکە هەیەو دەیبسیتین. ناتوانین بلێین کاسیتەکە درۆیە. لەوێ قاسملو رای وایە مەسەلەی ناسیونالیزم دەبیت چارەسەر بکرێت. شتێکی تر کە نهینیە من بۆ یەکەمجار دەیدرکێنم قاسملو دەلی بۆ من گرنگ نیە حیزب دیتەوە یا نا، بەلام تکات لێ دەکەم با هەر ناوی حیزبەکە بمێنێتەوە. هەندیک شتیش هەن کە کاتی نەهاتووە کە پیاو بلێ.

**خالید محەممەدزادە**: وەکو مێژوونوسێک قسەکانت پشت دەبەستێت بە کۆمەلێک بەڵگەو فاکتی هەوالگری وڵاتانی ئەقلیمی. خستنەرووی ئەو بەڵگانەش هەلای لێکەوتووەتەوەو رەخنەشت لێدەگیری کە پەنا نابەیتە سەر بەڵگەنانەش کە لە لایەنی

کوری هەیە. ئایا بۆ خوت باوەرت بە بەڵگانە هەیە؟

**قانیعی فەرد**: من پیموایە پیاو کە مێژووی نووسی هەمەلایەنە بینوسی. موخابرات ئێستا هەشت هەزار بەڵگەی هەیە، بریا ئیمەش دوو هەزارمان بوایە. پیاو با هەموو بەڵگەمان بخوێنیتەوە، خۆ ئەوە عەیب نیە ئەوە لە ئەوروپا ئاساییە. کریس کوچیرا کە کتیبەکەی دەنوسێت لە گەل ٦ کەسی موخابراتی دەزگای هەوالگری ولاتەکەی قسە دەکات. من نەزەرەکان دەگوازمەوە، ئەمەش کفر نیە. خو من دادیار نیە کە موحسین رەزایی چی کردوەو حەسەنزادە چ کارە بووە. بۆمن موهیمە بزانم رای چیە؟

**خالید محەممەدزادە**: ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ فازی خەباتی چەکداری کە ئێستا حیزبەکان کاری لە سەر دەکەن ئەوەیە کە خەباتی چەکداری بە ئاشکرا لەلای ئەو حیزبانە راگیراوە. زۆربەشیان دەلێن راگرتنی ئەو خەباتە لە بەر ئەزموونی هەریمی کوردستان. هەر چەند خوت لە دیمانەیەک باس لەرێکەوتنی سپای پاسدارانو حیزبی دیموکرات دەکەی بۆ راگرتنی خەباتی چەکداری. ئێستا دەلێێ چی؟

**قانیعی فەرد**: تکات لێدەکەم ئەوەی دەیلێم بێ دەستکاری بلاوی بکەوە. ئەویش ئەوەیە کە حیزبەکانە رۆژهەلات کە لە سەرەتای شۆرشی ئیسلامی پێگەیان هەبوو کە چوونە لای حیزبی بەعسو یارمەتیان لە بەعس وەرگرت و مانەوەی تا دوای شەری ئێرانو عیراق ئەو پێگەیان لە دەستدا. بەلام تەنیا رێگا ئەوە بوو بۆیان لە گەڵ حکومەت دابنیشین وەک چون قاسملو دانیشت لە گەڵ کۆماری ئیسلامیو موهتەدیش لە مالی مامجەلال لە سوریا دانیشتو قسە دەکات وەک چون ئۆجەلانیش لە سوریا لە گەڵ ئێران دانیشت. بەڵام دوای ئەو قوناغە ئەوان چیانکرد. ئەوان بۆ ئەوەی بلێن ماوینو هەین،

هەندێک شەرە تەقەیان کرد. ئێرانیش دوای ئەوە توپبارنی کۆیە دەکاتو سپای پاسدارانیش داوای رادەستکردنەوەیان لە تالەبانیو بارزانی دەکات دواتر موحسین رەزایی فەرماندەی گشتی سپای پاسداران دەلێ ئیمە چووین لە گەلیان رێکەوتنامەیەکمان ئیمزا کردو ووتیشی داخەکەم قاسملو نەمابوو چونکە ئیمزای ئەو بۆ ئێمە گرنگتر بوو لە سەر رێکەوتنامەکە. کەواتە حیزبە کوردیەکانی ئێران لە گەڵ ئێران رێکەوتنیان ئیمزا کرد کە تەقە لە ئێران نەکەن ئەمە راستیەکە ناتوان بلێن وا نیەو رێکەوتنامەکە هەیە با بیخوێننەوە.

**خالید محەممەدزادە**: ئەگەر ئەو رێکەوتنامەیە راستە ئەی بۆ ئێستا هەموویان چەکدارنو چەکیان پێیە؟

**قانیعی فەرد**: بۆ ئەوەیە بلێن کاکە ئیمە هەرچەکمان راگرتووە خەباتی چەکداریمان رەتنەکردووەتەوەو خەلکمان هەیە

بەلام خۆشیان تێدەگەن چەک دەور نابینێتو ئەمریکەکانیش ئیزنی ئەوەیان پێ نادەن لە هەرێمی کوردستانەوە بەرامبەر بە ئێران راوەستن. هەرچەند رایەکی تر هەیە کە دەلین ئیسرائیل پشتگیریان دەکات کە من پیموانیە کوردی ئێران پەیوەندی لە گەڵ ئیسرائیل هەبیت جگە لە پژاک.

**خالید محەممەدزادە**: حیزبەکان ئێستا لە باشور بە رادەیەکی زۆر پەراوێز خراون نە میوانن‌و نە بە رەسمیش وەرگیراون‌و هیچ زەمانەتێکی یاسایشیان نیە لەو هەرێمەو دەتوانین بلێین لە چاوەراونی گۆدۆدا ماونەتەوە رای ئیوە چیە؟

**قانیعی فەرد**: قاسملو لە کاسێتێکداو بیست ساڵ لەمەوپێش دەلێ پیمانخوشە بگەرێنەوە بۆ ئێران. بیست ساڵ پێش ئەوان داوای گەرانەوەیان دەکردو هەزاران کەسیش گەرانەوەو لیبۆردنیشیان بۆ دەرکرا. من پیموایە گەرانەوەیان باشترە لەوەی لەو دەشتە بمێننەوە. بێن دوو نوینەر بنێرنە ناو پەرلەمان و کاری سیاسی و فەرهەنگی بکەن و لە دواکەوتووی فەرهەنگیش دوور دەکەونەوە. پیاو کە لە کۆمەلگا دوور بیت ئاگاداری رووداوەکانیش نیە. خویندنەوەی سایت و رۆژنامەکان فەرقی زۆرە لەوەی تو لە کۆمەلگا بیت. پیموایە هاتنەوەیان کاریگەری زۆری دەبیت لە سەر جولانەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستان و روانگەی ئەمنییەتی حکومەتیش لە کوردستان نامێنێت.

**خالید محەممەدزادە**: رۆلی حکومەتی هەریم چون دەبینیت لە سەر خەباتی کوردەکانی ئێران. رای جیاواز لە ناو کوردەکانی ئێران بەرامبەر بە ئەزمونی هەرێم هەیە. رایەک ئەمە بە قیبلەگایەک سەیر دەکات. رای دیکەش ئەمە بە زیان بۆ پرۆسەی سیاسی کوردەکانی ئێران دەبینێت تو چون ئەمە دەبینی؟

**قانیعی فەرد**: حکومەتی هەریم دەیتوانی ئەزمونێک بۆ دەسەلاتدارەتی داهاتووی کوردەکانی ئێران بێت، بەلام وا دەرنەچوو ئێستا دوو حیزب قسەی کۆتایی دەکەن و پیموایە جارێک ئەو سیستمە لە گەڵ دیموکراسی فەرقی زۆرە. ئێستاش حکومەتی هەرێم کار لە سەر ئەوە دەکات کە دلی تورکیاو سوریاو ئێران نەیەشێنێتو دۆستی ئەمریکا بیت. من پێگەی حکومەتی هەریم لە باری سیاسی‌و دیبلۆماتیەوە زۆر بە هێز نابینم. بەڵام حکومەتی هەریم قیبلە نیە بۆ کوردەکانی ئێران. دەتوانین بلێین ژاپۆن قیبلەگای ئاسیایە. بەڵام لای خۆمان کەی وایە. ئێستاش هەموو شتێک لە کوردستانی عیراق عەشیرەتیەو هەر عەشیرەتێک بۆ خوی دەسەڵاتی خوی هەیە. ئەمە کەی دیموکراسییە. ئەگەر حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەرنەکەوتن هۆکاری ئەسلی دوو پارتە گەورەی کوردستانی عیراقن. من حیزبەکانی باشور بە پشتیوانی کوردی ئێران نابینم. من حکومەتی هەرێم بە پاڵپشتی کوردی ئێران نابینم. ئیستا رەنگە دوو هەزار دولاریان دابیت بە چەند حیزبیکی رۆژهەلات ئەوانیش پێیاندا هەڵبلێن‌و وەسفیان بکەن. ئەوان زیانیان زۆرتر بووە تا قازانج بۆکوردی ئێران.

**خالید محەممەدزادە**: پێتوایە ئەوان چۆن سەیری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە لای خۆیان دەکەن؟

**قانیعی فەرد**: تەنیا وەک پەنابەر سەیری حیزبەکانی لای ئیمە دەکەن بۆ ئەوەی بڵێن ئیمە یارمەتی کوردی پارچەکانی دیکە دەدەین. ئەگینا چ ڕۆڵێک بە هەزاران کوردی ئاوارەی ئێران لە هەرێمی کوردستان دراوە؟ هیچ. یەک کەسیان لە یەک ئیدارە دانەمەزراوە. ئیمە چەند جار یارمەتی ئەوانمان کردووە. بەڵام ئیمەی کوردەکانی ئێران هەندێک شەرممان هەیەو هەیمەنەتی ئەو دوو حیزبەکەمان بە لاوە پیرۆزە زمان پەتی نین لە ڕەخنەگرتن لێیان.

**خالید محەممەدزادە**: بەڵام ئەم ترس لە ڕەخنەگرتنە هەموو کوردەکانی ئێران ناگرێتەوە، ڕەنگە ئەمە تەنیا تایبەت بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات؟

**قانیعی فەرد**: راستە ئەوان دەڵێن ئیمە میوانینو با قسە نەکەین نەوەکوو دەرمانکەن. بەڵام من دەڵیم مێژوو زۆر بێ ڕەحمە. پارتی و یەکیتی چیان بۆ ئیمە کردوە با هەڵیسەنگێنین. ئەمە قسەیەکی خراپ نیە. مێژوو زۆر شتی داخاوی تێدایە. ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نایکەن با ئیمەی مێژونووسو ڕۆژنامەنوسانی ڕۆژهەڵات بیکەین.

**خالید محەممەدزادە**: ئەم بەرژەوەندی حیزبیەی کە لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتو حیزبەکانی باشور هەیە چ پیوەندیی بە بەرژەوەندی کوردی ئێرانەوە هەیە؟

**قانیعی فەرد**: هیچ! من پیموایە کوردی ئێران بەرژەوەندی خوی بە کوردی ئێراقەوە گری نەدات. کوردی ئێران بۆ خوی کەسایەتی سەربەخۆی هەیەو ناکرێت لە ڕوانگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە سەیری کوردی ئێران بکرێت. کوردی ئێران دەبێت بتوانێت بەشداری دەسەڵاتی سیاسی بکات. ئەو سەردەمە بە سەر چوو کە هیجریو موهتەدی خەونیان بەوە دەدی ببن بە جەلال تالەبانی ئێران!. ئەوەی کە گرنکە ئەوەیە کە ئیمە بۆ نەسلی نوێ چیمان هەیە. ئەمانە هەر تاویک قسەیەک دەکەن، جاریک هەڵبژاردن بایکوت دەکەن جاریک بەشداری دەکەن. کابرایەکی وەک عەبدوڵڵای موهتەدی تا دوینی هەڵبژاردنی تەحریم دەکرد ئیستا بووە بە موسەوی دووهەمو زیاتر لە موسەوی پشتگیری لە بزووتنەوەی سەوز دەکات. ئەمە پێی دەڵێن ئۆپۆرتونیستی سیاسی. با بۆ خومان چارەنوسی خۆمان دیاری بکەینو خۆمان لە کوردستانی عیراق جیا بکەینەوە. ئەوان بە دەسکەوتی خۆیان گەیشتوونو لە سەر کاغەز فیدرالیەیان هەیەو لە پراکتیکدا شتێکی دیکەیە. ئیمە چیمان هەیە؟

هیچ. باشە تاقمێکی وەک پژاک جگە لە کوشتنو خوێرشتن، بۆ کوردی ئێران چی پێ بووە. لە پاسگایەک ٦ کەس بکوژی چی بۆ کوردی ئێران تێدایە؟

**خالید محەممەدزادە**: پێتوایە کۆمەڵگای کوردی گوی لەو قسانەی تو دەگرن.؟

**قانیعی فەرد**: پیموایە گەنجەکانیش پێیانخوشە بە مافی خۆیان بکەن. ئیمە مافی خۆمانە بەشداری حکومەتی ئێران بین. مافی خۆمانە ناسنامەی خۆمان هەبیت. کوردی ئێران لە بارەی سینەماو موسیقاو فەرهەنگیەوە سەلماندی لە جیهان قسەی پێیە بۆ وتن. ئەی لە باری سیاسیەوە چی؟ با کار بکەین لە باری سیاسیەوە خۆمان بناسێنینو پیموایە لە ناو ئێران زۆر کەس دەڵێن حەقی خۆمانە بەشدار بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردیش پرسپکیو - ڕێکەوتی: ٩ی دێسەمبەری ٢٠١٠

---



سەرچاوە
Serchawe

## ریوار ئابدانان: ئەندامی مەجلیسی پژاک

### سیاسەتی حیزبەکان بەرامبەر بە کوردی شیعە بووە بە هۆی دابەشبوونی کورد لە ئێران

**پارتی ژیانی ئازادی کوردستان رەتیدەکاتەوە دانوستانی راستەوخۆی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بوویێت بە مەبەستی راگرتنی شەری نێوانیانو ئەو ئاگربڕەی نێوان خۆیانو ئێرانی گەراندەوە بۆ ناوبژیوانی هەندێک لایەن لە هەرێمی کوردستانو ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو پارتەش ئەوەی راگەیاند کە ئیستا هیچ شەرو پێکادایێک لە نێوان پژاکو ئێران نیەو سنورەکان ئارامە. ریوار ئابدانان ئەندامی مەجلیسی پژاک لەم چاوپێکەوتنەدا تیشک دەخاتە سەر چەند پرسێکی تایبەت بە پژاک.**

**خالید محەممەدزادە**: ئیوە بەیاننامەیەکتان بە زمانی فارسی بلاوکردەوەو تیادا باس لە رۆلی ئیمام حسینو گرنگی مانگی محەرەم دەکەن، ئامانج لە دەرکردنی ئەو بەیاننامە چیە لە کاتێکدا ئەمە یەکەمجارە پژاک یا حیزبیکی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان بەیاننامەیەکی لەوشیوە بە بۆنەی مانگی محەرەم دەردەکات؟

**ریوار ئابدانان**: ئیمە وەک پژاک روانگەیەکی جیاوازمان بۆ مەسەلەی دینو مەزهەب هەیە. لە رۆژهەلاتی کوردستان ئیوە دەزانن کە ئایینو ئایینزای جیاواز هەیە، یەکێک لەوانە مەزهەبی شێعەیە کە زۆرێک لە دانیشتوانی کوردستان شیعە مەزهەبن، وەک ئیلامو کرماشانو شوینەکانی دیکە، هەروەها لە باشوری کوردستانیش بەشێک لە کوردەکان شێعەن. لای ئێمە ئایینو ئایینزاکان وەک یەکێک لە فاکتۆرەکانی کەلتوورینو ریزیان لیدەگرینو ئیمەش شرۆڤەو تێگەیشتنمان لەسەر ئاینو مەزهەب جیاوازە .دین گریدراوی گەلەو دەستکەوتی کەلتووری گەلە، ئیمە ئەوە دەپاریزین.

**خالید محەممەدزادە**: لە بەیاننامەکەدا پژاک هاوکات باس لە دین فرۆشانی حکومی دەکات کە گۆیا ئەوان ویستویانە راپەرینی ئیمام حسین لە مانا راستیەکەی خوی خالی بکەنەوە، مەبەستان لە دینفرۆشانی حکومی چیە؟

**ریوار ئابدانان**: وەک دەزانن ئیستا لە ئێران دوو جۆر مەزهەبی شێعە هەیە. یەکیان ئەو مەزهەبی شێعەیەی کە ئیستا لە دەست کۆماری ئیسلامییە، حکومەت وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتکاری سودی لی وەردەگریت، ئیمە ئەوە رەتدەکەینەوە، چونکە توندوتیژی تێدایە. بەلام ئەو مەزهەبی شێعەیە کە هی گەلەو لەناو گەلە، جیگای ریزە. ئیمە وەک دەسکەوتێکی کەلتوری چاوی لی دەکەین،ئیمە لە بۆنە جیاوازەکانی تریش ئایینەکانی یەزیدیو یارسانو هەموو ئەو بۆنانە کە گەل پیرۆزیان دەکات ئیمە بە پیرۆزمان راگرتووە. ئیمە مەزهەبی شیعە تەنیا بە مەزهەبی دەسەلات نازانینو پیویستە بەو شیوە چاو لەو

مەسەلەیە نەکەین. لەسەر ئەو بنەمایە ئەو بەیاننامە بلاو بۆتەوەو ئەوە شتێکی نوی نیە بە نیسبەت ئیمەوە.

**خالید محەممەدزادە**: ئەو بەیاننامەی ئیوە لە ناو ئەحزابو چالاکانی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان کەوتوەتە بەر رەخنە، ئیوە چون سەیری ئەو رەخنانە دەکەن؟

**ریوار ئابدانان**: بە داخەوە ئەحزابی سووننەتی و کلاسیکی کورد بە هەمان روانگەو عەقلیەتی حکومەتی ئێران سەیری مەزهەبو دین دەکەن. بەلام ئیستا بەشێکی گەورەی کورد لە ئێران شیعە مەزهەبن. سیاسەتی ئەو رێکخراوانە بەرامبەر بە کوردی شیعە بووە بە هوی دابەشبوونی کورد لە ئێران. ئەو روانگەو سیاسەتە بۆ خوی بووە بە هوی خزمەتکردنی دەسەلات. کوردستان ولاتێکە جیاوازی ئایینیو زاراوەیی تێدایەو هەموویان جیگەی ریزن. ناوەرۆکو بەرنامەی ئیمە بۆ کیشەکانی کۆمەلگاش ئەوەیە کە دەبیت جیاوازییە ئاینییەکان ریزیان لی بگیرێتو هیرش نەکریتە سەریان.

**خالید محەممەدزادە**: دوای راگرتنی تۆپبارانەکانی ئێران، لە میدیاکان باس لە ئاشتەوایی لە نێوان پژاکو ئێران هاتە گۆرێ، ئایا ئیوە رێککەوتنتان لە گەل ئێران هەیە بۆ ئەوەی شەر دەست پینەکەنەوە؟

**ریوار ئابدانان**: نا. هیچ چاوپێکەوتنێک لە نێوان ئیمەو ئێران رووی نەداوە. دیارە هەندێک لایەن لە هەرێمی کوردستان ویستیان ناوبژیوانی بکەن، دیارە شەر راگرتنەکەش بەدەستپێشخەری ئەو لایەنانە بووەو هیچ چاوپێکەوتنێک لەنێوان پژاکو کۆماریئیسلامی رووی نەداوە.

**خالید محەممەدزادە**: واتە شەرێک ئیستا لە نێوانتان نیە؟

**ریوار ئابدانان**: بەڵێ لە پراکتیکدا شەرێک لە نێوان ئیمەو ئێران نیەو ئەو ئاگربەستە بەردەوامە

**خالید محەممەدزادە**: کوردی ئێران بە رای ئیوە لەم قوناغە دەبیت چی بکات؟

**ریوار ئابدانان**: پیویستە هەموو لایەنەکانی رۆژهەلات هەول بدەن بۆ بەستنی کونگرەیەکی نەتەوەییو ئەو ناکۆکیەکەی کە لەناو رێکخراوەکان هەیە پیویستە لای بەرنو بەرژەوەندیەکانی کورد بە بنەما بگرن. بۆ ئەوەی لە قوناغی دیزاینکردنی ناوچەکە بەشداری بکەینو گەلی کورد بتوانیت بە مافەکانی خوی بگات. ئەمەش بەرپرسیارەتی حیزبەکان زیاتر دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١١



سەرچاوە Serchawe

## جەلال جەلالیزادە: نوینەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران ناتوانن هیچ کارێک بۆ کوردستان بکەن



**جەلال جەلالیزادە ماموستای زانکۆ رەخنە لە دۆخی ئیستای بەریوەچوونی هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێران دەگرێتو پێیوایە لە دۆخێکی ئاوا کە حکومەت بەشداریکردنی بەرتەسک کردووەتەوە، ئەو کەسانەی خۆیان کاندید دەکەن ناتوانن هیچ کارێک بۆ خەلکی کوردستان بکەن**

**خالید محەممەدزادە: دکتۆر جەلالیزادە چون هەلبژاردنەکانی داهاتووی ئێران هەلدەسەنگێنن؟**

**جەلال جەلالیزادە: هەلبژاردن مافی خەڵکەو گرنگە خەڵک بتوانن لەو ڕێگایەوە چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، لە هەلبژاردنی داهاتووش خەڵکی ئەو ولاتە دەبێت بزانن مانای بەشداری لە هەلبژاردن چیەو بۆ چی دەبیت؟ دیارە هەلبژاردن بە بەشداری حیزبو گرووپە کۆمەلایەتیو سیاسیەکان مانا پەیدا دەکاتو بە بێ بوونی حیزبو کێبەرکێی دژبەرەکان ئەوە هەڵبژاردن هیچ مانایەکی نیە. ئەگەر بریار بێت تەنیا یەک حیزبو کۆتلەی سیاسی بەشداری بکەن، ئەوە هەڵبژاردن نیە. هەلبژاردن یانی هاتنە مەیدانی هەموو بیروراکانی ولات بە مەوافقوموخالیف.**

**خالید محەممەدزادە: بەپێی قسەکانی ئیوە فەزایەکی کراوە نیە بۆ بەشداریکردن، هەر چەند بە دەیان کەسیش بەشداریان کردوە؟**

**جەلال جەلالیزادە: وەک دەبینی هەرەشەکانی شۆرای نیگابانو بەرپرسانی دیکە ئەمە نیشان دەدات کە ئەوان بەرگری دەکەن لە بەشداری نەیارانی سیاسی خۆیانو دەڵێن تەنیا مۆلەت بەو کەسانە دەدەین کە لە گەل ئێمە بن.بەلام هەڵبژاردن بە بێ بەشداری لایەنەکانی دیکە هیچماناو مەفهومێکی نیەو هەرەشەکردن لە نەیارانی سیاسی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسانە**

هیچ جیگایەکو هیچ رۆلێک بۆ نەیارانی سیاسی خۆیان دانانێن.

**خالید محەممەدزادە**: لە فەزایەکی ئاوا کە حکومەت هەموو رێگایەکی داخستووە، خەلک لە کوردستان دەبیت چی بکەن؟

**جەلال جەلالیزادە**: ئەزمونی سەردەمی رێفۆرمخوازی پێشانی داوە کە کیشەکانی کوردستان جیا لە کیشەکانی تری ئێران نیە. بەرپرسانی سیاسی ولات ئەگەر روانگەی عەدالەتخوازیان هەبیت ئەوە کاریگەریشیان لە سەر ناوچەی کوردستانیش دەبیت. ئەگەر فەزای کراوەی سیاسی لە هەموو ولات هەبێت بیگۆمان لە کوردستان کاریگەری هەبیتو دەتوانێت لە هاتنە مەیدانی کەسانی خوێندەوارو کەسی سیاسەتمەدارو کەسی ئازادیخواز کە ئامانجیان دیفاع لە داواکانی گەلی کوردە رۆلی هەبیت. ئەوانیش دەتوانن لە پەرلەمان بەشداری بکەن بەلام ئەگەر لە هەموو ولات فەزا کراوە نەبوو بۆ خەلکی نەیارو ریفۆرمخواز، بێگۆمان کاریگەری مەنفی لە سەر کوردستانیش دادەنیت.ئەمەش وا دەکات خەلکی باش لە کوردستان نەتوانن بەشداری بکەن.

**خالید محەممەدزادە**: بەلام ئیستا کەسانێک لە کوردستان خۆیان کاندید کردوە لەو فەزایەی باست کرد ئەمانە دەتوانن چی بکەن؟

**جەلال جەلالیزادە**: باشە ئەم هەشت ساڵە نوینەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران چیان کردوە؟ ئێمە ئەو ئەزمونەمان هەیە کە نوینەرانی کورد نەیانتوانیوە هیچ کارێک بۆ کوردستان بکەن حکومەت بە یەک چاو سەیری هەموو هاولاتیان ناکات. لە وەها فەزایەک کە داخراوەو نادیموکراتیکە، کاندیدەکانیش بە جۆریک تەئیدو هەلدەبژێرن کە هاورا بن لە گەل سیستمی ولات. کەواتە پالێورابوون چ مانایەکی هەیە؟ لەم هەشت سالەش تەنانەت فراکسیونی نوینەرانی کورد نەیتوانیوە هەموو نوینەرەکان لە هەموو پاریزگا کوردییەکان لە دەوری خوی کۆبکاتەوەو چالاکی بەرچاوی هەبیت. تەنات ئەو نوینەرانە لە بواری گەشەپیدانی ناوچە کوردنشیەکانیش نەیانتوانیوە کار بکەن.

**خالید محەممەدزادە**: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئیوەش وەک ریفۆرمخوازانی کورد بە ئاشکرا داوا لە خەلک بکەن لە کوردستان هەلبژاردنەکان بایکوت بکەن؟

**جەلال جەلالیزادە**: من پێموایە خەلکی کوردستان لەوە شارەزاترن کەسێک پییان بلێت لە هەلبژاردن بەشداری بکەن یا بەشداری نەکەن. هەلبژاردن مانایەکی زۆر روونی هەیە. ئەگەر قەرار بیت کەسێک بە سەر مندا سەپێنن کە تەنیا دەتوانم دەنگ بەو بدەم ئیتر ئەوە هەلبژاردن نیە.خەلکیش لەوەها فەزایەکدا بە هەموو کەس دەنگ نادەن.

**خالید محەممەدزادە**: داواکاری ئێوە وەک ریفۆرمخوازان بۆ ئەو هەڵبژاردنە چی دەبێت؟

**جەلال جەلالیزادە**: ئەگەر بەرپرسان پێیانوایە هەڵبژاردنێکی باش لە کوردستانو ئێران بەریوە بچێتو بەشداری خەڵک زۆر بیت، دەبیت پێداچونەوە بکەن لە روانین یان بەرامبەر بە هەڵبژاردنو بەرامبەر بە خەڵکی کوردستانو بەرامبەر بە نەیارانی خۆیان. ئەم سیاسەتە سیاسەتی مونولۆگو تەک رەوی‌و بێ بایەخکردنی نەیارانی سیاسیە کە ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوەی خەڵک بەشداری نەکەن. خەڵکیش ئەگەر بزانن پالیوراوان نوینەری ئەوان نینو کارنامەی باشی نەبووەو لە گەڵ ئازارەکانی گەلی کورد نەژیابیتو هیچ رۆلیکی نەبووە، خەڵکی پێویست ناکات دەنگ بەو جۆرە کەسانە بدەن. چونکە ئەو کەسەی دەبیت نوینەری پەرلەمان بێت، دەبیت کارنامەی باشی هەبیتو تا ئیستا نیشانی دابیت کە چەندین وتاری لە بارەی کیشەکانی گەلی کوردەو نوسیبیتو تا ئیستا چەند چاوپێکەوتنێکی کردبێتو تا ئیستا چەندین وتاری هەبوبیت.

ئەو کەسەی کە تەنیا لە بیری بەرژەوەندی خۆیدایە، ناتوانی نوینەری خەڵک بێتو لە کاتێک شۆرای نیگایان بەرگری دەکات لە بەشداری نەیارانی خوی ئەو کەسانە ئۆپۆرتونیستنو دەیانەوی لەو دەرفەتە سود وەربگرنو خۆیان وەک نوینەری کورد بگوازنەوە بۆ مەجلیس. دڵنیام ئەم کەسانەی بەم دۆخەی ئیستاوە خۆیان پالاوتوە بۆ پەرلەمانی ئێران ناتوانن هیچ کارێک بۆ خەڵکی کوردستان بکە

سەرچاوە: ویبڵاکی خالید محەممەد زادە - رێکەوتی: ٣٠ی جانێویری ٢٠١٢

## ئیجلال قەوامی لە سەر چونیەتی مەرەخەسی وەرگرتنی سەدیق کەبودوەند لە زیندان دەدوێت



دره‌نگانێی شەوی ٢٢ی دیسامبری ٢٠١٢، محەمەد سەدیق کەبودوەند دوای تێپەراندنی زیاتر لە پێنج ساڵ زیندانی، لە زیندانی (ئیوین)ی تاران بە دانانی بارمتەیەکی ماڵیی بە بڕی ٧٠٠ میلیون تمەن بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ ئازادکراو گەڕایەوە ناو بنەماڵەکەی.

کەبودوەند ساڵی ٢٠٠٨ بە تۆمەتی دامەزرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانو چالاکی میدیایی‌و سیاسی ١٠ سال زیندانی بە سەردا سەپا.

لەم چاوپێکەوتنە ئیجلال قەوامی وتەبێژی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانو ئاگادار لە دۆسیەی کەبودوەند لە سەر چونیەتی مەرەخەسی وەرگرتنی چوار ڕۆژەی کەبودوەند دەدوێت کە سەرنجتان بۆ خویندنەوەی ڕادەکێشم:

**خالید محەممەدزادە**: دەکرێت باسی ڕێکارە یاساییەکانی مەرەخەسی وەرگرتنی بەڕیز کەبودوەند بکەن کە چون مۆلەتیان پێداوە ئەم چوار ڕۆژە لە دەرەوەی زیندانو لە ناو بنەمالەکەی بمێنیتەوە؟

**ئیجلال قەوامی**: هەر بە پێی خودی ئاییننامەی ڕێکخراوی زیندانیانی ولات، هەر زیندانیەک ئەگەر یەک شەو لە مانەوەی لە زێندان تێپەر بکات، دەتوانێ داوای مەرەخەسی بکات. بە سەرنجدان بەوەی کە حوکمەکەی ئاغای کەبودوەند ٦ساڵی تێپەر کردووە، مەرەخەسی مافی خۆیەتی‌و دەتوانی داوای بکات، ئەوانیش کە داوای مەرەخەسیەکەیان کردووە، لە بەرمبەردا دادگا داوای دانانی بارمتەیەک بە بڕی ٧٠٠ میلیون تمەن لە بنەماڵەی بەڕیز کەبودوەند کردووە، دوای دابینکردنی بارمتەکەش ٤ ڕۆژ مەرەخەسیان بە ئاغای کەبودوەند داوە.

**خالید محەممەدزادە**: هیچ هەوڵێک هەیە لە لایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانو بنەمالەکەیان کە ئەم چوار ڕۆژ

مەرەخەسییە درێژ بکرێتەوەو زیاتر بکرێت؟

**ئیجلال قەوامی**: دیارە دەبێت پێشتر داواکاری تر پێشکەش بکرێت بۆ مەرەخەسی دووبارە. ئێمەش هیوادارین بە سەرنجدان بە بەڵێنییەک کە قازی دۆسیەکە داویەتی، ئەو مەرەخەسییە درێژ بکرێتەوە.

**خالید محەممەدزادە**: کاک ئیجلال دانانی ٧٠٠ میلیون تمەن وەک بارمتە لە پێناو چوار رۆژ هاتنە دەرەوە لە زیندان بۆ ئاغای کەبودوەند لە ئیستای ئێران زۆرە، ئەم بارمتە چون دابینکراوە؟

**ئیجلال قەوامی**: بەڵێ وایە، وەک ئاگادارن ئێمە بۆ ٤٥ رۆژ دەچێت هاین بە شوێن دابینکردنی ئەم بارمتەوە کە داوایان کردبوو بۆ مەرەخەسیدان بە ئاغای کەبودوەند. ئەم بارمتە بەشێکی تاپۆی موڵکی ماڵی خودی ئاغای کەبودوەند بووە. بەشێکی تری یەکێک لە خزمەکانی کەبودوەند دابینیکردووە. ٢٠٠ میلیون تمەنەکەی تریش کە بوون بە کەفالەت بۆی، ئەویش لە لایەن هاوسەری کاک ئیحسانی هوشمەندەوە بووە کە بوون بە کەفیلی. واتە ٥٠٠ میلیون تمەن لە لایەن خودی بنەماڵەی ئاغای کەبودوەندو یەکێک لە خزمەکانیەوە بووە، باقیەکەی تریشی لە لایەن هاوسەری ئاغای هوشمەندەوە بووە.

**خالید محەممەدزادە**: پێشتر لە میدیاکان هەندێک هەواڵ بلاو بوویەوە کە گۆیا هەنگاو نراوە بۆ کۆکردنەوەی ئەم بڕە بارمتەیە لە دەرەوەی ولاتو لە فەزای مەجازیش زۆریشی لە سەر بڵاو کرایەوە، ئایا لەم رێگایەوە هیچ هاوکاریەکی مادیی نەکراون بۆ کۆکردنەوەی ئەم بارمتەیە؟

**ئیجلال قەوامی**: ئێمە لە لایەن هیچ رێکخراوو کەسو ئۆرگانێکی نێودەولەتیو یا جەرەیانی تایبەت لە دەرەوەی وڵات، هاوکاری نەکراوین. ئەمەش جێگەی رەخنەی ئیمەیە. ئێمە نیزیک بە دوو مانگ هەم خومو هەم بنەماڵەی ئاغای کەبودوەند پەیوەندیمان گرت لە گەڵ زۆر کەسایەتی سیاسیو فەرهەنگیی کورد لە تاران بۆ دابینکردنی ئەو بارمتەیە بە داخەوە هیچ کامەیان، هەنگاویان هەڵنەگرتو نەیانتوانی قرانێک بدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم تاپۆیە. ئەوەی هەیە ئەو تاپۆی خانوویەیە کە لە لایەن بنەماڵەی کەبودوەندو یەکێک لە خزمەکانی دابینکراوە لە گەڵ ٢٠٠ میلیون تمەنی هاوسەری ئیحسان هوشمەند بووە کە زەحمەتکیان کێشاوەو توانیومانە بارمتەکە جێبەجێ بکەین.

**خالید محەممەدزادە**: لە کوردستانەوە چی؟

**ئیجلال قەوامی**: نەبووە، ئەم بارمتەیە دەبێت سەنەدی موڵکی بێتو ئەو کەسەش دەبێت لە ناو ئێران بێت. بۆیە ئێمە

هەوڵەکانمان لە ناو ئێران دەستپێکرد بە تایبەت ئەو کەسانەی کە لە تاران نیشتەجی بوونو وەک کەسایەتی سیاسیو مەدەنی ناسراونو پەیوەندیمان لە گەل گرتوون. بەداخەوە هیچ کامەیان هاوکارییان نەکرد، بۆیە ئەمە جێگەی رەخنەی ئێمەیە، چونکە گرووپێک لەم کەسانە لەتارانو لە ناو کوردستان ئیدیعای کوردایەتی دەکەن بەلام لە کردەوەدا هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرت.

**خالید محەممەدزادە**: دۆخی تەندروستی ئاغای کەبودوەند دوای هاتنە دەرەوەی لە زیندان چۆنە؟

**ئیجلال قەوامی**: باری تەندروستی زۆر باشە هەم لە باری جیسمیەوە، هەم لە باری دەروونییەوە، رۆحییەتێکی زۆر بەرزی هەیەو تەنیا دلەراوکێی ئەوەیە کە یەکێک لە منالەکانی نەخۆشەو تووشی نەخۆشی بووە.

**خالید محەممەدزادە**: ئەگەر پیامێکتان هەیە بۆ خوینەرانی ئەم چاوپێکەوتە فەرموون؟

**ئیجلال قەوامی**: ئێمە وەک رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان سپاسی هەموو ئەوکەسانە دەکەین کە کاریان کردووە بۆ دابینکردنی بارمتە بۆ هاتنە دەرەوەی کاک سەدیق لە زیندان. پەیوەندیان گرتووە لە گەڵمانو زۆر مەمنونیان هەین.

زۆر سپاسی بنەماڵەی بەریز ئیحسانی هۆشمەند دەکەینو بە تایبەت خانمی بەریزیان کە قبولی کرد ببێت بە کەفیل بۆ ئاغای کەبودوەند. هەروەها سپاسی هەموو لایەک دەکەین کە هیلاک بوون پێمانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژ پریس - رێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## ئیبراهیم عەلیزادە: بەشداری کردن لە کۆنگرەی نەتەوەیی سیاسەتێک نییە کە ئێمە بە کتوپڕ بەسەریدا کەوتبین.



**گفتگۆی لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**ئاوێنە: ڕەخنەی ئەوە لە کۆمەڵە دەگیرێت کە چونە وەک ڕێکخراوێکی سەر بە حیزبی کمونیستی ئێران بەشداری کونگرەی نەتەوەیی دەکات؟ ئەمە هەم ڕەخنەی چەپەکانەو هەم لایەنی نەتەوەیی؟**

**وەڵام**: بەشداری کردن لە کۆنگرەی نەتەوەیی سیاسەتێک نییە کە ئێمە بە کتوپڕ بەسەریدا کەوتبین. بڕیاری کۆنگرەکانی کۆمەڵە و بە تایبەت کۆنگرەی ١٥ کە هاوینی ساڵی رابردوو بەڕێوەچوو، ڕێگای ئەو هەڵوێستەی پێداوین. بەشداری ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەیی پێوەندی بە ستراتێژی ئیمە بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتوایەتی لە سەر میللەتی کورد لە کوردستانی ئێرانە کە نەتەوەیەکی دابەشکراو لە نیوان چوار دەوڵەت دایە.. چ لە بەرنامەی حێزبی کۆمۆنیستی ئێراندا و چ بە تایبەت لە بەرنامەی کۆمەڵەدا لەسەر پێویستی دابین بوونی مافی دیاری کردنی چارەنووس بە واتای مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ گەلی کورد پێداگری کراوە. ئێمە ستراتێژی روونمان بۆ خەبات لە پێناوی دابین بونی ئەم مافەدا هەیە و بەکردەوە لە هەموو مەیدانەکانی دا حزوورمان بووە، گیانبازی کراوە و قوربانی دراوە. ئێمە خۆمان بە خاوەنی کێشەکە دەزانین و تا رادەیەکی گەلێک بەرچاو متمانەی جەماوەری خەڵکی کوردستانیشمان لەو ڕووەوە بەدەستهێناوە.

کەوایە هەر حەرەکەتێک کە پێوەندی بەو مەسەلەیەوە هەبێت، چ ئیجابی و چ سەلبی ئێمە بە خۆمانی مەربوت دەزانین و ڕەییمان لەسەری دەبێت. ڕەخنەیەک کە لە لایەن چەپەوە لەو هەڵوێستەی ئێمە دەگیرێ، ڕەخنەی کەسانێکە کە لە

مەسەلەی مافی دیاری کردنی چارەنووسدا خۆیان بە بێ وەزیفە دەزانن و هەر بۆیە بە کێشەکانیشیەوە سەرقاڵ نین. هەر ئەوانە ئەو کاتەی کە لە ڕێبازی کۆمۆنیستی لایان نەدابوو و بە بۆنەی بوونیان لە ناو کۆمەڵەدا هێشتا خۆیان بەرامبەر بە بزووتنەوەی خەڵکی کورد بە بێ وەزیفە نەدەزانی، داوایان دەکرد کە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی "بەرنامەی خودموختاری هاوبەش" لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات بەو حیزبە پێشنیار بکەین. ئەویش لە کاتێکدا کە تەنها چەند مانگێک بوو شەڕی حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە بەکردەوە کۆتایی پێهاتبوو و هێشتا بە فەرمی بڕیاری ئاشتیش ئیمزا نەکرابوو. ئەو هەڵوێستەی ئەوان نمونەیەکە لە نامەربووت بوونیان بە کۆمەڵگای کوردستان بە کێشەکانیەوە. ئەم هەڵوێستە هیچ پێوەندیەکی بە بۆچوونێکی چەپ و مارکسیستیەوە نییە ،"مونەزە تەلەبیە" بۆ پاساوی تەریک کەوتنەوە و پاسیفیسمی یان . ڕەخنە ناسیونالیستەکان لەوەش بێ بنەماترە ترە. ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە گۆیا هێزێکی کوردوستانی نییە و چی بە کێشەی کورد داوە؟ ئەو قسەیە بۆ هێزێک دەڵێن کە زیاتر لە دوو هەزار کەسی لە مەیدانەکانی شەری ڕەوا و لە زیندانەکانی رژیم لە پێناو دیفاع لە بەرژەوەندی خەلکی کورد لە دەست داوە. لە ناو ئەوانەیدا کە ئەمجۆرە ڕەخنەیە لە کۆمەڵە دەگرن، بەدەگمەن تووشی حیزبێکی کوردی دەبین کە ئەمرۆ لە سەر ئامانجی ڕاگەیاندراوی حیزبەکی و ئامادەی هەرزان فرۆش کردنی نەبێت .ناسیونالیستەکانی کورد بەکردەوە نیشانیان داوە کە پێداگریان لەسەر مافی گەلی کورد تەنیا ئامرازێکە بۆ نزیک کردنەوەی حیزبەکانی خۆیان لە دەسەلات. ئەوانە. بڕوابەخۆ و بڕوا بەهێزی خەڵکیان تێدا نەماوە و چاوەڕێن زلهێزێک لە ئاسمانەوە فریایان کەوێت. ڕەخنەی ئەوانە لە ئیمە لە سەر ئەم بابەتە بە جیدی وەرنەگیراوە.

**ئاوێنە: جەنابت هەر لە سەرەتاوە بە گۆمان و دوودلییەوە سەیری پرۆسەی بەستنی کونگرەی نەتەوەیی تان کردووە، ئەمە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

**وەڵام**: ئێمە داهێنەری بیرۆکەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد نەبووین، پێشمان وا نییە گرێ ئالوزەکانی پرسی کورد هەموی لەو کونگرەیەدا دەکرێنەوە. بەڵام لە هەر شوێنێک کە باسی مافی گەلی کورد لە ئێرانمان کردبێت، هاوکات پێداگریشمان لەسەر ئەو ڕاستییە کردووە کە پرسی کورد پرسێکی چارەسەر نەکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و ژیان و خەباتی کۆمەلانی خەلکی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان کاریگەرییان لە سەر یەک هەیە. پێمان وابووە کە بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانی دوژمنانی گەلی کورد پێویستە جۆرێک لە هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان ڕەوتە سیاسییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان پێکبێت. پێمان وابۆە کە ئەم هاوئاهەنگیە دەتوانی کاری سەرکوت کردنی خەلکی کورد لە هەموو پارچەکان بۆ دوژمنانی دژوارتر بکات.لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کە بیرۆکەی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوایەتی بەرفراوان هاتۆتە گۆڕێ، ئێمە بوتوومانە کە لە وەها حەرەکەیەکدا بەشداری دەکەین بە مەرجێک کە لە پرۆسەی ئامادەکاری و بەڕێوەبردنی دا مافی یەکسانمان لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە هەبێت، نەک ئەوەیکە تەنیا بانگهێشت بکرین بۆ کۆنگرە. یەکەم ڕەخنەمان ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە هیچ پرس و تەکبیرێک بە حیزبەکانی کوردستانی ئێران نەکراوە. تەنیا ٤٨

کاتژمێر زووتر بۆ کۆبوونەوەیەکی سەرەتایی لە هەولێر بانگهێشت کراین. حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانیش کەم و زۆر هەر بەم شێوەیە ئاگادار بوون. تەنانەت ژمارەی ئەندامانی هەیئەتی بەشدار لە کۆنگرەشیان دیاری کردبوو. ڕێگایان نەدا کە تەنانەت هەیئەتی دوو نەفەری هەندێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەشداری کۆبوونەوەکە بن و بە شێوەیەکی ناشیرین کەسی دووهەمی هەیئەتەکانیان گەڕاندەوە. کێ بڕیاری دابوو کە هەیئەتی نوێنەرایەتی ئەم حیزبانە تەنیا یەک نەفەر بێت؟ لە هەنگاوەکانی دواییدا بۆمان دەرکەوت کە درۆشمێک بۆ کونگرە لە ژێر ناوی "پەیامی ئاشتی" دا خەریکە گەڵاڵە دەبێت کە ئامانجی پاساو هێنانەوە بۆ سیاسەتێکی دیاریکراوە کە هێشتا هیچ نیشانەیەک لە بەرەوپێش چوون و سەرکەوتنیشی پێوە دیار نییە. هەروەها هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەیکە کۆنگرەی نەتەوەیی بکات بە ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی پێوەندی دیپلۆماسی. بە هەمووی ئەوانەوە ئێمە بڕیارمان دا کە بە هەستێکی ئیجابییەوە بچینە ناو پرۆسەکەوە و ئەوەندەی بتوانین لەوێ بەرامبەر بە بەرژەوەندی بەرتەسکی ئەم و ئەو و بەرامبەر بە بەلارێدا بردنی ڕەوتی کۆنگرە ڕابوەستین و ئەم پرۆسەیە و ئامادەکارییەکەی سەرکەوتوو بێت یان ناسەرکەوتوو، ببێت بە دەرسێک لە خەباتی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەیدا.

**ئاوێنە: لایەنەکانی کۆمەڵە و دێموکراتەکان لە گەڵ یەکو لە نێو خۆیاندا زیاد لە ململانێو ناکۆکیەکیان هەیە، دەنگدان بە یەکتر لە لیژنەی ئامادەکاری کونگرە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

**وەڵام**: ڕاستێەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە کەش و هەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان لە ماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا بە دەرەجەی یەکەم لە ژێر کاریگەری دوو ڕەوتی ناسراو بە کۆمەڵە و دیمۆکرات دا بووە. سیاسەت و تاکتیکەکانیان، شەڕ و ناکۆکییەکان، ئاشتی و هاوکاریان، دابران و لادانەکانیان، هەمووی دەنگدانەوەی کۆمەڵایەتیان هەبووە. هەمووی لە کاتی خۆیدا بوونەتە مەشغەڵەی جەماوەری خەلک خەڵک و کەش و هەوای سیاسی کوردستانیان شکڵ پێداوە. دیارە ناڵێین هێز و ڕێکخراوی دیکە نین چالاکیان نەبووە. بەڵام ئەگەر مێژوونووسێکی بێ لایەن بێت و مێژووی ٣٠ - ٤٠ ساڵی ڕابردووی کوردستان بنووسێتەوە لەپێشدا دەچێتە سۆراغی ئەم دوو ڕەوتە و هەوڵ دەدات فاکتەکانی خۆی بۆ نووسینەوەی ڕووداو و واقیعە مێژووییەکان لەوێ بەدەست بێنێت. ئەو هێزانەی کە لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، لە خاڵە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا، کاریگەری سەلبی یان ئیجابیان لەسەر ژیانی کۆمەڵگا بووبێت، هەر بەو پێیە دەچنە ناو مێژووی جەماوەری خەڵکەوە و خۆشیان دەوێن یان تەنانەت نەفرەتیان لێدەکەن. ئەو مەوقعیەتە بە شێوەی ئیرادەگەرایانە بەدەست نایەت، بۆ نموونە سەربەخۆ لەوەی چ هەلسەنگاندنێکمان بۆ "پ ی د" لە سوریا هەبێ، ئەم حیزبە لە سەردەمێکی هەستیار و قەیرانئاوی دا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تا ڕادەیەک توانیویەتی کوردستانی سوریا لە کوشتار و وێرانکاری بپارێزێت. جەماوەری خەلک ئەم باردۆخە لە چاوی ئەوان دەبینن و هەر بۆیە بە ئاسانی، بە سنور بەستن و سنور کردنەوە و بە دیپلوماسی جێگای پێ لێژ ناکرێت. بەڵام پژاک لە کوردستانی ئیران نە ئەو فورسەتەی بۆ هەڵکەوتووە و نە لە



سەرچاوە Serchawe

مێژووی ئەو وڵاتەدا جێگیر بووە. "من لە قەندیلم و ئەوان لە زرگوێز" بەرامبەر بە واقعیاتی سەرسەختی ژیان زۆر بڕ ناکات. هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ئامادەکار بە شێوەیەکی ئاسایی و بە پێی ئەو واقیعەی کە باسکرا ئەو ئاکامەی لێکەوتەوە و هیچ پیلان و تەبانێک لە گۆڕێدا نەبوو.

**ئاوێنە**: باس لەوە دەکەن کە کار کراوە بۆ بە پەراویزخستنی ڕۆژهەلات هەرلە شیوازی بانگهشتنکردنی لایەنەکانی ڕۆژهەلات تا لە راپۆرتی کومیسیوکانی کونگرە. ئیوە تا چەند هەستتان بەمە کردووە؟

**وەڵام**: هەروا کە باسم کرد یەکەم پەراوێز خستن هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە حێزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرس کتوپڕ لە بریاری پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی لە کات و شوێنی دیاریکراودا ئاگادار کران. ڕێژەی ئەندامانی کونگرە بۆ کوردستانی ئیران، بەم جۆرە کە پیشنیار دەکرێ لە گەڵ سەنگی خەباتی خەلکی کوردستانی ئیران نایەتەوە. ئەم بە کەم گرتنە لە ڕۆژانی دواییشدا لە جەریانی کاری کومیتەی ئامادەکار هەروا درێژەی بوو. سەربارەت بە کاری کومیسیۆنەکان و بڕیارەکانی ئێستا زووە قەزاوەت بکرێت. باشتر وایە ئاکامی کاری کومیسیۆنەکان ببینین ئەوجار قەزاوەتی خۆمان بکەین.

**ئاوێنە**: وەک کەسایەتیەکی سیاسی کە مێژووی دورودریژت لە خەباتی سیاسی هەیە پیتوایە کورد لە ئێران دەبیت چون سیاسەت بکات کە پەراویز نەخریتو هەلگری بەرنامەو گوتاری خوی بێت؟

**وەڵام**: پێش ئەوەی وڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە دەمەوێ لەسەر حەقیقەتێک تەئکید بکەم. پەراوێز خستنی هێز یان هێزگەلێک کە لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا حزووری مادیان هەبێت، پێگەی جەماوەریان هەبێت، کارێکی ئاسان نییە. هەروەها ئەگەر وەها جێگە و پێگەیەکت نەبوو و لە کەلێن و کەلەبەرەکاندا ژیای و بە مانۆڕ و دیپلۆماسی هەوڵت دا سەرێک لە ناو سەران دا پەیدا بکەی، ئەوە ئەگەر بە پێویستیان زانی پەراوێزیشت دەخەن، یان وەکوو ئامرازێک بۆ مەبەستی تایبەت بەکارت دێنن. هێزێک کە جێگا و شوێنکی واقیعی لە ناو جەماوەردا بەدەست هێنابێ و بڕوابەخۆی لەم جێگا و شوێنە وەرگرتبێت، بە فێڵ و فریو ناکرێ پەراوێز بخرێت.

دیارە قسە لە سەر سیاسەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەو کونگرە دیاریکراوەیە نەک لە هەموو مەیدانی خەباتی سیاسیاندا. کۆمەڵگای کوردستانی ئێران، کۆمەڵگایەکی تا رادەیەکی زۆر سیاسی و حیزبییە. بەرژەوەندی چینایەتی و سیاسی و حێزبی جیاوازی تێدایە. حێزبە سیاسییەکانی بەرنامە و ستراتێژ و سیاسەتی جیاوازیان هەیە. ئەم جیاوازییانە لە کۆنگرەی نەتەوەییدا نەک ناکرێ بسڕێنەوە بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرچاوتر دەردەکەون. هەر بۆیە ئەستەمە چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەموویان لە پرسی کونگرەدا لە سەر هەموو کێشەکان بە یەک هەلوێست دەر بکەون . بەڵام سەرەرای ئەو واقعیەتە کە

نکۆلی لێ ناکرێت، هێندێک هاوکاری دەکرێ کە دەتوانی ڕێگە لەو مەیلە بگرێ کە هەولدەدات کوردستانی ئێران پەراوێز بخات . بۆ نمونە ئەو حیزبانە دەیانتوانی بۆ بەربەست کردنی کاریگەری ڕژیمی ئێران و با قی ڕژیمەکانی داگیرکەری کوردستان لە سەر کونگرە، هەلوێستێکی بویرانە تر لە خۆیان نیشان بدەن و بە موجامله ئەو مەسەله تێنە پەرینن. راوەستان لە وەها قوناغێک ئەگەر تەنانەت دوو مانگ کونگرەشی لە سەر دواکەوتبایە نیشانی دەدا ئایا وەزنێکیان هەیە یان نا؟ ئەو وەزنە دەبێ لە هەلوێست و کردەوەدا نیشان بدرێ تا بە ئاسانی نکۆلی لێ نەکرێت. نمونەی دیکەش هەیە کە دەکرێ لە کاتی خۆیدا باسی بکەین.

**ئاوێنە**: بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان چون دەبینی، ئینشعاباتی ناو کۆمەلە چەندە زیانی لەم بزووتنەوە داوە؟

**وەڵام**: چەپ لە کوردستان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەیە. ئەمڕۆ بە هۆی زاڵ بوونی دیکتاتۆریەت بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە ناتوانێ زەرفیەتەکانی خۆی بەتەواوی دەربخات. ئەو چەپەی کە ٣٤ ساڵ لەوەپێش توانی لە گەلێک شوێنی کوردستان شان لە شانی حیزبێکی سونەتی جێکەوتووی، میراتگری کۆماری مهاباد بدات و لە هەندێک شوێن پێشیش بکەوێت. ئەو هێزە چەپە بەو مەرجەی کە لە گۆڕانکارییە سیاسیەکانی دوارۆژی کوردستان دوانەکەوێ و وڵامی پێویستییەکانی سەردەمی خۆی بداتەوە، پێگەی گەلێک بەهێزتر دەبێت لەچاو ٣٤ ساڵ لەمەوبەر. ئێستا خاوەنی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە چەپ و ڕادیکاڵە بە ڕادەیەکی ئەساسی کۆمەڵە ڕێکخراوەکەی ئێمەیە. ئەوە تەنیا ئێمەین کە لەسەر ئامانجەکەی ئەو دەورەیە کە کۆمەڵەی وەکوو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی لە ناخی جەماوەردا جێگیر کرد، پێدادەگرین. ئەو حیزبانەی دیکە کە بە ناوی کۆمەڵەوە کار دەکەن، بەکردەوە لەو بازنەیە دەرچوون و ڕەقیبی ئێمە نین، ڕەقیبی ڕەوتی حیزبی دیمۆکراتن. پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەوان دەکەوێتە خانەی پێوەندیمان لەگەڵ حیزبە ناسیونالیستەکانی دیکەی کوردستان. پرۆژەی ئێمە بۆ پێکهێنانی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ئەو ڕەوتە بەگشتیی ڕاگەیەندراوە و هەوڵ دەدەین لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی باڵای خەڵکی کورد دا کە بانترە لە بەرژەوندی حیزبی، جێبەجێ بکەین. جیابوونەوەکانی ناو کۆمەڵە بێگومان زیانی خۆیان گەیاندووە. بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە ئەو زیانانە کەم کەینەوە و بە شێوەیەکی ڕوونتر و شەفافتر ڕێبازی چەپێکی و ڕادیکاڵ و مەسئول کە ڕوو لە داهاتۆە بەرەو پێش بەرین.

**ئاوێنە**: دەستیوەردانی حیزبی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە لە ڕۆژهەلات دەبینرێتو بە تایبەت لە کونگرەی نەتەوەیی ئەمە هەست پێکراو بوو، پیتوانیە ئەم دەستیوەردانانە لە دوارۆژ ئەگەری زۆر ڕۆژاوایەکی دیکە لە ڕۆژهەلات کوردستان بەرهەم بهینیت؟

**وەڵام**: هەموو مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە ئەو دوارۆژەی کە باسی دەکەی چۆن ڕوو ئەدات؟ ئەگەر ڕەوتی رووخانی

کۆماری ئیسلامی ئێران بە سیناریۆگەلێکی وەکوو ئەوەی لە عێراق و سوریا و لیبی دا تێپەڕ بوو تێبپەڕێ، چی دیاردەی ناشیرین و زیانبار کە تەسەوری دەکەی تێیدا دەتوانێ سەرهەڵبدات. بەڵام ئەگەر رووخانی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی سەرتاسەری پێشکەوتنخواز، لە دەورەیەکی شۆڕشگێڕانەدا بە پێشەنگی کۆمەلانی چەوساوە و ستەملێکراو،بێتە ئاراوە، ئەگەر چالاکانە جەماوەر لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا بن، ئەگەر حزووری دارودەستەی چەکدار نەیتوانیبێت جەماوەری خەڵک پەراوێز بخات، دەستێوەردانی لەمجۆرەی کە ئێوە مەترسی لێدەکەن یان زەمینەی نابێت، یان ئەگەریش روویدات بە ئاسانی پووچەڵ دەبێتەوە. ئەو ئەگەرانە خەیالاوی نین. نمونەشییان لە دونیا کەم نەبوە و ئیمە هەموو توانای خۆمان لە پیناوی شکڵ گرتنی وەها سیناریویەک دا بە کار دێنین.

ئەگەر لەبیرتان بێت، شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیمۆکرات لە کوردستانی ئێران لە کاتێکدا پەرەی سەند کە شارەکانی کوردستان لە لایەن هێزی کۆماری ئیسلامیەوە داگیر کرابوون. سەرکوت و خەفەقان باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوردستان دا کێشابوو. جەماوەری خەڵک دەستیان نەدەرۆیشت بۆ ئەوەیکە لە کێشە و ململانێ ناو حیزبە سیاسییەکانی چەکداردا دەور بنوێنن. تا کاتێک کە جەماوەری خەڵک لە خەباتی سیاسی پەراوێز نەخرابوون، دیاردەی شەڕی ناوخۆ لەو ئاستەدا کە روویدا، هەرگیز مەجالی روودانی نەبوو.

**ئاوێنە**: گرفتی ئەو رۆژهەلاتیانەی کە ئیستا لە باشور دەژین چین؟ داواکاریو چاوەروانییان چیە لە حکومەتی هەریمی کوردستان؟

**وەڵام**: پێویستە حیسابی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان کە مقەڕاتیان لە کوردستانی عێراق هەیە لە جەماوەری بەرینی کرێکار، یان پەنابەری سیاسی کە روویان کردۆتە هەرێمی کوردستان جیا بکەینەوە. بە حیسابێکی نە زۆر ورد و بە تەقریبی، لە نێوان ١٥ تا ٢٠ هەزار کرێکار کوردی رۆژهەڵات بە شوێن کاردا روویان کردۆتە کوردستانی عێراق. هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کرێکارانە، هیچ پێوەندی بە هەستی هاونەتەوە بوونەوە نییە. هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کرێکارانە چ لە لایەن خاوەنکارانەوە و چ لە لایەن حکومەتەوە هاوشێوەی رەفتاری کۆماری ئیسلامی و خاوەنکارانی ئێرانی لەگەڵ کرێکارانی ئەفغانییە. زۆربەی ئەوان ناچارن بەشێکی بەرچاو لەحەقدەستێک کە وەریدەگرن، سەرفی وەرگرتنی ئێقامەیەکی کاتی بکەن، یان هەر بە ١٥ رۆژ جارێک لە سنوور بپەڕنەوە و سەرلەنوێ بگەڕێنەوە و حەقدەستی دوو رۆژ کاریش لەدەست بدەن بۆ ئەوەیکە ئێقامەکەیان بۆ ١٥ رۆژی تر درێژ بکرێتەوە. بەشی زۆری ئەو کرێکارانە لە سەرەتاوە هیوایان وابوو بە هۆی ئەوەیکە هاتوونەتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی کوردیەوە و ئەوانیش کوردن، لە کۆمەڵێک ئاسانکاری بەهرەمەند دەبن. ئەمە یەکێک لەو کێشانەیە کە پێویستە رێگاچارەیەکی عادڵانەی بۆ رەچاو بکرێت. ئەو حیزبە سیاسیانەی کە بارەگا و مقەڕاتیان لە کوردستانی عێراقە، بەکردەوە بەرژەوەندییەکانی دیپلۆماسی حکومەتی هەرێمیان لەگەڵ کۆماری

ئیسلامی رەچاو کردووە و سەرجەم هەڵسوکەوتی مەسئولانەیان هەبووە.

**ئاوێنە:** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لایەنەکانی رۆژهەلات بیر لە کردنەوەی دیالۆگ لە گەل یەکتر بکەنەوەو کونگرەیەکی هاوبەش ساز بکەنو بە پاراستنی جیاوازیەکانیان کاری هاوبەش بکەن؟ کۆسپەکانی چین؟ بۆنەکراوە؟

**وەڵام:** بێگومان کاتی دیالۆگ هەمیشە هەیە و دەتوانێت هەنگاوێکیش لە دیالۆگ ئەملاتر جۆرێک لە هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکبێت. بەڵام ئێمە لەکاتی ئێستادا بانگەوازی پێکهاتنی کۆنگرەیەک بۆ ئەوحیزب و لایەنانە ناکەین، چونکە ئەگەریش وەها کۆنگرەیەک ببەسترێت لەبەر گەلێک هۆکاری بابەتی سەرکەوتوو نابێت. ئەم حیزبانە ستراتیژی جیاوازیان هەیە. هاوپەیمانانی سەراسەریان لە ناو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا جیاوازە. هەڵسەنگاندیان بۆ بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران وەکوو یەک وانییە و جاری واهەیە کە گەلێک لە یەک دوورە. جیابوونەوەکانی ساڵانی رابردوو دڕدۆنگی و بێ متمانەیی لە نێوانیاندا پەرە پێداوە. هەمووی ئەوانە و گەلێک گیروگرفتی دیکە پێویستە زەمینەی چارەسەر کردنیان خولقابێت تاکوو بتوانین قسە لە کۆنگرە یان هەر شکڵێکی رێکخراوەیی دیکەی سەرکەوتوو بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## حامید فەرازی دەڵێت رەفتاری سیاسی خەڵک بە نیسبەت هەڵبژاردنەکانەوە پێش بینی ناکریت



**حامید فەرازی چالاکی سیاسیو پالێوراوی هەلبژاردنی شۆراکان لە ئێران تەئکید لە سەر بەشداری لە هەلبژاردنی شۆراکانی شارو لادی دەکاتو دەلێت:" بە نەمانی کۆماری ئیسلامیش کێشەی کورد چارەسەر نابێ، لەوانەیە لە داهاتوودا کێشەمان لەگەڵ هەندێ لایەنی سکیولار و ناسیونالیستی ئێرانی زۆر زیاتریش بێ". ئەوەشی ووت: حیزبەکان کە لە دەرەوە بوون بە هەزار لەت و کەس کەسی قبوڵ نییە، لە ناوەوەش ئێمە کێشە و ناکۆکیمان ئێجگار زۆرە، ئێمە وەک کورد بەگشتی ئەسڵەن هیچ بەرنامە و پلاتفۆرمێکمان نییە و هیچ ستراتیژییەکمان لەو بارەوە نییە.**

**پرسیار**: **وەک دەزانین لەمرۆدا زیاد لە رێکخراویک لە ناوخۆی کوردستانی ئێران چالاکیان هەیە، تەسویر و لێکدانەوەی ئیوە لە سەر دەستەبەندی هێزە سیاسیە چالاکەکانی ناوخۆی ولات چیە، ئەم رێکخراوانە لە کویی گۆرانکاریەکانی کۆمەلگان؟**

**حامید فەرازی**: **پاش دووی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی و هاتنە سەرکاری محەممەدی خاتەمی وەک دەزانن هەلو مەرجێک هاتە پێش کە تا ڕادەیەک بکرێ قسە لە چالاکی و ڕۆژنامەگەری و بەگشتی کاری ئازاد لەناوخۆدا بکەین، ئەگەرچی پاشان بن بەستێکی سیاسی هاتە پێش و پرۆسەی ڕیفۆرم بەرەو شکست ڕۆیشت، بەڵام وەک چۆن دەگوترێ مێژوو بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە، پرۆسەکە لە هەموو بوارەکانیدا ئیمکانی ئەوەی کە بەری پێ بگیرێ و بەرەو دواوە بچێ نەبوو و بەشێک لەو دەسکەوتانەی کە خەڵک لە کوردستان بە دەستیان هێنابوو، ئیمکانی سەندنەوەشی نەبوو، لە وەها بەستێنێکدا کەسانێکی وەکوو من کە لە سەردەمی خوێندکاریمانەوە پێش ڕیفۆرم خوازی و دەورەی خاتەمی لە ناو هەندێ کار و چالاکی جۆر بە جۆری خوێندکاریدا بووین، مەودای ئەوەمان پێ درا کەم کەم بتوانین قسە لە دامەزرانی هەندێ ئەنجومەن و ڕێکخراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەین، ئەنجامی ئەو هەوڵانە و ئەو فەزایە دامەزرانی چەندین کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و**

شتی وا بوو کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە دامەزرانی هەندێ بزووتنەوەی خوێندکاری و کرێکاری و ژنان و هەروەها، جەرەیانی ڕێفۆرمخوازانی کورد، بەرەی یەکگرتووی کورد و لەم دوایانەدا بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بکەین.

**پرسیار**: دیارە لایەنی ئیسلامیش هەیەو ئازادانە کارو چالاکیان هەیەو سایتو ناوەندی ڕاگەیاندنیان کار دەکات؟

**حامید فەرازی**: هەڵبەت جەرەیانە ئیسلامیەکانیش هەن کە ئەوان ڕیشەیەکی کۆنتریان لەناوخۆی کوردستاندا هەیە و خۆیان دابەش دەبن بەسەر جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح و مەکتەبیەکان و سەلەفیەکان کە بەعزێک لەمانە لق و پۆپی جۆربەجۆریان لێ دەبێتەوە و من نامەوێ بۆ ناو ئەو وردەکاریانە بچم. ئەگەر بمانەوێ لێکدانەوە لەسەر وەزن و توانای ئەو جەرەیانانەی ئاماژەم پێدا بکەین، دەکرێ بڵێین زۆربەی ئەو هەوڵانە هێشتا لە سەرەتای ڕێگادان و بەڕاستی ساوان. دیارە جەرەیانە ئیسلامیەکان بەگشتی بەتواناترن و شەبەکە و پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان بەقەوەت ترە و بەو بۆنەوە پێوەندیان لەگەڵ چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی سیستێماتیک زیاترە

**پرسیار**: کیشەو گرفتی ئەم ریکخراوانە چین، هۆی چیە ئەمانە ناتوانن وەلامدەری پیویستی قوناغەکان بن، زۆربەیان وەک ریکخراوی هەلبژاردن دەردەکەون؟

**حامید فەرازی**: هەموو هێزە سیاسیەکانی ناوخۆ کەم و زۆر بەگشتی لەگەڵ دوو کێشە دەرەکی و ناکۆکی ناوەکی خۆیاندا ڕووبەڕوون. کێشە دەرەکیە کە دیارە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ فەزای سیاسی و ئابووری و ئەو لەمپەرانەی بەو بۆنانەوە دێتە بەردەمیان، بەڵام کێشەی ناوەکی بەڕای من لەوەش جیددی ترە، بۆیە هەموو هێزەکانی ناوخۆ تا ڕادەیەکی زۆر تا ئێستایش کەم ئەزموون و لاوازن، هەروەها کەسایەتی و جەرەیانەکانی ناوخۆشمان هەروەک جەرەیانەکانی دەرەوە، بەداخەوە، بە نسبەتی یەکتر تا ڕادەیەکی زۆر کەم جیگەڵدان و کەم تەحەمولن، ئەگەرچی بە هەموو ئەوانەوە من بوونی ئەوانە بە پۆزەتیڤ دەزانم و پێم وایە ئێمەی کورد لەو ڕووەندەدا دەبێ پێبگەین و هەردەم خۆمان ڕابهێنین.

**پرسیار**: ئێران لە مانگی داهاتوودا دوو هەلبژاردن بەڕێوە دەبات، کامەیان لەو دوو هەڵبژاردنە بۆ کورد گرنگی هەیە؟ یا پیتوایە کورد دەبیت چون لە گەل ئم دوو پرۆسەیە بەرەروو بیتەوە؟

**حامید فەرازی**: بەڕای من هەردووکیان بۆ کورد گرنگە، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەو ڕووەوە گرنگە کە ئەنجامەکەی و هەروەها پرۆسە و چۆنیەتی بەڕێوە بردنەکەیشی دەتوانێ کاریگەری گەورەی لەسەر ئێران لە ئاستی باڵای دەسەڵاتدا هەبێو لەوانەیە ئێران بەرەو مەسیرێکی جیاواز لە ئێستا بەرێ. بەڵام هەڵبژاردنی شوڕاکان لەو ڕووەوە گرنگە کە ئێمە وەکوو کورد



سەرچاوە
Serchawe

زیاتر لەوێدا دەتوانین خۆمان ببینینەوە و دەور بگێڕین، بەم پێیە من پێم وایە هەڵبژاردنی شوورا لە سەرەک کۆماری جیاوازە و کورد دەبێ لانی کەم بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکات ، چون مەیدانی شوراکان مەیدانێکە بۆ ڕاهێنان و پەروەردە کردنی خۆمان و باسەکەی زیاتر باسی مۆدیریەتی تەکنیکی شارەکانە و لەو کانالەوە ئێمە دەتوانین پێوەندی بە چینەکانی ناوەندی و خوارەوەی کۆمەڵگادا زیاتر بکەین.

**پرسیار**: ئەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری چی؟ چون سەیری ئەم پرۆسەیەش دەکەی؟

**حامید فەرازی**: نازانم، بەڕاستی من خۆم تا ئێستا لەسەر ئەو بابەتە ساخ نەبوومەوە. من پێم وایە دەوری ئێمە بەتایبەت لە کوردستان لەسەر ئەوەی کە کێ دەبێتە سەرەک کۆمار دەورێکی کاریگەر و گرنگ نیە، ئەگەر وەزعەکە هەر ئاوا بچێتە پێش ڕەنگە بەشداری کردن و دەنگدانی ئێمە زۆر گرنگ نەبێ بەڵام لە یەک دوو حەفتەی داهاتوودا هەندێ شتیش دەتوانێ بگۆڕێ، بۆ نموونە ئەگەر هەل و مەرجێکی وەک هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ پێش بێ کە ئێمە بەشداری فەعالمان تێدا بوو، پێم وایە بەشداری کردن لایەنی پۆزەتیڤی دەتوانێ زیاتر بێ، مەبەستم ئەوەیە با شتەکە موتڵەق نەکەینەوە . من خۆم لە سێ ساڵی ڕابردوودا دوو جار دەنگم داوە، یەکیان دەورەی پێشووی هەڵبژاردنی سەرەک کۆمار بوو، دووهەمیان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی پارلمانی شەشم لە ساڵی ١٣٧٨ کە لە هیچیان پەشیمان نیم و پێم وایە کەڵکمان لێ وەرگرت.

**پرسیار**: ئاژانسەکانی ئێران باس لە کاندید بوونی نێزیک بە ٣٠ هەزار کەس لە چوار پارێزگای کوردی دەکەن، تا چەند ئەو هەواڵە ڕاستەو بە ڕای تۆ هۆی ئەو پێشوازیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**حامید فەرازی**: من ئامارێکی دەقیقم لەو بارەوە بە دەستەوە نییە و تا ئێستایش ناوی ئەو کەسانەی کاندید بوون بە ڕەسمی نەهاتۆتە دەرەوە، چەندەش لەو کەسانە پاڵێوراو دەبن خۆی مەسەلەیەکی گرنگە، بەڵام ئەوەندەی لەناو خەڵکدام و دەبینم لایەنگری بەشداری لە شۆڕاکاندا زۆر زۆر زیاترە لە هەڵبژاردنەکانی تر لەبەر ئەوە کە ئەو مەسەلە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە کار و پیشە و تا ڕادەیەک مەعیشەتی ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە، خەڵک لە ناوخۆ هەروا کە ڕۆژانە ناچار دەبن سەردانی ئیدارە و دام و دەزگا حکومی و پیشەییە جۆر بە جۆرەکان بکەن هەروا ناچارن کە تەعامول و هەڵس و کەوت لەگەڵ شارەوانی و شوراکاندا بکەن. لەبەر ئەوە بە تایبەت لە ناو تەبەقاتی سەنعەتکار و ئەندازیار و سنفە پیشەییە جۆربەجۆرەکانیشدا تێڕوانینی خەڵک سەبارەت بەو هەڵبژاردنە لانی کەم بە هۆی بەرژەوەندی گروپی و تاکە کەسیانەوە تێڕوانینێکی جیاوازە.

**پرسیار**: لە ئێران هەڵبژاردن ئازاد نیە، ئێوە دەتوانن بەتایبەت لە ژێر گوشاری هێزە ئەمنیەتیەکاندا چی بکەن؟

**حامید فەرازی**: بەڵێ ئەوە دانێک لە کێشە جیددیەکانی ئێمەیە، تازە ئەوە تەنیا کێشەی ئێمەش نییە، کێشەی یەکەم ئەوەیە ئێمەمانان تەئید بکرێین، من خۆم جاری پێش خۆم کاندید کرد تەئید نەکرام، هەڵبەت ئەم جارە لەوانەیە بەهۆی ئەوە کە ئەوان نیازیان بەدەنگی زیاتر هەیە ئەگەری ٥٠لە ١٠٠ی هەیە کەسانی وەک ئێمە تەئید کرێن، بەڵام کێشەیەکی تر کێشەی دەنگ هێنانەوەی کەسانی وەک ئێمەیە، بە گشتی فەزاکە ئەو فەزایە نییە کە هەموو هاوفکران و موخاتەبەکانی ئێمە تێیدا زۆر ئەکتیو بن. هەروەها هەڵبژاردنی شۆڕا زۆر جار بەهۆی ماهییەتی پیشەییەوە، فۆرمی دەستەیی و تایفەیی و تەنانەت گەڕەکاوگەڕەکیش بەخۆوە دەگرێ، بۆیە زۆر جاریش پێش دێ کە کەسانی پسپۆڕ و لێهاتوو دەنگ ناهێننەوە و بە پێچەوانەوە هەندێ پێوانەی تر دێتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوانەش دا هێشتا من پێم وایە شوراکان جیاوازن و دەبێ بەشداری بکرێ. من لەگەڵ ئەوە نیم کە چون کەسانێک هەن کە پێیان خۆش نییە ئیمە بەشداری بکەین و لەوانەیە تەئیدمان نەکەن خۆمان پێش وەخت خۆمان سانسۆڕ بکەین و لەو مافانەی خۆمان چاوپۆشی بکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان داییم بەرخۆدان بکەین و بەرگری لە مافی خۆمان بکەین و کارەکە سەخت بکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەنگە بیانەوێ بێ قرە دەستێوەردانی دەنگەکان بکەن. هەروەها ئەبێ ئێمە پێش قەدەمی شێوەیەک لە سیاسەت کردنی مۆدێرن بکەین و کار بکەین لەسەر ئەو لایەنانەی کە بەهۆی کەم ئەزموونی و تایبەتمەندیە عەشیرەیەکانی کۆمەڵگای خۆمانەوە، ڕەفتارێکی ناسیاسی و سەلەفی بە هەڵوێستەکانی خەڵکی ئێمە ئەدەن. هەمووی ئەمانە کاریان دەوێ و پێشکەوتن لەو بوارانەدا تەنیا لە حزووردا مەعنای دەبێ.

**پرسیار**: ئایا ئەو کارەی ئێوە دەیکەن گەرم کردنی تەنووری هەڵبژاردن نییە لە کاتێکدا خۆیان ئەڵێن هەڵبژاردنەکان موهەندسی دەکرێن؟

**حامید فەرازی**: ئەوە ڕاستە، بەشداری کردن و دەنگدان دەتوانێ بەجۆرێ گەرم کردنی تەنووری هەڵبژاردنیشی پێوە بێت، تۆ لە سیاسەتدا داییم شتێک لەدەس ئەدەی و شتێک بەدەس دێنی، دیارە لایەنی بەرامبەریشمان دەستی گۆچ نیە و بەرنامەی هەیە بۆ هاتنەوە مەیدانەوە، بێگومان ئەوان کەم ئەزموون تر لە ئێمە نین ئەگەر ئەزموونیان زیاتر نەبێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا چون لایەنی بەرامبەر دەیەوێ کەڵکی خۆی لێ بگرێ ئێمە دەبێ مەیدانەکە بەرەڵلا کەین و بیسپێرین بە خەڵکی تر؟ من پیم وانییە ئەوە شێوازێکی گونجاو بێت بۆیە دەڵیم باشترە تێڕوانینێکی ڕیالیستیمان بە نیسبەتی مەسەلەکەوە بێت، ئێستا ئەوان لە هەل و مەرجێکدان کە ڕەنگە نیازیان بە بەشداری و دەنگی ئێمە هەبێ، پێم وانیە ئێمە بە پشت کردنە مەسەلەکە و بێ هیچ بەرنامەیەک شتێکی ئەوتۆمان دەس کەوێ. سیاسەت بۆ من مانایێکی لێکدانەوەی ئیمکانی پێکەوە تەعامول کردنی نیازەکانە، بەڕای من لەو شوێنەدا کە لایەنی بەرامبەر لەوانەیە نیازی بە

ئێمە بێ باشترە لەحزبێک ڕاوەستین و بیر بکەینەوە کە ئایا لەو ڕەوەندی تەقابول و تەعامولەدا وێدەچی چیمان دەس کەوێ، دیارە سادەترین ڕێگە ئەوەیە بێ هیچ بەرنامەیەک بڵێین دەنگ نادەین بەڵام خۆ سادەترین ڕێگا هەمیشە باشترین ڕێگا نییە، بۆیە دەڵێم بەشداریەکی بە بەرنامە و فەعال لەوانەیە باشتر بێ لە ڕەد کردنەوە و تەحریمێکی بێ بەرنامە و غەیرە فەعال.

**پرسیار**: شۆڕاکان بە گشتی لە کوردستاندا دەتوانن چی بکەن و چییان لەدەس دێ؟

**حامید فەرازی**: شۆڕاکان بەگشتی ئەگەر لە جێی خۆیاندا بن دەتوانن ڕۆلی دەوڵەتێکی چکۆلەی محەلی بگێڕن، واتە بە پێی ئەو ئەرک و ئێختیاراتەی بۆیان لە قانوندا تەعریف کراوە دەتوانن دەستیان لە هەموو بەرنامە سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریەکانی ناو شار و گوندەکاندا، وەکوو هەڵبژاردنی شارەدار، تەعریفی پڕۆژەکان و پەسند کردنی بوودجە بۆ پڕۆژە فەرهەنگی و ئاوەدانیەکان هەبێ.

**پرسیار**: هۆی ئەوەی تا ئیستا شۆراکان نەیانتوانیوە تەنانەت بە پیی یاسای شۆراکانی شارو لادیش ئەرکی خۆیان راپەیین چیە؟

**حامید فەرازی**: من پێم وایە هۆی ئەوە کە تا ئێستا شۆڕاکان بایەخی شیاوی خۆیان پێ نادرێ، ئەوەیە کە لایەنی سیاسی مەسەلەکە لەو بارەوە لەڕادە بەدەر بەرجەستە کراوەتەوە، هەم لە لایەن حاکمیەتەوە هەم لە لایەن خەڵکەوە، ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵکانی باش نەچن ئەو شوێنانە بەدەستەوە بگرن، بۆیە پێم وایە سەرچاوەی تەحریم و زۆرێک لەو هەڵوێستە ڕەش و سپیانەش سەبارەت بە هەڵبژاردنی شۆڕاکان هەر لەوێوە دێت. من جارێکی لە یادداشتێکدا لەسەر پێویست بوونی دامەزرانی بزووتنەوەیەکی تێکنۆکرات لە ناوخۆدا گوتم ئێمە هەندێ کێشەمان هەن کە ئەگەرچی بەڕواڵەت زۆر سیاسی بوونەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا سیاسی نین، دە توانین لەسەر ئەمانە لەگەڵ حاکمیەت قسە بکەین بەڵکو بکرێ ڕێگا چارەی ناسیاسیان بۆ بدۆزینەوە.

من شۆڕا وەک ڕێکخراوەیەکی مەدەنی وەک NGO یەک چاو لێ دەکەم، زۆر جار ئێمە لەناوخۆدا هەوڵ ئەدەین بۆ دامەزرانی NGO کان، لە لایەن دەوڵەتەوە ئیجازەمان پێ نادرێ، یان ئیجازەمان پێ ئەدرێ و بەرمان پی دەگرن، یا هەندێ کەند و کۆسپی ترمان بەهۆی کێشەی ئابووری و کەمبوودی ئیمکانات و هەروەها کەم ئەزموونی وعادەتە خراپەکانی ناوخۆمانەوە بۆ پێش دێ. ئێستا شۆڕایەک لە هەموو گوندو شارەکاندا هەیە، لە قانوندا هەندێ ئیمکاناتی باشی بۆ دابین کراوە، با هەوڵ بدەین هەر بەو کەرەسە و ساز و کارانەوە ئەو شوێنانە ئەوەندەی دەکرێ بەدەستەوە بگرین و بەو شێوەیە هەوڵ

بدەین بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە سەرانسەری کوردستاندا وەڕێ بخەین. تەجروبەی کوردەکانی تورکیا لەناوخۆ بۆ هەوڵدان و تەعامول لەگەڵ دەسەڵات هەر ئەوەمان پێ دەڵێ، ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن تورکیا لەگەڵ ئێران جیاوازە، بەڵام خەڵکی کوردستان لەوێ بەڕاستی کاریان کردوە و لەخۆیان مایەیان داناوە تا گەیشتوونە ئەو ئاستە. ئێمەیش دەتوانین ئاوا چاو لەمەسەلەکە بکەین، ئەگەر توانیمان بچینە ناو شۆڕاکانەوە ئەوە هەوڵ ئەدەین لەو زەرفیەت و پتانسییلانە بە شێوەیەکی باشتر کەڵک بگرین، ئەگەریش نەمانتوانی یا نەیان هێشت ئەوە لانی کەم هەنگاومان ناوە بۆ ڕێخستن و چڕ و پڕ کردنی ئەو بزووتنەوە مەدەنییە، بەو شێوەیە کە هەوڵمان داوە پێوەندی بگرین بە هەموو چین و توێژ و دەستە جۆربەجۆرەکانی ناو کۆمەڵگاوە.

**پرسیار**: لە هەندێ لە میدیاکاندا باس لە بەشداریو بوونی کاندید لە لایەن هەندێ ڕێکخراوەی کوردی ناوخۆ وەک ریفۆرمخوازان، بەرەی یەکگرتووی کورد، هەروەها بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان کراوە،بۆ هەلبژاردنی شۆراکان، رۆلی ئەم پیکهاتانە لەوەها پرۆسەیەک چی دەبیت؟

**حامید فەرازی**: ئەوەندەی منیش ئاگەدار بم بەشێک لەو لایەنانە بەرنامەی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی شۆڕاکانیان هەیە، هەڵبەت لەسەر ئەوەی کە لە چ ئاستێکدا بەشدار بن یا کاندیداکانیان بە شێوەی لیست بناسین یا بەشێوەی تاکەکەسی جارێ ڕوون نەبۆتەوە. لەسەر ئەوەی کە ئەو جەرەیانانە توانایان چەندە و دەتوانن چی بکەن من لە سەرەتای باسەکەدا باسم لە ئیمکانات و کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگایان کرد، من پێم وایە ئەم جۆرە کارانە نەوعێک تەمرینی حیزبایەتی و فرەدەنگین لە ناوخۆدا و دەتوانن زەمینەیەک بن بۆ سازبوونی بەرە یا کۆنگرەیەکی کوردی لە داهاتوودا، بەڵکوو بتوانین بە یەک تابلۆ بەرەو پێشی ڕووداوەکان هەنگاو هەڵگرین.

**پرسیار**: باس لە هەولی کۆمەلیک چالاکوانیش دەکریت بۆ پیکهینانی بەرەیەکی دیموکراسیخوازی لە کوردستان، ئەم هەولانە بە کوی گەیشتووە؟

**حامید فەرازی**: لەو پێناوەدا ئێمە وەک کۆمەڵێک چالاکی سیاسی ناوخۆ خەریکی چاوپێکەوتن و دانوستاندن لەگەڵ هەموو ئەو جەرەیانە جۆر بە جۆرانەین کە بەڵکوو بێن بۆ تەمرینیش بووە ئێستاکە جیاوازیە فکریەکانیان وەلا بنێین و بەرەیەکی کاتی ساز بکەن بە ناوی بەرەی دێمۆکراسی خوازی کوردستان(ب- د- ک). ئەو بەرەیە دەتوانێ واتای ئێئتێلافێکی کاتی گەورە بێ لەسەر حەدی ئەقەلەکان و لەسەر ئەو مەسەلە کاتیانەی کە دەتوانین لەسەریان ڕێک بکەوین، لە عەینی حالیشدا دەکرێ هەر لایەنێک مەرزبەندی و جیاوازی فکری خۆی بپارێزێ، بۆ نموونە من خۆم وەک کەسێک کە نەتەوەیی بیر دەکەمەوە پێشتر بە شوێن دامەزرانی حیزبێکی قانونی کوردی لە ناوخۆی ئێراندا بووین و پاشان لە دامەزرێنەرانی

بەرەی یەکگرتووی کورد بووم، لە باری فکرییەوە بەگشتی خۆم بە "بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان" نزیک دەزانم بەڵام ئەمە ڕێگامان بۆ هاوکاری و هاوفکری لەگەڵ لایەنەکانی تر لەسەر شتە هاوبەشەکان لێ ناگرێ. هیوام ئەوەیە بتوانین لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە کە جیاوازیش بیر دەکەنەوە لانی کەم پێکەوە بتوانین بەیاننامەیەکی هاوبەش سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان بدەینە دەرەوە.

**پرسیار**: بەڵام لە بیرمان نەچێت ئەو ریکخراوانەش کەمترین کاریگەریان هەیە لە ناو رای گشتی لە کوردستان؟

**حامید فەرازی**: راستە، کێشەیەکی جیددی ئێمە ئەوەیە کە ئێستا لە ناوخۆدا هیچ جەرەیانێکی سیاسی بەقەوەتمان نییە کە بتوانێ سازمان بە ڕەفتاری سیاسی خەڵک بدات، بۆیە ڕەفتاری سیاسی خەڵک بە نیسبەت هەڵبژاردنەکانەوە پێش بینی نەکراوە، واتە هیچ جەرەیانێک نە لە ناوەوە نە لە دەرەوە ناتوانێ کۆنترۆڵی هەڵوێستی سیاسی خەڵک بکات. حیزبەکان کە لە دەرەوە بوون بە هەزار لەت و کەس کەسی قبوڵ نییە، لە ناوەوەش ئێمە کێشە و ناکۆکیمان ئێجگار زۆرە، ئێمە وەک کورد بەگشتی ئەسڵەن هیچ بەرنامە و پلاتفۆرمێکمان نییە و هیچ ستراتیژییەکمان لەو بارەوە نییە.

من لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەم کە دەڵێ کێشەی سەرەکی ئێمە، مان یا ڕووخانی دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران نییە، لەوانەیە ڕەوتی ڕووداوەکان وانەبێ کە هەندێ کەس بە هیوان و پێش بینی دەکەن، ئەگەریش وابێ تەنانەت بە نەمانی کۆماری ئیسلامیش کێشەی کورد بەو شێوەی سادە چاوی لێ دەکەین چارەسەر نابێ، لەوانەیە لە داهاتوودا کێشەمان لەگەڵ هەندێ لایەنی سکیولار و ناسیونالیستی ئێرانی زۆر زیاتریش بێ، ڕەنگە هەندێ لایەنی ئێرانی هەبن کە بە ڕواڵەت دێمۆکڕات تریش بن بەلام خۆ دێموکراسیش شتێکی نسبیە و لەوانە هەر ئەو لایەنانە لایەنی ناسازگار و ڕەگەزپەرەستانەیان زۆر زۆر زیاتر بێ، بۆیە پێم وایە ڕەنگە پێویست بێ ئێمە وەکوو کورد جارێکی تر بە هەندێ لەو دروشم و ڕێبازانەی ڕابردوویشماندا بچینەوە و بە وردی لەسەر بنەما و بنچینە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کار بکەین و هەوڵ بدەین سیستەمێک ساز بکەین... بەو شێوەیە بەڵکوو بکرێ خۆمان ئامادە کەین و هێزەکانمان بەجۆرێک بچنین کە ئیمکانی کەڵک گرتن لە هەر چەشنە ڕوداوەکانی داهاتوومان هەرچی زیاتر بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٣

## عەبدوڵلا موهتەدی دەڵێت :"حەزم دەکرد کەسێکی تر ببوایە بە سکرتێر"



ناوی عەبدوڵلای موهتەدی هاوتایە لەگەڵ ناوی کۆمەڵە، نوخبەیەکی سیاسی کە لە هەرەتی لاوەتییەوە ڕۆڵی هەبووە لە دامەزرانی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران. ئێستاش دوای ساڵانێک سەرکردایەتی کردنی ئەو ڕێکخراوە، ئەگەرچی بۆ خولێکی سێ ساڵەی دیکە بە سکرتێری حیزبەکەی هەڵدەبژێردرێتەوە بەڵام دەڵێت:" هیوادارم جارێکی تر هەڵنەبژێردرێمەوە بە سکرتێری کۆمەڵەو کاندیدی زیاتری هەبێت بۆ پۆستی سکرتێری و لەو پۆستەدا نەبم".

**خالید محەممەدزادە:** دەستکەوتەکانی کۆنگرەی ١٤ی کۆمەلە چنو چی وادەکات ئەم کونگرە جیاواز بێت لە کونگرەی پێشووی کۆمەلە؟

**عەبدوڵلای موهتەدی:** کۆنگرەی پێشووی کۆمەڵە بە شەفافیەتی زیاترەوە سیاسەتو جیهانبینی کۆمەلەی خستە روو، هاوکات دەسکەوتی سیاسیو فیکرییو بەرنامەی کۆمەڵەی بۆ داهاتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەستنیشانکرد. بەلام کۆنگرەی چواردەی کۆمەڵە زۆرتر لە سەر قەوارەی کۆمەڵەو لە سەر پەیرەوی نێوخۆی کۆمەڵە بڕیاریدا. چونکە هەر بەرنامەیەکی سیاسیت هەبێ، دەبێت حیزبێکی پتەوو کارامەو سەردەمیانەشت بۆی هەبیت کە بتوانێ ئەو ڕاسپاردانە بەڕیوەبەرێت.

**خالید محەممەدزادە:** لە کۆنگرەو ئێستاش زۆر تەئکید لە سەر پتەوکردنی ڕیزەکانی کۆمەڵە دەکەنەوە، ئەمە نابیتە هۆی لاوازبوونی پرۆسەی دێموکراتیکبوونی ساختارو پەیوندییە نێوخۆیەکانی نێو کۆمەڵە؟

**عەبدوڵلای موهتەدی:** ئەو مافانەی کە ئەندامێکی کۆمەڵە هەیەتی هەمووی پارێزراوە. هەموو ئەو بەندو مادانەی کە مافە دێموکراتیکەکانی تێدایە نەک هەر کەم نەکراوەتەوە، بەڵکو بەرفراوانیش کراوە. یەکێک لە ئاراستەکانی گۆڕینی قەوارەی نێوخۆمان بریتیبوو لە فراوانتر کردنەوەی ناوەندی بڕیاردانو دیالۆگو گفتوگوی ناوخۆی حیزب. بەلام بێگۆمان لەم

کودستانەی ئێمە دەژین بە بێ بوونی حیزبێکی پتەوی یەکریزی توکمە ناتوانین ئەرکە نەتەوەیی‌و سیاسیەکانی خۆمان بەرێوەبەرین.

**خالید محەممەدزادە**: ساختاری کۆمەڵە لە سەر ساختار رێکخراوە چەپەکان دامەزراوە، رەخنەش لە نادێموکراتبوونی رێکخراوە چەپەکان هەبووە. دەتوانین بڵێین ئەم کونگرەیە هەنگاوێکە بۆ دیموکراتیککردنی کۆمەڵە؟

**عەبدوڵڵای موهتەدی**: من بە بێ ئینسافی دەزانم ئەگەر کەسێک باسی مێژووی کۆمەڵە بەمشیوەیە بکات. ئێمە لە کۆمەڵگایەکی نادیموکراتیک‌و داپلۆسینەردا خەباتمان کردوە. بەو حاڵەش تا ئیستا ١٤ کۆنگرەمان گرتووە کە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی ئێمە تەنیا حیزبیک نەبووین لەلایەن سەرکردایەتیەوە بەریوە بچین بەڵکوو رێز لە ئێرادەی ئەندامانی کۆمەڵە گیراوە. کۆمەڵە ناسراوە بەوەی کە تیادا خەلک قسەی خوی کردووە. زۆرجار من وەک سکرتیر کەوتوومەتە بەرەی کەمایەتی‌و دەنگ بە بەرنامەکانم نەدراوەو ملکەچی بریاری زۆرایەتی بووم. بۆیە من پیناسەی نادیموکراتبوون بۆ کۆمەڵە زۆر بە دووری دەزانم.

**خالید محەممەدزادە**: کونگرە دەستپێشخەرییەکی خستووەتە روو بۆ لێک نیزیکبوونەوەی ئەو حیزبانەی بە ناوی "کۆمەڵە" کار دەکەن. چ بەرنامەیەک هەیە بۆ یەکگرتنی کۆی رێکخراوەکانی کۆمەلە؟

**عەبدوڵڵای موهتەدی**: ئێستا سێ حیزب بە ناوی کۆمەڵە هەیە، یەکیان رێکخراوی حیزبی کمونیستی ئێران (کۆمەلە)یەو یەکی تر ئەو هاورێیانەن کە سالی ٢٠٠٧ لە ئێمە جیابوونەوە لە ژێر ناوی کۆمەڵەی زەحمەتکیشان‌و ئەوی تریشیان ئیمەین. ئیمە لەم کونگرەیە بریارێکمان پەسند کرد کە هەولبدەین بۆ یەکگرتنەوەی ریزەکانمان. بەڵام ئێمە جیاوازی فیکریی‌و سیاسیمان لەگەڵ کۆمەڵەی حیزبی کمونیست هەیە، بۆیە یەکگرتنەوە لە گەڵ ئەوان پێویستی بە گۆرانکاری فیکری‌و سیاسیە لە ناو ئەواندا. لە گەڵ ئەوان مەسەلەی یەکگرتنەوە لە ئارادا نیە، بەڵکوو هەوڵی نیزیکی‌و دۆستایەتی دەدەین. بەلام لە گەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکیشان ئەگەر ئێرادەی سیاسی هەبیت بۆ یەکگرتەوە دەکرێت یەک بگرینەوە. ئەوان بەرنامەیەکی فیکری‌و سیاسی جیاوازیان بۆ خۆیان نیە، ئەوان هاوبەش‌و هاوخەم بوون لە پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە.

**خالید محەممەدزادە**: ئەو بریارو پەسندکراوانەی لەم کونگرەیە پەسندتان کرد پێتوایە بەم کومیتەی ناوەندیەی هەتانە بتوانن جێبەجێی بکەن؟

**عەبدوڵڵای موهتەدی**: ئەو کومیتەی ناوەندیەی هەمانە پێموایە دەتوانێت هەڵگری بەرنامەکانی کونگرە بێت. بەلام زۆر

کەسی تریش هەن لە دەرەوەی ئەم کومیتەی ناوەندیە کە سەلاحییەتو لیاقەتی بوونیان لە سەرکردایەتی کۆمەلە هەیە. بۆیە دەبێت ئەو کادیرە سەرەکیانە کۆبکرینەوەو یەکبخرێن لە گەڵ کومیتە ناوەندی کار بکرێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی کونگرە.

**خالید محەممەدزادە**: پێکهاتەی نوێی کومیتەی ناوەندی چون داریژراوە؟ خەلکی تازە رێگایان پێدراوە بەشداری بریاری سیاسی بکەن؟

**عەبدوڵڵای موهتەدی**: بەڵێ خەڵکی تازە هاتوون. ئیمە دەبێت پێکهاتەیەک لە نەوەی نوێو بەتەمەنترو هەروەها گەنجەکانمان هەبێتو پێکهاتەیەکیش هەبیت لە باری جوغرافیای کوردستانەوە لە سەرکردایەتی کۆمەڵە، بۆیە هەنگاوی باشمان لەو بارەوە هەڵگرتووە.

**خالید محەممەدزادە**: جەنابت بۆ چەندین دەورە وەک سکرتێری کۆمەڵە هەلدەبژێردرێن، ئەمە هەلبژاردنێکی ئازادی ئەندامانی کۆمەلەیە یا نا دەکرێت بە جۆرێکی تر مانەوەی دووبارەی ئیوە لەو پۆستە تەفسیر بکریت؟

**عەبدوڵڵای موهتەدی**: باشترە ئەو پرسیارە لە ئەندامانی کۆمەڵە بکرێت. یەکەم داوا کراوە کێ خۆی کاندید دەکات بۆ سکرتیری کۆمەڵە کەس نەبووە. من لە کانگای دلەوە حەزمدەکرد کەسی تر بوایە بۆ ئەم پۆستە. دووهەم دەنگدان بۆ سکرتێری کۆمەڵە دەنگدانی نهینیەو خەلک مەجبور نەبوون ئەو دەنگە بدەن بە من،بەلام دەنگیان داوە. زۆرتر ئاوای دەبینم کە رەنگە پێیانوابێت بە هۆی متمانەیەک لە ناو کۆمەلە بۆ من هەیە بتوانم لە یەکریزمانەوەی کۆمەڵە خزمەتێک بکەم. یا رەنگە کۆدەنگیەکە لە سەر من زۆرتر بێت. لە کونگرەش وتم هیوادارم جارێکی تر دووپات نەبیتەوە. بەشکەم تا کونگرەیەکی تر کاندیدی زیاترمان بیتو من لەو پۆستەدا نەبمو ئەرکێکی تر بە ئەستو بگرم.

**خالید محەممەدزادە**: سالێک لەمەوپێش رێککەوتننامەیەکی هاوبەشتان لە گەل حدکا ئیمزا کرد، تا ئێستا دەسکەوتەکەی چ بووە؟

**عەبدوڵڵای موهتەدی**: ئەو رێککەوتننامە پێویستی ئیمە بوو. پێویستمان بە یەکگرتنی زیاتر هەیە لە کوردستانی رۆژهەلات. ئەو ریککەوتننامە خزمەتی گەورە بوو. بەلام ئەمە تەنیا هەنگاوی یەکەمە لە پیناو پێکهینانی بەرەیەکی کوردستانی. بۆیە بە هەموو گرنگیەکەیەوە هیشتا هەنگاوێکی نیوە چلە ئەگەر بیتو نەگاتە بەرەیەکی کوردستانی.

**خالید محەممەدزادە**: دۆخی حیزبەکانی رۆژهەلات چون دەبینی؟ داوای بەشداری نەکردن لە هەلبژاردنەکانی ئێران دەکەن، وەلامی پێویست وەرناگرنەوە. هەندێکیش ئەمە بە دابرانی حیزبەکان لە خەلکی لێک دەدەنەوە؟

**عەبدوڵڵای موهتەدی**: من ناوی نانێم دابڕان لە خەلک، بەلام حیزبێک کە بتوانێت ئاشکراو بە شیوەی دێموکراتیک لە ناو خەڵکی خوی بێت، زۆر جیاوازە لە حیزبێک رێگەی هەر چەشنە چالاکییەکی سیاسی لێ سەندراوەتەوە. دەنا ئیستاش کۆمەلەو دێموکرات لە ناو دڵی خەلکی کورد دەژین. پێموایە ٤٨ سەعات ئازادی سیاسیمان هەبێت دەبینن کە نەک هەزاران، بەڵکوو سەدان هەزار کەسو ملیونان کەس لە خەلکی کوردی رۆژهەلات لە دەوری ئەو حیزبانە کۆدەبنەوە. ئەزمونی کوردستانی عیراقیش ئەوە سەلماند. ئەگەر راپەرینی سالی ٩١ نەبوایە یەکێتیو پارتیش دەتگوت رێکخراویان نەماوەو پێشمەرگەیان نیە، بەلام مانگێکی نەخایاند دەسەلاتی سیاسی کوردستانیان گرتەوە دەست. من نالێم عەینی ئەزموون لای ئێمە دووپات دەبێتەوە، بەڵام دڵنیام ئەگەر بچووکترین مەجالی کاری سیاسیمان هەبێت لە ئێران، نفوزی ئیمە زۆرتر دەبێت لە نفوزی یەکیتیو پارتی سالی ١٩٩١ نەک کەمتر.

**خالید محەممەدزادە**: دەنگدانی رێژەیەکی زیاد لە خەلکی کوردستان بە روحانی چون لێک دەدەیتەوە؟ بۆ ئەم خەلکە بەشداریکرد؟

**عەبدوڵڵای موهتەدی**: خەڵک لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا ئاساییە هەول بدەن گۆران لە ژیانی خۆیان پێک بێنن ئەگەر ئەم گۆرانە کەمیکیش بێت. بە هاتنی روحانی بۆ نێو ململانێی هەلبژاردنەکان خەلک هەستیانکرد دەلاقەیەکی بچوک کراوەتەوە بۆ ئەوەی بەشێک یا توزێک لەو سیستمەکە بگۆرن. یا ئەگەر نەتوانن حکومەتەکە بگۆرن، هەلسوکەوتی حکومەت بگۆرن. کەسێک بێنن کە سیاسەتەکانی تا ئیستای ئەم حکومەتە درێژە نەدا، بۆیە دەنگیان بە روحانی دا چونکە بە بەراورد لە گەڵ کاندیەکانی تر، تەنیا روحانی بوو کە دەنگێکی جیاوازی هەبوو.

**خالید محەممەدزادە**: ئیوە رێز لە بریارو دەنگدانی خەلک لە هەلبژاردنەکان دەگرن ئەگەر وەک ئیوەش بیر نەکەنەوە؟


**عەبدوڵڵای موهتەدی**: بێگۆمان. دیارە ئیمە تەحریم بە بژاردەیەکی باشتر دەزانین، بەڵام کە خەلک بایکۆتی نەکردووە تێدەگەین کە ئەم دەنگدانەش بە مانای ئەوە نیە کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دەوی. ئەو خەڵکەی دەنگیانداوە، دەنگیان بە گۆڕان لە کۆماری ئیسلامی داوە، نەک بە کۆماری ئیسلامی. یانی رەفتاری سیاسی خەلک لە هەلبژاردن بە دژی ئیمە نەبووە، خەلک گۆرانی سیاسییان دەوێ، بەلام شیوازی جیاواز بۆ ئەو گۆرانە دەگرنە پێش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - رێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵڵا ئەبریشەمی: پاوانخوازی حکوومەت وگۆترەکاری حیزبەکانی رۆژهەڵات، کوردستانی تووشی شەر کرد



پرسی هەڵگیرسانی شەری کوردستان دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی (١٩٧٩)، پرسێکە کە هەتاکوو ئێستاش جێگەی باسو لێدوانی جیاوازە لە نێو کوردەکانی رۆژهەڵاتو دوای زیاتر لە بیست ساڵ لە پشت سەرنانی ئەو دۆخە، دوکتور عەبدوڵڵا ئەبریشەمی نووسەرو کەسایەتی شاری مەهاباد دەڵێت:" حیزبە کوردییەکان لە دوای شۆرش، بە بێ‌لێکدانەوە و تێگەیشتن لە شۆرش و توانایی خۆیانو کۆسپی دەورو بەر، هێزی چەکداریان سازکرد کە حکوومەتی تازە وەک کۆسپێکی سەر رێی خۆی چاوی لێدەکرد". بەلام نایشارێتەوە کە هەم حیزبە کوردییەکانو هەم حکوومەت رۆلیان هەبووە لە هەڵگیرسانی شەرەکە لە کوردستان کە دواجار، کوردستان گەورەترین زیانی بەرکەوت.

**پرسیار**: لە دوای شۆرشی سالی ١٣٥٧ی هەتاوی شەریکی خویناوی کوردستانی گرتەوە. چۆن بوو ئەو شەڕەی دوای شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ لە نێوان حکومەتی تازەو حیزبە کوردیەکان رویدا؟ لەو نیوەدا کێ بەرپرسە؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: دوای ئەوەی لە سەدەی ١٩ کوردان لە ئێران - (بە نمونە، موکریان لە دەیەی ١٨٤٠)- دەسەلاتی ناوچەیی خۆیان لە دەست دا، لە ساڵی ١٨٨٠ شەڕێ خەڵکی ناوچەی موکری لە گەل هیزەکانی سەر وە ناسرەدین شای قاجار رویدا، زۆرتری شارو دێهاتی ناوچە تالآن کراو سووتێندرا، خەڵکێکی بێداديش کوژرا. مێژوو نووسانی هاوچەرخ، ئەو رووداوە، بە"ام الحوادپ" دایکی رووداوەکانی دواتر ناو دەبەن. لەسەدەی ٢٠ بە هاتنە سەرکاری رەزاشاو دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی ئێران، رەوتێکی دی بە بندەستی کورد درا. دەوڵەتی نوێ، لەسەر بیری ئاڵۆزی هینەری یەک نەتەوە، یەک زمان و سیستێمی حکومەتی ناوەندی یەکپارچەو تۆکمە پێکهات.

**پرسیار**: دۆخی گەلانی نافارس لەو سیستمە چون بوو؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: لەو سیستێمە دا گەلانی نافارس (جگە لە تورکی شیعە) زۆر یان کەم، لە بەشداری دەسەڵاتدارێتی (sovereignty) ناو ئێران بێبەری کران و تەنیا فەرمانبەریان پێ بڕا، یانی ڕەوتیکی "کۆلۆنیالی ناوخۆیی" بەسەر کوردو گەلانی بندەست سەپێندرا کە ئێستاش ئاڵۆزی هینەرە. لەلای تر، شۆرشی ١٣٥٧ - ١٩٧٩ دژ بە رژیمی پەهلەوی بوو، بۆیە کوردان بە هیوا بوون پەیوەندی کۆلۆنیالی ناوخۆیی سەپاو لە سەریان لابچێ.

**پرسیار**: ئایا ئەو شۆرشە توانی ئەو هیوایەی کورد بە دی بینی بۆ لابردنی ئەو سیستمە سەپاوە؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: نا. شۆرش ئەو سیستێمەی لە کار نەخست، ڕوانگەی نەتەوەگەری فرەخوازانەی رژیمی پەهلەویش لە ناو نەچوو، بەڵام بەرز بوونەوی ئاینخوازی، ئەو ڕەوتانەی وەبن باڵی خۆی دا؛ بەو مانایەی کە لە دینی ئیسلام دا فەرق و جودایەتی لە نیوان موسوڵمانان دا نییە. بەڵام وەک دەبینین، لە نێوان مەزهەبەکانی ئیسلام دا(وەک شیعە و سوننە) نەتەنی فەرق و جودایەتی، بەڵکوو شەرو کێشەش هەیە. هەر چۆنێک بوو، لە سەرەتاوە زۆربەی کوردان بە مانەوەی سیستێمی تۆکمەی ناوەندی نیگەران بوون،

**پرسیار**: کاردانەوی لایەنە کوردییەکان لە بەرامبەر ئەو سیستمە چون بوو؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: ئەو لایەنانەی سەر وەحیزبەکانیش بوون، لەگەڵ بە ئاینی کردنی حکوومەت نەبوون. ئەوەش خۆی چەشنێکی نادیاری هاندانی کاربەدەستانی شۆرش، بۆ سەرکوتی بزاڤی کوردان بوو. لە لای تر، دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئیران، دەگەڵ حکوومەتی تۆکمە و ئاینی، یەک ناگرنەوە. ئەو ڕەوتەش بنەمایەکی بەرچاو بوو لە هۆیەکانی هەڵاییسانی شەڕ لە نێوان حیزبەکان و هێزەکانی سەر وە حکومەتی تازە.

**پرسیار**: یانی دەتوانین بلێین ئۆمیدەکان بەرامبەر بە حکومەتی نوێ زوری نەخایاندو بوون بە نائۆمیدی؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: لە سەرەتای شۆرش، کوردان لایان وا بوو حکومەتی تازە، کوردیش لە بێبەشی دەسەڵاتدارێتی و فەرق و جودایەتی ڕزگار دەکا و هیچ نەبێ کوردان دەتوانن لە ناوچەکانی خۆیان دا تا ڕادەیەک خاوەن دەسەڵاتدارێتی بن، بەڵام لە ئەو ناوچە مێژوویییەی کوردستان، کە لە سەردەمی رەزاشاوە بە پارێزگای "ئازربایجانی ڕۆژئاوا" ناوزەد کراوە، لە ناو هاوپارێزگاکان مان، ئەوانەی فرەخوازن، دژ بە هاوسانی دەسەڵاتی کوردو تورک لە ئێران، بە تایبەت لەو پارێزگایە دان.

لیرەدا پێویستە ئاماژەیەکیش بەوە بکرێ کە تورکان دامەزرینەری دەوڵەتی شیعە لە ئیرانن (شاسمایلی سەفەوی بە پشتیوانی تورکان لە ١٥٠١ ئەو کارەی کرد)، هەر بۆیە تورکانی شیعە بە پێچەوانەی کوردان و گەلانی تری ئیران، لە چەشنی سەدان ساڵی ڕابردوو لە سەروی دەسەڵاتداریێتی گشتی ئێران ماونەوە. لە سەردەمی شۆرشی ئێرانیش حیزبە کوردیەکان چاویان لەو ڕاستیە نەکرد کە دەسەڵاتداریێتی ئێران بەو شۆرشە لە ناو نەچوە، بەڵکوو بە پشتیوانی جەماوەرێکی زۆرتر، بە هێزتریش بوە. هەر وەها نابێ لەبیر بچێ کە لێکبەستراوی نەتەوەگەری ئێرانی و ئاینی شیعە، لە سەرەتاوە یەکتریان بەهێز کردوە (کاریگەری سینێرژیسم). لە لای تر بەرێوەبەرانی بزاڤی کورد لەوە نەفکرین کە دەسەڵاتێکی هەڵقوڵاو لە شۆرش، لە مەودای دەسەڵاتداریێتی خۆی دا هەر چەشنە بزاڤێکی چەکداری بە کۆسپی سەر ڕێی خۆی دادەنێ و زۆر بە توندی پەلاماری دەدا تا لە ناوی بەری.

**پرسیار**: ڕۆلی حیزبە کوردیەکان لەو دوخەی باسی دەکەی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: حیزبە کوردیەکان لە دوای شۆرش، بە بی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە شۆرش و توانایی خۆیان و کۆسپی دەورو بەر، هیزی چەکداریان سازکرد کە حکومەتی تازە وەک کۆسپێکی سەر ڕێی خۆی چاوی لێدەکرد. حیزبەکان نەهاتن لە جیات خۆچەکدار کردن، وەک خاوەن بیرێکی بەرزی سیاسی، یاریدەی ئەو بیرە بدەن کە باشترە حکومەتێکی ناوچەیی کاتی ساز بکرێ و چ لایەک چەک هەڵنەگرێ. هەر وەها ئەگەر حیزبەکان ڕوانیبایانە سەر ئەو ڕوداوانەی کە چەند مانگێک پێش و پاشی شۆرش لە کەردستان و دەوروبەرمان ڕویاندا، ئەوکات دەیانتوانی دەرس وەربگرن و خۆ لە شەڕ بکێشنەوە

**چەند نمونە لەو ڕوداوانە لە ناوچەی موکریان کە روویان دا بۆت باس بکەم:**

١- تورکان کە هاوبەشی دەسەڵات لە ئێرانن، لە دەوری پەهلەویش دا بەرگریان لە داوای هاوبەشی کوردان لە دەسەڵاتدا دەکرد، ئەوان ئێستاش دەیانەوی کوردان لە پارێزگای هاوبەش دا هەر لە بندەستی ئەوان دابن.

٢- لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ١٣٥٧، نوێنەری ورمێ لە(مجلس شورای ملی) بزاڤی کوردانی سەردەمی کە هاو ئاهەنگی شۆرش بوو بە (جیایخواز) ناو برد.

٣- کاتێک مامەغەنی پاش پتر لە ٢٠ ساڵ زیندانی بە هۆی شەپۆلی شۆرش ئازاد کرا، جەماوەرێکی زۆر لە مەهاباد، بە ژن و پیاو، تامیاندواو بە پێشوازیەوە چوون. جەماوەرێک لە میاندواو بەگژیان داهاتن. کوردانی میاندواو بە سەختی توانیان

ژنان لە دست پەلامار دەران رزگار کەن.

٤- ئەگەرچی ئەو پێشوازە بە ڕێنوێنی حیزبەکانی مارکسیستو دێموکرات وەڕی کەوتبوو، بەڵام ئەوان بەسەر ئەو ڕووداوە دا نەچوونەوە تا لە هۆیەکەی سەر دەرێنن و بۆ دواتر بە وردی بڕواننە جوولانەوەکەیان لەو پارێزگایە.

٥- ڕۆژێک دوای سەرکەوتنی شۆرش، سەرکومیتەی ورمی لە سەردانی پادگانی قوشچی، روو بە ئەفسەرەکان، کوتبووی: ئیمە تا دوێنێ سێرەی تفەنگمان بەرەو ڕووی ئیوە بوو، لەمەو دوا بەیەکەوە، بەرەو کورد سێرە دەگرین.

٦- دیسانیش حیزبەکان و بەڕێوەبەری بزاڤی کورد نەهاتن یان نەیانەویست لە بارو دۆخەکە ڕابمێنن و تێبگەن تا بۆیان دەرکەوێ لەم ناوچەیە چ بەرهەڵست گەلێکیان لەبەرەو دەبێ بە چ شیوەیەک ببزوونەوە تا خۆ لە شەڕی بنەوپاڵیان بپاریزن.

دیارە لە ناوچەکانی دیش بە چەشنیکی دی روداوگەلێک رویانداوە، بەڵام ڕانەمان و لەبەرچاو نەگرتنی ئەو چەمکانە، بە گشتی بێ سیاسەتی و نائاگایی لە بارودۆخی دەوروبەر مان نیشان دەدا کە دەکرێ بە ساوایی سیاسی ناوی بەرین. بە نموونە لەدوای ئەو روداوە سەرنج ڕاکێشانەی کوردستانی موکری کە ئاماژەیان پێکرا، حیزبی دیموکرات هات خۆپیێشاندانیکی لە نەغەدە وەڕێخست، ئەویش لە مەلبەندی دانیشتوانی تورک! (کە خێرخوازانی تورک پێیان کوتبوون: لێرە خۆپیشاندان وەڕی مەخەن، هەرنەبێ لە لای کوردان بیکەن) بەڵام حیزب، کە چەکدارێکی زۆری بەدەوری خۆیەوە دیبوو، بە پێویستی نەدەزانی گوی بداتە ئەو قسانە. هەر بۆیە جەماوەرێک وێرای چەکدارانی حیزب، لە گۆڕایەکی دەورە دراو کۆبوونەوە. ئەوەش تەواو لە داو کەوتنی خۆپێشاندەران بوو. بەو چەشنە بە کوتەی خۆی هاو وڵاتیانی تورک کە ئەودەم لێمان دەبیستن، بە کوشتاری نزیک ٣٠٠ کەس لە کوردو چەند کەسێک لە تورکان تەواو بوو. دواتریش هەر کورد بوون کە لەم لاو لەو لا، لە نەغەدەو دەورو بەری و لە سەر ڕیی میانداو، دەکوژران وماشێن و شتومەکیان لێ زەوت دەکراو لە زێد و نیشتمان دەتاراندران...

**پرسیار**: ئەم رووداوانەی باستکرد بەرهەمی چ بوون؟ چون خویندنەوەی بۆ دەکەی وەک خوت؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: ئەو روداوانە، گشتی بەرهەمی بێ سیاسەتی و کردەوەی رەمەکی بوون کە ئیدی حیزبەکان نەیانتوانی خۆ لە داوی شەڕ دەگەڵ دەوڵەت و لایەنگرانیان بپارێزن. هەڵمەتی حیزبی دیموکرات بۆسەر مەنگوڕانیش هەڵە یەکی ستراتیژیکی دی لە تێنەگەیشتنی کۆمەڵگای خۆی کورد بوو. سەرەنجام ٦ مانگ دوای شۆرش، فەرمانی هیرشی گشتی بۆ سەر

کوردستان دەرکرا کە لە حەوتوی دوای شۆڕشەوە بە چەکدار بوونی حیزبەکان چاوەڕوان دەکرا. وەک دەبینین، لە شەڕی حیزبەکان و حکومەتی تازە، ناکرێ تەنیا لایەک بەرپرس بێ. پاوانخوازی حکومەت لە لایەک، گۆترەکاری و چەکداری بی جێی حیزبەکانیش لەلای تر بەرپرسی ئەو شەڕەن.

**پرسیار**: "گۆترەکاری" و "کردەوەی ڕەمەکی" چون لە گەل کاری سیاسی دیتەوە؟ چون دەخریتە ئەم خانەوە؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین: لە سیاسەت دا گۆترەکاری و کردەوەی ڕەمەکی جێگایەکی نیە. سیاسەت، کارێکی جیدی و هوشیارانەیە. ئەگەر بەڕێوەبەرانی حیزبەکان و بزاڤی کوردان بە گشتی، لە سیاسەت شارەزا بان، بە بیرو کردەوەکانیان دا دەهاتنەوە. ئەو کات زۆر زوو دەیانتوانی خۆ لە درێژەی وردە شەڕەکان بکێشنەوە. بەڕێوەبەری حیزب، لەو ئەزموونە تاڵانە- کە لە ماوەی چەند مانگی پێش و پاشی شۆرش ڕویان دا- وانەی وەر نەگرت تا بتوانێ لە خەساری پەلامارە بەرینەکانی ٦ مانگ دوای شۆرش خۆ بکێشیتەوە.

**پرسیار**: مەبەستت ئەوەیە لیرە حیزبەکان لە باتی ئەوەی کاری سیاسی بکەن زیاتر بایەخیان بە کاری چەکداری داوە دیارە ئەوەش لای ئەوان دەتوانی وەلامبدریتەوە کە ناچار بوون دەست بۆ چەک بەرن بە هوی هیرشی حکوومەت بە سەر کوردستان؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: بەڵام حیزبە کوردیەکان، لە جیات خەباتی سیاسی، هەرکامیان بە جیا هیزی چەکداریان پێکەوەنا و زیندانیان پتربۆ جیابیرانی خۆیان سازکرد. ئەوان بە چەکەوە، لە چەشنی دژ بە حکوومەتی ناوەندی، داواکانیان بە ئەوان رادەگەیاندرا. ئەوەش بە مانای بەرەو شەڕ چوون دەگەڵ حکومەت بوو. حیزبەکان بەو کارانەیان، بە بەشێک لە خاوەن دەسەڵاتانی حکوومەتی ناوەندی و هاوبەشانیان لە ئازربایجانی ڕۆژئاوا دەرفەت دا کە لە فیکری هەلێک بۆ پەلامارداني بەرینی کوردستان دابن. لایەنی سەروە حکوومەت لەو پارێزگایە، بە سەرکەوتن لە نەغەدە، بەشێکی زۆرتری لە کاربەدەستان هینایە سەر ئەو باوەڕە کە ڕێگا چارەی کێشەی کوردستان، خۆ تێکنانی گشتیە بۆ پەلاماری تەواو بەرین و سەرکوتکەرانە. دەرچوونی فەرمانی پەلاماری گشتی لە مانگی گەلاوێژ نیشانی دا کە لە حکوومەت دا لایەنی خوازیاری شەڕ سەر کەوتوون. بەڵام ئەو شەڕە سەرکەوتوو نەبوو، خولقاندنی کارەساتی وەک قارنی و چەرمەسەری خەلکی ئاسایی، بوو بە هۆی بادانەوەی خەڵک بەرەو چەکدارەکانی کورد. ئەو ڕەوتەش تەواو بە قازانجی حیزبەکان و زیانی حکوومەت بوو. بەوچەشنە، خەڵک لە بەرامبەر توندوتیژی پەلاماردەران و دەزگای حکوومەتی دووبارە دامەزراو لە کوردستان، گۆترەکاری حیزبەکانیان لەبەر چاو نەما. ئەوەش زۆر بە قازانجی حیزبەکان بوو کە خەڵک ئەوانی وەک پشتیوانی خۆیان دەدیت. بەڵام زۆربەی خەڵک دەیانزانی کە حیزبەکان بە گشتی لە بارودۆخی کوردستان و سیاسەت هەتلەن و لە بەڕێوەبەری کارو باری وڵات تێدەمینن. زۆری نەخایاند کە ئەو راستیە خۆی نواند.



سەرچاوە Serchawe

**پرسیار**: کام راستی؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: ئەوجار دوو حیزبی گەورەی کورد (کۆمەڵەو دیموکرات)، وا پێک هەڵپڕژان کە دەتکوت بۆ کوردکوشتن، بوونە یاریدەری خەلخالی و کومیتە چێکانی ورمی! لێرەدا بوو کە هێندێک کەس دەیانکوت: ئەرێ ئەگەر دەوڵەت هاتباو خودموختاری، یان سەربەخۆیی بە کورد دابا، ئەوانە چیان دەقەوماند؟! رێکخراوە کوردیەکان بەر لە شۆرشیش بەیەکەوە هاوبیری و دیالۆگیان نە بوو تا بتوانن لە بارودۆخەکان ئاگادار بن و بۆ رزگاری گەل بەیەکەوە تیبکۆشن. هەر بۆیە هەلوێستێکی تۆکمەو یەکپارچەیان نەبوو. هیچ کامیان لێکۆڵینەوەی مەیدانیان لە کۆمەڵگەی کوردەواری نە بوو. چاویان لەوە بوو بزانن زیندانێکی ناکورد وەک "جەزەنی" لە بارەی کوردان دا چی نووسیوە! ئەوان لە رِوی خوێندنەوەی لێکۆڵەرانی دەرەکی یان کتێبان بارودۆخەکانی کوردستانیان هەڵدەسەنگاند نەک وەک ئەوەی کە هەیە (هەبوو)، بەڵکا وەک ئەوەی کە دە کتێبەکان دا نوسراە! بەوحاڵەش قەت بەو بیرە نەگەیشتن کە پیویستە پرۆژەیەکی بەرینیان بۆ ناسینی کۆمەڵگای کوردەواری هەبێ و ئەو کارە زۆر لە خەباتی چەکداری بەکارترە! حیزبەکان لایان وابوو بە هۆی خەباتی چەکداری و بزاڤی شۆرشگێرانە و خۆبەختکردن، حکومەتی تازە وادار دەکەن بە مەیلی حیزبە کوردیەکان ببزونەوە.

**پرسیار**: دانوستانەکانت چون بینی لە نێوان حکومەتو حیزبە کوردیەکان پیموایە بۆ خوت لە چەند دانیشتن بەشدار بووی؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: لە حاڵێکدا حکومەت لە حەوتووی یەکەمی دوای شۆرش- کە یەکەمین شاندی ناردە مەهاباد- بە دیتنی چەشنی داخوازی ٨ مادەیی، لێیان حاڵی ببو کە ئەو رێکخراوانە، نوێنەری گشت خەڵکی کوردستان نین. لێرەدا ئاماژە بە ئەوە دەکەم کاتیک شاندی سێ کەسی(فروهر، سحابی و صباغیان) لە خەزەڵوەری ١٣٥٨ هاتنە مەهاباد، ئەمن بەر لە هەموولایەک، چاوم بە شاندەکە کەوت، وادەی چاو پێکەوتنی تایبەتیشم بۆ بەیانی رۆژی دوایە کاتی(٩- دەگەڵ خوالێخۆشبوو داریوشی فروهر، وەرگرت. پێشنیارەکەی من ئەوە بوو، شاندەکە بڕوانێتە ئەوەی چۆن دەکرێ بەشێک لە ئیختیاری بەڕێوەبەری ناوچە کوردێکان بە گەلی کورد بدرێ تا خەڵک هیوایان بە حکومەتی نوێ بێ، بە بڕوای زۆر کەسانیش، باشتر بوو دەگەڵ تێزی خودگەردانی موافقەت کرابا کە نەکرا. لەو روانگەوە دواتر (مانگی ٣ و ٤ ساڵی ١٣٥٩) لە وتارێک دا کە لە ژێر سەردێڕی "راەحل مسأله کردستان روکردن به خلق کرد است" (بڕوانە وێبلاگی خوم) بڵاو کرایەوە، وەزیری کشور، زۆر بە توندی و هەڕەشە وەڵامی دامەوە، ئەو کوتبووی: ئێمە دەمانەوێ ئەو چەکدارانە تەرت و تونا بکەین! دیاربوو ئەوان خۆیان تێکنابوو بە هەر شێوەیەک بێ، حیزبەکان لە ناو بەرن. بەڵام موشاوری عیلمی سەرکۆمار (دکتر موزەفەر پەرتوماە/ سنەیی)بە پێچەوانەی وەزیر، زۆر بە ئاواتەوە وەڵامی دامەوە. (بڕوانە وێبلاگی خوم).

**پرسیار**: من دیمەوە سەر ئەو پرسیارە کە ئایا پێویستی دەکرد دوای رووخانی حکوومەتی پاشایەتی، کورد خوی چەکدار

بکات لە شارەکان؟ ئایا ئەمە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان بوو؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: کاتێک حکوومەت لە ئارادا نەمابێ، چەکدار بوونی خەڵک بۆ خۆ پاراستنن، ڕەوتێکی نامۆ نییە؟ هەر وەک چالاکی بۆ دامەزراندنەوەی حکوومەتیش، ئەرکێکی پێویستی شارستانەتییە. وەک باسکرا لە لایەک حیزبەکان نەیان هێشت لە سەردەمی شۆرش لە کوردستان، حکوومەتی ناوچەیی کاتی سەر وە دەسەڵاتدارێتی (sovereignty) ناوەندی دابمەزرێ (کە خەڵک پێویستیان بە چەک بۆ خۆ پاراستنیش نەدەبوو). لە لای تر، حیزبەکان شارەزایی سیاسی و بەرنامەیەکی یەکگرتوویان بۆ ئەو سەردەم و مەبەستێکی وا نەبوو. بەڵکوو هەر کامەیان دەیەویست پتر لە وی دی دەسەڵات وەچەنگ بێنێ. بۆیە بە هەڕەمە هەڵکوتانە سەر خۆ چەکدار کردن. بەو چەشنە مەبەست و ناشارەزاییەکانیان داپۆشی. حیزبەکان لەسەرەتاوە بە ڕەوتێکی تەواو پاوانخوازانە و نادێموکراتیک دەست بەکار بوون. دەگەڵ حکومەتی تازەش بە بێ ئەوەی ناسیاوێکیان لێ هەبێ، بە ڕەوتێکی ناسیاسی و نامۆ بە چەکەوە داواکانیان ڕاگەیاند. خۆ کورد لە حکوومەتی تازە ڕانەسا بوو تا بە چەکەوە داوای سیاسی بکا؟ چ ئەزموونێکی شەڕیشی دەگەڵ حکومەتی تازە نەبوو؟ ئەدی بۆ حیزبەکان بەنێوی نوێنەری کوردان بەو ڕەوتە نامۆیە دەست بەکار بوون؟

**پرسیار**: یانی دەتەوی بلیی ئەو خو چەکدارکردنەی حیزبەکان بە مانای هەرەشە بوو لە حکوومەت؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: بەڵێ، ئەو کارەی حیزبەکان بە مانای هەڕەشە بوو: ئەگەر داخوازیەکەمان نەچێتە سەر، بە چەک دەیئەستینین! دیارە حکومەتی تازەش کە دە هێندەی کوردانی خەڵک لە پشت بوو، ئەو رەوتە نامۆیەی بە دەرفەتێک بۆ هێرش قۆزتەوەو لە سەرەتاوە خۆی بۆ شەڕ تێکنا. حیزبە کوردیەکان کە شارەزایی چالاکی سیاسیان نەبوو، تەنیا لە مەودای چەکداری دا بە خوێنی گەلی کورد دەیانتوانی خۆ بنوینن. دروشمی شۆرشگێرانە و پرۆپاگەندەی مارکسیستی، داپۆشەری ناشارەزایی سیاسی بوو. ئەوان بەم شێوەیە، خەڵکیان سەرقاڵ کرد. بیری شۆرەشگێرانەش بەتایبەت بەو چەشنەی مارکسیستە کوردەکان رەچاویان کرد، دەگەڵ فەرهەنگی دەرەبەگی وشەڕانخێوی کوردەواری یەکتریان دەگرتەوە. هەر بۆیە حیزبەکان بە ڕەوتێکی پراوپڕ لە هەست و کردەوەی رەمەکی و گۆترە، لە جیات ڕامان و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن، هروژمیان بۆ بزوتنەوەی چەکداری برد تا ناشارەزایی خۆیان لە سیاسەت دە تەقە دا وەشێرن. ئەوەش حاشای لێناکرێ، شەری شاخ لە کوردستان، جگە لە قەندیل (ئەویش تارادەیەک)، دەنا لە مێژ ساڵە لە بەر فرۆکەو هەلیکۆپتێری شەڕو چەکی نوێی ترو کۆمەڵکوژ، بەکار نەماوە. دیارە لە شەڕی دوو هێزی نابەرابەریش، هیزی کەم توانا سەرناکەوێ. بۆیە ئەو چەشنە شەڕانە دەکەونە شێوەگەلی تیرۆریستی. ئەو رەوتەش لە کورد ناوەشێتەوە.

**پرسیار**: بەڵام ئیستاش خەلکیک هەیە شەری چەکداری پی باشترە لە خەبات لە بوارەکانی تر؟

**عەبدوڵلا ئەبریشەمی**: ئاخر لێرەدایە کە سەرمان سور دەمێنی کاتێک دەبینین ژێکاف ٣٦ ساڵ بەر لە شۆرشی ١٣٥٧ (یانی کاتێک لە ١٣٢١ کۆمەڵەی ژێکاف لە مەهاباد دامەزرا)، خەباتی چەکداری بە کردەوەی ساویلکەیی داناو پشتی تێکرد. لەوەش سەیرتر ئەوەیە ئەورۆ کە پتر لە ٧١ ساڵ دوای هەڵوێستی دروست و شیاوی ژێکافە، ئێستاش بەرەیەکی کورد، لەسەر پێویست بوونی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵات پێدادەگرن! ئەو هەڵوێستە، ئێستاش ناشارەزایی لە سیاسەت، بارودۆخی دەوروبەر و جیهان دەنوێنێ. لە شەڕەکانی سەردەمی شۆرش دیتمان کە کار بە دەستانی حکوومەتی تازە، جگە لە مەیدانی شەڕ، گۆرەپانی پشت شەڕیشیان وەبەر هەڵمەتی گەمارۆی ئابووری دا. گەمارۆ بە تایبەت لە پارێزگای ئازربایجانی رۆژئاوا، بە ناشایستترین شێوە ناوچە کوردیەکانی خستە تەنگانەوە. بەچەشنێک کە بەری گەیشتنی کەلو و پەلی ژینیش گیرا، موچەو بودجەی ناوچە کوردیەکان ڕاگیرا، تراکتۆریش لە بەر نەبوونی گازۆڵ ڕاوەستا، بەڵام حیزبەکان لەو بارەوە گوێی خۆیان ئاخنی بوو. لەو نێوە دا خەلکی ئاسایی شاری مەهاباد بۆ لابردنی گەمارۆ وەخۆ کەوتن( وێژەری ئەو بابەتە، یەکێک لەوان بوو). با لە خۆمان بپرسین: کوا پێویست بوو "دوای رووخانی حکوومەتی پاشایەتی، کورد خوی چەکدار بکات؟" وەک ئاماژەم پێکردوە، لە سەردەمی شۆرش دەبوو هێزی چەکدار تایبەت بە چەشنێک حکومەتی کاتی ناوچە کوردییەکان بووبا. لە ڕەوتێکی وادا، هێزی چەکداری کوردیش تایبەت بە حکوومەتی ناوچەیی دەبوو نەک حیزبەکان. دیارە حکوومەتی ناوچەییش، بە رەوتێکی یاسایی سەر وە حکوومەتی ناوەندییە نەک دژ بە وی. هەوڵ بۆ یاسایی کردنی ئەو پێوەندیە، دوای دامەزراندنی حکوومەتی ناوچەی باشترین دەرفەت بوو کە حیزبەکانیش وەک بنکەیەکی سیاسی - نەک چەکداری - یاریدەری خەڵک بن. لەم بارەوە، لایەنی حکوومەتی تازەش پێشنیاریان کرد: "با کوردان بۆخۆیان، بەو چەکدارانەی هەیانە، نگاداری سنورەکان بن". ئەگەر حیزبەکان دڵسۆزی کورد بان و لە سیاسەت شارەزا، ئەو دەرفەتەیان دەقۆستەوە، خۆیان و خەڵکیان تووشی ئەو نەهاتیە نە دەکرد. سێ مانگ بەر لە شۆرش، بۆ دامەزرانی حکومەتی کاتی ناوچەیی بە"شورای اجتماعی مهاباد" (لە مزگەوتی حاجی سەید بایز بە پێشنوێژی مامۆستا شێخ عیزەدین) پێشنیارەکەم بەو چەشنە دەست پێکرد: لە ئێستاوە لە مەهاباد کۆمیتەیەک دابمەزرێ کە هەوڵ بدا لەو شارە نزیک بە ١٥٠ کەس خوازیاری باوەڕپێکراو بۆ چەکدار بوون هەڵبژێردرێ و خۆ تێک بندرێ کە لە هەلی هەڵکەوتوو ببێتە جێگری دەسەڵات لەو شارە. دوایە هیزی چەکداری کورد، بۆ جێگری ژاندارمی ناوچە تەیار بکرێ و نەیەڵن چ کەسێک یان چ حیزبێک چەک هەڵبگرێ، بەڵام حیزبەکان کە شوڕایان بەدەست بوو، هاودەنگ نەبوون. پاوانخوازی پێشی چاوی گرتبوون. حیزبەکان چەکداربوونی خۆیان لە دامەزراندنی حکوومەت یان دەسەڵاتی ناوچەیی کاتی پێ باشتربوو. ئەوان، دوایەش لە بەشدار بوونی من- وەک جیابیرێک- لە شۆرای شار بەرگریان کرد. ئەوەش نموونەیەک لە نادێموکراتیک بوونیان بوو. ئەمن کە جار جار، بەیانانیش دەچوومە مزگەوتی حاجی سەید بایز کە کۆمۆنیستەکان لەوێندەرێ کۆ دەبوونەوە، دەمەویست بیان هێنمە سەر ئەو باوەڕە کە لەو دەرفەتانەی بە شەپۆلی شۆرش رەخساون، وێدەچی کارێک بۆ کورد بکرێ، بەڵام کۆمۆنیستان، ئاواتی خۆیان لە سەروی بەرژەوندی گەلی کورد دادەنا. حیزبی دێموکراتی ئەو کاتیش تەواو هاودەنگی کۆمۆنیستان بوون.



سەرچاوە
Serchawe

کۆمۆنیستەکان دواجار بە توندی دەنگیان دام کە لە مزگەوتیش نەچمە لایان. تەنانەت کەوشەکەمیان لە کەوشکەن لابردبوو! ئیدی نەچوومەوە لایان.

**پرسیار**: ئەی دوای چیتان کرد؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە حیزبەکان بدەمەوە، دەستم لەتێکۆشان نەکێشاوە. لەخەڵکم گێراوە کە لە "خانە جوانان" کۆ ببنەوە، لەوێ قسەم کرد. ئەوجار خۆ بە کۆمۆنیست زانەکان بە ڕاشکاوی دەستیان بە تیرۆری کەسایەتی من کرد، بە وتەی زۆرکەسان، حیزبەکان دەیانەویست کارێکی وا بکەن هیچ جیابیرێک نەوێرێ پەل ببزێوێ و زار هەڵپچڕێ و قەڵەم بە دەستەوە بگرێ، تا کەس نەویری ڕەخنە لە حیزبەکان بگری، ئەو کەسەی بە نێوی خوازراوی "خنکاو" دوو بابەتەی نووسی و نیشانی زۆر لە من شارەزاترە، ئیدی نەی وێرا بەو نێوە خوازراوەش شت بنووسێ! بەڵام ئەمن خۆم شلوێ نەکرد و درێژەم بە چالاکی دا. لە بەهارێ دا، دەگەڵ کۆمۆنیستان بۆ دامەزراندنی زانکۆ هاوکاریم کرد و بە کردەوە پرۆژەکەم بە دەستەوە گرت/ بروانە وێبلاگ چەکدار بوونی حیزبەکان، شەڕی حیزبانی لێکەوتەوە. لە کاتێک دا دوو حیزب زۆر بە توندی وە بەر پەلاماری هێزەکانی حکوومەت درابوون، پێک هەلپرژان. سەرۆکی پێگەیەکی دێموکرات دەگێڕێتەوە: دوای تەقەیەکی توند کە لە نیوان پێگەی ئێمەو کۆمەلە ڕویدا، چەند کاتێک تەقە بڕا، لە ناکاو یەکیک بە ئالای سپی لە لای بنکەی هیزی سەروە حکوومەت بەرەو بنکەی دیموکرات هات، پەیام ئەوە بوو: بۆ تەقەتان نەماوە؟! چ تەقەمەنێک و گەرەکە تا بۆتان بنێرین! ئەوەش بەشێک لە کاردانەوەی چەکداربوونی حیزبەکان و شەڕیان دەگەڵ حکوومەت: لایەنی حکوومەت لە سەرەتای شەڕەکان: تەنیا بە شەڕ، چارەی کێشەی کورد نایا! هەڵمەتی فەرهەنگیش پێویستە! دەسکەوتی چەکداربوونی حیزبەکان: پێشنیاری تەقەمەنی بۆ یەکترکوژی ، لەجیات خودموختاری بۆ کوردستان! دواتر: مەواد، لەجیات چەک بۆ خەڵکی ئاسایی! بێ هەست و خوستی لە بەرامبەر پێشێل کردنی مافی گەل و لکاندنی وڵاتی کوردەواری بە لای ناکوردەکان.

**پرسیار**: لە سەرەتای شۆرش زیاد لە ڕێکخراوێکی کوردی دامەزران بە تایبەت چەندین ریکخراوی مارکسیستی توندرەو هاتنە کوردستان. ئەمانە چ ڕۆلیکیان هەبوو لە ئالۆزکردنی دۆخەکە؟

**عەبدوڵڵا ئەبریشەمی**: بە بڕوای من دامەزراندنی حیزب لە کوردستان کە خەڵک لە مافی چارەی خۆنووس بێبەرین، وەک پردەبازێکی سیاسی بۆ دابین کردنی ئەو نەهاتیە، نابێ ئالۆزی هێنەر بێ، بەڵکوو نەبوونی بیرو ڕوانگەی سیاسی شیکراو بۆ چەشنی بزووتنەوەی حیزبایەتی ئالۆزی هینەرە. حیزبایەتیش لە کوردستانی ڕۆژهەلات، لە دەیەی بیست(١٣٢٠) دەستی پێکرد کە تا ناوەڕاستەکانی دەیەی چل، ڕەوتی بزووتنەوەی سیاسیو مەدەنی هەبوو کە ڕەوتیکی دروست بوو. ئەگەرچی

حیزبی دیموکراتی ئەودەمیش کە هێشتا ڕەقیبی پەیدا نەکردبوو، شارەزایەکی لە مەودای سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و ئەخلاقی حیزبایەتی نەبوو. هۆی شکست و نەهاتیشی پتر ئەو هۆیە بوو. بەڵام بەو حاڵەش چونکو حیزبی دێموکرات تا ناوەڕاستەکانی دەیەی چل، هەر لە مەودای خەباتی مەدەنی دامابوو، دیسانیش ئەوانەی کوژران، ویرای شەهیدانی سەردەمی ڕووخانی کۆماریش، نە دەگەیشتە ٤٠ کەس، لە حاڵێکدا لە ناوەڕاستەکانی دەیەی چلەوە، کە دەستەگەلی مارکسیست وەخۆ کەوتن و هەردوک لا کەوتنە داوی بزووتنەوەی چەکداری تا ئەوڕۆ دەیان هەزار کەس کوژراوە، چەند ئەوەندەش هەڵوەدا بووە، گەلێک خەسار پێکهاتوە کە لە ٤٠٠ ساڵ بەرەوە نەدیتراوە. دەسپێکی ڕەوتی چەکداریش بەو چەشنە بوو: بە شێک لە سەرکردەو ئەندامانی هەڵاواردەی حیزبی دێموکرات- کە لە گەرمێن بوون- کەوتنە نێو بازنەی یاریدەری شۆرشی ئەیلول. دیارە کە ئەوکارەیان وەک ئەرکێکی پیویست بوو. لەو سەردەم دا شۆرشی ئەیلول بە تەواوی لەسەر شانی خۆی کورد راوەستا بوو، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتیشەوە خەڵک یاریدەیان دەدان و ئەوەندەی من ئاگام لێی هەیە، بە بێ پارە کەل و پەلی دەرمانیان بە ڕۆژهەڵاتیان- کە لە شۆرش دا بوون- دەگەیاند، بەوچەشنە حیزبی دێموکرات نەخوازراو کەوتە سەر پردەبازی چەکداری. لەو نیوەدا رژیمی پەهلەویش کە بە هاودەنگی ئەمریکا دەستی بە یاریدەی فێڵبازانەی شۆرشی ئەیلول کرد، لە دەرفەت کەلکی وەرگرت و مەرجی یاریدەی خۆی( کە شۆرش پێی بەسترابوویەوە) بە گەڕاندنەوەی پەنابەرن بەستەوە. بە داخەوە، پێویست بوونی یاریدەی دەرەکی بۆ خەباتی چەکداری دە داوکەوتنی نەخوازراویشی هەیە. رژیمی پەهلەوی لەو دەرفەتە دوو پلانی خۆی دژ بە کورد دەست پێکرد: یەکەمیان بەستنەوەی شۆرشی ئەیلول بە یاریدەری دەرەکی، دووهەمیان گەڕاندنەوەی دیموکراتەکانی ڕۆژهەڵات. چونکوو رژیمی پەهلەوی لە دەست حیزب جاڕز بوو، دەیدیت بە گرتن و لێدان و کوتان باشاریان ناکا. بۆیە لە داو کەوتنی ئەوانی (لە خەباتی چەکداری) قۆستەوە، ئەوجار بە بێ دادگایی هەرچی ئەندامی حیزب بوو، ئەگەر هاوکاری رژیمی نەکردبا وەبەر دەسرێژ دەدرا، بەڵام خەباتی چەکداریکوردتش دەگەڵ بیری باوی شۆرشگێرانەی پتر مارکسیستی و دژ بە کۆلۆنیالی پڕاو پڕ یەکتریان گرتەوە. هەر لەو دەمەوە دەستەگەلی مارکسیستی کوردیش وەخۆ کەوتن. لەو نێوە دا رووداوەکانی ٧ - ١٣٤٦ بوون بە هۆی دڵتەزێنی کوردانی ڕۆژهەڵات. لە دەسپێکی شۆرشی ١٣٥٧ دێموکرات و دەستەگەلی مارکسیست، لەجیات ڕەچاوکردنەوەی خەباتی مەدەنی، هروژمیان کردە بزاڤی چەکداری. ئەوان نەیانتوانی خۆیان لە سۆزی دەساڵ پێش ڕزگار کەن. نموونەکەشی دانانی مادە ٨ بوو. هەردوک لایەنی حیزبەکان، هەر بە سۆزەوە، بێ رامان لە بارو دۆخ و ئاگاداری لە کۆمەڵگای کوردو ئیران و جیهان، بە بێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی توانایی خۆیان و شۆرشی بە هێزی ئێران، ڕێگای بزووتنەوەی چەکداریان هەڵبژارد. ئەوەش چاوەڕوان کراو بوو کە بزووتنەوەی چەکداری شەڕی حکومەت و ناوخۆی حیزبەکانی لێدەکەوێتەوە. بەو چەشنە، حیزبایەتی لە مەودای کاری هوشیارانەی سیاسی کە تێفکرین و ڕامان و زانیاری دەوێ، بازدی دا بۆ سەر پردەبازی چەکداری دەرەبەگانە کە جگە لە خۆ بەختکردنی مرۆڤ و لاوە بە هەست و سۆزەکان، چ پێویستێکی بە زانیاری و هوشیاری سیاسی نییە، تەنیا هەست و سۆزی گەرەکە!

**پرسیار**: چالاکی رەوتی کمونیستی لە کوردستانی ئێران لەو قوناغە چن هەلدەسەنگینی؟

**عەبدوڵلا ئەبریشەمی**: لە مەڕ بیرو چالاکی کۆمۆنیستانیش، دەکرێ بڵێین: کاتێک کوردی ڕۆژهەڵات، دەسەڵاتی بە سەرخۆی دا نییە، تەنانەت خاوەن حکومەتی ناوچەییش نییە، قسە لە مارکسیسم و مافی چینی چەوساوە خۆفریودانە. بۆیە مارکسیستە کوردیەکان، پتر لە بیری ئیران دان تا کوردستانی بێبەش لە حکومەت. بۆیە کۆمۆنیستی کوردیش پێویستە تێ بکۆشی تا کوردیش بە چەشنێک دەسەڵاتی گشتی بگا بەشکەم دواتر بتوانێ تا رادەیەک روانگەی مارکسیستی خۆی بەرێتە پێش. لە رەوتیکی ئەوتۆ دا فرەحیزبی ئاڵۆزی هینەر نابێ، چونکوو بەرنامەی سەرەکی گشت حیزبەکان دەبێتە دابین کردنی مافی چارەی خۆنووس تا ئەو ڕادەیەی کە دەگونجێ. ئەو ڕەوتەش بە هاوکاری گستی و هێمنایەتی و هەنگاو بە هەنگاو دەکرێ، بە ڕامان و هزر و بیر دەچێتە پێش و چ پێویستی بە پردەبازی چەک داری نییە. لە مەڕ گروپە مارکسیستیەکانی سەراسەریش لە سەردەمی شۆڕش، ئەوان ئەو دەرفەتەیان لە کوردستان بۆ رەخسا کە توانیان بە گیان و ماڵی بەلاشی کوردان بە ڕاشکاوی دژایەتی دەگەڵ حکوومەتی تازەی ئیران بکەن کە لە ناوچەکانی دی بۆیان نەدەگونجا. بەو چەشنە ئەوانیش بەشێکیان لە وەڕێخستنی هیرشی حکومەتی تازەی ئێران بۆ سەر کوردستان هەیە. ئەو نەهاتیانە لە نەبوونی حکوومەت لە کوردستان سەریان هەڵدا. وەڕێ کەوتنی "گروە زەربەت کارگران" لە مەهاباد، ماوەیەک دوای شۆرشی ١٣٥٧ نەبوونی حکومەت لە کوردستان و پێوێست بوونی دەسەلمێنێ، بەڵام ئەوانەی بەری بیرکردنەوەی خۆیان گرتووە هەر دروشمی خەباتی چەکداری بەرز دەکەنەوە، باشترە، کەمێک ڕابمێنن و خۆ تێک بنێن و هەوڵ بدەن بنکەگەلی لیکۆڵینەوە لە ناو وڵات دابمەزرینن تا شارەزایی خۆیان لە بارودۆخەکانی وڵات و سیاسەت و کۆمەڵگا بەرزکەنەوەو ئیدی هەر بە سۆزەوە قسە لە خەباتی چەکداری نەکەن! ئەورۆ حیزبەکانیش پیوەندێکی ئەوتۆیان بە کۆمەڵگا نییە، ئاگاداریەکی دروستیشیان بەدەستەوە نییە تا بتوانن لە بارودۆخی وڵاتدا هەڵوێستیکی شیاو بگرن، خۆ بە هەست و سۆز و لە رووی کتێبان و پرۆپاگەندە ناسیاوی پێویست بەدەست نایا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## حامید مەعروفیی: بزووتنەوەی کوردیی وتوویژی هەبێ، بەڵام وتوویژ دەکرێ شەرتی هەبێ.




**دیمانەی هەفتەنامەی (ئاوێنە) لەگەڵ مامۆستا حامید مەعروفیی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی ڕێکخراوی خەبات.ی شۆڕشگێڕی کوردستان ...**

**(بەشی یەکەم)**

**تێبینیی: ئەمە دەقی ئەو دیمانەیە کە ماوەیەک لەوەپێش چەند پارچەیەکی لەلایەن ڕۆژنامەنووس، خالید محەممەدزادە، لە سایتی ناوبراو بڵاوکراوەتەوە، هەروەها چەند برگەیەکی لە ڕاپۆرتێکدا لە هەفتەنامەی (ئاوێنە) و ماڵپەڕی ئەو هەفتەنامەیەدا ئاماژەی پێکراوە.**

**خالید محەممەدزادە**: مامۆستا! پێشەکیی سوپاست دەکەم بۆوەی کە بەشداریی دەکەی لەم چاوپێکەوتنەدا. ویستم یەکەم پرسیار بەوە دەستپێبکەم کە سازمانی (خەبات) بۆ دامەزرا؟ لەپێناو چیدا؟ ئایا زەروورەتێک هەبوو یا بە هەڵکەوت بوو؟ چۆن بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئاوا کرایەوە؟

**حامید مەعروفیی**: سەبارەت بە دروستبوونی ڕێکخراوێک یان تەشکیلاتێکی سیاسیی حوکمکردن ڕەنگە نادروست بێ یان تەواو نەبێ. بەڵام ئی سازمانی خەبات یا ڕێکخراوی خەبات(خەباتی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران) شێوەی دروستبوونەکەی دیارە، بە حوکمی ئەوەی بە بەرچاوڕوونییەوە ئیشەکە کرا. مەبەستم ئەوەیە کە کۆمەڵێک خەڵک نزیک بەساڵێک چالاکییان هەبوو،چالاکیی سیاسیی و نیزامیی و بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ و فەعالیان هەبوو لە بزووتنەوەدا لەژێر

ناوی (دەفتەر) یا لەژێر ناوی (دەفتەری مامۆستا شێخ عیززەددین)دا، لەو فەترەیەشدا بە زۆر شێوە یان لەلایەن زۆر کەسان لە کەسانی دەوروبەرەوە هەوڵدراوە بۆ گۆڕینی ئەو حاڵەتەی کە دەفتەر هەیەتی بۆ تەشکیلاتێکی سیاسیی.

**پرسیار**: یانی بناغەی سازمان (دەفتەر) بوو؟

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ دەفتەرە. یان بە دەربڕینێکی تر دەکرێ بڵێین ئەوانەی (خەبات)یان دامەزراند کەسانێک بوون کە لە (دەفتەر)دا چالاک بوون. لە بارودۆخێکدا کە دەفتەر لە یەک دوو قۆناغدا وای نیشانداوە کە حەزی لەو جۆرە کارانە نیە و نایەوێ درێژە بەم ڕەوتە بدا، زۆر کەس و لایەن بە نیاز بوون ڕێکخراوێک دروست بکەن. ئەوەندەی ئێمە بیستوومانە و بۆیان گێڕاوینەوە مامۆستا عەبدوڕڕەحمان زەبیحیی و مەلا کەریم ساردەکۆسانیی، لەگەڵ مامۆستا مەلا خدر عەبباسیی و مامۆستا شێخ جەلال حوسێنیی و خەڵکێکی دیکە، بە قەولی ئێستا تەنانەت خەڵکی لائیک و عەلمانییش لەو جەمعەدا هەبوون، ئەوانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان هەوڵیانداوە بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێک. جا ئەو ڕێکخراوە چ دەبێ و چ نابێ،

ڕەنگە ئێستا نەتوانین بە وردیی باسی بکەین، چونکە هەموویان یەکدەنگ نەبوون لەسەر ئەوە کە ئەو ڕێکخراوە چ بێ و چۆن بێ؟ ئیسلامیی بێ، عەلمانیی بێ، سۆسیالیستیی بێ؟ یا هەر جۆرێکی تر.

**پرسیار**: مامۆستا تۆ دەڵێی سازمان لەسەر بناغەی دەفتەری مامۆستا شێخ عیززەددین دامەزرا، ئایا مامۆستا شێخ عیززەددین ڕازیی بوو بە دامەزراندنی ئەو سازمانە؟

**حامید مەعروفیی**: عەرزم کردی، مامۆستا لە یەک دوو قۆناغدا وای نیشاندا کە حەزی لەم ڕەوتە نیە. لە شوێنی تریشدا ئەمن ئاماژەم بۆ کردووە دوای ئەوەی چریکەکان (حامیدبەگی جاف)یان لە مەهابادێ کوشت، یەک دوو شتی دیکەش لە نیزیک سنوورەکان روویدا، مامۆستا لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاند کە ئێمە کۆمەڵ و جەماعەتی چەکدار و نیزامییمان نیە. ئەوە دوای کۆمەڵێک هەوڵ بوو بۆ دروستکردنی ئەو ڕێکخراوە. تەنانەت لە بارودۆخێکدا هەوڵدراوە کە مامۆستا شێخ عیززەددینیش هەبێ لەگەڵ ڕێکخراوەکە، بەڵام ئەگەر بچیەوە ئەو قۆناغە و دەوروبەری مامۆستا بخوێنیەوە، بۆت ڕووندەبێتەوە ئەو خەڵکانەی لە دەوروبەری مامۆستا بوون، بە گشتیی، بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبوو.

**پرسیار**: (کۆمەڵە) بوون؟ چەپ بوون؟

**حامید مەعروفیی**: هەموو جۆرە کەسێکی لێبوون، کەسایەتیی سیاسیی و ئایینیی و کۆمەڵایەتیی و ڕووناکبیر و لائیک و ...

**پرسیار**: ئەوانە موخالیفی دامەزرانی سازمانی خەبات بوون؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر، مەبەستم ئەوەیە ئەو جەمعە هەر کۆمەڵەی بە جۆرێک ویستوویانە شتێکی رێکخراو وەک تەشکیلاتێکی سیاسیی دروست بکرێ.

**پرسیار**: دوای ئەوە کە دەفتەر نەمێنێ؟

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ! دەفتەر بگۆڕێ بۆ ئەو رێکخراوە، تەنانەت پێشنیار بە مامۆستاش کراوە. من لە کتێبی "بیرەوەرییەکانی عەلی کەریمیی"دا ئەوەم خوێندۆتەوە کە تەنانەت کەسایەتیی سیاسیی کوردی دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بیروڕای خۆیان لەو بارەوە دەربڕیوە و قسەیان کردووە سەبارەت بەوەی کە ئەو رێکخراو و تەشکیلاتە سیاسییە چۆن بێ، یا پێوەندیی لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەدا چۆن بێ؟ و مامۆستا شێخ عیززەددین چۆن پێوەندیی هەبێ لەگەڵ ئەو حیزبانە؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو جەماعەتە کە ویستوویانە (خەبات) دروستبکەن دوای زیاتر لەساڵێک پێشینە و ڕابردوو کە ئەو کۆمەڵ و جەمعە هەموویان بەشدار بوون لە شۆڕشی دژی سەڵتەنەتییدا، هەوڵی پێکهێنانی ئەو رێکخراوەیان دا.

**پرسیار**: مامۆستا! ئەگەر بکرێ بە ڕوونیی ناوی دامەزرێنەرانی (خەبات) باس بکەی؟

**وەڵام**: دامەزرێنەرانی (خەبات) ئەو کەسانە بوون. دیارە بەر لەوە ناویان بێنم پێویستە ئاماژە بکەم کە دوو جار ئەساسنامەی رێکخراوێکی لەو شێوە نووسراوە، ناڵێم (خەبات) بەڵام ئەساسنامەیەکی لەو جۆرە، واتە هەم دژی دین نەبێ و یا بڵێین تا ڕادەیەک ئیسلامیی بێ و نەتەوەیی بێ، دوو جار نووسراوە .

**پرسیار**: کێ نووسیویەتی؟

**حامید مەعروفیی**: ئەوەندەی من بیستوومە بە بیستن، ئەساسنامەی یەکەم دەبێ مامۆستا عەبدوڕڕەحمان زەبیحیی نووسیبێتی کە ئەو ئەساسنامە دوایە لە جەرەیانی خوێندنەوە و رەخنەلێگرتن و تەواوکردندا بە جۆرێک لە جۆرەکان ونکراوە. بە دوای ئەو قۆناغەدا ئەساسنامە کە دەنووسرێتەوە، مامۆستا مەلا خدر عەبباسیی نووسیویەتی و ئێستا دەستنووسەکەی ماوە کە بە خەتی مامۆستایە.

**پرسیار**: ئیتر سازمان لەسەر ئەو بەرنامە دادەمەزرێ؟



سەرچاوە
Serchawe

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ. دیارە دەبێ ئەو ڕاستییە قبوڵ بکەین کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێندێک کەسایەتیی سێبەریان بەسەر خەڵکانی دەوروبەریاندا زاڵ و بەرینترە، یا بە قەولی ئەورۆیی کەسایەتیی کاریزمایی وەردەگرن. ئەوانەش کە تا ڕادەیەک لەنێو ئەو جەمعەدا بەرچاوتر بوون لە دەوروبەرەکەیان، مامۆستا مەلا خدر عەبباسیی و مامۆستا سەید جەلال حوسێنیی و مامۆستا مەلا کەریم راوچیی و مامۆستای شەهید سەید خەلیل شەریفییان بوون.

**پرسیار**: ئەم چوار کەسە سازمانیان دامەزراند؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر! نەک هەر ئەم چوارە بە تەنیا، ئەو چوار کەسە دیارترین کەسایەتیی نێو دامەزرێنەران بوون، ئەگینا زۆر کۆبوونەوە کراوە بە بەشداریی خەڵکێکی زۆرتر. یەکێکی دیکە لە ئیمتیازاتی دروستبوونی سازمانی (خەبات) ئەوەیە کە تەنیا بە کۆبوونەوەیەک و دوو کۆبوونەوە ئەو کارە نەکراوە، بە جاران کۆبوونەوە کراوە. ئەو دێهاتانەی دەوروبەری بانە و سەردەشت وەک (سیاومە)، (بەردەڕەش) و.... چەندین کۆبوونەوەیان تێدا کراوە بەو مەبەستە. بۆیە دەڵێم عەینی دروستکردنەکە بە یەک جار و بە سەعاتێک و بە کەسانێکی کەم نەبوو. لەو پێوەندییەدا ڕاوێژ بە کۆمەڵێکی زۆر کراوە و زۆر جار بە حوکمی زروفی ئەو کاتە کە ئەرکی میوانداریی پێشمەرگە قورسایی هەبووە بۆ خەڵک، شوێنی کۆبوونەوەکانیان گۆڕیوە. بەڵام ئەوانەی کە لە یەکەم کۆنگرەشدا هەڵبژێراون بۆ سەرکردایەتیی، لانیکەم یازدە کەس بوون کە دەکرێ وەک دامەزرێنەر حیسابیان بکەین.

**پرسیار**: ئەو یانزە کەسە کێ و کێن؟

**حامید مەعروفیی**: ئەوانەی کە دواتر ئەمن دیمن لە سازمانی (خەبات)دا سەرکردایەتیی بوون، مامۆستا شێخ جەلال و مامۆستا مەلا خدر و مامۆستا مەلا کەریم و مامۆستا سەید خەلیل و جەمعێکی دیکە بوون.

**پرسیار**: مامۆستا شێخ جەلال لە دیمانەیەکدا لەگەڵ من کە لە سایتی دیمانەدا بڵاو کراوەتەوە، دەڵێ دامەزرێنەرانی خەبات من بوومە و مامۆستا مەلاخدر؟

**حامید مەعروفیی**: ئەمن پێموایە ئەگەر بۆخۆت بچیەوە تەماشای واقیعەکە بکەی، یانی واقیعی ئەوکات بخوێنیەوە، کە جۆری گەڕان و جەولە و پێشمەرگایەتیی و خەڵک و کۆبوونەوە لە مزگەوتان و بە تایبەت ئیجتماعاتی سیاسیی سەبارەت بە دروستکردنی ڕێکخراوێکی وەک (خەبات) کە هەر لە سەرەتاوە کەسانێک موخالیفی دروستکردنەکەی بوون، بۆت دەردەکەوێ کە ناشێ دامەزرانی ئەو حیزبە کورت بکەیەوە بۆ کەسێک و دوو کەسان. بە جۆرێک لە جۆرەکان من ئەوەم پێ

باش نیە، چونکە سەرکردایەتیی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی یازدە کەس بوون.

**پرسیار**: هەموویان بانەیی بوون؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر، بۆ نموونە یەکێک لە کادرە بەرجەستەکان شەهید مامۆستا سەید عەبدوڵڵا ئارام بوو کە خەڵکی مەنتیقەی مەهاباد بوو، مامۆستا مەلا کەریم خەڵکی مەنتیقەی سەقزە و....

**پرسیار**: مامۆستا! باسی ئەو کێشانەت کرد و گوتت ئەو کێشانە هەر لە دروستبوونی سازمانی خەباتەوە هەبوو؟

**حامید مەعروفیی**: مەبەستم لەوە کە گوتم لە پێش دروستبوون، بەر لە ساغبوونەوەیە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکە. ئەو جەمعەی کە لە دەوروبەری دەفتەر بوون هەموویان موافیقی ئەو پەیڕەو و پرۆگرامە نەبوون، تەنانەت دەکرێ تێیاندا بووبێ کە موخالیفی دروستکردنی بووبێ.

**پرسیار**: ئەو کێشانە دواتر دێنە نێو دەستەی دامەزرێنەری خەبات؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر، ئەوانەی کە موافیقن ڕێکخراوێک لەسەر ئەو شێوە دروست ببێ، جەمعی خۆیان جیا دەکەنەوە و (خەبات) دادەمەزرێنن و، ئەوانەش کە رازی نەبوون، نەهاتنە ناو (خەبات) تا کێشەکانی پێش دامەزراندن لەگەڵ خۆیان بێننە ناو (خەبات.(

**پرسیار**: مامۆستا! بەڵام خەڵکیش هەیە لەو دەستە کە موخالیفی ئەو بەرنامە و ئەساسنامە دەبێ کە مامۆستا مەلا خدر نووسیویەتی؟

**حامید مەعروفیی**: حەتمەن هەبوون، بەڵام ئەوانە نەهاتوون. ئەوانە کۆمەڵێکی دیکە بوون کە لە دەوروبەری دەفتەر مابوونەوە.

**پرسیار**: ئایا مامۆستا شێخ جەلال حوسێنیی یەکێک لەو کەسانە بوو کە موخالیفی ئەو بەرنامەیە بوو؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر، بێگومان مامۆستا شێخ جەلال موافیق بوو، چونکە دەکرێ بڵێم کەسایەتیی کارا و چالاک ئەو سێ چوار کەسە بوون کە عەرزم کردی.

**پرسیار**: بەڵام مامۆستا! ئێستا دوو سازمانی خەبات هەیە ئەوەی کە دەیبینین. زۆر جار باس دەکرێ کە سازمانی خەبات تەنیا حیزبێکی ئیسلامیی بووە، یان دەڵێن نەتەوایەتیی بووە، هەیە دەڵێ نەتەوایەتیی و ئیسلامیی بووە، تۆ وەک کەسێکی ئاگادار پێم بڵێ ئایا یەکەم ڕۆژ کە دامەزرا، ئایا ئیسلامییەکی سیرف بوو، یا نەتەوایەتیی و ئیسلامیی بوو، دەقیقەن نێوەکەی چ بوو؟

**حامید مەعروفیی**: نێوەکەی (ڕێکخراوی خەباتی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران) بە فارسیش (سازمان مبارزه ملی و اسلامی کردستان ایران) بوو و لە دوای ناوە درێژەکەشی دەنووسرا (خەبات .(ئەگەر بتەوێ بەجوانیی تێبگەی لە مەسەلەی دامەزرانی خەبات، ئەوەی من بیڵێم ڕەنگە بێ ئینسافیی تێدا بێ یان کەموکووڕیی هەبێ. بەڵام ئەگەر وەک واقیعێک بگەڕێینەوە ئەوکاتە و بە چاوێکی واقیعبینانە لە بارودۆخی ئەوکات تێفکرین، یان بەجۆرێک لە جۆرەکان وەک مێژوو و بیرەوەرییەکان ئەمدیواودیوی بکەین، پێموایە لە ڕاستیی نزیکترە و وەرگرتنی ئاسانترە. یانی ئەگەر ئاوا بە وردیی و دروستیی سەیری بکەین، چۆنییەتیی دروستبوونی ئەو ڕێکخراوە کە چ بووە، ئیسلامیی بووە یا نەتەوایەتیی، بە ڕوونیی دەردەکەوێ.

**پرسیار**: ئێستا تۆ خۆت پێتوایە ئیسلامیی بووە یا نەتەوەیی بووە؟

**حامید مەعروفیی**: ئەمن عەرزت دەکەم . بەڵام با جارێ کێشەیەکی دیکەی خۆمت بۆ بڵێم: بە درێژایی ئەو چەند ساڵانەی کە ئێمە لەشۆڕشدا بەشدارییمان کردووە، وەختێک مەراسیممان گرتووە (ڕێورەسمەکانی ساڵیادی دامەزراندن و....) زۆر جار ئیشارە کراوە: بە هۆی بارودۆخێک کەلێنێک لە بزووتنەوەدا هەبوو کە ئەو کەلێنە بە دروستبوونی سازمانی (خەبات) پڕ دەکرایەوە....

**پرسیار**: ئەو کەلێنە چییە؟ مەسەلەن حیزبی دێموکڕات نوێنەرایەتیی باڵێک بە ناوی نەتەوەیی دەکات، کۆمەڵە نوێنەرایەتیی چەپی کوردستان دەکا، چەندین ڕێکخراوی سەرانسەریی دێنە کوردستان، چریکەکان، سازمانی موجاهیدین و...، دەستەی نوێنەرایەتییەک هەبوو لەوێ، ئەو کەلێنە چی بوو کە (خەبات) دەیویست پڕیکاتەوە؟

وەک خۆی باسی کەلێنەکەم بۆ بکە؟

**حامید مەعروفیی**: بارودۆخی ئەو کاتی کوردستان - نازانم جەنابت لە باری تەمەنەوە چەندەت بەبیرە یا چۆنی دەخوێنیەوە - دۆخێکی تایبەت بوو و، کوردستان بە ناهەق نێوی نرابوو سەنگەری "آزادگان". یانی جێیەنای ئەو خەڵکانە

بوو کە وردە وردە لە ئێرانی فارس هەڵدەهاتن...

**پرسیار**: بە ناهەق پێی دەگوترا سەنگەری "آزادگان"؟!

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ! چونکە خەڵکی زۆر خراپیان تێدا بوو. لە نەکاوێک دەتبیست و دەتدی کە فلان سەڵتەنەتتەڵەب لەوێیە، یان کومونیستەکان و (چریک)ەکان و (شەفەقی سوور) و...- نەبێتە پاساو بۆ هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیی- بەڵام ئەو ناولێنانە زۆرتر وایکرد و بە جۆرێک لە جۆرەکان زۆرتر هاندانی تێدابوو بۆ زیاتر پەرەپێدانی ڕادەی دوژمنایەتیی دەسەڵاتی تازە لە دژی کورد و، یان با بەدەربڕینێکی تر بڵێین لەبەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەو کاتەدا و فارسەکان و دەستەو دایەرەی ئینقلاب، کوردستان بوو بە پەناگەی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لە ڕوانگەی دەسەڵاتی تازەی ئێرانەوە وەک "عەناسوری نامەتڵوب" هەژماردەکران. ئێمەش دەبێ قبوڵی بکەین ساواکیی تێدابوون، ئەرتەشیی کۆنی تێدابوون. جا ئەوە بەشێکە لە مەسەلەکە و ئەوانە بۆخۆیان شتیان پێبوو. مەسەلەن هەبوون لە باری مەزهەبییەوە پێچەوانەی باوەڕی خەڵکی کوردستان بوون، هەبوون وەک باری سیاسیی تەنانەت مافی نەتەوایەتییشیان قبوڵ نەبوو جا چ وەک تاک بن یان کۆمەڵ و.....

**پرسیار**: مامۆستا! عەفومکە قسەکەت پێدەبڕم. ئەوە بەشێک لە قەزیەکەیە کە ڕێکخراوە سەرانسەرییەکان دێنە کوردستان. من باسی ئەوەم کرد ئەوکات کۆمەڵە هەبوو نوێنەرایەتیی چەپی کوردی دەکرد، دێموکڕات هەبوو - وەک خۆیان دەڵێن - نوێنەرایەتیی بەرەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکرد، یا بڵێین مامۆستا شێخ عیززەددین دەیگوت هەم کۆمەڵە و هەم دێموکڕاتم و هیچ شتێکیش نەبوو. تۆ وتت کەلێنێک هەبوو. من دەمەوێ دەستنیشانی ئەو کەلێنەم بۆ بکەی، هەر کام لەو حیزبانە دەڵێن: مەسەلەن کۆمەڵە دەڵێ حیزبێکی چەپ نەبوو بۆیە ئێمە هاتین، دێموکڕات دەڵێ حیزبی نەتەوەیی نەبوو بۆیە ئێمە هاتین. ئایا ئێوەش لەبەر ئەوە کە حیزبێکی ئیسلامیی نەبوو بۆیە حیزبێکی ئیسلامییتان دامەزراند؟

**حامید مەعروفیی**: جارێ با کەمێک پرسیارەکە ڕاستکەمەوە. بە نیسبەت کۆمەڵە ڕەنگە زۆر وا نەبێ، تەشکیلاتی چەپیی هەبوو و شتی تری لەو چەشنە هەبوو. ئەمن بۆیە دەمەویست دامەزراندنی (خەبات) کەمێک گرێدەمەوە بە هاتنی ئەو خەڵک و لایەنانە بۆ کوردستان، چونکە هەر کوردی موسڵمانیان تێدا نەبوو - جیا لە کوردی خۆمان - بۆ نموونە (چریک)ەکان و (شەفەقی سورخ) و (پەیکار)، تووده کە موخالیفی بارودۆخی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بوو و بە ئاشکرا دژایەتیی دەکرد و، عەناسری کارای کوردی بە عامیلی بێگانە ناو دەبرد و پێی گوتوون ئەوانە دەستندەخۆری ئیمپریالیزمن و بە ئاشکراش ئەو جۆرە تەبلیغاتەی دەکرد...

**پرسیار**: مامۆستا! ئێستا باسی ئەو کەلێنەم بۆ بکە. ئەو کەلێنە چی بوو کە دەتانەویست پڕی بکەنەوە؟

**حامید مەعروفیی**: ئەو کەلێنە مەسەلەی نەبوونی ڕێکخراوێکی دینیی بوو لە کوردستان کە بتوانێ جێگای ئیعتمادی خەڵکی موسڵمانی کورد بێ، چونکە ئەگەر قبوڵی بکەی بە ڕاستیی ئەو حیزبانەش کە نەتەوەیی بوون زیاتر لە مەسەلەی نەتەوەیی و باوەڕی کوردایەتیی، خۆیان بە باری چەپیشدا دەخست....

**پرسیار**: مامۆستا! عەفومکە قسەکەت پێدەبڕم، چونکە ئەوە مەوزووعێکی مێژووییە و هەرکەس نەزەری خۆی دەدا. کەواتە ئێوە هاتن لە کوردستان حیزبێکی ئیسلامییتان دامەزراند...

**حامید مەعروفیی**: حیزبێکی ئیسلامیی و نەتەوەیی.

**پرسیار**: بەڵێ حیزبێکی ئیسلامیی و نەتەوەییتان دامەزراند، چونکە پێتان وابوو ئەوە کەلێنێکە و دەبێ پڕی بکەنەوە، وایە؟! بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا حیزبی دێموکڕات هەر لە سەرەتاوە، ڕاستە حیزبێکی ئیسلامیی نەبووە، بەڵام دامەزرێنەرەکانی ئیسلامیی بوون، وەک قازی موحەممەد و... لایەنی ئیسلامییان هەبووە، یانی حیزبی دێموکڕات ڕاستەوخۆ دژایەتیی دینی نەکردووە. ئێوە بە بوونی حیزبی دێموکڕات وێڕای بوونی جەماعەتی کاک ئەحمەدی موفتیزادە کە پێش ئێوە ئیعلامی مەوجودییەتی کردووە لە کوردستان، چ پێویست بوو ئەم حیزبە ئیسلامییە دامەزرێنن؟

**حامید مەعروفیی**: جارێ سەرەتا با بڵێم بەشداریی لە حەرەکەتێکی خەڵکییدا جا بۆ دیفاع لە مافی میللەت، دیفاع لە ژینگە... یانی بۆ وەی کۆمەڵێک ئینسان جێدەستیان دیار بێ لەسەر ژیانی کۆمەڵگەکەی خۆیان، ئەوە هۆکار و فەلسەفەی بوونی ڕێکخراوێکی سیاسیی یان فەرهەنگیی یا ئینسانییە. لەو کات و بارودۆخەدا کۆمەڵە کەسانێک پێویست بوون لە کوردستان هەبن و بەشداریی بکەن لە بزووتنەوەدا کە خەڵکی موسڵمان بتوانێ بە دڵنیاییەوە لەگەڵیان بێ بەبێ ئەوەی بەشێک لە بیروباوەڕی ئەو خەڵکە ژێرپێ بنێ. ئێمە دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین، ڕاستە ڕەنگە لە سەرەتا و پێش دامەزرانی حیزبی دێموکڕات بە نووسراویش عیبارات و شتی دینیی و ئیسلامییش هەبن، بەڵام حیزبی دێموکڕاتی قۆناغی ٥٧ی کۆچیی-هەتاویی ئایا ئەو حیزبە بوو کە قازی موحەممەد و کۆمەڵەی ژێکاف و ئەوانە کاریان لەسەر دەکرد؟! بە تەئکید دەبێ بڵێین نا. جا لانیکەم دەکرێ بڵێین ئەوان گەشەیان کردووە و گەیشتوونە قۆناغێکی دیکە. کەوابوو دەرکەوت کە لە ڕاستییدا حیزبێکی ئیسلامیی ئەوتۆ کە هەڵگری باوەڕی کوردانە و موسڵمانانەی خەڵکی کوردستان بێ، لەسەر گۆڕەپانی خەبات نەبوو.

**پرسیار**: مامۆستا کاتێک ئێوە حیزبی ئیسلامییتان دامەزراند، جەماعەتی موفتیزادە یان مەکتەبی قورئان، ئەوان موخالەفە ناکەن لەگەڵ ئێوە؟

**حامید مەعروفیی**: مەکتەب ئەو کاتە بریتی نەبوو لە ڕێکخراوێک تا وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی لەو بارەوە هەڵوێست بگرێ.

**پرسیار**: ئەوان پێشوازییان کرد لە ئێوە، پێیان خۆشبوو (خەبات) دامەزرا؟

**حامید مەعروفیی**: لە هەڵوێستی ئەوان شتێکی وام نەدیوە و نەبیستووە پێیان ناخۆش بێ، بەڵام چونکە شەخسی کاک ئەحمەد بوو کە ئەوکات دیارترین کەسایەتییان بوو و وەک ڕێکخراوێک نەبوون و، ئەوجار پێشموایە کەسێک بیەوێ کارێک بکا لە کۆمەڵگەیەکدا - بە تایبەتیی لە بارودۆخێکی وەک ئەو کاتەدا- پێویست ناکا ئیجازە لە کەس و لایەنێکی دیکە وەرگرێ. بەشەکەی دیکەی ئەوەیە کە ئەو کاتە بە هۆی بۆچوونەکانی کاک ئەحمەدەوە و بە هۆی جۆرە ڕاگەیاندنێکی خراپ، ویجهەی جەماعەتی کاک ئەحمەد و مەکتەب وەک نەتەوەیی حیساب نەدەکران. تەنانەت لە دروشمی ساکاری بازاڕییدا بە خەیانەتی دژی نەتەوەییش تۆمەتباریان دەکردن. کەوابوو لەو جەمعە حیساب نەدەکران کە مەسەلەی نەتەوایەتیی بەلایانەوە گرینگە و ناکرێ پێکیانەوە ببەستییەوە.

**پرسیار**: یانی تۆ مەبەستت ئەوەیە جەماعەتی موفتیزادە(مەکتەب) مەکتەبێکی باش بوون، ئیسلامیی بوون، ڕێکخراوەکانی تر دەیانگوت ئەوانە خراپن، ئەوانە خائینن؟

**حامید مەعروفیی**: وەک گوتم ئەوان ڕێکخراو نەبوون، بەڵام ئەگەر بە ڕاستیی سەرنجبدەین دیفاعێک کە کاک ئەحمەد دەیکرد و باسی ڕەشنووسی دەستووری ئێران و پێویستیی پێداچوونەوەی ئەو ڕەشنووسەی دەکرد بە ڕاستیی ئەوکات ئێمەش نەماندەوێرا ئەو شتانە بڵێین. کەوابوو پێم نادروستە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە، بە ناڕەوا بەسەر جەماعەتی (مەکتەب)دا حوکم بدرێ.

**پرسیار**: تا ڕادەیەک لە هۆکارەکانی دامەزرانی (خەبات) تێگەیشتم. ئایا سازمانی خەبات بەو ئامانجانە گەیشت کە بۆی دامەزرا؟

**حامید مەعروفیی**: جەنابت باسی بەئامانجگەیشتن دەکەی، من دەڵێم ئەگەر تێفکری دەبینی هەر لە ١٣٥٧ەوە، جگە لە تاقمێک کە لە دەوروبەری دەسەڵاتن، هیچ کەسی تر بە ئامانجی خۆی نەگەیشتووە. دیارە ئامانجی (خەبات) بەشداریی بوو

لە بزووتنەوەدا و بە ڕاستییش بەشداریی کرد لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستاندا و بەپێی بارستایی و توانای خۆمان کەمتر نەبووین لە بەشدارانی تری بزووتنەوەکە.

**پرسیار**: کاک ئەحمەد بەرنامەی خودموختاریی ئیسلامیی هێنا، کۆمەڵەکان بەرنامەیەکی چەپیان هێنا، ئێوە وەک ڕێکخراوێکی ئیسلامیی چتان پێشکەش کرد؟

**حامید مەعروفیی**: دروشمی سەرەکیی سازمانی (خەبات) لەو کاتەدا هەوڵدان بۆ دابینکردنی خودموختاریی بوو لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئیسلامیی راستەقینەدا.

**پرسیار**: ئیسلامیی شیعە یان سوننە؟

**حامید مەعروفیی**: من پێموایە ئەو پاشگر و مەرجانە بە ئیسلامەوە ناچەسپن، ئەوانە شتی زیادکراون، ئەوەش کە ئێران دەڵێ مەزهەبی فەرمیی وڵات شیعەیە، نابێتە پێوەری ڕاستیی و دروستیی مەوزووعەکە.....

**پرسیار**: ببورە قسەت پێدەبڕم، ئێستا بە سەدان ڕێکخراوی ئیسلامیی هەن کە یان سوننەن یان شیعەن، یان سەر بە گرووپێکی سەر بەو مەزهەبانەن، ئێوەش مەعلوومە کە شیعە نین؟

**حامید مەعروفیی**: سروشتییە کاتێک ڕێکخراوێک دروستدەبێ سەرنجی ئەو جەماوەر و خەڵکە دەدا کە لەو کۆمەڵگەدایە ئەو تێیدا دروست دەبێ و، تێدەفکرێ ئەو خەڵکە چ کێشەیەکی هەیە؟ چ داوا و ویستێکی هەیە؟ ئەو ڕێکخراوە بە دوای چارەسەری ئەو کێشانەدا دەگەڕێ و دەیەوێ وەڵامدەرەوەی ئەو داوایانە بێ. کەوابوو ڕێکخراوێک لە ناوچەی وەک کوردستانی ئێمەدا دروستدەبێ، بێگومان ڕێکخراوێکی ئیسلامیی دەبێ.

**پرسیار**: مامۆستا! ئێوە لەو کاتەدا پێویست بوون، ئایا کوردستانی ئێران ئێستاش پێویستی بە حیزبێکی ئیسلامیی هەیە؟

**حامید مەعروفیی**: ئێستا ئەو پێویستییە زەقتر و زیاترە، بەڵام جێی سەرنجە ئەو بارودۆخە کە کۆماری بەنێو ئیسلامیی بە ناوی ئیسلامەوە خوڵقاندوویەتی، زیانی بە دەنگ و سەنگی ئیسلام گەیاندووە بە ڕادەیەک کە لەوانەیە ئەگەر ئەو حوکم و دەسەڵاتەش نەمێنێ، خەڵک بۆ ماوەیەک هەروا بە شێوەی نێگەتیڤ و ڕەشبینانە لە ڕەوتی ئیسلامیی بڕوانن، ئەگینا گومانی تێدا نیە ئەگەر ئێستا (ڕێکخراوی خەباتی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی لە کوردستانی ئێران) دامەزرابایە، باشتریش



سەرچاوە
Serchawe

بوو لەو کاتە. چونکە خەڵکی ئێمە هەر ئەو خەڵکەیە و ویستەکانیش هەر ئەوانەن کە ئەوکات هەیبوون، لەوانەیە دەربڕینە سیاسییەکانی کەمێک جیاوازیی هەبێ لەگەڵ ئەوکات، بۆ نموونە خودموختارییەک کە هەموومان خۆمان پێوەهەڵواسیبوو، ئێستا هەموومان خۆمانی لێدەشارینەوە.

**پرسیار**: ئێستا ئێوە چیتان دەوێ و دروشمتان چیە؟

**حامید مەعروفیی**: ئێمە دروشمی خۆمان بە ئیحتیاتەوە داناوە و باسکردن لە دیاریکردنی مافی چارەنووس بریتییە لە قەدەر و لە باری دینییەوە ناکرێ زۆر تەداخولی بکەی و بڕیاری لەسەر بدەی. دیارە لە ڕووی قەبارە و بارستاییشەوە ئیجازە بەخۆمان نادەین دروشمی لە خۆمان گەورەتر بدەین.

**پرسیار**: ئێستا شیعاری ئێوە چیە؟

**حامید مەعروفیی**: دروشمی ئێمە بریتییە لە: "دابینکردنی مافی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی گەلی کوردستان بۆ نەتەوەکەمان" واتە ئێمە تێدەکۆشین بارودۆخێک بێتە ئاراوە کە خەڵکی کوردستان بتوانێ بۆخۆی مافی خۆی دیاریی بکا.

**پرسیار**: یانی ئێوە دروشمێکی یەکلاکەرەوەتان نیە وەک فیدراڵیی، خودموختاریی،و.... ئەو کەش و بارودۆخە کە باست کرد، پێتوایە لە چوارچێوەی حکومەتێکی ئیسلامیی دایە یان حکومەتێکی دێموکراتیک؟

**حامید مەعروفیی**: ئەووەمان بینی ئەو حکومەتە ئیسلامییەی ئێران کە ئێستا دەسەڵاتی بە دەستە نەیتوانی هیچ بکا. کەوابوو ئەو بارودۆخە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی ئیسلامیی ڕاستەقینە دەکرێ بێتە ئاراوە و.....

**پرسیار**: وا هەست دەکەم ئێوە دەتانەوێ فەزایەکی ئیسلامیی، دەوڵەتێکی ئیسلامیی، دامەزرێنن. ڕاستە دەسەڵاتی شیعە زیانی بە ئیسلام گەیاندوە، ئەوە هەر بەشێکە لە مەسەلەکە، خەڵکی ئێمە ئەگەر ئیسلامییش نەبن هەر سوننەتەن موسڵمانن. ئایا ئێوە دەتوانن ئەو کەشە ئیسلامییە بخوڵقێنن؟ ئێوە دەتانەوێ چی دامەزرێنن؟

**حامید مەعروفیی**: ئێمە دەمانەوێ کەشێکی دێموکڕاسیی و ئازادی ئەوتۆ بێنینە ئاراوە کە خەڵک لەو دۆخە ئازادەدا بتوانن ئازادانە و بە ویستی خۆیان سیستمی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن. جا لێرەدایە کە ئێمە پێمانوایە خەڵکی کوردستان حوکم و سیستمێکی ئیسلامیی هەڵدەبژێرن. لە کەشێکی ئاواشدا کە خەڵک ئازاد بن بە ویستی خۆیان دەنگبدەن، ئەگەر سیستم و

دەسەڵاتێکی لائیکیش هەڵبژێرن، ئێمە قبوڵی دەکەین. بەڵام وەک گوتم خەڵکی کوردستان بە حوکمی ئەوە کە خەڵکێکی موسڵمانن - نەک موسڵمانی تەقلیدیی وەک فەرمووت بەشێوەی سوننەتیی موسڵمانن - ئێستا ئەو حاڵەتە تەقلیدییە نەماوە. خەڵکی ئێستا ئاگاهانە موسڵمانە و ئەگەر ئازادانەش بتوانێ دەنگ بدا، ئیسلام هەڵدەبژێرن.

**پرسیار**: یانی کوردی ئێران ئاگاهانە ئیسلامیییبوون هەڵدەبژێرن؟

**حامید مەعروفیی**: نەک بە مانای هەڵبژاردن، مەبەستم ئەوەیە ئەو حاڵەتە سوننەتییەی هەبووە ئێستا وا نەماوە و خەڵک بە مەعلوماتەوە موسڵمانن و هوشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئیسلام دەکەن.

**پرسیار**: مامۆستا! تۆ پێتوایە خەڵکی کوردستان حوکمی ئیسلامیی هەڵدەبژێرن، ئایا پێتوایە ئێوە لەو کەشەدا لە هەڵبژاردندا دەنگ دەهێننەوە؟

**حامید مەعروفیی**: لە ئێستاوە ناکرێ حوکم بکەین لە سەر ئەو کاتە، بەڵام ئەوانەی کاری بە کۆمەڵ و رێکخراو دەکەن هەمیشە بە هیواوە لە داهاتووی خۆیان دەڕوانن و تەمەننایان زۆرە و دەکرێ بڵێم حەز و ئاواتەکانیان لە رادەی سروشتیی بەدەرن. ئەمن ناڵێم ئێمە، بەڵام رێکخراوێکی ئیسلامیی یان رێکخراوێک کە رێز لە دینداریی دەگرێ و یاساکانی دین بە هەند دەگرێ بێگومان دەتوانێ لە کوردستان بەشدارێکی چالاکی سەر گۆڕەپانی کاری سیاسیی بێ.

**پرسیار**: ئەی ئەگەر رێکخراو و حیزبێک رێز لە ئایین و مەزهەبی خەڵک نەگرێ و لائیک بێ، ئێوە وەک حیزبێکی ئیسلامیی رێگەی پێدەدەن چالاک بێ؟

**حامید مەعروفیی**: کاتێک من گوتم ئەو شتە لە رێگای دەنگی خەڵک و هەڵبژاردنەوە دیاری دەکرێ، ئیتر رێکخراوێکی دژی مەزهەبیی نیە کە حوکم و دەسەڵاتی بە دەستە و فەرمانڕەوایی دەکا، بەڵکو ئەوە ویستی خەڵکە. بەڵێ ئەگەر خەڵکی ئێمە حاشای کرد لە دین و پێبوابوو دین بە کەڵکی ئێستا نایە، یان پێیوابوو دەبێ بخرێتە گۆشەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە، دیارە لەو کاتەدا ئێمە دەبینە ئەقەللییەت و کەمینە و دەبێ قەناعەتی پێبکەین. مادام ئێمە گوتمان هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک، دەبێ بە ئەنجامەکەی رازیی بین.

**پرسیار**: ئەو پێداگرییەی تۆ لەسەر دین و ئیسلامییەت و ئەوە کە خەڵکی کورد موسڵمانن و دەبێ سیستمێکی ئیسلامیی دامەزرێنن و، بە ڕاستیی ئەوە پێویستیی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردییە لە ئێرانا؟ یانی تۆ بەو قەناعەتە گەیشتووی کە کورد



سەرچاوە
Serchawe

**لە ئێران پێویستیی بە حکومەتێکی ئیسلامییە؟**

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ! ئەمن بێگومانم لەوە کە خەڵکی ئێمە حکومەتی دینیی هەڵدەبژێرن. دیارە کۆمەڵێک دۆخ و کەش و ماوە دێن و دەڕۆن. ئێستا تەماشا بکە لە تورکیە دوای دەسەڵاتی عوسمانییان خەڵک بە ڕادەیەک لە دین بێزار بوون حازر بوون خەڵکی خۆیان وەلابنێن - یانی لە ڕووی نزیکایەتیی و مەزهەبەوە مەبەستمە -. ئەلف و بێیان گۆڕی، دەنگ و رەنگ و ناوەندە ئایینییەکانیان هەمووی گۆڕی، بەڵام ئێستا سەیرکە خەڵکی تورکییە چ حوکمێکیان هەڵبژاردووە. دەکرێ بڵێین تورکییە بەکراوەیی لە هەموو کێشەکان دەڕوانێ، هەر لە یۆنان و دراوسێکانی خۆی و ئەرمەنستانەوە بگرە تا کورد و دنیای دەرەوە و عەرەب. ئێستا دەکرێ بڵێم عەرەبەکان متمانەیان پێیە، جا حەق بێ یا ناهەق.

**پرسیار**: مامۆستا! ئێستا کورد لە ئێران کێشەی نەتەوەیی هەیە، کێشەی مەزهەبیی نیە. ئێوە کە تەئکید لەسەر ئیسلامیی دەکەنەوە و وەک دەڵێن حیزبێکی نەتەوەییشن، تۆ نەتەوەییبوونەکە پێشئەخەی یان ئیسلامییبوونەکە؟

**حامید مەعروفیی**: لە ڕاستییدا ئەوە ریزبەندیی نیە و پێشخستن و دواخستنی تێدا نیە. ئێمە هاوکات دوو شتین، سروشتییە کە ئێمە هەم کوردین و هەم موسڵمانین. بە سروشتیی ئێمە وەک مرۆڤ کە لەدایکدەبین کوردین و زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتمان کوردییە و بێگومان هەر بە سروشتی لەدایکبوونیشمان دینێکمان هەیە و کاتێک گەورە دەبین ئیقراری پێدەکەین. بەڵام با عەرزت بکەم ئیسلامییبوون واتای چیە؟ واتە: تۆی موسڵمان ئەرکی سەر شانتە کە بۆ نەتەوەکەت کار بکەی، یانی دین داوات لێدەکا کە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەی. دینە دەڵێ: "و من آیاتە اختلاف السنتکم و الوانکم..." یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانی حوکمی خودایی ئەوەیە کە ئێوەی بە ڕەنگ و زمانی جیاوازەوە دروستکردووە. هەر کەس هەوڵبدا بۆ گۆڕینی ئەو ئایەتە، تۆی موسڵمان وەزیفەتە بەگژێدا بچیەوە، نەک هەر وەک دیفاع لەخۆت و لە زمانەکەی خۆت. یانی ئەگەر زانیت کەسێک پێچەوانەی ئەو ئایەتە رەفتار دەکا، ئەرکی سەرشانی موسڵمانە ئەگەر بەشێکیش لە کێشەکە نەبێ، بەگژێدا بچێتەوە. جا مەبەستم ئەوەیە لەو بارەوە دین چەند فەرمانێک بە ئێمە دەکا کە هەمووی باسی مەسەلەی نەتەوەییە. بۆ نموونە ئەگەر باسی عەدالەت بکەین ئایا ژیان لە وڵاتی ئێمە عەدالەتی تێدایە؟ نەک هەر لەنێو خەڵکی کورددا تەنانەت لەنێو خودی نەتەوەی دەسەڵاتداریشدا و لەنێو چینەکانی ئەو نەتەوەشدا ناعەدالەتیی هەیە. ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین هەوڵبدەین بۆ ڕاستکردنەوە و هاوسەنگیی ئەو بارودۆخە چینایەتییە، چونکە ئەگەر لێیانگەڕێین لەو ناعەدالەتیی و بارە چینایەتییانە - تۆ لە من باشتر دەزانی - دەگاتە قۆناغی ڕەش و لە کۆنترۆڵ دەردەچێ.

**پرسیار**: ئێستا ناوی حیزبەکەتان نە ئیسلامیی پێوە ماوە و نە نەتەوایەتیی، واتە ڕێکخراوی خەبات،ی شۆرشگێڕی

کوردستان. عەفوومکە ئەو پرسیارە دەکەم، چونکە حیزبێک کە دادەمەزرێ و دەیەوێ ئیسلامیی بێ و نەتەوەیی بێ و کێشەی نەتەوەیی حەلکا، دێت ئەو دوو چەمکە لە ناوەکەی لادەبا، ئەمەش ئێوە لاتانبردووە و دوای ئینشعابەکە کردووتانە، ئەم دوو چەمکە بۆ لابراون؟

**حامید مەعروفیی**: دوای ئینشعابەکەش لانەبراون. ئێمە لەدوای ئینشعابەکە تەنیا کەلیمەی (شۆڕشگێڕ)مان لەگەڵ (خەبات)ەکەی دانا بۆ ئەوەی جیاوازییەک هەبێ و بۆ ناسینەوە بوو، ئێستاشی لەگەڵ بێ و لە دواکۆنگرەشماندا ئەو ناوەمان لانەبردووە. ئەگەر لە ئارمەکەدا ئاوا بەکورتیی نووسراوە، مانای وانیە لامانبردووە، ئێستاش باوەڕمان بەو دوو چەمکانە هەیە بەبێ جیاوازیی و زیاتر گرینگیپێیدان بە لایەکیان، چونکە پێمانوایە تەواوکەری یەکترن. پێمانوایە هیچیان بەبێ هیچیان نابن.

**پرسیار**: مامۆستا ئەو دوو چەمکە بۆ لابراون؟

**حامید مەعروفیی**: دەگونجێ هەر لە بەر ڕێکخستنی ئارمەکە بێ، ئەگینا لە ناو و نووسراوە فەرمییەکاندا بەجێی خۆی باقییە.

**پرسیار**: لابردنی ئەم دوو چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئینشعابەکە؟

**حامید مەعروفیی**: باسی ئینشعابت کرد، نەخێر لەوەبەدواش لانەبراوە. ئەوە دوو ساڵ و چەندێکە کە ئاوا بەکورتیی دەنووسرێ لە ئارمی (خەبات) دا.

**پرسیار**: وەک لە ماڵپەڕەکانیشتاندا دیارە، ئێوە لە ئورووپا خۆتان وەک ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان ناو دەبەن و ناوی ئێرانەکە نابەن، بەڵام لێرە ئێرانەکەی پێوە دەچەسپێنن. واتە ئێوە لە دوو ناو ئیستفادە دەکەن. حیزبێک دەبێ ناوێکی موشەخخەسی هەبێ، ئەمە بۆچی وایە؟

**حامید مەعروفیی**: ئەگەر جاروبار ئێران بڵێین و بنووسین، هەر لەبەر ئەوەیە کە لە پێشووەوە وا ڕاهاتووین.

**پرسیار**: ئێمە باسی حیزبێکی سیاسی دەکەین بۆ نموونە (حدک)، حیزبی دێموکڕات، جەرەیانی عەبدوڵڵای حەسەنزادە، کە جیا بوونەوە وتیان وشەی ئێران لائەبەین و باوەڕمان بە ئێران نیە،- جا نازانم چەندە بڕوایان پێیەتی یان نا، ئەمە

قسەیەکی ترە - ئەی ئێوە بۆچی ئێرانتان لابردووە؟ یانی ئێوەش باوەڕتان بە ئێران نیە؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر! ئەوانەی لە ئەدەبیاتدا بەزۆر خۆیان بە ئێرانەوە دەبەستنەوە، پێموایە بێئینسافیی تێدایە و ئەوە بەزۆر خۆهەڵواسینە. بەقەولێک ئێران ئێمەی تفکردۆتەوە و بە هیچ جۆر قبوڵمان ناکات. لەوانەیە وەک کۆیلە قبوڵمان بکا، بەڵام بەشێوەی مرۆڤ و ژیان و یەکسانیی پێمان رازیی نیە. تەنانەت وەک بەرپرسیاریی لە بەرامبەر ویستەکانی خەڵکی کورددا بێدەربەستە و تەنیا ئەگەر وەک پارێزەری سنوور و سەربەخۆیی و یەکێتیی خاکی وڵات (ئێران) قبوڵمان بکا. جا وڵاتێک بە تەمەددونێکی دێرینەوە ئاوا میللەتێک حەزفکا و تفی کاتەوە، بۆ دەبێ خۆی پێوە هەڵواسی؟! بە ڕاستیی دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەدەبیات و دەربڕین کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر بارودۆخ. بۆیە ئەگەر بکرێ، وا باشە هەموومان کەمی کەینەوە. ئەگەر بە یەکجارییش لاینەبەین، پێموایە حەق وایە وردە وردە کەمی بکەینەوە. ئەوەی کە ئێمە تا ئێستا لەگەڵ ئەو ئەدەبیاتە ناسالمە هاتین بە هەر حاڵ، بەڵام چینی نوێ، نەوەی تازە، کە پێدەگا واچاکە بەرە بەرە لە ئەدەبیاتی خۆیان لایبەن و لە ژیان و فکری خۆیاندا بیسڕنەوە.

**پرسیار**: یانی ئەوەی پێی دەڵێن ئێرانچییەتیی نەمێنێ؟

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ! بە هەموو شتەکانییەوە، بە رواڵەتەکەیەوە، لە دروشمدا، لە نووسیندا، کە لە ئاخری ناوی حیزبەکان دەینووسن، لانیکەم کەم بکرێتەوە، ئەوانەی کە دەتوانن یا غیرەتیان هەیە و بۆیان دەلوێ.

**پرسیار**: بەڵام کە سەیری ناوی (خەبات) دەکەین رێکخراوی خەبات،ی شۆرشگێڕی کوردستان، مەبەست کام کوردستانە؟ تۆ ئێرانت قبوڵ نیە. کوردستانی رۆژهەڵاتت قبووڵە، رۆژهەڵاتی کوردستانت قبوڵە، دەبێ بناسرێی!

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ راستە سنوور و چوارچێوەی چالاکیی کۆمەڵە و رێکخراوێک دەبێ مەعلووم بێ. مەیدانی تێکۆشانی ئێمەش دەبێ کوردستان بێ و، زۆرتر مەبەستمان رۆژهەڵاتی کوردستانە.

**پرسیار**: مامۆستا! تۆ باسی ئێران دەکەی کە کوردی ناوێ. مەبەستت حکومەتی ئێرانە یان نەتەوەکانی ئێران؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر، مێژووی ئێران وایە. ئێران هەر لە حکومەتی قاجارانەوە کە هاتووە، کام بڕگەی هەیە کە خاڵێکی ئەرێنیی تێدابێ سەبارەت بە مەسەلەی کورد؟ بە باوەڕی من خاڵی باشی زۆر کەم تێدان و تەنانەت ئەگەر لە بڕگەیەکی مێژووشدا بۆ ماوەیەک کۆمەڵێک میرمیرێنە لە کوردستان و لە سنە و ئەوانە هەبووە، کاریگەریی فارسەکانیان

لەسەر بووە. کاتێک ئەو مێژووە دەخوێنینەوە، دەبینین کە پیلانیان بۆ ئەو میرانە داناوە و لەناویانبردوون.

**پرسیار: ماملۆستا! بگەڕێینەوە سەر ئینشیعابی (خەبات). ئایا هۆکارەکەی چ بوو؟ پێویست بوو ئەو ئینشعابە بکرێ؟**

**حامید مەعروفیی:** با ئەمن پێشدا ئەوە بڵێم کە لە سەرەتای دامەزرانی (خەبات) لەوێ نەبووم و چەند مانگێک دواتر هاتمە (خەبات). لە ئینشیعابیشدا ئەندامێکی کارا نەبووم. بەڵام هەروەک سەبارەت بە دامەزرانی (خەبات) گوتم، پێشتر زەمینەیەک هەبوو بۆ دروستبوونی (خەبات)، بۆ ئینشیعابیش بارودۆخێکی وا هەبوو. ئەمن موعتەقید بە ئینشیعاب بووم. بەڵام لە ئینشیعاب دا بەشدار نەبووم و...

**پرسیار: پێویست بوو ئەو ئینشیعابە بە ڕێبەریی ماملۆستا مەلا خدر بکرێ؟**

**حامید مەعروفیی:** ئەمن پێموابوو نابێ بەو جۆرە ئینشیعاب بکرێ، هەرچەند قسەکانیشم تۆمار دەکرێ، بەڵام هەر دەیڵێم. من پێموابوو دەبێ جۆرێک ئینشعابی مەعقول بکەین. پێشتر لە کۆبوونەوەیەکدا ئەو قسەیەم کردبوو. لێیان پرسیم بە چ شێوەیەک؟ دیارە ساڵی ١٣٦٤ ئەو قسەم کرد و بارودۆخی ئەو کاتیش بەشێوەیەک بوو کە پێشمەرگە دەچۆوە کوردستان و دەیتوانی تا بۆکان و مەهاباد و قووڵایی ناوچەکانی کوردستان بڕوا و بێتەوە. من پێشنیارم پێکردن با ئێمە ئەو هێز و جەمعەی بکەینە دوو تەشکیلات و وەک خۆمان سنووری چالاکییەکانیان لە کوردستان بکەینە دوو بەش وەک ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و، وەک دوو کومیتە یان مەڵبەند هەر کامێکیان ناوێکی بۆ دابنێین و، ڕێگە بگرین لەو جۆرە یەکترنەخوێندنەوە و مامەڵە جیاوازانە و، کارێک بکەین ئەو بارودۆخە کاریگەریی لەسەر هەموو جەمعەکە نەبێ. ئەگەر وابکرێ، ئەو خەڵکە هەر بەشەی بە دڵخوازی خۆی لەگەڵ ئەو لایەدا دەبێ کە دەیەوێ و، کاری حیزبەکە دەکرێ و تەنیا سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو هەبێ و دیارە ئەو حاڵەتەش نامێنێ. یانی من باوەڕم بە شێوە ئینشعابێکی ئاوا هەبوو. پێموایە ئەگەر ئەوە کرابا و سەرکردایەتیی (خەبات) کۆبوونەوەیان لەسەر ئەو مەسەلە کردبا و بە هەندیان گرتبا، قەت ئەو جۆرە ئینشعابەی کە لێکدابڕانێکی گشتیی بوو، ڕووی نەدەدا، چونکە دەکرا دابنیشین و بڵێین ئێمە دوو جەماعەت و دوو بۆچوونین و دوو تاقمین و لە باری کۆمەڵایەتیی و هەڵسوکەوتەوە جیاوازین و ناتوانین پێکەوە مامەڵە بکەین، با تۆزێک لێکدوور بین، مقەڕێک لەفلان شوێن و ئەویتر لە جێگایەکی دیکە بێ، لانیکەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. جا مەبەستم لە ئینشیعاب کە باوەڕم پێبوو، ئەو شێوازەیە.

**پرسیار: ماملۆستا! ئەوە لە باری تکنیکییەوە روون بۆوە، بەڵام لە باری فکرییەوە چ شتێک تۆی هێنابۆ سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ ئینشیعاب بکرێ؟ واتە تۆ چ فکرەیەکت هەبوو کە لایەنی بەرامبەر ئاوا بیری نەدەکردەوە؟**

**حامید مەعروفیی**: ئەمن عەرزم کردی ئەو جۆرە ئینشیعابە و لێکجیاکردنەوەی ئەو دوو کۆمەڵە بەو شێوە کە باسم کرد، بۆ ئەوە بوو گرژییەکان زیاتر پەرەنەستێنن و نەبنە هۆی ئینشیعابێکی گشتیی وەک ئەوەی کە دواتر روویدا. دەکرێ بڵێم کێشە و مەسائیلی فکریی بەو شێوە نەبوو. دیارە سەبارەت بە داهاتوو تێڕوانینی جیاواز هەبوو، یانی پێمانوابوو ئەو حاڵەتەی ئەو کاتە هەبوو، (خەبات) ناتوانێ رێکخراوێک بێ بۆ داهاتوو.

**پرسیار**: ئەوکات مامۆستا شێخ جەلال سکرتێر بوو؟

**حامید مەعروفیی**: ئێمە لە سەرەتادا (شوڕای سیاسیی)مان هەبوو و شوڕای سیاسییش تەنیا یەک کەس نەبوو، بەڵکوو سێ کەس بوون. هێندێک لە بەرپرسانی سەرکردایەتیی (خەبات) بەهۆی کۆمەڵێک گرفتی وەک نەخۆشیی نەمان و چەند جارێک گۆڕدران. تا ساڵی ١٣٦٥ شوڕای سیاسیی سێکەسییمان هەبوو. لە ساڵی ٦٥ شوڕای سیاسییان کردە پێنج کەس و دیسان لەو کاتەشدا کەسێک لەو پێنج کەسە وەک سکرتێر، رێبەر و دەبیرکول، بە ڕەسمیی دیاریی نەکرا. شوڕایەک بوو پێکەوە کارەکانیان بە ڕاوێژ و هاوفکریی دەکرد. دەکرێ لە کۆبوونەوەکانیاندا هەرجارە و کەسێک بەڕێوەبەر بووبێ.

## بەشی دووەم

**پرسیار**: کاتێک باس لە ئینشیعابی (خەبات) دەکرێ، زۆرتر ناوی مامۆستا شێخ جەلال و مامۆستا مەلاخدر دێتە گۆڕێ، واتە دەبێ کێشەیەکی فکریی و سیاسی هەبووبێ، تۆش دەڵێی ئینشعاب بنەمای فکریی نەبووە، ئەمە چۆنە؟

**حامید مەعروفیی**: وەک کەسایەتیی دیار و کاریزما ئەوانەی کە سێبەریان بەسەر دەوروبەردا هەبوو ئەو دوو کەسە بوون، دەنا بەگشتیی ناکرێ هەر ئەو دووانە بووبن.

**پرسیار**: کێشەی ئەو دوو کەسایەتییە چی بوو؟

**حامید مەعروفیی**: زۆرتر پێوەندیی بە ئومێد و هیوا بە داهاتووی رێکخراوەکەوە هەبوو.

**پرسیار**: مامۆستا شێخ جەلال لە دیمانەیەکدا لەگەڵ من دەڵێ من دڵسۆزتر بووم، نموونەش دێنێتەوە دەڵێ من کوڕی خۆم ناردووە بۆ شەڕ و بریندار بووە و رەخنە لە مامۆستا خدر دەگرێ و دەڵێ ئەو وانەبوو، کۆمەڵێ شتی تریش دەڵێ. ئەمە تا چەند راستە؟



سەرچاوە Serchawe

**حامید مەعروفیی**: دیارە حەز دەکەم بەراوردێ بکەی. بە باوەڕی من کەسێک دەستدەکا بە شۆڕش تازە نابێ پێدابچێتەوە و بڵێ من ماڵ و ژیان و چی و چیم وابوو. پێموایە پێداچوونەوە بەو شتانە زۆر دروست نیە. سەبارەت بە شەهید و قوربانییدانیش با بەئینسافەوە سەیری دەوروبەری مامۆستا مەلا خدر و مامۆستا شێخ جەلالیش بکەین. ڕاستە کاک سەید عەبدولکەریمی کوڕی مامۆستا شێخ جەلال شەهید بوو کە ئینسانێکی زۆریش بوێر بوو، بەڵام لە نزیکانی مامۆستا مەلا خدریش دەبینین کە کوڕیش و خوشکەزاشی شەهید بووە و براشی لاقی پەڕیوە و کوڕی دیکەشی بەردەوام لە شوێنی هەستیار و پڕمەترسیی بووە. یا سەبارەت بە فیداکاریی بە ماڵ، دیارە هەم مامۆستا شێخ جەلال و هەم مامۆستا مەلا خدر هەردووکیان مەلا بوون و رادەی کارکردنیان - بۆ دابینکردنی ژیان - لە یەک ئاستدا بووە و، هەردووکیان خوێندەوارییان بەرز بووە و، خەڵکێک لەلای یەکیان خوێندوویەتی و لە لای ئەوی تریش هەبوون، هەردووکیان وتاریان داوە، هەردووکیان لە شۆڕشدا بەشدارییان کردووە. جا پێوەرێک بۆ دڵسۆزبوون کە هەبێ پێم دیاریی ناکرێ.

**پرسیار**: دەڵێن مامۆستا مەلا خدر بە ئینشیعاب رازیی نەبوو و پێی ناخۆش بوو؟

**حامید مەعروفیی**: ناکرێ ئەوە وابێ، ئەگەر پێی ناخۆش بوایە نەیدەکرد. من جارێکیان پێشنیارم کرد کە ئینشیعاب بکرێ، مامۆستا مەلا خدر لەو کاتەدا بە توندیی بەگژمداهاتەوە و نێوچاوانی لێ تاڵ کردم، بەڵام لە ساڵی ١٣٦٦دا بە هۆی ئەوەی کە گرفتەکان کەڵەکە ببوون، بە تایبەت بەر لە ئینشیعاب، نزیکەی دوو ساڵ بوو کە نەیاندەتوانی کۆبوونەوەیەکی گونجاو بکەن. لەو بارەوە - بۆ کۆبوونەوە - دوو بۆچوونی جیاواز هەبوون. هێندێک دەیانگوت کۆبوونەوە دەکەین، بەڵام دەبێ هەر ئەندامانی سەرکردایەتیی تێیدا بەشدار بن. بۆچوونێکی تر وابوو کە دەبێ کۆبوونەوە کادری دیکەشی تێدابن. مامۆستا مەلا خدر گوتی ئەگەر کۆبوونەوە ئی سەرکردایەتیی بێ ناکرێ هەر بە ئیشتیا و حەزی خۆمان کادرەکانیش بێنینە کۆبوونەوە. ئەگەر پێویستە ئەوان هەبن لە کۆبوونەوەدا، با کۆنگرە بگرین. مامۆستا شێخ جەلال بەو بۆچوونە رازیی نەبوو. پێیوابوو بەبێ کۆنگرە دەبێ هێندێک لە کادرەکان لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بن. لەو دۆخەدا نەیانتوانی پێکەوە کۆبوونەوە بکەن.

**پرسیار**: لە ئەنجامی ئەم باسە وادیارە کە ئێوە موافیقی ئینشیعاب بوون بەڵام مامۆستا شێخ جەلال نا؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر ناکرێ ئاکامەکە ئاوا ببینین. چونکە کۆمەڵێک هەنگاوی بەکردەوە لەو کاتەدا لەلایەن ئەوانەوە هەڵێنرانەوە: وەک دوورخستنەوە و بڵاوکردنی بەشێک لە هێزی پێشمەرگە بەمەبەستی کەمکردنەوەی حەجمی لایەک و دەستبەسەراگرتنی بنکەی سلێمانیی و... بەشێکی زۆر لە ئەفرادی - سەر بەو باڵە - بەشدار بوون لەو کارانەدا.

**پرسیار**: ئێران تا چەند دەستی هەبوو لە ئینشیعابدا؟

**حامید مەعروفیی**: دروست نیە ئاوا بگوترێ ئێران، بەڵام لە دوای ئینشعابەوە کۆمەڵێ شت نووسراوە و گوتراوە وەک بەیاننامە و لێدوان و وەلانان و... ئەگەر کەسێک بە وردیی ئەو شتانە بەراورد بکا و سەیری ئەو کەسانە بکا کە کاریگەر بوون لە ئینشیعابدا و، تێفکرێ داخۆ ئێران دەستی بەسەردا هەبوون؟ یان لەژێر کاریگەریی حیزبەکانی تردا بوون؟ ئایا هەموویان وەک بیروباوەڕ لە خەمی چاکسازیی (خەبات) دا بوون و بەو مەبەستە ئینشیعابیان کرد؟ لەو بەراوردانەدا ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە دەرکەوێ.

**پرسیار**: هێندێک لەو کەسانەی کە لە سەرکردەکانی ئینشیعابن دوای ماوەیەک دەگەڕێنەوە ئێران. ئەمە مانای چیە؟

**حامید مەعروفیی**: من پێموایە ئەوە ئەو مانایە ناگەیەنێ کە ئەوان لەژێر کاریگەریی ئێران دابوون. ئەگەر سەیری بارودۆخی سەردەمی راپەڕینی کوردستانی عیراق بکەین و ئەو دۆخە دژوارە کە خەباتییەکان تێیدا بوون و، شەهید و برینداربوونی هێندێک لە ئەفرادی (خەبات،ی شۆرشگێڕ) لەو ڕاپەڕینەدا، بۆ نموونە کەسی وا هەبوو لە بەرپرسانیش کە لە کەرکوک بریندار بوو و پێیوابوو ئەگەر بمێنێتەوە، نەک هەر بۆخۆی مەترسیی لەسەرە، بەڵکوو لەوانەیە ببێتە گرفت بۆ (خەبات)یش. ناچار دەبوو (خەبات) بەجێ بێڵێ. بە گشتیی ئەو بارە نالەبارەی بۆ خەبات،ی شۆرشگێڕ هاتبۆ پێش، هەر کەس لێی ئاگادار بێ، پێموایە ئەو کەسانە زۆر بە ناهەق نازانێ کە پەرتەوازە بوون. ئەوجا با هەر نەڵێین گەڕانەوە بۆ ئێران، کەسانی ئەوتۆ هەبوون کە زۆر کاریگەر بوون لە ئینشیعابدا ئێستا گەڕاونەوە نێو حیزبەکانی تری کوردستان...

**پرسیار**: مامۆستا! بگەڕێینەوە ئێستا، ئایا پێویست نیە ئێوە یەکبگرنەوە؟

**حامید مەعروفیی**: ئەو پێویستییە بەرینترە لەوە کە تەنیا باسی (خەبات) بێ. هەوڵدان بۆ یەکگرتنێکی سەرانسەریی لەنێو حیزبەکانی بەشداری بزووتنەوەی کوردستان پێویستە. من لەو پێوەندییەدا قسەیەکی تریشم هەیە - کە لەوانەیە زۆر کەس و لایەن بە دڵیان نەبێ - من دەڵێم بێوەڵامیی بەشدارانی بزووتنەوەی کوردستان بۆ یەکگرتنێک: وەک بەرە، پلاتفۆرمێکی هاوبەش، یان هەر بازنەیەکی بەرین کە هەموو لا پێکەوە تێیدا یەک بگرنەوە، کە قسەی خۆیان و ویستی خەڵکیشە، بەرپرسیاریی گەورەیان دەخاتە ئەستۆ و، وەڵام بۆ ئەو ویستە کەلیمەی "نازانم" نیە. مەبەستم ئەوەیە ئەو پێویستییە ئەوەندە گرینگە ناکرێ لە بەرامبەریدا بێ وەڵام بین. لانیکەم هاودەنگیی و هاوکاریی دەبوو هەبا. سەبارەت بە ئێمە و ئەوان، ئەگەر وەک باری مێژوویی سەیربکەین، دەبینین ئێمە لەگەڵ برادەرانی خەبات نزیکەی شەش ساڵی هاوبەشمان تەنیشتاوتەنیشت و بە ناخۆشییەوە پێکەوە هێناوە. بەڵام بیستوچوار ساڵە هەر کاممان بەجیا کاردەکەین. بە

کورتیی مێژووی هاوبەشمان چواریەکی مێژووی بەشداریمانە لە شۆڕشدا و، ئەوەش تا ڕادەیەک دەیسەلمێنێ کە لەوانەیە تێکەڵبوونەوەمان سوودی نەبێ. هەرچەند پێم خۆش نیە من ئەو شتە مەنفیانە بڵێم، چونکە قسەی مەنفی سەبارەت بە یەکبوون نەک هەر لە پێوەندیی لەگەڵ (خەبات)، بەڵکو بۆ هەموو حیزبەکان خراپە...

**پرسیار**: وەک من ئاگادارم تۆ موخالیفی یەکگرتنەوەی، - دیارە ئەوە نەزەری خۆتە - بەڵام ئەگەر بکرێ بە کورتیی هۆکارەکەی چیە؟

**حامید مەعروفیی**: بەڵگە و هۆکارێک نیە بۆ یەکگرتنەوە و پاڵنەرێک نیە بۆ ئەوکارە.

**پرسیار**: ئێوە لەگەڵ خەباتەکەی دیکە خاڵی هاوبەشتان نیە؟

**حامید مەعروفیی**: لە مەسەلەی نەتەوەییدا خاڵی هاوبەشمان پێکەوە هەیە.

**پرسیار**: ئەوەندی من بزانم ئەوان بۆ یەکگرتنەوە چەند مەرجێکیان هەیە. وەک ئەوە کە دەبێ کۆنگرەی دووهەمتان قبوڵ بێ و، دوای ئەوە کە دەچنەوە، هەڵبژاردن قبوڵ بکەن؟

**حامید مەعروفیی**: پێمخۆشە بە ئەدەبیاتی ئەوان قسەت کرد، چونکە وەڵامی پرسیارەکەت باشتر دەستدەکەوێ. بەڵێ "چوونەوە" وەک گوتت. دیارە ئەم جۆرە قسەیە مانای یەکگرتنەوە نادا و بەڵگەشە لەسەر ئەوە کە باسی یەکگرتنەوە نیە و وەڵامی روونی پرسیارەکەشە.

**پرسیار**: کۆنگرەی دوو چیە کە ئەوان دەڵێن ئێوە دەبێ قبوڵی بکەن؟

**حامید مەعروفیی**: شتێکی بەو نێوە نیە. ئێمە ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨) کۆنگرەی دووهەممان لە (قەندیل) گرت و ئەوانیش دواتر لە شوێنی تر گرتوویانە. پێشموانیە ئەوە وابێ. من راستەوخۆ ئەو داوایەم لەوان نەبیستووە.

**پرسیار**: ئێوە موافیقی چ دەستەواژەیەکن بۆ ئەو باسە. ئەوە بە وشەی چوونەوە رازی نین، ئایا موافیقی یەکگرتنەوە، تێکەڵبوونەوە، هاتنی ئەوان، یان چ جۆرە دەستەواژەیەکن؟

**حامید مەعروفیی**: پێمخۆشە ئەوەیان وەک خۆم بڵێم. من پێموایە ئەگەر ئێمە پێکەوە بتوانین لە ناو جەمعێکی بەرینتردا هاوەدەنگیی و هاوکارییمان هەبێ، گونجاوترە و وا تێدەگەم بە کەڵکتر بێ. تۆش ئەو ڕاستییە دەزانی کە لە کوردستان ئەزموون و نموونەی سەرکەوتووی یەکگرتنەوەمان نیە. ئەوجا ئەو یەکگرتنەوەش کە بە "چوونەوە و هاتنەوە" بێ، - وەک باست کرد - ئەوە نابێتە یەکگرتنەوە.

**پرسیار**: مامۆستا! ئەوان لە تازەترین کۆنگرەیاندا ئیسلامییەتی خەباتیان لابرد و کردیان بە سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. دیارە مامۆستا شێخ جەلال زۆریش موخالیفی ئەو کارە بوو. تۆ پێتوایە ئەوان بۆچی ئیسلامییەتیان لابرد؟

**حامید مەعروفیی**: حەز ناکەم باسی ئەوە بکەم بۆچی وایانکرد، بەڵام بۆ ئێمە خراپ نەبوو. چونکە ناوی سازمانی خەبات،ی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران بۆ ئێمە ساغبۆوە و مایەوە. ئەگەر تا ئێستا داوایەکیان هەبووە لەو بارەوە، لەدوای ئەو گۆڕانکارییە ئیتر ئەو ئیددیعایەیان نیە. ئەگەر بمەوێ کەمێک باس بکەم، هەر وەک لە لێدوانەکانی مامۆستاش بیستوومە، ئەم دواییانەش باس کراوە، ئەگەر بۆ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای کوردستانی باشوور بێ، ئەوە لەگەڵ مەسائیلی دینیی نایەتەوە، چونکە دین ئیجازە نادا ئەوەندە خۆ باریک بکەیەوە تا کەشێک قبوڵت بکا، یان شوێنکەوتەی بارودۆخ و بڕگەیەکی زەمانیی بی.

**پرسیار**: تۆ دەڵێی لێکردنەوەی ئەم چەمکە لەلایەن ئەوانەوە بۆ ئێمە سوودی هەبوو؟

**حامید مەعروفیی**: نا! من واناڵێم. دەڵێم ئەگەر تا ئێستا دەبوو پاشگرێکی وەک وشەی (شۆڕشگێڕ) لە دوای ناوەکەمان هەبێ، بۆ دیاریکردنی جیاوازیی نێوانمان، ئێستا ئیتر ناوی (خەبات) بۆ ئێمە ماوەتەوە و پێویست بەو قەیدە ناکا.

**پرسیار**: بەڵام ئێستا ئێوە ناوتان ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان و ئەوانیش سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێرانن. کەوابوو هیچ کامتان ئەو ناوەتان نەماوە کە (خەبات) لەسەری دامەزراوە، ئەمە وایە؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر! وەک پێشتریش باسم کرد، ئێمە تەنیا بۆ کورتکردنەوە وا دەنووسین ئەگینا نەتەوەیی و ئیسلامییبوون، دوو چەمک و بنەمای باوەڕی ئێمەن و ئێمە باوەڕی دینییمان هەروەک سەرەتا و بنەما و ناوی (خەبات)ە و لاوازتر نەبووە لەو کاتە و، پێمانوایە ڕۆڵی دین لە بزووتنەوەدا بەگشتیی دەبێ دیارتر و کاراتر بێ نەک هەر لە (خەبات)دا.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: ئێوە ئایەتێکتان هێناوە لە ئارمەکەدا کە باسی جیهاد دەکا، ئایا ئێوە ئەو ئایەتە جێبەجێ دەکەن؟ حازرن بە جیهاد لە پێناوی الله؟

**حامید مەعروفیی**: تێگەیشتن لە جیهاد لەمڕۆدا و خوێندنەوەیەک کە ئێستا بۆ ئەو چەمکە دەکرێ، دەشێ بارودۆخێکی خراپی بۆ ڕۆشنبیر و بەتایبەت بۆ میدیا خوڵقاندبێ. جیهاد لەو ئایەتەدا کە هاتووە، واتە تێکۆشانی گونجاو. وشەی "حق جهاده" بە مانای تێکۆشانی گونجاوە لەگەڵ هەر سەردەم و بارودۆخ و شوێنێکدا و، جیهاد بە قەڵەم و دەست و زمان و... دەکرێ و تەنیا هەر ئەوە نیە کە ئێستا وادەزانن هەر بریتییە لە تەقاندنەوە. دەشێ لە کاتی پێویستدا ئیزن بە تەقاندنەوەش درابێ، ئەویش نەک خۆتەقاندنەوە. لە ڕوانگەی دینەوە مرۆڤ دەسەڵاتی درواەتێ بۆ زۆر شتان. بەڵام ئیجازەی دوو شتی بە ڕەهایی نیە. یەکیان نەفس، واتە گیان، دووهەمیان مامەڵەی جینسیی. مرۆڤ کە دەستدرێژیی کردە سەر ئەو دوو سنوورە و هەتکی کردن، لە پلەی ئینسانییەت دادەبەزێ و شیاوی ئەوەیە مامەڵەی تری لەگەڵ بکرێ. ئێمە باوەڕمان بە خۆتەقاندنەوە نیە، بەڵام باوەڕمان بە دیفاع هەیە و بە ئەرکێکی پیرۆزی ئاییینیی دەزانین و بەپێی فەرموودەش هەرکەس لەو پێناوەدا گیان ببەخشێ، پلەی تایبەت و شەهیدی هەیە. دیارە پلەی شەهادەتیش هەر ئەوە نیە، بەڵکو هێندێک جۆرە مردنیش پلەی شەهیدیی دەبەخشن بە مرۆڤ.

**پرسیار**: مامۆستا تەفسیری تۆ چیە بۆ ئەو ڕێکخراوە ئیسلامییانەی کە کاری توندوتیژیی و خۆتەقاندنەوە دەکەن؟

**حامید مەعروفیی**: پێمانوایە زیاتر لە خزمەتی نەیارانی دین دایە. ئەو جۆرە ئەتوارانە خزمەت بەوان دەکا. ئەوان ئەو کارانە بە بێئینسافیی دەکەنە موستەمسەک و بەڵگە و بەهانە. دیارە ئەوەش ڕەها نیە و خەڵکی ڕۆشنبیر و موسڵمانی موعتەدیل ئەو جۆرە ڕەوتانە لێکجیا دەکاتەوە، یا دەتوانێ بەشی ئەوەندە واقعبینانە سەیری دین بکا کە ناوێکی دیکەی پێوە نەنێ.

**پرسیار**: لەناو سەرکردایەتیی حیزبەکانی خۆماندا بنەماڵە کاریگەرییان هەیە و پشتاوپشت دێ. لە هەردوو سازمانی خەبات دا بنەماڵە ڕۆڵی هەبووە، هەم لە دامەزراندن و هەم لە بەڕێوەبردنی دا. لە سازمانی (خەبات)ی لای ئێوە ئێستاش گوایە بنەماڵەی مامۆستا مەلا خدر ڕۆڵیان هەیە. ئەوان چ کاریگەرییەکیان بەسەر خەبات و کارەکانی خەبات،ی شۆڕشگێڕەوە هەیە؟

**حامید مەعروفیی**: من پێموایە ئەوە سروشتی کورد یا نەریتی بزووتنەوەی کوردستانە. چونکە بەشداریی لە بزووتنەوەدا، چەندین پێویستیی هەیە، یەکێک لەوانە متمانە و پشتپێبەستنە. بۆ نموونە دەبینین کەسی یەکەم و سەرۆک و سکرتێر

لەسەر ئەساسی متمانە پارێزەرەکانی لە کەسانی نزیکی خۆی دیاریی دەکا. ئەوانە پێویستیی تایبەتی بزووتنەوەن. من وەک خۆم پێموایە حیزبێک هەڵبوەشێ باشترە لەوە کە دوو کەس لە یەک بنەماڵە یان بە یەک شۆرەت تێیدا بەرپرسی باڵا بن. من ئەوەم پێ غەڵەتە. ئێستا لەنێو دەسەڵاتی ئێراندا سەرۆکی مەجلیس و سەرۆکی دەزگای قەزایی و چەند بەرپرسی تر لەو نمونانەن و لە یەک بنەماڵەن.

**پرسیار**: پێوەندییتان لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی ئێران چۆنە؟

**حامید مەعروفیی**: زۆر نیسبییە و پەیوەندییەکانمان زۆر لاوازە

**پرسیار**: ئەمە خەتای کامتانە؟ ئەوان؟ یا ئێوە؟

**حامید مەعروفیی**: خەتای ئەوانە، چون حەجمو تواناییان گەورەترە لە ئێمە. پێموابێ ئەگەر لاوازی هەبێت لە پەیوەندییەکاندا بەشێکی زۆری بەر ئەوان دەکەوێت. بە حوکمی ئەوەی ئەوان زۆر بە رەشبینییەوە سەیری جەریاناتی دینیی لە کوردستان دەکەن، ئیحتیمالەن پێیانخۆش بێت کە ئێمە لە گۆشەگیرییدا بین.

**پرسیار**: ئەمە بە حوکمی ئەوەی لایەنێکی ئیسلامیین؟

**حامید مەعروفیی**: بە دووری نازانم. دیارە ئەوە وەڵامی ئەوانە. ئێمە عیلاقاتمان پێخۆشە لەگەڵ ئەوان و بەتایبەت هەر کەسو لایەنێک دژی دینی خەڵکی کوردستانو دژی هەستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان چالاکیی نەکات، ئێمە حەزدەکەین دۆستایەتیی بکەین. بەڵام هەر لایەنێک بە هەر ئەندازەیەک بە جۆرێکو بە خراپ سەیری بیروباوەڕی دینییو نەتەوایەتیی خەڵک بکات، ناتوانین پەیوەندییمان لەگەڵیان هەبێت.

**پرسیار**: تۆ چۆن سەیری ئەو ئینشعاباتەی دەکەی کە لەنێو حیزبەکان روویانداوە؟

**حامید مەعروفیی**: ئەمە لەو پرسیارانەیە کە ناکرێت راستەوخۆ بچینە سەری! لە خۆیدا دروستبوونی ئەو رێکخراوانە، دروستبوونێکی سروشتیی نەبوون. بۆ نموونە کابرایەکی لەسەداسەد فیئۆداڵ، رێبەریی بزووتنەوەیەکی زەحمەتکێشانو جوتیارانی دەکرد! ئەو جۆرە پێکهاتەیە سروشتیی نەبوون. یا بۆ نموونە خەڵکێکی عەلمانیی دەکەوتنە شوێن مامۆستا شێخ عیزەددین. دەی ئەوە چۆن سروشتییە؟ تەنانەت لە رێکخراوی (خەبات)ی ئێمە خەڵکی غەیرەدینیی تێدا بووە، ئەمە

سرووشتیی نیە. جا ئەو ناسروشتییبوونە ئێستا وایکردووە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە ئێستا بە خۆیاندا بچنەوەو هەرکەس بەلای مەسیری خۆی بڕواتو ڕێبازی خۆی جیابکاتەوە. ئەم ئینشعاباتانە ئێستاش ئەنجامی ئەو حاڵەتانەیە.

**پرسیار**: پێوەندییتان لەگەڵ (موجاهیدین) چۆنە؟ خۆتان دەڵێن نیمانە. بەڵام گوایە ژێربەژێر پێوەندییتان هەیە. وایە؟

**حامید مەعروفیی**: ئێمە ئەو ئیددیعایە ناکەین و پێوەندیی ژێربەژێریش نیە. دیارە ئێمە لەسەردەمی مامۆستا مەلا خدریشدا هەوڵماندا، بە جۆرێک لە جۆرەکان، لانیکەم تەعاروف و یەکترناسین هەبێ لە نێوانماندا و، ئەگەر بکرێ پێوەندیی و هاوکارییشمان هەبێ. دیارە ئەمن لەوانەیە تێڕوانینی تایبەتی خۆم هەبێ و جیاواز بێ لە تێڕوانینەکانی تر. ئەوان وەک ئەوە کە ڕێکخراوێکن لە سەتحی ئێراندا و ناوی دینیان پێوەیە، وەک موسڵمان خۆیان دەناسێنن، لەو مەودایەشدا کە ئێمە بە خودموختاریی رازی بووین ئەوانیش دانیان پێدا هێناوە، بەو پێیەش کە ئەوان هێزێکی دیار و بەرچاوبوون، ئەگەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی لە ناوچە و ئێراندا هەبا، ئەوان ڕۆڵیان دەبوو. بەو تێڕوانینەیانەوە دەیانتوانی بە چاوێکی ئەرێنیی سەیرمان بکەن و داواکانمان بە هەند وەربگرن. شتێکی تریش کە بۆتە هۆی ئەوەی تێڕوانینم جیا بێ بەرامبەریان، ئەوەیە کە ئەوان لە سەردەمی شادا کاتێک دەیانەوێ خەباتی چەکداریی دەستپێبکەن دەڵێن با "فازی دووهەمی موقاوەمەت" واتە شەڕی چەکداریی، بەرینە کوردستان. من پێموایە ئەوە نیازپاکیی ئەوان دەگەیەنێ بەرامبەر کورد و کوردستان و متمانەیان بە خەڵکی کوردستان هەبووە و، بە کورتیی ئەوە تێڕوانینی منە....

**پرسیار**: ئێستا پێوەندییتان هەیە لە گەڵیان؟

**حامید مەعروفیی**: پێوەندییەکی لاواز لە ئاستی موناسەبە و بۆنە و هۆی تایبەتدا هەیە لە نێوانماندا.

**پرسیار**: ئێستا پێتوایە موجاهیدین ئەو ڕێکخراوەیە کە کورد دەتوانێ متمانەی پێ بکا؟

**حامید مەعروفیی**: ئێستا بەشدارانی ناو بزووتنەوەی کوردیی لە ئێران جیاواز و جۆراوجۆرن. واتە ویست و خواستی جیاوازیش سەریهەڵداوە و هەڵوێستی (موجاهیدین) لەو بارەوە بە وردیی نازانم، کەوابوو ناکرێ ئێستا ئەو چاوەڕوانیەم هەبێ لەوان.

**پرسیار**: هەڵوێست و ڕوانگەی ئەوان بەرامبەر بە کوردی ئێران چۆن دەبینی؟

**حامید مەعروفیی**: ئەگەر ئەو ئەدەبیاتەی ئێرە کاریگەریی مەنفیی نەبێت بۆسەر ئەوان، کە داوای مافی زیاتر دەکات لە چوارچێوەی ئێران، ئێستاش پێموایە ئەوان ئەو "حسن نیت"یان دەبێت بەرامبەر بە کورد.

**پرسیار**: یانی بەرزکردنەوەی دروشمی فیدراڵییو.. ئەمانە تەئسیری هەبووە لەسەر ئەوەی موجاهیدین دڕدۆنگ بن بەرامبەر بە کورد؟

**حامید مەعروفیی**: ئاگام لە "رەد فعل"یان نیە سەبارەت بەو مەسەلەیە.

**پرسیار**: ئێستا هەڵوێستی ئەوانت پێباشە بەرامبەر بە کوردی ئێران؟

**حامید مەعروفیی**: وتم ئەگەر کاریگەریی ئەو وەزعییەتەیان لەسەر نەبێت بۆ ئەو کات باش بوون.

**پرسیار**: من ئێستا دەڵێم؟

**حامید مەعروفیی**: ئێستا بە نیسبەت بزووتنەوەی سەرتاسەرییەوە پێموایە عونسوری چالاکن.

**پرسیار**: ئەی بە نیسبەت بزووتنەوەی کوردەوە؟

**حامید مەعروفیی**: ئێستا خوێندنەوەیان بۆ ئەدەبیاتی کوردیی لە کوردستان چۆنە، نازانم. بە حوکمی عونسرییەتیی و تەعەسوبی قەومیی ئیحتمالەن کاریگەریی مەنفیی لەسەر هەڵوێستی ئەوان هەبووە.

**پرسیار**: کام بارودۆخ؟

**حامید مەعروفیی**: بۆ نموونە باسی مەسەلەی فیدراڵیزم دەکرێت لە کوردستان.

**پرسیار**: یانی موجاهیدین بەرزکردنەوەی دروشمی فیدراڵیزمی لەلایەن کوردەکانەوە پێ خۆش نیە؟

**حامید مەعروفیی**: ناڵێم پێیانخۆش نیە. وتم جوابی ئەوانم نەبینیوە.

**پرسیار**: کەواتە پەیوەندیتان نیە؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر. ڕەنگە تەنیا لە ئاستی نامەگۆڕینەوەو موناسیباتدا بێت.

**پرسیار**: دەکرێت وەک پاڵپشتێک بۆ کێشەی کوردیی سەیری ئەوان بکرێت لە داهاتوو؟

**حامید مەعروفیی**: دەکرا.

**پرسیار**: ئەی ئێستا؟

**حامید مەعروفیی**: ئێستا زۆر نا. نازانم ئەوان ئێستا ئەدەبیاتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان چۆن وەردەگرن، بۆیە ناتوانم بڵێم.

**پرسیار**: ئایا گەنجی ئێستا کە دێن بۆ پێشمەرگایەتیی باوەڕی ئیسلامییان بەهێزە؟

**حامید مەعروفیی**: وەک جەنابیشت باست کرد خەڵکی کوردستانی ئێمە بە شێوەی سوننەتیی موسڵمانن، ئەو لاوانەش لە خانەوادەی ئیسلامیی گەورە بوون و کۆمەڵە ئیستلاحاتێکی دینییشیان پێیە و تەنانەت دەکرێ هێندێک ئیلتیزاماتیشی هەبێ و لە هەڵسوکەوتیشیدا ڕەنگدەداتەوە.

**پرسیار**: مامۆستا! عەفومکە. بەو پێناسانەی بۆ حیزبەکەتانی دەکەی هەست ناکەی خۆتان زۆر داخراو نیشاندەدەن و خۆتان بچووکدەکەنەوە؟ بۆ نموونە دەڵێی هەر کەس ئیسلامیی نەبێ وەریناگرین. هێندێک پێوەر دادەنێی پێتوانیە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەم حیزبە ڕۆژ بە ڕۆژ بچوکتر بێتەوە؟

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ ئەو کاریگەرییەی دەبێ و تەبیعەتەن واشی لێهاتووە، بەڵام بۆیە گرینگیی بەو بوارە دەدەین و ئیلتزامات بە هەند دەگرین چونکە کاتێک ئەو شتانەمان بە گرینگ نەزانیبوون و گوێمان نەدایە باوەڕ و بۆچوونە جیاوازەکان، خەساری زۆر گەورەمان لێکەوت. تەنانەت ویجهەی ئەو سازمانە بوو بە پێخوستی ئەو جۆرە کەسانە و ئەو بیرکردنەوە غەڵەتانە.

**پرسیار**: کەواتە ئێوە سازمانێکی یەکدەنگتان دەوێ لە ڕووی فکریی و تێگەیشتن و بیرو باوەڕەوە. ناتانەوێ چەند بۆچوونی جیا لە سازمانی خەبات دا هەبێ؟

**حامید مەعروفیی**: بۆچوونی جیا لە کوردستان بەگشتیی هەبێ زۆر باشە.

**پرسیار**: ئەی لەناو حیزبەکەی خۆتان؟

**حامید مەعروفیی**: ناکرێ و بە شتێکی سروشتیی نایەتە بەرچاو.

**پرسیار**: ئێستا ئێوە هەمووتان وەک یەک بیردەکەنەوە؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر! دەکرێ جیاوازیی لە ئاستدا هەبێ و تەقریبەن ئەوە ڕێژەییە و تەنانەت لە کردار و ئیلتیزاماتیشدا یەکسان نین. کەسی وا هەیە شەونوێژ دەکا و ئی واش هەیە هەر فەرزەکان دەکا.

**پرسیار**: باسی کەسی دینیی‌و غەیرەدینییتان کرد. ئێوە کەسی غەیرەدین لە حیزبەکەتان وەردەگرن؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر. دەبا بتگوتبایە وەرگرتوون! بەداخەوە وەرمانگرتووە، بەڵام ئێستا کەسێک پابەندنەبێت بە دین وەریناگرین!

**پرسیار**: ئەی خەڵکی مەسیحیی‌و غەیرەموسڵمان وەردەگرن؟

**حامید مەعروفیی**: ئەوان حیزبی خۆیان هەیە، ئێمە ناتوانین وەریانگرین.

**پرسیار**: بەڵام تۆ ڕێکخراوێکی سیاسییت و دەڵێیت بۆ نەتەوەیەک تێدەکۆشم، ئەو نەتەوەیەش جۆرەها بیروباوەڕی ئایینیی تێدایە؟

**حامید مەعروفیی**: بەڵام جۆرەها حیزبیشی تێدایە! با هەر کەس لە حیزبی خۆی بێت.

**پرسیار**: یانی ئێوە تەنیا خەڵکی ئیسلامیی وەردەگرن؟

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پلۆرالیسم ئەوەیە ئیتر هەرکەس بەشی خۆیو جەمعی خۆی. کابرا ئەگەر موسڵمان نەبێت ناتوانێ تەحەمولی ئەو بارودۆخە بکات.

**پرسیار**: کەسێک نوێژ نەکا ئێوە وەک پێشمەرگە وەریدەگرن؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر ناتوانین.

**پرسیار**: ئەگەر زۆر قارەمان و تێکۆشەر و بەخزمەتیش بێ؟

**حامید مەعروفیی**: ئەگەر واش بێ هەر مەنفیاتی دەبێ. چونکە کەسی وامان زۆر هەبوون و کاریگەریی مەنفیان زۆرتر بووە لە خزمەت. ئەو کەسانە بە باوەڕی ئێمە ناتوانن بەکەڵک بن.

**پرسیار**: مامۆستا! کەسێک هەیە بە سودە بۆ کۆمەڵگا، داهێنەرە و دەتوانێ هاوکارییتان بکات؟ بۆ نموونە دەتوانێ تەلەفزیۆنێکتان بۆ دابنێت، رادیۆیەکتان بۆ دامەزرێنێت، بەڵام چون نوێژ ناکات وەری ناگرن؟

**حامید مەعروفیی**: لە جەمعی ئێمەدا ناتوانێ بەسوود بێت! ئێمە خەسارمان زۆر لێکەوتووە. نەخێر وەری ناگرین!. ئێمە خەساری ماددیشمان دیوە لە دەستیان. یەکەم دەزگای رادیۆمان کە سووتا لە سەر ئەو ئەساسە سووتا.

**پرسیار**: باشە کابرا چی بکات بۆ ئەوەی ئیسباتی بکات ئیلتیزاماتی دینیی هەیە؟ بۆ نموونە لە کۆمەڵەی (ژێکاف) بۆ خەیانەتنەکردن لە کۆمەڵە، خەڵکیان سوێنددەدا و ئەویش لەبەر سوێندەکەی پابەند دەمایەوە بە ئامانجەکانی کۆمەڵە؟

**حامید مەعروفیی**: کەسێک ئیتلیزاماتی دینیی هەبێت و ڕوونەکاتە مەنفییەکان.

**پرسیار**: پێشمەرگەتان هەیە؟

**حامید مەعروفیی**: پێشمەرگەمان زۆر کەمە.

**پرسیار**: چالاکیی چەکدارییتان نیە؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر، نیمانە.

**پرسیار**: باوەڕتان بە خەباتی چەکداریی هەیە؟

**حامید مەعروفیی**: بۆ زروفی پێویست، بەڵێ.

**پرسیار**: ئێستا پێویستە خەباتی چەکداریی هەبێت؟

**حامید مەعروفیی**: ئێستا دوو سێ شت هەیە. هێندێک بۆچوون هەن پێیانوایە ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێرانێ بەو شێوەیە باشتر دەچێتە پێشێ کە ئێستا هەیە و دەکرێ خەڵکێکی زیاتر - لە سەر ئاستی ئێران- لە بزووتنەوەدا بەشداریی بکا. بەڵام بزووتنەوەی چەکداریی ڕادەی گەرموگوڕیی و بەشداریی خەڵک کەمدەکاتەوە. ئەو بارودۆخەش کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین و لە هەرێم هەیە کەمتر ئیجازە بەو جموجوڵانە دەدا. هەر بۆیە لە ئێستادا دەسڕاگرتن بەسوودترە.

**پرسیار**: پەیوەندییتان لەگەڵ یەکێتییو پارتی چۆنە؟

**حامید مەعروفیی**: لەگەڵ پارتی دەژین بەو شەرتەی دۆستی سالم بین. لەگەڵ یەکیەتیی زۆر نا، ڕەنگە وایان پێخۆش بێت.

**پرسیار**: ئێوە باوەڕتان بە ئاڵای کوردستان هەیە؟

**حامید مەعروفیی**: ئێمە باوەڕمان بە ئاڵا هەیە، چونکە هێمایەکی نیشتمانیی و نەتەوەییە. تەنانەت حیزبێکیش ئاڵای هەبێ، هێمای خۆی هەبێ، شتێکی سروشتییە.

**پرسیار**: ئاڵای کوردستان بە ئاڵای خۆتان دەزانن؟

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ بە ئاڵای خۆمانی دەزانین.

**پرسیار**: لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، حیزبە کوردییەکان پشتگیریی کاندیدی ڕیفۆرمخوازەکانیان کرد، ئێوە چیتان کرد؟

**حامید مەعروفیی**: ناچارم بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە کەمێک بگەڕێمەوە بۆ دواوە. ڕەوتی شۆرش تا دەگاتە ١٣٥٧ لە سەرەتاوە هەموو خەڵکێکی بە هەموو جۆرێ لەگەڵ بوو. ئەو کاتە کە (بەختیار) هات و بوو بە سەرۆکوەزیر، هێندێک کەس پێیانوابوو شۆرش سەرکەوت و دەکرێ حکومەتی میلیی لە ئێرانێ دابمەزرێ. بەدوای ویدا هاتنەوەی ئەو کەسانە کە لە دەرەوە ڕێبەریی شۆرشیان دەکرد، لەو کاتەوە تا ئێستا هەر هاتووە و ڕۆژبەڕۆژ جەمعێک لەو حەرەکەتە دابڕاون و ڕیزی خۆیان جیاکردۆتەوە و ڕێی خۆیان گرتووە و ڕێگای حەستەمیان گرتۆتەبەر، وەک ئەوە کە بزووتنەوەی چەکداریی یا سیاسیی هەڵبژاردووە یا بەسەریاندا سەپاندووە، یان هێندێک کەس هەر لە ناوەوە خۆیان پاراستووە و ئەو ڕەوتەیان بەجێهێشتووە. ئێمە ڕەوتی تازەی ئێرانێ بە درێژەی ئەو ڕەوتە دەزانین. یانی یەکێکە لەو ڕەوتانەی کە دەیەوێ مەسیری خۆی لەو ڕەوتە جیا بکاتەوە. جا ئەوە کە درەنگە یا زووە، ئەوە شتێکی دیکەیە کە- بە عەقیدەی من- زۆر درەنگە و دەبوو زووتریان جیاکردباوە. شتێکی دیکەش کە ئێمە بە جیاواز لە خەڵکی تر سەیری دەکەین، تێڕوانینمانە بۆ ئینتیخاب و کاندید. ئێمە پێمانوایە کە هەڵبژاردن جۆرێک ئیلتیزام دێنێ. یانی وەختێک من و تۆ دەنگمان دا بە کەسێک، ڕەنگە دەنگی من و فلان سەرکەوێ لە بەر ئەوەی زۆرین و دەنگی تۆ شکست بێنێ، بەڵام تۆ دەبێ پابەند بی. چونکە هەر بەپێی قانوونی دێموکراسییش، دەبێ کەمایەتیی ڕێز بۆ زۆرینە دابنێ. دەی ئێمە ناتوانین ئەو زۆرینەی حوکم دەکا قبوڵ بکەین. بە باوەڕی من ئەو کەسانەی ڕازی بوون بە بەشداریی لە ئینتیخابات و خەڵکیان هانداوە بۆ دەنگدان، دەبێ ئەنجامی ئینتیخاباتیان قبوڵ بێ. جا لەسەر ئەو بنەما و تێڕوانینەمان بۆ هەڵبژاردن، سروشتییە کە پێمان خراپە بەشداریی لە هەڵبژاردندا.

سەبارەت بە "ڕەوتی سەوز"یش، بە عەقیدەی من ئەو ڕەوتە جێگای خۆی هەیە. حەرەکەتێکە و واقعێکە و هەیە و دەشبینرێ.

**پرسیار**: ئەی کورد چ جێگایەکی لە بزووتنەوەی سەوزدا هەیە؟

**حامید مەعروفیی**: پێم لاوازە.

**پرسیار**: خەتای کێیە پێگەی کورد لاوازە؟

**حامید مەعروفیی**: خەتا نیە، چونکە وەک دیتمان حکومەت تۆڵەی خەڵکی خۆشی لە خەڵکی کوردستان دەکردەوە ئەگەر بەشدارییەکە زەقتر با. ناکرێ بڵێین بەشداریی هەر نەبووە، بەشداریی هەبووە لە بەگژداچوونەوە و، کورد کاریگەریی

مەنفی هەبووە لە سەر ئینتیخابات. بەڵام ئەگەر زیاتر با، وەک لە کوردەواریی دەڵێن "حکومەت خەشی خۆشی بە کورد دەڕشت".

**پرسیار**: ئایا کورد لە ئێران بەشداریی هەڵبژاردن بکا یان نا؟

**حامید مەعروفیی**: پێموایە نابێ بیکا. کە بەشداریی دەکەم، لانیکەم ماناکەی ئەوەیە کە ئیجرای قانوونی ئەساسیم بەسەر خۆمدا قبوڵە، ئەو حوکم و دەوڵەتەی کە دێ قانوونی ئەساسیی بەسەر مندا پیادە دەکا. من کە قانوونی ئەساسیم رەد کردەوە، کەوابوو ئەو دەوڵەتە چ بەسەر مندا پیادە دەکا؟ دیارە کە ئەو قانوونە پیادە دەکا.

**پرسیار**: ئەو حیزبانەی کە داوایان لە خەڵک کرد دەنگ بدەن بە (کەڕڕوبیی) و (موسەویی) هەڵویستیان هەڵە بوو یا ڕاست؟

**حامید مەعروفیی**: لە باری ئیلتیزامیی و ئەخلاقیی پێم چاک نەبوو. لائیرادیی بوون بە موتیعی قانونی ئێران.

**پرسیار**: باسی ئەوەت کرد پێگەی کورد لە بزووتنەوەی سەوز لاوازە و هاوکات وتت بەشداریی حیزبەکان لە هەڵبژاردن چاک نەبووە. کورد چی بکات بۆ ئەوەی پێگەی بە هێزی بێت؟

**حامید مەعروفیی**: ئێستا کورد خەریکە جۆرێک لە ناکۆکیی لێ دروست دەبێت لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەریی بە حوکمی ئەو ئەدەبیاتەی هەیە. بەربەرەکانی لەگەڵ حکومەتی ئێران هەر دەنگدان بە بزووتنەوەی سەوز نیە، ڕێگای تریش هەیە.

**پرسیار**: وەک چی؟

**حامید مەعروفیی**: بۆ نموونە خەباتی مەدەنیی، گەشەپێدانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ. ئێستا کەلێنێک کراوەتەوە کە بە ڕای من گەورەترین کەلێنە و، چالاکیی لە بواری مافی مرۆڤ گەورەترین دەسکەوتی دەبێ بە کەمترین ئیمکاناتەوە. لە کوردستان مافی هەموو شتەکان تەنانەت مافی ئاژەڵەکانیش پێشێل دەکرێ.

**پرسیار**: ئایا لە ئێران مەجال هەیە بۆ کاری مەدەنیی؟

**حامید مەعروفیی**: مەجال دەبێ بکرێتەوە. هیچ کارێکی سیاسیی لە ئێران، بە تایبەت دژایەتیی ئەو ڕژیمە، بەبێ لەخۆبوردوویی و فیداکاریی ناکرێ. مەجال کەمە. دیارە کرانەوەیەک هەیە. جا بەهۆی ڕاگەیاندنە، بە هۆی ئەوەیە کە بارودۆخی ئێران قەیراناوییە و هەست بە فشار دەکا، لەو کەشەدا کەسێک کەمێک لەخۆڕا ببینێ، دەتوانێ زۆر شت بکا.

**پرسیار**: پێتوایە لە کوردستان خەڵک بە قسەی حیزبە کوردییەکان بکەن. بۆ نموونە حیزب هەیە داوای بەشداریی خەڵک دەکات، لە بەرامبەردا خەڵک بەشداریی ناکەن. یا حیزب هەیە بایکوتی هەڵبژاردن دەکات، خەڵک بەشداریی دەکات؟

**حامید مەعروفیی**: بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کاریگەریی لایەنە سیاسییەکان لەسەر خەڵک. هەروەها خەڵکی ئێمەش ڕەنگە نەتوانن پشت بە بزووتنەوەی کوردستان ببەستن، بەحوکمی ئەوە کە بزووتنەوە تا ڕادەیەک تەریکبۆتەوە. بە داخەوە ئێستا حاڵەتێکیش دروستبووە لە ئێران کە خەڵک پێیوایە دەکرێ هەم لەگەڵ ڕژیم بێ و هەم لە دژیشی بوەستێ. بەشداریی لەو هەڵبژاردنانەدا بەشێکی هۆکارەکەی ئەوەیە. ئەگەر جوابی حیزبەکانیش نەدەنەوە، زۆرم پێ سەیرنیە. چونکە وەک دەبینین حیزبەکانیش وەڵامی خەڵک نادەنەوە و بەدەنگ داواکانیانەوە نایەن. بۆ نموونە خەڵک دەیەوێ حیزبەکان هاودەنگ و تەبا بن، بەڵام لایەنە سیاسییەکان جوابی ئەو ویستەی خەڵک نادەنەوە. دیارە حیزبەکان وێڕای داوای خەڵکەکە بۆخۆشیان دەڵێن ئەوە ویستی خەڵک و پێویستی ئەو برگە زەمانییەیە و کەچی ناشیکەن، کەوابوو دەبێ هەر ئەو چاوەڕوانییەشیان هەبێ لە هەڵوێستی خەڵک و بزانن کە بەدەنگ داوای حیزبەکانەوە نایەن.

## بەشی سێهەم

**پرسیار**: وەزعی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە کوردستانی عێراق چۆنە؟

**حامید مەعروفیی**: پێموایە بە یەکسانیی مامەڵە لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ناکرێ. واتە دەزگاکانی هەرێم بە چاوێکی یەکسان سەیری خەڵکانی کوردستانی ئێران ناکەن. دەگونجێ کەسێک کە بۆ کاروباری سیاسییش نەهاتبێ، بەڵام مەجالی بدرێتێ و بۆ ژیانی خۆی تێبکۆشێ، بەڵام کەسێکی تر کە لەوانەیە عومرێک زەلیلیی و نارەحەتی دیبێ و پێشمەرگایەتیی کردبێ، ئەو دەرفەتەی نیە. دیارە بە باوەڕی من دەبوو پێداچوونەوەیەک بەو جۆرە مامەڵەدا بکرێ و هەڵوێستیان سەبارەت بە کوردی کوردستانی ئێران لێکنزیک بێ، نەک تا ئەو ڕادەیە جیاواز بێ.

**پرسیار**: یانی لە ئاستی چاوەڕوانیی ئێوەدا نیە؟

**حامید مەعروفیی**: نەخێر! بەشی خۆمان نا، هیچ جۆرە هاوکارییەکمان ناکەن.

**پرسیار**: بەڵام هاوکاریی لایەنەکانیتر دەکەن؟

**حامید مەعروفیی**: وا دەگوترێ، دەڵێن. پێموایە ناکرێ زۆر پشت بە دەڵێن و دەگوترێ ببەسترێ.

**پرسیار**: ئێوە تا چەند حورمەتی ئەو ئەزموونەتان ڕاگرتووە؟

**حامید مەعروفیی**: بە هەموو وجودمانەوە. ئێمە شەهیدی (ئەمنە سوورەکە)مان هەیە، شەهیدی (کەرکووک)مان هەیە، هەروەها جۆری ژیانەکەشمان تا ڕادەیەک کە لە گۆشەدایە بەشێکی پێوەندیی بەوەوە هەیە، چونکە ئەگەر تێروانینێکت هەبێ بۆ باری ئەودەمی بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبینی بەشێکی گەرموگوڕیی و بەشداریی لەو بزووتنەوەدا پێوەندیی بە مەسەلەی چەکدارییەوە هەبوو و کاتێک ئەو شتانە نەما ئەو عەناسورەی خۆی بەو جۆرە چالاکییانەوە خەریک کردبوو، دواتر پێی وابوو تازە دابڕاوە، یا بێکارە.

**پرسیار**: مامۆستا! ئێوە حازرن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی وتوویژ بکەن سەبارەت بە کێشەی کورد؟

**حامید مەعروفیی**: ئێمە وەک خۆمان لە باری حەجم و قەوارەوە، نەخێر، بەڵام وەک باوەڕ قەناعەتمان بەوە هەیە کە هیچ کێشەیەک، تەنانەت هیچ شەڕێک، بەبێ وتوویژ چارەسەر ناکرێ.

**پرسیار**: مامۆستا! بۆ باوەڕت بە حەجم و قەوارەی خۆتان نیە؟

**حامید مەعروفیی**: دەمەوێ واقعبینانە قسە بکەم.

**پرسیار**: ئێستا وەک لایەنێکی سیاسیی بەرنامەتان هەیە، داهاتوویەکتان هەیە، ئێوە لایەکن لە قەزیەی کوردیی، ئەگەر سبەی ئێران ئامادەگیی هەبێ بۆ وتوویژ لەسەر مەسەلەی کورد، ئێوە حازرن وتوویژی لەگەڵ بکەن؟

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ پێمانوایە دەبێ بزووتنەوەی کوردیی وتوویژی هەبێ، بەڵام وتوویژ دەکرێ شەرتی هەبێ. عەرزم کردی کە لە شەڕە گەورە و قورسەکاندا جۆرێکی وتوویژ هەر هەبووە، لانیکەم بۆ هێندێک مەسائیلی زۆر پێویست بۆ هەردوولا. ئەوجار ئەگەر پێوەندیی نەبێ و وتوویژ نەبێ، لە کوێوە دەکرێ ویست و داواکان لەگەڵ بەرامبەر باس بکەی.

**پرسیار**: ئێوە تا ئێستا وتوویژتان ڕەفز کردووە؟

**حامید مەعروفیی**: ئێمە لە هیچ وتووێژێکدا ئامادە نەبووین.

**پرسیار**: پێشنیارتان پێکراوە کە وتووێژ بکەن؟

**حامید مەعروفیی**: بە شێوەی ڕاستەوخۆ، نەخێر.

**پرسیار**: ئەگەر ئێران داواکارییەکانی ئێوە قبوڵ بکا، حازرن بچنە ناو وتووێژەوە، حازرن بگەڕێنەوە؟

**حامید مەعروفیی**: جا داواکاریی ئێمە ئەوەیە ئەوەی خەڵکی ئێمە پێی دەڵێن (عەجەم) لە کن ماڵ و حاڵی کوردی نەمێنێ، لەلای زەوی و شاخ و کێوی کوردی نەبێ. بە ئەدەبیاتێکی سیاسیی: هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆی. پاسدار و سەرباز و... بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. مەبەستم ئەوەیە هەر کەس بۆ ماڵی خۆی، تەنانەت ئەوکات مانەوەی ئێمەش لێرە - بەم شێوەیە - حەرام دەبێ.

**پرسیار**: ئێوە وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی بەشێکن لە چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران، یان بێ تەفاوتن؟

**حامید مەعروفیی**: بۆخۆی بەشداریی لە شۆڕشدا بە مانای ئەوەیە کە ناکرێ بێتەفاوت بین، بەڵام هێندێک جار ڕەنگە چەندایەتیی حوکم بکا. یا هێز بڕیار بدا لەسەر یەکلاییکردنەوەی بابەتەکان.

**پرسیار**: ئێوە لەنێو حیزبە کوردییەکانی ئێراندا هەستدەکەن جەمسەرێکن، لایەنێکن؟

**حامید مەعروفیی**: بەڵێ بە تەنیا خۆمان بە لایەنێک دەزانین.

**پرسیار**: یانی لایەنێکی ئیسلامیین؟

**حامید مەعروفیی**: زۆرم حەز لەو جۆرە دەربڕینە (ئیسلامیی) نیە. بەڵێ ئێمە موسڵمانین و بە دەربڕینێک ئیسلامییشین و پێشمانوایە ئەگەر لایەنی دووهەم نەبین، سێهەمین.

**پرسیار**: یانی ئەگەر یەکەم حیزب نەبن، دووهەم و سێهەمن؟

**حامید مەعروفیی**: نەک وەک حیزب. لە باری چەندایەتییەوە ناڵێم، لە باری فکرییەوە دەڵێم. هەر وەک خۆت باست کرد کە لایەنی نەتەوەیی و چینایەتیی و... هەیە، لەوان بترازێ لە بزووتنەوەی چالاکی ئەو بڕگەیەی رابردوودا ئێمە بووین وەک لایەنێکی کوردی موسڵمان لەسەر گۆڕەپانی بزووتنەوە بەشدار بووین. کاتێکیش شانازیی پێوە دەکەین یا ئێستاش داکۆکیی لەسەر دەکەین، بەو مانایەیە کە پێمانوایە لایەنی سێهەمە لە کوردستان لە باری باوەڕەوە، ئەگەر دووهەم نەبێ سێهەمە.

**پرسیار**: مامۆستا! باسی کوردی موسڵمانت کرد، کۆماری ئیسلامییش کە هاتەسەرکار کۆمەڵێ چەمکی داهێنا، کوردی موسڵمان، پێشمەرگەی موسڵمان. کوردی موسڵمان یانی چی؟ ئەوەی تۆ باسی دەکەی لەگەڵ ئەو کوردی موسڵمانەی ئەوان باسیان دەکرد فەرقی چیە؟

**حامید مەعروفیی**: دیارە پێموایە لێکگرێدانەوەیان باش نیە. ئەوان ئیستغلالیان کرد و ئەو کەلیماتانەیان قۆستەوە و لە پێشدا ویستیان بە خەڵکی دنیا بڵێن کە کورد کافر و کومونیستن بۆیە هێرشیان بۆ دەکەین، دوایەش کە بارودۆخ گۆڕا و زانیان ئەو ئەدەبیاتە غەڵەتە، گوتیان لەنێو ئەو کوردانەدا کەمێک موسڵمانیش هەن کە ئەوانەن ئێمە بەو ناوانە ناویان دەبەین. بەڵام ئەو کوردە موسڵمانەی ئێمە دەیڵێین واقعێکی ئەو نەتەوەیە، شتێکی زیادیی تێدا نیە و خەڵکی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆریان موسڵمانن.

**پرسیار**: ئێوە ژنان وەک ئەندامو چەکدار وەردەگرن؟

**حامید مەعروفیی**: مەسەلەی خەباتی ژنان بە داخەوە ئەویش وەک ئامرازێک سودی لێ وەردەگیرێت. ئەوە قۆناغ دیاری دەکات. ژینگەش کاریگەریی هەیە. ئیستا لە ئۆروپا ئافرەت دەتوانێ دەوری کاریگەری هەبێت. مەسەلەکە ئەگەر بێتە سەر خەباتی مەدەنییو فەرهەنگیی بێگۆمان دەوری باشیان دەبێت. بەڵام بە تەئکید لە خەباتی چەکداریی دەوریان نامێنێت. بۆیە جۆری خەباتە رادەی بەشداریی ئەوان دیاری دەکات.

**پرسیار**: مامۆستا من سوپاست دەکەم. خۆشحاڵ بووم. بە ڕاستیی زیاتر لەوە کاتت ناگرم. دیارە پرسیار زۆرە، بەڵام با لەوە زیاتر ماندووت نەکەم. ئەگەر جەنابت پێتوایە شتێک ماوە باست نەکردووە، دەبێ شتێک بڵێی کە تا ئێستا نەتگوتووە، یان پەیامێکت هەیەو دەتەوێ لە ڕێگای ئەو چاوپێکەوتنەوە خەڵک ئاگادار بێ، خۆشحاڵ دەبم باسی بکەی.

**حامید مەعروفیی**: شت زۆر ماوە، بە تایبەت کە من دەمویست پرسیارەکان بە پێشەکییەوە وەڵام بدەمەوە، بەڵام زۆربەی

پێشەکییەکان تەواو نەکران، ئەوەش بۆخۆی لەوانەیە کەموکوڕیی لە وەڵامەکاندا پەیدا کردبێ.شت لە سەر بزووتنەوە زۆرە و لەسەر خۆشمان باس و خواس زۆرە. پەیامم بۆ چەند لایەنێک هەیە. یەکیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن: ڕاگەیاندن لە باری دینییەوە هێڵێکی زۆر باریک و هەستیارە و کەسی ڕاگەیەنکار زۆر هوشیار نەبێ هەتڵە دەبێ، چونکە لە ڕوانگەی دینەوە دەبێ ئەدایەکت هەبێ کە تەداخول نەبێ لە ژیانی تایبەتیی کەسان و، ڕەشکردن و سڕینەوەی کەسی تێدا نەبێ و، تێکدانی هاوسەنگیی تێدا نەبێ لە بەرژەوەندیی لایەکدا. پێمخۆشە ڕاگەیاندنی کوردیی زۆر بە ئیحتیاتەوە بچێتە پێش. باوەڕکە نەک بە نیسبەتی خۆم و ئەو شتانەی کە لەنێو ئێمە دەگوزەرێ، پێمخۆشە ئەمانەتداریی هەبێ لە ڕاگەیاندنی کوردییدا و خۆی لەو شتانە ببوێرێ کە پێوەندیی بەوەوە نیە. ئەوە ئاواتی منە بۆ ئێستا بە تایبەت کە ڕاگەیاندن لەشکرێکی بەهێزە لە ئێستادا. ڕاگەیاندن ئەگەر بە لەباریی و ڕێکوپێکیی ئیدارە نەکرێ و ئاڕاستەی دروست نەکرێ، کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگە دەبێ.

داوایەکی تریشم کە ئاماژەم بۆ کرد لە دیمانەکەدا: وەڵامنەدانەوە بە ویستی خۆمان و خەڵکی کوردستان بۆ دروستبوونی کۆدەنگیی تاوانە و، "نازانم" نابێتە وەڵام بۆ ئەو داوایە و لەگەڵ ئەرک و بەرپرسیاریی لایەنەکانی بەشداری بزووتنەوەدا نایەتەوە. دەبێ لەو بڕگەیەدا وەڵامێکمان هەبێ بۆ خەڵک، کە بۆ ناتوانین لانیکەم هاودەنگ بین.

سەبارەت بە مەسەلەی ئیسلامیی و نائیسلامییش دەبێ ئاماژە بکەم کە هێندێک چەمک هەن کە پاشگر و پێشگرێکیان پێوە دەلکێنن، لە زووشدا هەبوو. وەک دەیانگوت (سوسیالیزمی عیلمیی)، (سۆسیالدێموکڕات). ئەمن پێموایە ئەو قەید دۆزینەوە بۆ ئەو چەمکە سیاسیی و عەقیدەتییانە، وەک ئەوە کە لێرەش دەگوترێ "دێموکڕاسیی تەوافوقیی"، بۆخۆی ناتەواویی چەمکەکان دەگەیەنێ. وەختێک دەڵێن "دێموکڕاسیی تەوافوقیی" ئاماژەیەک هەیە بۆ ئەوە کە ئەو دێموکڕاسییە نەیتوانیوە چارەسەر بێ، بۆیە ئەو قەیدەی پێوەدەنێن. وەختێک دەڵێن ئیسلامی سیاسیی مەبەستیان ئەوەیە کە ئیسلام بە موتڵەقیی کۆمەڵێک کێشەی خۆی هەیە، بۆیە پاشگری "سیاسیی" پێوە دەلکێنن. ئەوانەش شتی تازە نین. بۆ نموونە دەبیسین لە زوودا "خەواریج" هەبوون و لەم دواییانەشدا حکومەتی ئێران "ئیسلامی نابی موحەممەدیی" و "شیعەی سووری عەلەویی" داهێنا. ئەمن پێمخۆشە لە مامەڵە لەگەڵ ئیسلامدا واقعبینانە هەڵسوکەوت بکرێ، چونکە دینە و راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە حەشیمەتێکی زۆر پەیڕەویی لێدەکەن و، دەشتوانم بڵێم ئێستاش لە گەشەدایە و، لەو شوێنانە کە ئازادیی و دێموکڕاسیی و هەڵبژاردنی ئازادانە لە برەودایە، دینی ئیسلامیش گەشەدەکا و دەبینین کە لەگەڵ خەڵکیشدا دەسازێ. جا بۆیە پێمخۆشە وەختێک باسی دین دەکرێ ئەو قەید و شتانەی لێ زیاد نەکرێ.

**سوپاست دەکەم زەحمەتی زیاتر زۆرتر جەنابت کێشات.**

## عومەر ئیلخانیزادە: سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان: هەتا ئێستاش کۆمەڵە و دێموکرات دوو حیزبی سەرەکین



**خالید محەممەدزادە:** لەو ماوەیەدا لە ئێران ژمارەیەک زیندانی سیاسی لە سێدارەدران، لە کاتێکدا دەوڵەتی نوێ لە ئێران مژدەی گۆڕانکاری دەدا ئەم پرۆسەی لە سێدارەدانانە بۆ بەرێوە دەچێت؟

**عومەر ئیلخانیزادە:** حکوومەتی ئێران کوردستان بە گرنگ دەبینێ و لێی دەترسێ. ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەییەو کوردستان دەوری گ دەوری گەورە هەیە لەم فرە نەتەوەییەوە هەیە لەم فرە نەتەوەیی بوونەو لەگەڵ ئەوەش سەرەرای بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و داواکاری چالاکانی مەدەنی کورد، رووحانی دێت کەسێکی وەک عەلی یونسی دەکات بە راوێژکاری خۆی لە کاروباری کەمە نەتەوەکاییەکان، واتە پرسی کوردستان بۆیان پرسێکی ئەمنییەتییە و ئەمەش وەڵامی هەموو داوا چارەراونییەکانی کورد بوو بە دانانی وەزیرێکی پیشووی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ کاروبارەکانیان. بە رای من ئەم پرۆسەی ئیعدامکردنەش راناوەستێ، تا بەربەستێکی گەورەی لە بەردەم دانەنرێت لە لایەن کۆمەڵگاوە.

**خالید محەممەدزادە:** حەسەن رووحانی و حکوومەتەکەی چ دەورێکی هەیە لە پەرەپێدان یا راگرتنی پرۆسەی ئێعدامەکان؟

**عومەر ئیلخانیزادە:** دەوڵەتی رووحانی بێدەنگە بەرامبەر بە ئێعدامەکان، بێدەنگ بوونیش یانی هاودەنگە لە گەڵی. لە بیرمان نەچێت رووحانی هاتووە بۆ ئەوەی کێشەکانی کۆماری ئیسلامی چارەسەر بکات. ئەو دەتوانێ زمانی دەربڕینی ئەحمەد نەژاد نەبێت و وەک ئەو قسە نەکات، بەڵام دەتوانێ هەمان سیاسەتی هەبێت. رووحانی هی دەورەیەکی تایبەتە بۆ سازانێکی کاتی لەگەڵ دەرەوە.

**خالید محەممەدزادە**: دەوری کۆمەڵگایەک کە دەنگی داوە بە رووحانی دەتوانی چ بێت لە راگرتنی ئێعدامەکان؟ رۆڵی چالاکانی مەدەنی بۆ راگرتنی ئەو ئێعدامانە دەتوانی چی بێت؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: باشترین دەور ئەوەیە کە فشار بخەنە سەر حکوومەتی رووحانی و نارەزایی مەدەنی وەڕێ بخرێت لە هەموو کوردستان، داخوازییەکانی کورد بڵێن و بزووتنەوەیەکی گەورە لە کوردستان وەڕێ بکەوێ. ئەوە کاری ئێمەیە کە پشتگیری ئەو هەنگاوە بکەین. ئەوانی ناوەوە بە زمانی خۆیان و رەوشتی خۆیان دەدوێن و ئێمە لە دەرەوەی وڵات کاری بۆ بکەین. ئێمە چاوەروانی ئەوەمان لە چالاکانی کورد لە ئێران نییە کە بە زمانی حیزبە سیاسییەکان قسە بکەن. بەڵام حیزبە سیاسییەکانیش پێویست ناکات زمانی خۆیان بهێننە ئاستی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و داخوازییەکانیان بهێنە ئاستی مادەکانی قانوونی بنەرەتی ئێران.

**خالید محەممەدزادە**: حیزبی کوردی داخوازی خۆی هێناوەتە ئاستی ماددەکانی قانوونی بنەرەتی ئێران؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: پێموایە زۆرجار روویداوە کە حیزبی سیاسی داخوازەکانیان هێناوەتە ئەو ئاستە یا ئەو مەیلە لە ناو حیزبی سیاسی پەیدا بووە کە خۆی هاوئاهەنگ بکات لەگەڵ سەتحی داخوازییەکانی ناو ئێران کە ئەمە نادروستە. ئێمە تۆپخانەین و ئەوان هێزی پیادە. ئەوان ورد دەیدورن ورد دەچنە پێش و ئێمەش دەتوانین دوور بکوتین، کاری ئیمە ئەوەیە کە ئەگەر وەک مەیدانی شەڕ حیسابی بکەی، من پێموایە پشتوانی چالاکانی کورد بین لە ناو وڵات، چونکە ئێمە لە دنیای ئازادی دەژین و دەستمان بە زۆر شت رادەگات کە ئەوان ناتوانن؟

**خالید محەممەدزادە**: یەک لەو زیندانیانەی لە سێدارە درا شێرکۆ مەعاریفی ئەندامی کۆمەڵە بوو. پێش لە سێدارەدانی ئێوە چیتان کردوە بۆ ئازاد کردنی؟ هەوڵەکانتان چ بوون؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: ئێمە هەموو هەنگاویکمان هەڵگرت. حەولمانداوە لە رێگای رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بە هۆی چالاکوانانی مەدەنیی بە وردی لەسەر ئەو کەیسە کارمان کردووە. دەیان فاکس و پەیام لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە چووە بۆ دەوڵەتی ئێران. تەنانەت بەرێز مان جەلال لەسەر داخوازی ئێمە هەوڵی دا سزاکەیان بوەستێنێ و ماوەیەکیش راگیرا سزاکەی، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین.

**خالید محەممەدزادە**: سەرکەوتوو نەبوونتان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی خۆتان یا هۆکاری تریش هەبووە؟ چون هەر لەو ماوەیەدا زیندانی سیاسیی دیکەش هەبووە سزاکەی سووکتر کراوە بەهوێ کاری بەردەوام؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە کارمان بۆی نەکردبێت، بزووتنەوەی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان گوشارەکەشی ئەوەندە زۆر نییە کە بتوانێ ئەنجامی تەواوی هەبێت. ئێمە دەبێت فشارەکان زیاتر بکەین، یەکەم بەوەی دەبێت حیزبە سیاسییەکان یەکگرتوو بن. زوێر نەبن لە گەڵ یەکتر.

**خالید محەممەدزادە**: دیارە نموونەش هەبووە چەند حیزب پێکەوە بەیاننامەیان داوە، بەڵام وەڵامیان وەرنەگرتۆتەوە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: نا وانیە! هەر کاتێک حیزبە سیاسییەکان پێکەوە بەیاننامەیان دابێت سەرکەوتوو بوون.

**خالید محەممەدزادە**: لە چیدا سەرکەوتوون؟ کوا؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٩ واتە ١٣٨٨ هەتاوی ئێمە لە وەرێخستنی مانگرتن سەرکەوتووتین.

**خالید محەممەدزادە**: بەڵام سەتاسەری نەبووە، تەنانەت لە شارێک هەموو چەند بازاڕێکی گرتەوە نەک هەمووی؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: لەوە زیاتر نەدەکرا سەرتاسەری بێت. کارێکی گەورە بوو، لە هەموو ئێران نەیانتوانی بازارێک دابخەن. حیزبەکانی کوردستان پێوەندی باشیان لەگەڵ خەڵکی خۆیان هەیە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە ئێمە شکستی نیزامیمان خواردووە کوردستان میلیتاریزە کراوە، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر دەوری سیاسیمان لە کوردستان.

**خالید محەممەدزادە**: با روونتر قسە بکەین، ئێستا چی زۆرە حیزب. نکرێت بڵێین هەموویان کاریگەریان هەیە. مەبەستت کام حیزبە کە کاریگەریتان هەبووە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: هەتا ئێستاش کۆمەڵەو دێموکرات دوو حیزب و دوو رەوتی سەرەکین لە کوردستانی رۆژهەڵاتی هێشتا بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ئەو دوو رەوتەوە بەرەپێش دەبرێت و خەڵک گوێ لە قسەیان دەگرێ و بە کەمووکوڕیان دڵگرانەوە بە پێکەوە بوونیان شادە.

**خالید محەممەدزادە**: کامەیان زیاتر کاریگەریان هەیە، چون کاریگەریان وەک یەک نییە. ئەمانیش لە باتی دوو حیزب ئێستا چەند حیزبن؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: بۆ بچینە ناو ئەو کێشەوە؟ ئێمە لە خوامان دەوێ لە پرسی دیموکراسی و نەتەوەیی یەک گوتارمان هەبێت. من دەزانم هێزی ئیسلامیش هەیە، لایەنی دیکەش هەیە، بەڵام هەتا ئێستا گوتاری کۆمەڵە و دێموکرات گوتاری زاڵن.

**خالید محەممەدزادە**: کۆمەڵە ئێستا داوای دێموکراسی دەکات؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: بەڵێ، داوای دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیش دەکات.

**خالید محەممەدزادە**: بەڵام کۆمەڵە لەو مێژوویەی هەیەتی دیموکراسی وەک درۆشمێکی ئیمپریالیستی چاو لێکردوە و پێی وابووە دەستکەوتەنی جیهانی سەرمایەدارییە، چۆنە ئێستا بوون بە ئاڵا هەڵگری؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: لە کوێ؟ شتی وا نەبووە. ئەو کاتەش لە حیزبی کۆمۆنیست بووین ئێمە دژی دێموکراسی نەبووین. بەڵام ڕەنگە سۆسیالیستەکەمان تۆختر بووبێت. ڕەنگە گوتبێتمان کۆمەڵگای کوردستان دەتوانی هەر ئێستا ببێت بە کۆمەڵگای سۆسیالیستی، ڕەنگە تێ بینیمان لەسەر دێموکراسی بووبێت، بەڵام کۆمەڵە قەد دژی دێموکراسی نەبووە. ئەوەش راستە کە وتاری ئێستای کۆمەڵە تەئکیدێکی زیاتر لەسەر دێموکراسی دەکاتەوە.

**خالید محەممەدزادە**: پژاک لە کوێی گوتاری زاڵی کۆمەڵەو دێموکراتە وەک باستکرد؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: پژاک هێزێکە نابێت بە کەمی بگرین و بیرۆکەی ئۆجەلانی هەڵگرتووە و خۆشیان دەڵێن ئاپۆچین. ئەو گوتارە زەمینەی هەیە و ئیمکانی. دەتوانم بڵێم دوای کۆمەڵە و دێموکرات، پژاک زۆرترین دەری هەیە.

**خالید محەممەدزادە**: کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیست لە کوێی ئەم دابەشکردنەی جەنابت دایە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: من پێموایە رەوتێکی چەپە لە گەڵ رەوتی کۆمەڵە و دێموکراتە ئەو جەریانە قابیلی تەئسیرە و نابێت ئەو رەوتە وەک سەیری بکرێت. قسەی ئەوان هەرچی بێت وەک رەوتێکی دۆست چاویان لێ دەکەین و پێمانوایە ئیمکانی ئەوە کەم نییە کە گۆڕان بەسەر گوتاریاندا بێت.

**خالید محەممەدزادە**: ئەو ململانێی لە کۆنگرەی نەتەوەیی هەیە کە وەک دیارە پارتی و یەکەکە رۆلی سەرەکی دەگێڕن



سەرچاوە Serchawe

تیادا، ئێوە وەک کۆمەڵە و دێموکرات لە کوێی ئەو ململانێ دان، پاڵ بە یەک لەو دوو هێزە دەدەن، یا نا دەتوانن وەک هێزێکی ڕۆژهەڵات میحوەر بمیننەوە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: کوردی ڕۆژهەڵات ئەو لێژنەیەی هەیەتی هیچ مەجبوور نین پاڵ بدات بەو دوو هێزەوە. دیارە کۆنگرەی نەتەوەیی باری زۆری لێنراوە وا سەیر کرا کە ئەمە هەموو کێشەی کورد چارەسەر دەکات. ئەگەر ئەوە بێت کێشەی لەسەر ساز دەبێت، چونکە بەرژەوەندی وەک یەکمان نییە تیادا. ئێمە دەمانەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی بێت بە ئۆرگانێک بۆ دیالۆگ لە ناو ماڵی کورد، نەک بۆ بڕیادان بەسەر کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

**خالید محەممەدزادە**: کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کوێی ئەم ململانێیە حیزبیە کە لە کۆنگرە درێژە هەیە؟ هەست ناکەی لە پەراوێزدایە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: بەڵێ، ڕەنگە ڕۆژهەڵات لە سکرتاریای کۆنگرە بەشدار نەبێت، لە دەستەی بەڕێوەبەری نەبێت، بەڵام ناتوانرێ ڕۆژهەڵاتت پەراوێز بخرێت، چونکە ڕۆژهەڵات پەراوێز بخرێت کۆنگرەی نەتەوەیی هیچ مانایەکی نامێنێ. ئێمەش ئەو پێنج لایەنەی ڕۆژهەڵات لە شوێنێک خەتی سوورمان هەیە بۆ کۆنگرە و قورسایی ڕۆژهەڵات وەک خۆی لەبەر چاو نەگیردرێت، بەشداری ناکەین.

**خالید محەممەدزادە**: بەڵام ئێوە هەر پێنج تان دەنگتان بە یەکتر داوە و پێکەوەن؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: ئێستا پێکەوەین لەو کۆنگرەیە. بەڵام پێکەوەین بۆ ئەوەی یەک بەرە دروست بکەین؟ هەر لەبەر ئەوە کۆنگرەی نەتەوەیی پەراوێز نەخرێن، یەکبگرین کافی نییە. ئەوە هیچ گرنگ نییە. ئێمە دەبێت پێکەوە بین بۆ ئەوەی بەشی ڕۆژهەڵات خۆی بگرێتەوە، دەنا هاوکاریمان پێکەوە لە کۆنگرەی نەتەوەیی باشە، بەڵام زۆر بچکووکە.

**خالید محەممەدزادە**: لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی دەڵێی ئێمە وەک کۆمەڵە کێشەمان نییە بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام کێشەکە لای حیزبی دێموکراتە. ئەمە چۆنە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: بەڵێ، لایەنەکانی کۆمەڵە(زەحمەتکیشان و شۆڕشگێر) ئێستا کێشەی ئەوەیان نییە پێکەوە کار بکەن یا پێکەوە بەیاننامە بدەن. بەڵام کێشەیە ئێستا لە ناو دێموکرات هەیە.

**خالید محەممەدزادە**: کامەیان کێشەن لەو دوو دێموکراتە بۆ هاوکاری پێکەوە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: حدکا تا ئێستا بەو قەناعەتە نەگەیشتووە لەگەڵ حدک پێکەوە هاوکاری بکەن و پێکەوە کار بکەن، ئەویش گۆیا لەبەر بڕیارێکی کۆنگرەی پێشوویانە کە ناتوانن حدک بە رەسمی بناسن بۆ هاوکاری کردن لە گەلیان.

**خالید محەممەدزادە**: بەڵام جەنابت تەنیا باس لە خۆتان و لایەنی کۆمەڵەی شۆڕشگێر دەکەن بۆ هاوکاری، بەڵام دوو لایەنی دیکەی کۆمەڵەش هەیە وەک رەوتی سۆسیالیست و کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیست؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: حیزبی کۆمۆنیستیش رایگەیاند کە کێشەی نییە بۆ بەیانیەی هاوبەشی کۆمەڵەکان پێکەوە. رەوتی سۆسیالیستیش تا ئێستا وەک جەریانی حیزبی دەرنەکەوتووە. ئێمەش ئامادەین بۆ هەموو هاوکاری و هاوئاهەنگییەک لە گەڵ هەرتکلایان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## خالید عەزیزی: حزوری پێشمەرگەی دیموکرات لەبەرەکانی شەڕی دژ بەداعش کۆمەڵێک حەساسییەتی ناوچەیی بۆ هەرێم بەدواوە دەبوو".



**دیمانەی ڕۆژنامەی ناوێنە لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

**ناوێنە: زۆرتان بۆ کۆنگرەی حزب نەماوە، ئایا بەرنامەی تەواونەکراوتان ماوە کە لەو چوار ساڵە نەکرابێت پیادەی بکەن؟**

**خالید عەزیزی**: لەبەر ئەوەی ئێمە وەک حزبێکی فەرمییو قانونیی لەنێوخۆی وڵاتدا بواری کارو تیکۆشانمان نییە، بەداخەوە ناتوانین بەرنامەی حزب بخەینە مەیدانی کارو ژیانی سیاسیی ڕۆژانەی خەڵکو بەو جۆرە قەزاوەتی لەسەر بکرێت تاکو بزانین چەندەمان بۆ پیادەکراوەو کەموکوڕیەکانمان لەچیدان. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەکۆنگرەی ڕابردوە تا ئێستە تێکۆشاوین کە بەشێوەیەکی فرە ڕەهەند لەگەڵ بارودۆخی ئێران رەفتار بکەین بۆ وێنە، تێکۆشاوین لەو دەرفەتانەی کە لەپێوەندی لەگەڵ کێشەکانی نێوخۆی دەسەڵاتو هەڵبژاردنەکان لەئێراندا دێنە گۆڕێ بەجۆرێک قەزیەی کورد بەڕۆژ بکەینو خەڵک هانبدەین کە بەدواداچون بکەنو بەگوێرەی ئیمکانو گونجان داواکانی خۆیان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان بکەنو ڕێکخستنی لەسەر دروست بکەن.

**ناوێنە: کونگرە دەگرن یا بەئومێدی یەکگرتنەوە لەگەڵ حدکا دوایدەخەن؟**

**خالید عەزیزی**: بەپێی پێڕەوی نیوخۆیی حزب ئێمە دەبێ لەماوەی ساڵی داهاتوی ئێراندا کۆنگرە بگرین. بێگومان کۆمیتەی ناوەندیی دەتوانێ بەلەبەر چاوگرتنی بارودۆخێکی تایبەتی سیاسییو حزبیی پێشنیازی ئەوە بکات کە کۆنگرە زوتر یان

درەنگتر لەکاتی خۆیدا بگیرێ. چارەسەری کێشەی دێموکراتەکان بۆ هەردوک لای دێموکرات دەتوانێ بابەتێک بێتو شوێن لەسەر کاتی گۆنگرەی هەردوک لا دابنێت. ڕەوتی دانیشتنو گفتوگۆکانی ئێمەو دێموکراتەکان تاکو ئێستە نەگەیشتۆتە ئەو قۆناخە لەچارەسەری کێشەکان کە کۆنگرەی بۆ وەدوا بخەین. بەڵام، ئەگەر لەدرێژەی ئەو ڕەوتەدا بۆ جێبەجێکردنی میکانیزمەکان بۆ یەکگرتنەوە بەپێویستمان زانی، لەو حاڵەتەدا دەکرێ قسە لەوەدواخستنی کۆنگرەش بکەین.

**ئاوێنە**: لەنێوخۆی حدک، ڕەخنەتان لێیدەگرن کە زۆر خۆتان بەپرسی یەکگرتنەوە لەگەڵ حدکا خەریک دەکەن لەحاڵێکدا وەک دەڵێن کە پرسی یەکگرتنەوە لای حدکا تەفسیرو لێکدانەوەی تری بۆ دەکرێت، ئەم هەمو چاوەڕوانیە بۆ یەکگرتنەوە بۆ کە لایەنی بەرامبەر وەک خۆتان دەڵێن ئامادە نین؟

**خالید عەزیزی**: هەروەکی کاتی خۆی لێکترازانو لەتبونی حزبی دیموکرات بو بەئەسبابی کۆمەڵێک کێشەو تورەیی و ڕەخنە لێکتر کە ئێستە بەخۆشیەوە زۆر کەمبۆتەوە. بێگومان پرسی یەکگرتنەوەش قەزاوەتو تێبینی و ڕەخنەی جۆراوجۆری دێتەوە سەر. ئەوە ڕاستە ئێمە زۆر خەریکی پرسی یەکگرتنەوە بوینو ڕەنگە دەستپێشخەرییشمان کردبێو کاتی خۆی گەڵاڵەیەکیشمان ئامادەکردو بەجیدییش کارمان بۆ کردوە. بەڵام بەداخەوە ئێمە تاکو ئێستەش ئەو جیدییەتو بەدواداچونەمان لەلایەکەی دیکەی دێموکراتدا نەبینیوە. بۆیە هیچ سەیر نییە کە بەشێک لەئەندامانی حزب ڕەخنە لەخۆم دەگرنو دەڵێن مادام لایەکەی دیکە جیدیی نییە، پێویست ناکات ئێمەش لەوە پتر خۆی پێوە ماندو بکەین. سەرەڕای هەموی ئەوانە، ئێمە دەبێ زەرورەتی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بخەینە خانەی پێداویستیی بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان ئەو پرۆسەیە پشودرێژیی و حەوسەڵەی گەرەکە، بەڵام نابێ زۆر بکێشێو کات لەدەستبدەین. ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەر نەکەینو بەتوانایی و دەستئاوەڵەییەکی باشتر ڕوبەڕوی پێشهاتەکان نەبینەوە، هەم وەک دێموکراتو هەمیش وەک کوردی ئێران زۆر زەرەرمەند دەبین.

**ئاوێنە**: لەو سەفەرەی دوایت بۆ ئەمەریکا باسی چیتان لەگەڵ ئەمەریکا کردوە؟ گوایا ئەمەریکیەکان پێیانگوتون کە مەوافیقی چالاکیی چەکداریی ئێوە بەرامبەر بەئێران نینو ئێوەش دوای ئەوە چالاکیی چەکداریی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتتان ڕاگرتوە؟

**خالید عەزیزی**: من لەو سەردانەی واشینگتۆندا، یەکەم باسی ئەوەم کردوە لەڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا کێشەکانی قەومیی، تایفیی و ئاینیی کە پاشخانێکی مێژوویی و چارەسەرنەکراوی هەیەو لەخۆیدا بۆتە ئەسبابی نائەمنیی و توندوتیژیی و دیاردەی وەک داعشی لێککەوتۆتەوە، کورد بۆتە فاکتۆرێک کە ئەگەر دیفاعی لێبکرێو پشتیبگیرێو یارمەتیبدرێ دەتوانێ دەوری باشی هەبێ لەدروستکردنی ئەمنو ئاسایشو سەقامگیریی ناوچەکە. دوهەم، ئێمە پێمانوایە کە کۆماری ئیسلامیی

سەرچاوەی بەشێکی زۆری کێشەو ئاڵۆزیەکانی ئەو ناوچەیەن‌و ئێران بونی خۆیان لەدروستکردنی کێشەو قەیران‌و نائەمنیی لەناوچەکەدا دەبینێ‌و هاوکاتیش بەردەوام سیاسەتی هەڵاواردن‌و بەئەمنییەتیکردنی کوردستانی ئێران‌و بێڕێزیی بەکەسایەتی‌و مافەکانی کوردی ئێران درێژە دەدەن. ئێمە داوامانکرد کە ئەمەریکا لەبوارە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ‌و مافە نەتەوایەتیەکانی کوردی ئێران بەگوێرەی ئیمکان زەخت بۆ ئێران بێنێت. دیارە باسی چالاکییەکانی ئەو دوایەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کرا، بەڵام ئەوان داوایەکی بەو شێوەیان لەئێمە نەکردوە کە ئەو چالاکییانە ڕابگرین.

**ناوێنە: بۆچی دو خول، کۆبونەوە پێنج قۆڵیەکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات ئیدامەی هەبو، لەپڕا ڕاگیران. هۆکاری ڕاگیران و درێژەنەدانی چ بوە؟**

**خالید عەزیزی**: بەباوەڕی من دەستپێکو سەرەتای کۆبونەوە پێنج قۆڵێکەی (دێموکراتەکان کۆمەڵەکان) شتێکی باش بوو دەیتوانی لەئیدامەی خۆیدا ببێت بەبنەمایەک بۆ چوارچێوەیەکی بەکردەوە بۆ کارو تێکۆشانی هاوبەش بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێمە ئێستاش زۆر بەباشی دەزانین کە ئەو پێنجقۆڵییە درێژە بەکاری خۆیان بدەن. ئێمە نەتەنیا هۆکاری ڕاگیرانی نەبوین بەڵکو بەشایەدیی هەمویان هاندەری ئەوە بوین کە ئەو پێنجقۆڵییە بەکار و بەرنامە بچێتە پێش‌و شتی عەمەلی هاوبەشیشی لێبکەوێتەوە. بەڵام، بەداخەوە شوێنەواری لەتبونەکان‌و ڕوحی یەکتر تەحەمول نەکردن هۆکاری سەرەکییە کە ئەو جۆرە پرۆژانە لەبارببچن‌و سەرکەوتو نەبن. سەرەڕای ئەو ڕاستییانەش دیسان ئێمە بەردەوام دەبین لەهەوڵی خۆمان بۆ ئەوەی میکانیزمێک لەپێوەندیدا بدۆزینەوە.

**ناوێنە: ئێوە بەشداریی شەڕی داعشتان نەکردو لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش بەشداربون، جیاوازیی نەچونی ئێوە لەگەڵ بەشداریی لایەنەکانی ڕۆژهەڵات لەشەڕی داعش بەرامبەر بەباشور لەچیدا دەبینی؟**

**خالید عەزیزی**: پێشەکی، پرسیار ئەوەیە داعش کە بەرهەمی کێشەی سوننەو شیعەیە لەعێراق‌و سوریاو ڕویان لەدیمەشق‌و بەغدا بو، بۆچی بەرەو کوردستان سوڕانەوە؟ بێ ئەوەی بچمە نیو تاوتوێ وردەکاریەکانی ئەو وەڵامە، ئێمە هەر لەڕۆژانی یەکەمدا پشتیوانیی خۆمان لەحکومەتی هەرێم لەو شەڕەدا ڕاگەیاندو ئامادەیی خۆمان دەربڕی بۆ بەشداریکردن‌و ناردنی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ بەرەکانی شەڕ. بەڵام لایەنەکانی پێوەندیدار وێڕای سوپاس‌و پێزانین بۆ ئامادەگیی ئێمە پێیانوابو پێویست نییە. من بەباشیی لەوەڵامی ئەوان تێدەگەم‌و هیچ گلەییەکمان نییە. هەروەها دەزانم حزوری پێشمەرگەی دێموکرات لەبەرەکانی شەڕدا کۆمەڵێک حەساسییەتی ناوچەیی بۆ هەرێم بەدواوە دەبو. جیاوازیی ئێمە لەگەڵ هەندێک لەلایەنەکانی دیکە لەوەدابو کە ئێمە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە بەدروستمان نەزانی بێ هەماهەنگیی لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێم، پێشمەرگەی دێموکرات ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ بکەین.

**ئاوێنە**: لەباشوری کوردستان، هەندێک لایەنی سیاسیی زۆر وەسفی رۆڵی قاسم سلێمانی لەپاراستنی باشور دەکەن، هەڵوێستتان بەرامبەر بەرۆڵی قاسم سلێمانی لەباشور چیە، بۆچی حزبە سیاسیەکانی باشور زۆر گرنگیی بەرۆڵی قاسم سلێمانی دەدەن؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە هیچ دژایەتییەکمان لەگەڵ پێوەندیی حکومەتی هەرێمو ئێران نییەو ئەو عیلاقاتە بەشتێکی زۆر ئاسایی دەزانینو پێشمانوایە دو لایەن کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەشیشیان هەیە. لەڕاستیدا ئێمە نە دەتوانینو نە بۆشمان هەیە کە خەتو شوێن بۆ چەندو چۆنی عیلاقاتی هەرێمو هەروەها ڕاوێژو شێوەی لێدوانی نوێنەری هەرێم لەسەر ئەمو ئەو دیاریی بکەین. زۆر سروشتییە کە حکومەتی هەرێم بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆی سەیری ئەو پێوەندییانە بکاتو هەر بەو پێوانەیەش دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئێرانو کاربەدەستانی ئێرانیی تەنزیم بکات. کێشەی ئێمە وەک کوردی ئێرانو حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئێران بەو مانایە نییە کە کوردی پارچەکانی دیکەشو بەتایبەت هەرێمی کوردستان هەمان کێشەیان لەگەڵ ئێران بێت. ئێمە دەبێ ئەوە قەبوڵ بکەین کە کێشەی خۆمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی تێکەڵ بەعیلاقاتی هەرێمو ئێران نەکەینو چاوەڕوانی غەیرە واقیعییش لەخۆماندا دروست نەکەین.

**ئاوێنە**: لەئیستادا بەشبونێکی حزبەکانی کوردستان بەسەر دو بەرەی ئێرانو تورکیا دەبینرێتو بەشێکی زۆری حزبەکانی رۆژهەڵات دابەشبون بەسەر بەرەی تورکیاو پارتی، ئێوە لەکام بەرە خۆتان دەبیننەوە؟

**خالید عەزیزی**: پێشەکی ئێمە دژی ئەوەین کە لایەنە کوردیەکان بەسەر دو بەرەی تورکیاو ئێراندا دابەشبنو بەو جۆرە پێناسە بکرێن. ئێمە لەهەمانکاتدا کە بەشێک لەو بەرەیە نین، بەڵام بێگۆمان حزبێکی دژبەری ئێرانینو کێشەی ئێمە وەک کوردی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامیە نەک لەگەڵ تورکیا. هیوادارم کێشەکانی نێوماڵی کوردیی بەتایبەت لەهەرێم بەشێوەیەکی کوردانەو خۆماڵی چارەسەر بکرێو لەجیاتی ئەوەی کورد دابەش بێت بەسەر بەرەی تورکیاو ئێران، سێ کوچکەی کوردو تورکیاو ئێران یان چوارگۆشەی کوردو تورکو ئێرانو عەرەب پێکبێنێت. لەسەریەک وەک کورد یان هەرێم ببێتە فاکتۆرێکی ئەو گەمەیە نەک وەک حزب.

**ئاوێنە**: بۆچی رۆژهەڵاتیەکانو حزبەکانیان کەمتر بایەخ بەرۆژهەڵاتی کوردستان دەدەنو چالاک نین بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان؟

**خالید عەزیزی**: حزبی دێموکرات حزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستانەو بۆ ئەوێش دامەزراوەو مەیدانی خەباتو تێکۆشانی ئێمەش هەر ئەو بەشەی کوردستانە. ئەوەندەی پێوەندی بەحزبی ئێمەوە هەیە لەهەمو بوارەکانی سیاسیی، ڕێکخراوەیی، کۆمەڵایەتیی، ڕاگەیاندن، دیپلۆماسیی، حزور لەنێوخۆی وڵات، هاندانی خەڵک لەنێوخۆ بۆ کارو چالاکیی و تێکۆشانو



سەرچاوە
Serchawe

خۆرێکخستنو کەڵکوەرگرتن لەدەرفەتەکانو دۆست پەیداکردن لەنێو ئێرانییەکان هەوڵێکی زۆرمانداوەو بەردەوامیش لەهەوڵداین. بەڵام، لەبەر ئەوەی ئێستە باسی پارچەکانی دیکە وەک باشورو باکورو رۆژئاوا زۆر لەگۆڕێدایەو کێشەکەیان کەوتۆتە نێو خانەی چارەسەرییەو وتوێژو ڕاگەیاندن زۆرتر دیارو بەرچاون تاکو رۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان ئەو بارودۆخە وایکردوە کە بەشێک لەکوردەکانی ئێرانیش سەرقاڵی پارچەکانی دیکە بن تاکو بەشەکەی خۆیان.

**ئاوێنە: دروشمی رۆژهەڵات میحوەریٚ کە هێناوتانەتە گۆڕێ رەخنەی هاتوەتە سەرو زۆرێک لەرەخنەگرانیش رۆژهەڵاتیەکانن، ئەم کاردانەوە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

**خالید عەزیزی**: ئێمە ماوەیەک پێش ئێستا ڕۆژهەڵات میحوەرییمان هێنایە گۆڕێو هەوڵمانداوە بەمێدیای بکەینو وەک بۆچونێکو تێگەیشتنێکی گشتگەر بۆ ڕۆژهەڵات کاری هاوبەشی بەدوادا بێتو ئەرکو وەزیفە بۆ چالاکییەکانی ڕو بەڕۆژهەڵاتی لێبکەوێتەوە. ڕەخنەگەرانی ڕۆژهەڵات میحوەریی رەنگە بەباشیی لەمەبەستی ئێمە تێنەگەیشتبن. مەبەست لەڕۆژهەڵات میحوەریی ئەوەیە کە حزبو کوردەکانی ڕۆژهەڵات زۆرتر خۆیان بەبەشەکەی خۆیانەوە مەشغوڵ بکەنو تێبکۆشن

لەبوارەکانی جۆراوجۆری کارو تێکۆشانی خۆیاندا دەنگو ڕەنگی ڕۆژهەڵات بنو بەو جۆرە ئەو پیلانەی کۆماری ئیسلامیی کە دەیهەوێ مەسەلەی کوردی ئێران لەپەراوێز بخاتو کپی بکات پوچەڵبکەنەوە. من لەوباوەڕەدام کە کوردو حزبی هەر بەشێک لەکوردستان ئەرکو وەزیفەی بەرانبەر بەبەشەکەی خۆی هەیەو ئەگەر ئەو ئەرکە باش ئەنجام بدات ئەوە یارمەتیەکی باشی بەقەزیەی کورد بەگشتیی کردوە. ئێمە وەک حزبی دێموکراتو کوردی ڕۆژهەڵات لەدەربڕینی هەڵوێستی هاودەردیی‌و هاونەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکە نەتەنیا کۆتاییمان نەکردوە، بگرە زۆریشمان مایە داناوە. لەسەر یەک هەر وەکی ئاماژەم پێدا ئێمە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بەتاکو بەحزب ئەرکدارین کە بەکارو تێکۆشانی خۆمان نەهێڵین ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەوێتە پەراوێزەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## سیمین چایچی: ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە زەمانی قازی محەممەدەوە دەرکەوتوون



سیمین چایچی نووسەر، شاعیر و هەڵسووراوی بواری مافی ژنان لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو کە تا ئێستا چەندین کتێب و نوسینی بلاو کردوتەوە لەم دیدارە تیشک دەخاتە سەر هێندێک مەسەلەی پێوەندیدار بە ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵسوورانی فەرهەنگیی و ئەدەبی ئەوان لە ئێران دا:

سیمین چایچی لە سەرەتای ئەم چاوپێکەوتنەدا وێرای ئاماژە دان بە رۆڵی رێکخراوە ناحکوومییەکان لە هەڵسوورانی ژنان سەبارەت بە رۆلی فەرهەنگیی ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان دەلێ: "لە راستی دا بنەمای حەرەکەتی رۆشنبیری و فەرهەنگی ژنانی رۆژهەڵات ئاڵوگۆری سیاسی و کۆمەلایەتی جیهانی و بە تایبەت حەرەکەتە روناکبیرییە ناوچەییەکان بوو. حەرەکەتی رۆشنبیری ژنانی کورد لە مێژە دەستی پێ کردوە. بەڵام لە سەرەتادا لە دڵی ئەنجومەنەکانەوە دەرهات کە تایبەت بە چینی خوێندەوار بوو. واتە روانینی ژنە چالاک و بلیمەتەکان لە سەرەوەوە بۆ خوار بوو. بەلام ئەمرۆ بە هۆی پێک هاتنی(NGO)ەکان ژنان بە شێوەیەکی ئەمرۆیانە و رادیکالتر ئەزموونی دێموکراسی دەکەن. لە ئەم هەوڵ و تێکۆشانەدایە کە هەر (NGO) یەک بە پێی تایبەتمەندی فیکری و ئامانجە بنەرەتییەکانی ئەرکێکی گرتوتە ئەستۆ. بە راستی جیا لەو بەرگریانە کە لە سەر رێگای ژن هەیە ژنە پێشەنگەکان کوردستانی ئێران چ لە بواری کۆمەلایەتی و چ فیکری رۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە کۆمەڵگادا هەیە بەشێوەیەکی سەرنج راکێش خەریکی چالاکین".

بەلام ناوبراو لە هەمان کات دا تیشک دەخاتە سەر ئەوکەند و کۆسپانەش کە لەسەر رێگای خەباتی ژنانی کورد لە ئێران هەیە و دەڵێ: "ئەو کەندو کۆسپانە کە بە درێژای مێژووی پیاو سالاری لە سەر ژیانی ژنان تەئسیری نیگەتیڤی داناوە لە

بەردەم چالاکی هونەری ژنانیش دا بەردەوام هەیە. لە کۆمەڵگای سوننەتی و بەستراوەی ئێمەدا کە فاکتۆری کەسایەتی ژن پارە و جوانی لەشە، ژنێکی ئازاد و سەربەخۆ کە بیەوێ خودی واقێعی خۆی بنوێنێ و دژی یاساء سوونەتە کۆن و نالە بارەکان بوەستێ کە سەخت و ڕاوەستاویش بێ بە تیری تانەی ئەو پیاوانەی کە لە هۆڵە ڕۆشنبیریەکان دا چەپلەی بۆ لێ ئەدەن، لێ دەدرێ. جا ئیتر ژن ئەو ژنەیە کە ڕچە بشکێنێ و نەشکێ. ئەلبەت کەند و کوسپ بەگشتی تەنیا لە بەردەم ژنان نیە بەڵکوو هەموو حەرەکەتە فەرهەنگی و ڕووناکبیرییەکان دەگریتەوە".

**چایچی وێرای بەرز نرخاندنی ڕۆڵی ژنانی نوسەر و هونەرمەند بەڵام پێی وایە کە ژنان ئێستاش ڕێگایەکی دوورو درێژیان لە پێشەوەیەو دەڵێ:** "لە ئەمرۆدا کە پێوەندییە جیهانیی و دەرەکییەکان بە دی هاتووە ڕۆڵی ژنان بەرچاوترە. بۆ نمونە لە بواری شێعر و نوسین دا. گەرچی چالاکی و خۆماندوو کردن تەنیا لە لایەن تاقمێک لە ژنانەوە هەیە و ڕەنگدانەوەشی باشە، بەڵام چونکە هەین لە حالی گەشەکردن دا هێشتا ئەو چەند کەسە وێرای هەوڵ و خۆ نیشان دان نەیانتوانیوە کاریگەری بەرچاویان لە سەرلایەنە جوراجورەکانی ژیانی ژن و کێشەی ژن بێت. ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە ڕۆڵی ژنانی هونەرمەند بەگشتی و شێعر بە تایبەتی پردێکە لە نێوان ڕەوتە ڕۆشنبیریەکان و کۆمەڵگادا".

**بزووتنەوە کوردییەکان چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە لابردنی کەلتوری نزم بینیی ژن لە کۆمەڵگادا؟ ئەمەش وەک پرسیارێک ڕووبەڕووی خانمی چایچی کرایەوە کە دەڵێ:** "لە ڕاستی دا بزووتنەوە کوردییەکان بە پێوانەی مێژوو ماوەیەکی کورتە سەریان هەڵداوە و لەم ماوەیەش دا هەر چەند هەوڵ و تێکۆشانیش بووبێ ئەو دەرفەتەی پێ نەدراوە کە لە سەر یاسا و کەلتوری هەزارن ساڵە تەئسیرێکی بەرچاویان هەبێ".

**ئەو لە درێژەی قسەکانی دا ئەمە ڕەد دەکاتەوە کە ژن لە کۆمەڵگای کوردی دا لە ئاستێکی بەرزدا ڕێز لە تواناو کارەکانی گیرابێ و دەڵێ:** "ژن بە ڕوالەت لە کۆمەڵگای کوردی جێگای بەرز و بەرانبەری هەیە، بەلام لە کوێ؟ لە دەشت و مەزارەکان دا وەک کرێکارێکی دلسۆز کە پارەی ناوێ. یا لە مال وەک ژن و دایک کە ئەرکی بەرێوەبردنی بنەمالە لە ئەستۆیەتی. ئەو شان بە شانیە کە وەک خالێکی پۆزیتیف ئاماژەی پێ ئەکرێ خالێکی مەنفییە، چونکە زەحمەتی ژن لە ژیانی هاوبەشی و بنەمالەیی زیاتر دەبێتەوە. واتە ژن لە زەحمەت و ڕەنج دا شەریکە بەڵام لە باری ئابوورییەوە ژێر دەستی پیاوە".

**ئەو دەڵێ:** "ئەمرۆکە ژن لە هەر چینێک بێ گیروگرفتی تایبەتی خوی هەیە. هەر چەند ژیان بەرەو شارستانیەت دەروا، بەڵام نەریت و فەرهەنگی دواکەوتوانەی پیاو سالاری کە پالپشتی بە قانوونە ناگۆردرێ و بەداخەوە ژنانی کوردیش وەک ژنانی دیکەی ناوچە لە ژێر قورسایی باری قورسی باری یاسا و بیروبۆچوونە کون و نالەبارەکان دا ماوەتەوە. هەر چەند

چالاکانی بواری مافی بەرانبەری خوازی دژی یاسای سەپێنراوی کۆمەڵگا و دەسەلات ئەدوێن و هەول ئەدەن بەلام هێشتا پێویست بە کاری زۆر و زەحمەتی زۆرترە".

**سیمین چایچی هەرلەم دیمانەیەدا رۆڵی ژنانی کورد لە بواری نوسین دا بەرز دەنرخێنێ و دەلێ:** "جوولانەوەی فەرهەنگیی لە باری نوسینەوە لە ناو ژنان دا ماوەیەکی درێژخایەن نیە، بەلام هەر ئەو چەند کەسەش کە هاتوونەتە گۆرەپانی ئەدەبی ژنان و وەک دەنگ لە رۆژهەلاتەوە خۆیان نواندوە توانیویانە لە ئەدەبی کوردی دا شوێن پێ دابنێن و وێرای کۆسپی کۆمەلایەتی و بنەمالەیی لە ژێر زەختی سانسۆردا نەچەمێننەوە. لە سەرەتای راپەرینی ئێران من ماوەیەک لە بەند و تەبعید بووم چەند سال لە رەوتی ئەدەبیی کوردستان کە لە حالی گەشەسەندن دابوو دوور بووم. بەڵام لە گەرانەوە بە خوشی تێگەیشتم کە تاقمێکی دیکەی ژن بە جورئەتێ جەوهەرەی هونەرییەوە هاتونەتە پێشێ. وەک خوالیخۆشبوو ژیلا حوسێنی، زێنەب یووسفی کە لەمەو بە دواش ناهید حوسێنی و ماهپارەی ئیبراهیمی و سەحەر رەسایی و نەسرین جەعفەری و بەرە بەرە هاتن و هەر کام بەش بە حالی خۆیان بەرهەمی باشیان پێشکەش بە قۆتابخانەی ئەدەبی ژنانی کورد کرد".

**هەر چەند پێی وایە کە:** "ئەدەبی ئەمرۆ پێویستی بە جوولانەوەو فیکری نوێ هەیە ئەگەر ژنانی قەلەم بەدەست نەترسانە بێنە پێشەوە و توشی خود سانسۆری نەبن ئەدەبی ژنان بەرەو ئاستێکی پێشکەوتوانە دەروا".

**خانمی چایچی کە ئەزمونێکی زۆری لە بواری ئەدەبی و نوسین دا هەیە رۆڵی ژنانی کورد لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بە پۆزەتیف ناو دەبا و گوتی:** "با ئەوە بلێم کە ژنانی رۆژهەڵات هەر لە مێژە خەریکی کاری کۆمەلایەتین و ئەزموونی خەباتی بەرانبەرخوازی دەکەن. حەرەکەتە رێفۆرمیستەکانی رێژیمی پاشایەتی کە لە زەمانی رەزاشا وەک لاسایی کردنەوەی ولاتە ئۆرووپاییەکان دەستی پێ کردبوو بە هۆی سەرهەڵدانی ژنانی خوێندەوار و تێگەیشتووی ئەو سەردەمە کە تا ئەمرۆ بەردەوام لە حەرەکەت و خەبات دان. دیارە کە ژنانی ئەم ناوچەش بە هۆی پێشینەی سیاسی فەرهەنگی و فیکری لە رەوتە روشنبیریەکان دا نەخشێکی گرنگیان هەبووە".


**ئەو سەرەتای دەرکەوتنی ژنانی کورد دەگەرێنێتەوە بۆ کۆماری کوردستان و دەلێ:** "ژنانی رۆژهەڵات لە زەمانی قازی محەممەدەوە تا ئەورۆ لە هەموو بوارێکەوە دەرکەوتوون و پێم وایە کە لە ژنانی پارچەکانی دیکە لانیکەم لەباری کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەوە بە ئەزمونترن بن. بەڵام نکۆلی لەمە ناکرێ کە هەر بزووتنەوەو ئەزموونێک لە هەر شوێنێکی جیهانەوە سەرهەڵ بدا لە سەر بزووتنەوەی بەرانبەرخوازی ژنان تەئسیر دادەنێ. بێگۆمان رۆژهەڵاتیش لەم رەوتە دوورنیە و ژنان ئەوەندە کراوەن کە لە هەرئەزمونێک بە باشی سوود وەربگرن".

سەرچاوە: www.endishe.blogfa.com

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٧ی کوردی = جانێوێری ٢٠١٨ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: خەرمانانی کوردی ٢٧٣٦ = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی






سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ خالید محەممەدزادە بۆ ئامادەکردنی دیمانەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**